# ئەنفال

## كارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی

لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێردا

نووسینی

**یوسف دزەیی**

چاپی یەکەم ــ هەولێر
2001

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**((يسألونک عن الانفال قل الانفال للّه والرسول))**

**(سورەتی ئەنفال ئایەتی (١) )**

ئەم کتێبە بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لـــە کۆمەڵناسی بە سەرپەرشتي دکتۆر رەشاد میران پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە

## پێشکەشە بە:

- هەموو ئەنفال کراوانی کوردستان و کەس و کاریان.
- شەهیدی هەمیشە لە یادمان مامۆستا (سمکۆ بایز دزەیی).
- هەموو ئەو قارەمانانەی بەرگری لە کورد و کوردستان دەکەن ، ئەوانەی گیانی خۆیان لە پێناو بەرگری کردن لە گوندنشینانی کوردستان بەخت کرد.
- دایکم و باوکم... برا و خوشکەکانم..

یوسف دزەیی

# ناواخن


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | 13 |
| بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری | 19 |
| **فەسڵی یەکەم: دەستنیشان کردنی چەمك و زاراوەکان** | |
| یەکەم: چەمکی رەهەندە کۆمەڵایەتیەکان | 21 |
| دووەم: چەمکی ئەنفال | 25 |
| سێیەم: زاراوەی قڕکردن(جینۆساید) | 39 |
| **فەسلی دووەم: کوردستان و شاڵاوەکانی ئەنفال** | 67 |
| یەکەم: پیادە کردنی شاڵاوەکانی ئەنفال | 67 |
| دووەم: جوگرافیای شاڵاوەکانی ئەنفال | 84 |
| سێیەم: هۆکارەکانی پیادە کردنی شاڵاوەکان | 165 |
| بەشی دووەم: لایەنی مەیدانی | 179 |
| **فەسلی سێیەم: پلان و جێبەجێ کردنی رێبازی لێکۆڵینەوەکە** | 179 |
| یەکەم: رێبازی لێکۆڵینەوە | 181 |
| دووەم: کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە | 181 |
| سێیەم: فۆرمی لێکۆڵینەوەکە | 182 |
| چوارەم: بوارەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی | 184 |
| پێنجەم: تەنگ و چەڵەمەی لێکۆڵینەوەکە | 186 |
| شەشەم: نموونەی لێکۆڵینەوەکە | 186 |
| حەوتەم: کەرەسەکانی ئامار | 188 |
| **فەسلی چوارەم: تایبەتیەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە** | 188 |
| **فەسلی پێنجەم: خستنە روو و شیکردنەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکە** | 197 |

یەکەم: لایەنی دیمۆگرافی 199
دووەم: لایەنی ئابووری 206
سێیەم: لایەنی کۆمەڵایەتی 215
چوارەم: لایەنی سیاسی 234
**ئەنجامە گشتیەکان** 241
**ڕاسپاردە و پێشنیارەکان** 244
**بیبلیۆگرافیا** 247
**پاشکۆکان** 263
**پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی** 273

**ا-پێرستي خشتەكان**

| ژ.خشتە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| (١) | شوێنی نیشتەجێی نموونەکە بە پێی ڕەگەز دیار دەکات | 185 |
| (٢) | نموونەی لێکۆڵینەوەکە بە پێی ڕەگەز دابەش دەکات | 190 |
| (٣) | نموونەی لێکۆڵینەوەکە بە پێی تەمەن و ڕەگەز دابەش دەکات | 191 |
| (٤) | ژمارەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە بە پێی پارێزگا دیار دەکات | 192 |
| (٥) | باری کۆمەڵایەتی نموونەی لێکۆڵینەوەکە دیار دەکات | 193 |
| (٦) | ئاستی خوێندنی نموونەی لێکۆڵینەوەکە دیار دەکات | 194 |
| (٧) | خاوەندارێتی خانوو دیار دەکات | 195 |
| (٨) | ئاستی دەرامەتی خێزانەکانی نموونەکە پیشان دەدات لەپاش ئەنفال | 196 |
| (٩) | ژمارەی ئەنفال کراوانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە دیار دەکات بە پێی تەمەن و ڕەگەز | 199 |
| (١٠) | گەڕانەوەی ئەنفال کراوان دیار دەکات پاش دەسگیر کردنیان | 201 |
| (١١) | ژمارەی گەڕاوەکانی گیراوانی ئەنفال بە پێی ڕەگەز و تەمەن دیار دەکات | 202 |

(١٢) وەلامی ئەو پرسیارە دەداتەوە،ئایا ئافرەتی سک پڕ ئەنفال کراوە 203
(١٣) ژن هێنانەوە یان شوکردنەوەی هاوسەری ئەنفال کراوەکان پیشان دەدات 205
(١٤) پیشەی نموونەکە بە پێی رەگەز دیار دەکات 206
(١٥) سەرچاوەی بژێوی خێزانە ئەنفال کراوەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لە پێش شالاوەکان پیشان دەدات 207
(١٦) سەرچاوەی بژێوی خێزانەکان پاش شالاوەکان پیشان دەدات 208
(١٧) جۆر و ژمارەی زیانە مادییەکانی نموونەکە دیار دەکات 210
(١٨) جۆر و شێوەی یارمەتی دانی زیانە مادییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە پیشان دەدات 211
(١٩) داواکاریەکانی نموونەکە پیشان دەدات سەبارەت بە پلان و نەخشەی ئاوەدان کردنەوە و بوژانەوەی ناوچەکان 212
(٢٠) رەوشی هاوسەری نموونەی لێکۆڵینەوەکە دیار دەکات بە پێی رەگەز 215
(٢١) قەبارەی خێزانی نموونەکە دیار دەکات لە پێش شالاوەکانی ئەنفال 216
(٢٢) جۆری گرفت و نەخۆشیە عەقلّی و دەروونیەکان پیشان دەدات کە ئەندامانی خێزانی ئەنفال کراو تووشی هاتوون لە ئەنجامی شالاوەکاندا 217
(٢٣) دروست بوونی گۆڕان لە ناخی پاشماوەی ئەنفال کراوان لە نموونەی لێکۆڵینەوەکە لە پاش شالاوەکان پیشان دەدات 218
(٢٤) پەیوەندی کۆمەلایەتی(خزمایەتی) پاشماوەی ئەنفال کراوان لەگەلّ خزم و کەسیان روون دەکاتەوە 219
(٢٥) سەرپەرشتیاری خێزان پیشان دەدات لە پێش و لە دوای شالاوەکان لە نموونەی [illegible] [illegible]
(٢٦) پەیوەندی خزمایەتی ئەنفال کراوان بە یەکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە پیشان دەدات 222

(٢٧) پەرتەوازە بوون(شلەژان)ی خێزان دەردەخات لە نموونەی لێکۆڵینەوەکە 223
(٢٨) گۆڕینی رەوشت و ئاکاری خەڵکە کەس و کار ئەنفال کراوەکان پیشان دەدات لە
نموونەی لێکۆڵینەوەکە 225
(٢٩) پەیڕەو کردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی پاشماوەی ئەنفال کراوەکان لە پاش
شالاوەکان پیشان دەدات 225
(٣٠) کارکردنی خراپی شالاوەکانی ئەنفال لەسەر بونیادی خێزان لە نموونەی
لێکۆڵینەوەکە پیشان دەدات 227
(٣١) روانینی خەڵك بۆ کەس و کاری ئەنفال کراوەکان پیشان دەدات 228
(٣٢) نەخۆشی جەستەیی و کەم ئەندامی ئەندامانی خێزان دیار دەکات کە لە ئەنجامی
شالاوەکان تووش هاتوونە 229
(٣٣) جیاوازی داب و نەریت و رەوشتی پاشماوەی ئەنفال کراوان پیشان دەدات لەگەڵ
خەڵکی ئەو شوێنەی بۆی راگوێزراون 230
(٣٤) حەز کردنی نموونەی لێکۆڵینەوەکە بۆ گەڕانەوە ناو کەس و کار و گوندەکەیان
پیشان دەدات، ئایا ئارەزووی گەڕانەوەی گوندەکەیان هەیە 231
(٣٥) گۆڕان لە شێوەزار و قسەکردنی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لە شوێنی نیشتەجێکردنی
دوای شالاوەکان پیشان دەدات 232
(٣٦) راکردنی خەڵکی گوندەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە پیشان دەدات کە تاکو ئێستا
نەگەڕاونەتەوە بۆ کوردستان لە ترسی شالاوەکان 234
(٣٧) هەست کردن بە بایەخ نەدان بە ئازارو گیروگرفتەکانی پاشماوەی ئەنفال کراوانی
نموونەکە دیار دەکات 235
(٣٨) هیوای نموونەی لێکۆڵینەوەکە پیشان دەدات سەبارەت بە گەڕانەوە و رزگار بوونی
کەس و کارە ئەنفال کراوەکانیان 236

(٣٩) وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە ئایا شاڵاوەکانی ئەنفال کارێکی لەناکاو بوو یان پێشتر خەڵك مەترسی لێی هەبوو 237
(٤٠) هەڵوێستی رۆحی نەتەوەیی نموونەی لێکۆڵینەوەکە بەرامبەر بە گەلی کورد دیار دەکات 238
(٤١) رۆڵی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە بەرەنگار بوونەوە و هاندانی خەڵك لە کاتی شاڵاوەکان دیار دەکات 239
(٤٢) رێژەی ئاوەدان کردنەوەی گوندی نموونەکە پیشان دەدات لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال 240

**ب-پێرستی نەخشەکان**

| ژ.نەخشە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| (١) | سنووری شاڵاوەکانی ئەنفال پیشان دەدات (شوبات–ئەیلولی ١٩٨٨) | 87 |
| (٢) | سنووری هێرشی ئەنفال یەك پیشان دەدات (٢٣ی شوبات–١٩ی مارت) | 88 |
| (٣) | سنووری هێرشی ئەنفال دوو پیشان دەدات (٢٢ی مارت–١ی نیسان) | 95 |
| (٤) | سنووری هێرشی ئەنفال سێ (باکوور) پیشان دەدات (٧–٢٠ی نیسان) | 109 |
| (٥) | سنووری هێرشی ئەنفال سێ (باشوور) پیشان دەدات(٧ –٢٠ی نیسان) | 110 |
| (٦) | سنووری هێرشی ئەنفال چوار پیشان دەدات(٣–٨ی مایس) | 121 |
| (٧) | سنووری هێرشی ئەنفال پێنج وشەش و حەوت پیشان دەدات(١٥ی مایس–٢٥ی ئاب) | 131 |
| (٨) | سنووری هێرشی ئەنفالی کۆتایی پیشان دەدات (٢٥ی ئاب–٦ی ئەیلول) | 141 |

**م- پێرستی پاشکۆکان**

| ژ.پاشکۆ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| (١) | دەقی وەڵامی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بۆ عاسی مستەفا ئەحمەد | 261 |
| (٢) | دەقی راسپاردەی نوسینگەی باکووری حیزبی بەعس ژمارە(س ف/٤٠٠٨) لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ | 262 |
| (٣) | دەقی بەیانی ئەنفال یەك لە ١٩ی ئازاری ١٩٨٨ | 263 |
| (٤) | دەقی بەیانی ئەنفال دوو لە ٢ی نیسانی ١٩٨٨ | 265 |
| (٥) | فۆرمی راپرسی لێکۆڵینەوەکە | 267 |

## پێشەکی:

کارەساتی ئەنفال، یان راستتر تاوانی ئەنفال، یەکێکە لە گەورەترین و ترسناکترین ئەو تاوانانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست بەرامبەر بە گەلی کورد کراوە.ئەمە وەك نوێترین هەوڵی رەگەزپەرستانە بوو بۆ پاکتاو کردنی نەتەوەیەك لەسەر خاك و زێدی باب و باپیرانی. ئاشکرایە ئەم کارەساتە بەشێکی گرنگ و سەرەکی کۆمەڵی لادێیی کوردەواری گرتەوە، بۆیە ناکرێ ئەم بەشە پشت گوێ بخرێ، بەڵکۆ پێویستە بخرێتەوە ناو رەورەوەی ژیانی ئاسایی کۆمەڵەوە، بە رێگەی تەرخان کردنی ژینگەی گونجاو و چارەسەر کردنی کێشە و گرفتە ماددی و مەعنەویەکانیان.

ئەنفال ناونیشانی سوورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزدا کە بە واتای دەسکەوت (الغنیمة) هاتووە، بەڵام لەم باسەدا مەبەست ئەو کۆمەڵە شاڵاوەیە کە سوپای عێراق لە ماوەی نێوان مانگی شوبات تاکو ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ کردیە سەر گوندنشینانی کوردستان و دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر و گەنجی تێدا بە چەند قۆناغێك شونبزر کرد، ئەمەشی بە (عملیات الانفال) ناوزەد کرد.

نەهامەتیەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی، لەگەڵ ئەم شاڵاوانە دەستیان پێکرد. ئەم شاڵاوانە مەترسیەکی گەورەیان لەسەر بوارەکانی ژیان لە کوردستاندا دروست کرد، ئەم مەترسیە بە تێپەڕ بوونی کات، ئەگەر چارەسەر نەکرێ، ئاکام و ئەنجامەکانی هەر لە زێدەبوون– دا دەبێ. کۆمەڵە خەڵکێکی زۆرن ئەوانەی تووشی گیروگرفت و کێشە هاتوون لە ئەنجامی ئەم شاڵاوانەدا، کە ئەمەش بۆتە کێشە و کۆسپ لەبەردەم کۆمەڵی کوردەواری لە رووی

دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە.

تاوانی ئەنفال کاریگەریەکی یەکجار گەورە و مەترسیداری لەسەر ئێستاو دوارۆژی گەلی کورد هەیە. ئەمەو هەندێ هۆکاری تریش بوون بە هاندەر بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بە ناوی (رەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی تاوانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستان) کە دوای تێپەڕبوونی دوانزە ساڵ بەسەر کارەساتەکە هاتە بەرهەم و، مەیدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش سنووری پارێزگای هەولێرە. شاڵاوەکانی ئەنفال چەندە لەناوبردنێکی مادییانەیە، ئەوەندەو، بگرە زیاتریش، روخاندنی دەروون و کەسایەتی مرۆڤی کوردە و رەنگە ئاسەواری تا چەند نەوەیەکی تریش بمێنێ، هەروەها توێژەر هەستی بەوە کرد کە ئەم کارەساتە لەگەڵ ئەوەشدا لە مێژووی مرۆڤایەتی– دا کەم وێنەیە لەوانەیە بەرەو لەیادچوون بچێت.

پرۆسەی ئەنفال هەر ئەوەندە نیە جێبەجێ کراو کۆتایی هات، بەڵکو ئەم شاڵاوانە کۆمەڵێك گیروگرفت و کێشەیان بۆ کۆمەڵی کوردەواری دروست کردوە، دیارە چارەنووسی ئەو دەیەها هەزار کەسە شونبزرەی کە تا ئێستا هیچ سۆراغیان نیە، کەسایەتی تاکی کوردی تووشی دڵتەنگی و راڕایی کردووە. ئەگەر سەرنج بدەین بە روخساری کەس و کاری ئەنفال کراوەکان و گوێ شل بکەین بۆ قسەکانیان، لێی دەخوێندرێتەوە کە بە هیوان شونبزر کراوەکانیان لە ژیاندا بن و چاوەڕوانی گەڕانەوەشیانن. هەزاران مندالّ چاوەڕوانی سۆزی باوکیانن، هەزاران ژن بە ئومێدی گەڕانەوەی مێردەکانیانن، هەزاران دایك و باوك بە هیوان رۆژێك لە رۆژان بە کوڕە ئەنفال کراوەکانیان شادبنەوە، سەدان کچی بە دەزگیران بە هیوای زەماوەندی خۆشەویستەکانیانن. بۆیە هەڵبژاردنی بابەتێکی وا بۆ نامەیەکی ئەکادیمی،بەڕای ئێمە، ئەرکێکی نەتەوەیی گرنگ و پێویست بوو، تاکو بتوانین هەوڵێك بدەین بۆ ئەوەی بەشداریەك لە دۆزینەوە یا

پێشنیارکردنی چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە کە گەلی کورد لە ئەنجامی ئەو کارەساتەدا دووچاری هاتووە.

گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە، لە دیاردەیەك دەکۆڵێتەوە کە بەشێکی گەلانی جیهان بەسەریاندا هاتووە، بە تایبەتی گەلی کوردی ستەمدیدە، ئەم دیاردەیەش قڕکردنە(Genocide). هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە تاکە نامەی ئەکادیمیە لەسەر ئەم کارەساتە دەنوسرێ، سەرەڕای ئەمەش یەکەمین لێکۆڵینەوەیە کە بە زمانی کوردی دەنوسرێ لە بواری کۆمەڵناسی– دا و پێشکەش بە زانکۆ دەکرێت. ئەم بابەتە خزمەتی زانستی کۆمەڵناسی دەکات و رێگا و بناغە بۆ لێکۆڵینەوەی تر لەم بوارەدا دادەمەزرێنێ، بە ئومێدی ئەوەی توێژەرانی تر هەوڵبدەن زیاتر لەم بابەتە بکۆڵنەوە بۆ خزمەت کردنی گەلی کورد.

مەبەستی توێژەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، پێکانی چەند ئامانجێکە، خزمەت بە هەوڵی سڕینەوەی ئاسەوار و کێشەکان دەکەن کە شاڵاوەکانی ئەنفال دروستی کردوون و کاریگەری خراپیان لەسەر رەوشی گەلی کورد هەیە. هاندان بۆ گرنگیدان بە کەسوکاری ئەنفال کراوەکان، بۆ ئەوەی ببنەوە ئەندامی کارا لەناو کۆمەڵدا، لە رووی کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و ئابووری و دەروونییەوە. هەروەها فراوان کردنی بازنەی بایەخدان بە کارەساتی ئەنفال لە رووی راگەیاندن و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە پێشنیاری توێژەرن بۆ چاککردنی رەوشی کەسوکاری ئەنفال کراوان. ئامانجیش لە لێکۆڵینەوەکە دیار کردنی ئاسەوارە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم شاڵاوانە لە رێگای لێکۆڵینەوە مەیدانیەکە و هەوڵدان بۆ زانینی کاریگەری ئەم ئاسەوارانە لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواریە، پاشان بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا کۆمەڵێك راسپاردە و پێشنیار بخەینە روو بە مەبەستی چارەسەر کردن و راگرتنی ئەم

ئاسەوارانە چونکە کاری خراپ دەکەنە سەر کولتوور و باری کۆمەڵایەتی ناوچە ئەنفال کراوەکان.

ئاشکرایە لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی وەك ئەنفال روو بەرووی چەندان گرفت و کۆسپ دەبێتەوە، لەوانە، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستی بە بەڵگەنامە هەیە بە تایبەتی ئەو بڕیار و فەرمانە نهێنیانەی حکومەتی عێراق بۆ پاکتاو کردنی گەلی کورد دەریکردوون، هەڵبەتە ئەم بەڵگەنامانەش دەسکەوتنیان زەحمەتە. وێڕای ئەمەش دەگمەنی سەرچاوەی پێویست، بە تایبەتیش نەبوونی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەم بوارە،ئاستەنگێکی تری ئەم بابەتەیە، جگە لەو لێکۆڵینەوە مەیدانیەی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بەشی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە زمانی ئینگلیزی ئەنجامی داوە کە بە سەرچاوەیەکی باش و گرنگ دەژمێردرێت سەبارەت بە ئەنفال (ئەوەندەی توێژەری ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاگادارە). جگە لەمانەش نەبوونی ئامار و سەرژمێری گشتی و زانستی لە بوارەکانی دیمۆگراف و ئابووری و کۆمەڵایەتی و، لە بارەی ئەنفال و شوێنبزرەکانەوە، هەروەها دووری شوێنی یەکەکانی نموونەکە لە یەکتر، کارێکی پڕ زەحمەت بوو بۆ توێژەر چ لە رووی کات یاخود لە رووی داراییەوە بێت.

ئاشکرایە تاوانەکانی ئەنفال ماوەیەك بە نهێنی و شاراوەیی مایەوە، زۆربەی حکومەتە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان، لەبەر بەرژەوەندیان لەگەڵ حکومەتی عێراق، واتە ئەو رژێمەی بەو تاوانە هەڵسا، خۆیان بێدەنگ کرد، تەنانەت هەندێکیان تاوانەکەیان بە درۆش دەخستەوە، لەوانە تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت و هەندێ حکومەتی عەرەبی، بەڵام دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و ئازاد کردنی بەشێکی زۆری باشووری کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەکانی ئەم تاوانە کەوتنەدەست و کەمێکیشیان لێ بڵاو کرایەوە، هاوکات ئازادیەکی واش هاتە ئارا کە مرۆڤ بتوانێ لەو بابەتە بکۆڵێتەوە و

سەردانی ئەو خێزانانە بکات کە لەو تاوانە رزگاریان بووە، بۆ ئەوەی بەسەرهاتەکانیان تۆمار بکرێن و راستیەکان دەربخرێن. بەمەش دەردەکەوێ بابەتەکە دوو لایەنی لێ دەکەوێتەوە، یەکەم لایەنی تیۆری، پشت بەو بەڵگەنامە و سەرچاوانە دەبەستێ کە لەم بارەیەوە نووسراون، هەرچەندە زۆربەیان لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بە شێوەی وتار و یادکردنەوە بڵاو کراونەتەوە، نەوەک بە کتێبی تایبەت و سەربەخۆ، دووەمیش لایەنی مەیدانیەکە بە گەڕان بەناو ناوچە ئەنفال کراوەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزانە بەرکەوتووەکان هاتۆتە ئەنجام.

لەبەر ئەوەی کارەساتەکە بەشێکی گەورەی ناوچەکانی هەرچوار پارێزگای هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، بۆیە لە توانای توێژەر نەبوو هەموو ناوچەکان بکاتە مەیدانی لێکۆڵینەوەکە، بەڵکو نموونەکەی تەنها لە پارێزگای هەولێر وەرگرت، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی تیۆریەکە سەرجەم ناوچە بەرکەوتووەکانی گرتۆتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکیەك و پێنج فەسل پێك هاتووە کە دوو فەسلی تیۆری و سێی مەیدانی دەگرێتەخۆ. فەسلی یەکەم بریتی یە لە دەسنیشانکردنی چەمك و زاراوە زانستیەکانی لەم باسەدا بەکار هاتوون و بەسەر سێ تەوەر دابەش کراوە، لە تەوەری یەکەم چەمکی رەهەندە کۆمەڵایەتیەکان رونکراوەتەوە، لە تەوەری دووەمیشدا چەمکی ئەنفال و مەرجەکانی لە روانگەی ئایینی ئیسلامەوە شیکراوەتەوە لەگەڵ باسکردنی کورد و ئەنفال، هەرچی تەوەری سێیەمیشە زاراوەی قڕکردن (جینۆساید) باس دەکات، وەك پێناسەو جۆرەکانی و تیشك خستنە سەر چەند نموونەیەکی قڕکردنی گەلان بە کورتی و قڕکردنی نەتەوەی کورد. فەسلی دووەمیش باسی کوردستان و شاڵاوەکانی ئەنفال دەکات، کە تەوەری یەکەم باس لە

پیادەکـردنی شـاڵاوەکان دەکـات، بـەڵام تـەوەری دووەم دەسنیشـانی جوگـرافیای ناوچـــە ئـــەنفال کـــراوەکان دەکـــات، لـــە تـــەوەری سێیەمیشـــدا هۆکارەکـــانی پیادەکـردنی ئـەم شـاڵاوانە دەسنیشـانکراون. سـەبارەت بـە لایـەنی مـەیدانیش، لـە فەسـلی سـێیەمدا بابـەت و رێـبازی لێکۆڵیـنەوەکە و ئامێـرەکانی کۆکـردنەوەی زانیـاری دیـار کـراون، لەگـەڵ دەسنیشـانکردنی بوارەکـانی جوگـراف و مـرۆیی و ئـەو ماوەیـەی لێکۆڵیـنەوەکە دەیگرێـتەوە، هـەروەها چـۆنیەتی هەڵـبژاردنی نموونەکـە و فۆرمـی راپرسـی لێکۆڵیـنەوەکە تیشـکیان خـراوەتە سـەر. فەسـلی چـوارەمیش تایـبەتیەکانی نموونـەی لێکۆڵیـنەوەکە بـە دیـار دەخـات. لـە فەسـلی پێنجەمیشـدا رەهـــەندە کۆمەڵایەتیـــەکانی تـــاوانی ئـــەنفال دیـــار کـــراون بـــە خســـتنەروو و شـیکردنەوەی ئـەنجامی لێکۆڵیـنەوە مەیدانیەکـە. لێکۆڵیـنەوەکە کۆتـایی هـاتووە بـە خسـتنەرووی گـرنگترین ئەنجامـەکانی و دەسنیشـانکردنی چـەند راسـپاردە و پێشـــنیارێك، لەگـــەڵ ریزکـــردنی بیبـــلیۆگرافیای ســـەرچـــاوەکان و پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لەگەڵ پاشکۆکان.

لـــە کۆتـــاییدا توێـــژەر هیـــوادارە بـــەم لێکۆڵیـــنەوەیە بۆشـــاییەکی بچـــوکی پڕکردبێـتەوە لـە خـزمەت کـردنی لێکۆڵیـنەوەی ئـەکادیمی لـە بـواری کۆمەڵناسـیدا، داواش لـە توێژەرانـی بـوارە جیـا جیاکـان، بـە تایـبەتیش کۆمەڵناسـی دەکـات بایـەخ بـە بابـەتی ئـەم لێکۆڵیـنەوەیە بـدەن. هەڵـبەتە هیـچ نوسـین و لێکۆڵیـنەوەیەکیش لـە کـەم و کـوڕی بـەدەر نیـە، چـونکە تـەواوی و بـێ کـەم و کـوڕی هـەر بـۆ خـوای گەورەیە سەرکەوتنیش هەر لە لایەن ئەوەوەیە.

بەشی یەکەم

# لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە

## فەسلی یەکەم

## دەسنیشانکردنی چەمك و زاراوەکان

**یەکەم**: **چەمکی رەهەندە کۆمەلاَیەتیەکان**

**دووەم**: **چەمکی ئەنفال**

**سێیەم**: **زاراوەی جینۆساید**Genocide

## یەکەم: چەمکی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکان:

سـەبارەت بـە وشەی (ڕەهەند) بەرامبەر وشەی (بعد) ی عەرەبی بەکاردەهێندرێت، لـە زمـانی ئینگلیزیشـدا وشـەی (Dimension ) بەرامـبەری دێـت، کـە واتـای مـاوە یـان دووری دەدات. هەرچـەندە لـە زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان چـەمکی دووریـی کۆمەڵایـەتی ( Social Distance)، هەروەها دووریی ستروکتووری[1] (Stractural)[*] بەکاردەهێنرێت.

بەڵام چەمکی کۆمەڵایەتی (Social)، ئەو ڕاستیە یان ئەو ڕەوشت و هەڵوێستەیە کە پەیوەسـتە بـە کۆمـەڵێك یـان کۆمەڵگایەکـەوە و ئـاڵو گـۆڕی پـەیوەندیی کۆمەڵایـەتی دەگەیـەنێ[2] لـە نێـوان تاکـەکانی ئـەو کۆمەڵـەدا. کەواتـە چـەمکی کۆمەڵایـەتی لایـەنی سـەرەکی ژیـانی تاکەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە کە بریتی یە لە پەیوەندی نێوان تاکەکانی و چـالاکی و هەڵسـوکەوتیان بـۆ بەسـەربردنی ژیـانی ئاسایی ڕۆژانەیان. لێرەدا مەبەست پەیوەندی نێوان تاکەکان و پەیوەندی تاك بە کۆمەڵەوەیە، لە ڕێگای چەند کارلێکردن و کارتێکردنێك کە پێکەوە ژیانی لە سەر بەندە.

بۆ پێناسەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانیش، بیرو بۆچوونی هەندێ پسپۆران دەخەینە ڕوو، لەوانە دکتۆر ئەحمەد زەکی بەدەوی کە وای بۆ دەچێت ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکان: ((هەسـت کردنە بە دووری نێوان تاکەکانی کۆمەڵێك یان نێوان کۆمەڵەکان، هەرچەند ئەو دووریـە کۆمەڵایەتیـەش زیاتـر بێـت و جیـاواز بن لە پلە و پایەو ڕۆشنبیری، هاوسۆزی و خۆشەویسـتی و کارلێکردن لە نێوانیاندا کەم دەبێتەوە))[3]، یاساو ڕێسای تایبەتی هەیە ئـەم دووریـە کۆمەڵایەتییـە دەسنیشـان دەکـات، وەك لە سیستەمی تایەفەگەری پەیڕەو دەکرێت، لـەم حاڵەتـەدا بـە دۆخێکـی یاسـایی و پەسەند کراو دەژمێردرێت. ناوبراو دوو جۆر دووریی کۆمەڵایەتی[**] دەسنیشان کردووە، یەکەمیان دووریی ئاسۆیی: کە بریتییە

---

[*] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، ط١، جامعة الكويت، ١٩٨١ ، ص ٩٢٨.

[**] دکتۆر ئەحمەد ئەبو زید، بەشێوەیەکی تر باس لەم دوو جۆرە دوورییە دەکات، بڕوانە د. احمدابو

لە دووریی نێوان چەند کەسێك یان نێوان چەند کۆمەڵێك کە یەکسانن لە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام دووەمیان دووریی ستوونی: بریتی یە لە دووریی نێوان چەند کەسێك یان نێوان چەند کۆمەڵێك، کە هەریەکەو خاوەن پلەو پایەیەکی جیاوازە لەوەی تر(٤). زۆر جاریش ئەم دوورییە کۆمەڵایەتیە دەگۆڕێت بە پێی قەبارەی رۆشنبیری، رەگەزی، ئایینی و ئابووری لە ناو کۆمەڵدا(٥).

ئەو چەمك و واتایانەی خرایە روو سەبارەت بە رەهەندە کۆمەڵایەتیەکان چەمکی گشتین و واژە (تەعبیر) لە دووریی کۆمەڵایەتی دەکەن بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام ئەو چەمك و واتایەی تایبەتە بەم باسەوە، مەبەستمان لە (رەهەندە کۆمەڵایەتیەکان) گرنگترین ئەو لایەنانەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردە کە کاریگەری و ئاسەوارەکانی تاوانی (ئەنفال) یان تیادا رەنگی داوەتەوە لە هەرێمی کوردستان- دا، ئینجا چ بە شێوەی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژخایەن.

مەبەست لە چەمکی کۆمەڵایەتی(*) تەنیا لایەنی کۆمەڵایەتی پەتی نی یە، بەڵکو توێژەر وای بۆ دەچێت لایەنەکانی دیمۆگراف، ئابووری، کولتووری، دەروونی و سیاسیش دەگرێتەوە، کە پەیوەندیەکی پتەو و نەپچڕاویان بە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە هەیە و دەتوانین بە تەواوکەری دابنێین. کەواتە لێکۆڵینەوەکە باس لە کۆمەڵێك ئەنجام و شوێنەوار دەکات کە شاڵاوە سەربازیەکانی ئەنفال لە دوای خۆیدا جێی هێشتووە، لە بەر رۆشنایی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی یان دیدی سۆسیۆلۆژیاوە.

لە چەمکی رەهەندە کۆمەڵایەتیەکاندا ئاماژەمان بە لایەنەکانی دیمۆگرافی، ئابووری، کولتووری و سیاسی کرد، بۆیە مەبەست لە هەر یەکێکیاندا بە کورتی بەم شێوەی خوارەوەیە:

---

زید، البناء ا لاجتماعي (الانساق)، ط٣، الاسكندرية، ١٩٧٩، ص ٧٢- ٧٧.

(*) لە هەندێ شوێندا چەمکی کۆمەڵایەتی (Social) تێکەڵ بە چەمکی کولتوور (Cultural) دەبێت، بڕوانە د.شاکر مصطفى سليم، سەرچاوەی پێشو ص ١٩٢.

**لایـەنی دیمۆگـرافی:** بـریتی یـە لـەو ئەنجامانـەی لـە ئاکـامی راگواسـتن و چـۆلکردنی ژمارەیـەکی زۆر لـە گوندەکـان و گواسـتنەوەی خەڵکەکـەی بـۆ شـارەکان هاتـە کایەوە، ئەمـەش کـاری کـردە سـەر قـەبارەی شـارەکان لـە لایـەك و کـەم کـردنەوەی ژمـارەی دانیشتوان و گۆڕانکاری لە لایەکی تر.

**لایـەنی ئـابووری:** بـریتی یـە لـە کاریگـەری و ئاسـەواری شـاڵاوەکانی ئـەنفال لەسـەر سەرچـاوەکانی بەرهـەم و بـەرو بوومی کشتوکاڵی و کارە دەستیەکان، کە کاریگەریەکی راسـتەوخۆی لەسـەر دەرامـەتی خەڵکەکـە و ئاسـتی بژێویـان هەبوو، ئەمەش بووە هۆی لەناوبـردن یـاخود کزکردنی بونیادی ئابووری کوردستان لە رێگای پەیدابوونی بێکاری و کەم بوونەوەی خزمەتگوزاریەکان.

**لایـــەنی کۆمەڵایـــەتی:** مەبەســت لــە لایــەنی کۆمەڵایــەتی کاریگــەری و ئــەنجامی شـاڵاوەکانی ئەنفال لەسەر بونیاد و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤی کوردە.

**لایـەنی کولـتووری:** بـریتی یـە لە کاریگەری شاڵاوەکانی ئەنفال لەسەر کۆمەڵێك شتی مـادی و گیـانی و فیکـری بـە نـرخ کـە مـرۆڤی کـورد دروسـتی کـردون و دایهێـناون لـە کوردستان– دا.

کولـتووری گیـانی، بەرهەمـەکانی هۆشـیاریی کۆمەڵایـەتی یـە وەکـو خـوو رەوشت، ئـایین، خۆشی و ناخۆشی، هونەر و ئەدەب.. هتد. بەڵام کولتووری ماددی بەرهەمەکانی دەسـتکردی مـرۆڤ وەکـو خواردەمـەنی، جـل و بـەرگ، خانووبـەرە، ئامێـری کارکـردن و هاتوچۆ.. هتد دەگرێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

(١) د.شاكر مصطفى سليم، سەرچاوەی پێشو، ص ٢٦٦.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص ٩٢٨.

(٣) د.احمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، ط٢، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٨٢، ص ٣٨٢.

(٤)هەمان سەرچاوە، ص٣٨٢.

(٥) د. شاكر مصطفى سليم، سەرچاوەی پێشو، ص ٨٩٧.

**دووەم: چەمکی ئەنفال:**

ئـەنفال وشـەیەکی عـەرەبی– یە، کۆی (نفل) ە، کە بە واتای (غنیمە) دێت[1]. (نفل) بە شێوەیەکی گشتی لەدووڕووەوە سەیردەکرێت.

ا– لە رووی زمانەوانیەوە، کە بە مانای خوارەوە دێت:

دەسکەوت (غنیمە)[2]، لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلامدا، عەرەبەکان وشەی (ئەنفال) یـان بـە واتـای تالآنیی جەنگ بەکارهێناوە، مەبەستیش لە جەنگ شەڕکردن و شکاندنی دوژمـن و گرتنی دیل و دەسخستنی سامان و ماڵ بووە. گەورە پیاوانی عەرەب لەوکاتی بەشـی خویـان لە تالآن وەرنەگرتووە و خۆیان بەمە هەڵکێشاوە، هەر وەك (عەنتەرە)ی شاعیر دەڵێ:

إنّا إذا حَمِسَ الوغى نُرْوِي القَنا　　　ونعِفّ عند تقاسُمِ الأنفالِ[3]

واتە، ئێمە لەشەڕدا خوێن دەبەخشین، بەلآم لەکاتی دابەش کردنی دەسکەوتەکاندا خۆمان لە وەرگرتنی دەپارێزین.

ب– لـە رووی زاراوەییـەوە: ئـەنفال واتـای زیـادە دەسـکەوت دەگەیـەنێت، کەواتـە پێناسـەی دەسـکەوت ئـەو مـاڵ و سـامانەیە کـە بـە شـەڕ لـە موشـریکان دەسـەندرێت. زانایـانی ئیسـلام بـۆ واتای ئەنفال بۆچونیان وایە، وەکو دەڵێ: ((الانفال وهو الغنيمة اي كـل نيـل نالـه المسـلمون مـن امـوال اهل الحرب)) [4]، واتە بریتییە لەو ماڵەی کە دەست موسـڵمانان دەکەوێت لە خەڵکی شەڕکەر. کەواتە ئەنفال لە روانگەی ئایینی ئیسلامەوە، بـەو مـاڵ و سـامان و دارایـی و ئـاژەڵ و چـەك و زەخیرانـە دەگوترێت، کە جەنگاوەرانی موسـڵمان، لـە شـەڕدا بەدەستی دێنن، لە بێ بڕواو موشریکان. لەگەڵ ئەوەشدا لە پێش ئیسلام ئافرەتیشی دەگرتەوە کە دەکرانە جاریە.

**پێناسەی ئەنفال:**

ئـەنفال نـاوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزدا، کە پێکهاتووە لە (٧٥) ئایەتی مـەدەنی، لە مانگی رەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی، لە شەڕی بەدری گەورە دابەزیووە.

لە ئـەنجامی ئـەم شـەڕەدا موسـڵمانەکان بەسـەر کافـرەکاندا زاڵ بوون و دەسکەوتێکی زۆریان بەدەسهێنا، هەرچەندە لە رووی ژمارەوە کافرەکان زۆر زیاتر بوون [٥]. بە گشتی ئـەم سـورەتە بـاس و وەسفی شەڕەکە دەکات، ئەم شەڕە بە (یوم الفرقان)، واتە رۆژی جیاکـردنەوە ناو نراوە، هەر وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ((وما انزلنا علی عبدنا یوم الفـرقان یـوم الـتقی الجمعـان))[٦]، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە لەم رۆژەدا راستی و چەوتی یاخود هەق و ناهەق لە یەکتر جیا دەکرێتەوە.

**هۆی دابەزینی سورەتی ئەنفال**:

سـورەتی ئـەنفال هاتـە خـوارەوە کـاتێك موسڵمانەکان دوای سەرکەوتنیان لە شەڕی بـەدر، توشـی هـەندێ گـیرو گرفت بوون لەسەر دابەش کردنی دەسکەوتەکانیان، چونکە موسـڵمانەکان لـەم شـەڕەدا بووبـون بـە سـێ کۆمـەڵ، هـەروەك ئـیمامی ئەحمـەد کوڕی حەنـبەل لـە سـەر زاری (عوبادەی کوڕی سامت) دەگێڕێتەوە: ((لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) چـوین بـۆ شـەڕی بـەدر و کەوتیـنە بەرامـبەر کافـران، خوا دوژمنی شکاند و کۆمەڵێك لە موسـڵمانان کەوتـنە دوایـان بـۆ زیاتـر شـکاندنیان و تەمبێ کردنیان، کۆمەڵێکیش چوون دەسـکەوتە بـەجێماوەکانی دوژمـنیان کۆکـردەوە، بـە نیـازی ئـەوەی بـۆ خۆیانی بەرن، کۆمـەڵی سـێیەمیش لەگـەڵ پێغەمبەر مانەوە بە مەبەستی چاودێری و پاراستنی. پاشان شـەو داهـات و هـەر سـێ کۆمەڵەکـە یـەکیان گـرتەوە، کۆمەڵـەی دووەم گوتیـان دەسـکەوتەکان بـۆ ئێمەیـە و ماف کەسی تری پێوە نیە، ئەوانەی دوای دوژمنیش کەوتن گوتیـان ئێمـەش مافمـان هەیە، چونکە بە دواکەوتنی دوژمن لە لایەن ئێمەوە بووە هۆی جێهێشـتنی دەسـکەوتەکان، کۆمەڵـەی سـێیەمیش داوایـان کرد ماف وەکو ئەوانی تریان بدرێـتێ. لـە ئـەنجامی ئـەو مشت و مڕەدا خەریك بوو ناکۆکی و کێشە دروست بێت))[٧]، خـوای گەورەش بۆ چارەسەر کردنی ئەمە و نەهێشتنی کێشە لەسەر دەسکەوتەکان ئەم سورەتەی دابەزاند،کە لە یەکەم ئایەتدا دەفەرموێت: ((یسألونك عن الانفال قل الانفال لله و الرسـول))[٨]، واتـە خوای گەورە دەفەرموێت دەربارەی ئەنفال لێت دەپرسن، بڵێ هی

خوا و پێغەمبەرە. هەروەها لە ئایەتێکی تردا باس لە چۆنیەتی دابەش کردنی دەکات و دەفەرموێت: ((**واعلموا انما غنمتم من شيء فان لله خمسه وللرسول ولذي القربى واليتامى والمسكين وابن السبيل** ))[٩]، واتە بزانن ئەو دەسکەوتانەی لە شەڕ دەسدەکەون پێنجێکی بۆ خوا و پێغەمبەر و خزم وکەس و یەتیم و هەژار و ڕێبوارە نەدارەکانە، چوار بەشەکەی تریشی دابەشی سەر جەنگاوەران دەکرێت. بەم جۆرە پێغەمبەریش بە پێی فەرمانی خوای گەورە دەسکەوتەکانی بە یەکسانی دابەش کرد.

## مەرجەکانی ئەنفال لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە:

وەك پێشتر گوتمان سورەتی ئەنفال لە کات و ساتێکی تایبەت دابەزیوە، بۆ چارە سەر کردنی گیرو گرفتی دابەش کردنی دەسکەوتەکانی شەڕی بەدر. دیارە ئەمەش پابەندی چەند مەرجێکی تایبەتییە، ئەم مەرجانەش لە تێوردبونەوەی پێناسەی ئەنفالدا لە لایەن زانایانی ئیسلام دەردەکەون. لەم بارەیەوە (ابو هلال العسكرى) پێناسەی دەسکەوتی شەڕ بەم جۆرە دەکات: ((الغنيمة، اسم لما اخذ من اموال المشركين بالقتال))[١٠]، هەروەها لە کتێبی (صفوة البيان لمعاني القرآن) دا هاتووە: ((انفال هي الغنائم المأخوذة من الكفار قهرا بالقتال))[١١]. لەم بارەیەوە سەرچاوە زۆرن کە جەختیان لەسەر واتاو مەرجەکانی ئەنفال کردوە، بەڵام توێژەر تەنها ئەو دوو بۆچونەی سەرەوەی کردە بناغە بۆ هەڵێنجانی مەرجەکانی ئەنفال لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە، کە بەم شێوەیە ریز دەکرێن:

١- لەبەر ئەوەی ئەنفال بە واتای ئەو دەسکەوتانە دێت کە جەنگاوەرانی موسڵمان لە شەڕدا بە دەستی دێنن و دەیگرن، کەواتە ئەنفال بریتی یە لە ماڵ و سامان و چەك و زەخیرە و ئاژەڵ، هەروەها مرۆڤی دیل و گیراوەکانیش دەگرێتەوە.

٢- ئەو لایەنەی ئەو دەسکەوتانەی لێ دەگیرێت کە لە خاڵی یەکەم باس کران، دەبێ کۆمەڵێکی بێباوەڕ و کافر بن، بە زاراوەی شەرعی، نەك بە گۆتەی سەر زاری خەڵك و کاربەدەستان.

٣- دەبێ دەسکەوتەکان بە شەڕ و لە مەیدانی شەڕدا بگیرێن(*)، لە لایەن ئەو موسڵمانانەی کە مەبەستیان لە شەڕ کردن بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، نەك هێرش کردنە سەر گوندنشینانی بێتاوان و بێسەرو شوێن کردنیان و تاڵان کردنی ماڵ و سامانیان.

ئەگەر بەراوردی ئەم مەرجانە بکەین و سەیر کەین، هیچیان لەگەڵ شاڵاوەکانی ئەنفالی حکومەتی عێراق ناگونجێن و یەکناگرنەوە. چونکە کورد مرۆڤی لێ ((ئەنفال)) کراوە کە لە قورئاندا بە دیل ناو دەبرێت، دیلیش شوێنی تایبەتی هەیە لە ئایینی ئیسلامدا، بۆ بەڵگە خوای گەورە دەفەرموێت: ((**ویطعمون الطعام على حبه مسكينا ويتيما واسيرا**))[١٢] لە لایەکی تریش گەلی کورد زیاتر لە (٩٥ ٪) یان پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن. بۆ خاڵی سێیەمیش، کورد لەسەر ماڵ و سامانی خۆی دانیشتبوو، شەڕ فرۆشان بە هۆی زەبرو زەنگ لە گوندەکان راپێچیان کردن بۆ شوێنی نادیار، ماڵ و سامانەکەشیان بە تاڵان برد، بە دەیان هەزاریشیان زیندە بە چاڵ و گوللە باران(**) کردن.

کەواتە بە گوێرەی ئەو مەرجە شەرعیانەی کە لە قورئانی پیرۆز و کتێبە فیقهیەکان هاتووە، شاڵاوەکانی بە ناو ئەنفالی حکومەتی عێراق بۆ سەر گوندنشینانی کوردستان، جیاوازە و پێچەوانەی ئەنفالی ئیسلامە.

---

(*) ئەو ماڵ و سامانەی بە بێ شەڕ دەکەوێتە دەست موسڵمانان، وەك باج و گومرگ و شتی تر، لە زمانی عەرەبیدا بە (الفيء ) هاتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابو هلال العسكري، الفروق في اللغه، ص ١٦٤.

(**) بۆ سەربردەی زیندە بەچاڵ کردن و گوللە باران کردنی ئەنفال کراوانی کوردستان، بڕوانە: MEW,Genocide in Iraq, The Anfal Campaign Against the Kurds,New York,1993, pp.239-252,326-330. هەوەها بڕوانە: کنعان مکیة، القسوة والصمت، منشورات هيئة الارسال العراقية، اربيل، ١٩٩٦، ص ١٨٥-٢١٠.

**کورد و ئەنفال**:

گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئەزمونێکی دوورو درێژی هەیە لەگەڵ قڕکردن و لەناو بردندا، بەڵام ئەوەی ساڵی ١٩٨٨ کە بە–ئەنفال– ناو نرا، شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت. ئەم وشەیە خۆی خستە ناو فەرهەنگی ئەدەبیاتی سیاسی و وێژەیی کوردەوە، مرۆڤی کورد هەرکاتێ ئەم وشەیە دەبیستێ یان بەرچاوی دەکەوێت یەکسەر رەش بگیری و زیندە بەچاڵ و کوشتن و بڕینی دێتەوە یاد.

بۆ ناسینی–ئەنفال– وەك رەفتارێکی نا مرۆڤانە و دڕندانە، ئەم پێناسەیەی رێکخراویMEW دەخەینە روو کە دەڵێت: ((–ئەنفال– ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری چڕ و پڕی سەربازی کە سەرجەم هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافیی جیاوازدا بەڕێوە چوو، فەرماندەی گشتیی عەمەلیاتەکە لە دەستی نوسینگەی باکووری رێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو کە بنکەی لە شاری کەرکوك بوو، لە مارتی ١٩٨٧ بە دواوە لە لایەن عەلی حەسەن مەجید–ەوە سەرۆکایەتی دەکرا))[١٣]. ئەو گوندنشینە کوردانەی لە رووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ دەرباز بوون بە شێوەیەکی ئاسایی ئەلمەجید بە –عەلی ئەنفال یان عەلی کیمیاوی– ناو دەبەن.

–ئەنفال– پرۆسەیەك بوو بۆ قڕکردنی کورد لە هەرێمی کوردستان، لەسەر بنچینەی کورد بوونیان، بۆ شێواندن و تێکدانی دیمۆگرافیای دانیشتوان و سروشتی ناوچەکان، لەم بارەیەوە ئەلمەجید، کاتێ کۆرپەیەکی ساوای کورد دەسگیر دەکات و بە دەبابەیەکی دادەدا و دەیکوژێ، هاوار دەکاو دەڵێ: ئا بەم شێوەیە ریشەکێشتان دەکەم کوردینە[١٤].

ئەم پرۆسەیە هەر لە زووەوە پلان و نەخشەی بۆ کێشرابوو. بۆ نموونە لە هەشتاکانەوە چەند جارێك لە گەڕەکی (الثورة) ی بەغدا و لە شاری هەولێریش پرۆڤەی گواستنەوەی خەڵکیان دەکرد، کە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، بە ناوی ئەوەی لە بۆردومانی ئێران دووریان دەخاتەوە و دەیان پارێزێ.

دیاره ئەنفال بەرچاوترین تاوانە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە کە بەسەر گەلی کورد–دا هاتووە، بۆ لەناو بردن و سەرکوت کردنی بزوتنەوە نەتەوەییەکەی و سڕینەوەی هەموو سیمایەکی ئێتنۆگراف و کولتووری و دیمۆگراف و لایەنەکانی تری [١٥].

پرۆسەی ئەنفال، بە پێی نەخشەیەکی رەسمیی پێشوەخت لەلایەن رژێمی عێراقەوە ئامادەکرا و پاش چەندان تاوتوێکردن بڕیاری لەسەر درا، بۆ ئەم مەبەستەش عەلی حەسەن مەجید کرا بە حاکمی رەها (مطلق)ی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی تەواوی سەربازی و ئەمنی و مەدەنی پێدرا، ئەوەش بە پێی بڕیاری بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە (١٦٠) لە ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧دا [١٦]. هەروەها بۆ هەمان مەبەست پاشتر بڕیارێکی تر لە هەمان ئەنجومەن دەرچوو لە ٢٠ی نیسانی هەمان ساڵ، کە دووبارە دەسەڵاتی تەواوی هەرێمەکەی خستە ژێر فەرماندەی عەلی حەسەن مەجید کە جێبەجێ کردنیان لە لایەن موخابەرات و ئەمن و جەیشی شەعبی و پۆلیس و هەموو فەرماندە سەربازیەکان و جاشەکان پیادە بکرێ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەش بودجەیەکی تایبەتی تەرخان کرا[١٧].

هێرشەکانی ئەنفال بە یەکێك لە زەقترین دیاردەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە لایەن رژێمی عێراقەوە تۆمار کراوە، کە شاڵاوە سوپاییەکان راستەوخۆ دێهاتەکان و چەند شارۆچکەیەکی کوردستانیان وێران کرد و رێژەیەکی زۆری خەڵکە بێتاوانەکەشیان راگواست بۆ چەند شوێنێکی تایبەت، لەوێش ژمارەیەکیان زیندە بەچاڵ و گوللە باران کران، ماڵ و سامانیشیان بە تاڵان برا[١٨].

دەسەڵاتدارانی عێراق بە شێوەیەکی رەسمی دانیان بە هێرشەکانی –ئەنفال– ناوە و نایشارنەوە و هەموو ساڵێکیش یادی دەکەنەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك نەچونەتە ژێر باری داننان بە بێسەروشوێن کردنی ئەو دەیان هەزار گەنج و پیر و ژن و منداڵە و هەوڵی رەتکردنەوە و شاردنەوەی راستی کارەکەشیان داوە[١٩]. هەرچەندە بۆ لەیادنەکردن و بەکارهێنانی وشەکە وەك شەڕێکی دەروونی بەرامبەر گەلی کورد، رژێمی عێراق ناوی

چەند کۆمپانیا و دەزگا و قوتابخانەی بە-ئەنفال- ناو ناوە، وەك کێلگە نەوتێك، کۆمپانیایەکیش کە کاری وشك کردنی زۆنگاوەکانی باشووری عێراق بوو، هەروەها دامەزراندنی کەرتێکی تایبەتی حیزبی بەعس لە کاتی بیرەوەری ئەم کارەساتەدا[٢٠]. لە کۆمەڵگای حاجیاواش قوتابخانەیەکی دواناوەندی بە ئەنفال ناو نراوە.

بۆ ئاشکرا کردن و رەتکردنەوەی هەواڵەکانی رژێم، کە هەردەم باسی لەوە کردووە شاڵاوەکانی ئەنفال لە دژی (تێکدەران و بەکرێگیراوان) کراوە و خەڵکی مەدەنی ئازار نەدراوە، بۆ رەتکردنەوەی ئەمە، بەڵگەنامەیەکی رەسمی حکومەتی عێراق لەبەر دەستدایە دەیسەلمێنێ کە بە پێچەوانەوە، بە جۆرێکی سەرەکی بێتاوانان بەر ئەم شاڵاوانە کەوتوون. بەڵگەنامەکە وەڵامی داواکاری سەربازێکی دیلی شەڕی عێراق – ئێران دەداتەوە کە ماوەی نۆ ساڵ بە دیلی لە ئێران ماوەتەوە، لە ٢٤ی ئابی ١٩٩٠ ئازاد کرا و گەڕاوەتەوە سەر ماڵ و خاکێکی وێران کراو، لە ٢٩ی ئەیلولدا بۆ هەواڵ پرسینی ئەندامانی خێزانەکەی داوایەکی پێشکەش بە سەرۆکی عێراق کرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدراوە، لە ٤ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بۆ جاری دووەم یاداشنامەیەکی تری بۆ نوسی، ئەم جارە لە ٢٩ی مانگ وەڵامی دراوە کە خێزانەکەی لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ بزر بووە، بەم شێوەی خوارەوە وەڵام دراوەتەوە:

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

کۆماری عێراق

دیوانی سەرکردایەتی

ژمارە:  ش.ع/ب/٤/١٦٥٦٥

مێژوو:  ١٩٩٠/١٠/٢٩

بۆ بەرێز عاسی مستەفا ئەحمەد

پارێزگای سلێمانی/ قەزای چەمچەماڵ

گەڕەکی بێکەس – مزگەوتی حاجی ئیبراهیم

داواکاریت لە ١٩٩٠/١٠/٤

دەربارەی هاوسەر و منداڵەکانت، لە کاتی کردارەکانی ئەنفال بزر بووین، کە لە ناوچەی باکوور ساڵی ١٩٨٨ ئەنجام دراوە.

لەگەڵ رێزدا

سەعدون عەلوان موسلح

ل. سەرۆکی دیوانی سەرکردایەتی[٢١]

ئەمە باشترین و ئاشکراترین بەڵگەیە، کە لە بەرزترین دەسەڵاتی رژێمی عێراق دەرچووە سەبارەت بە چارەنووسی خەڵکی مەدەنی، لە ژن و منداڵی بێگوناە و پیر و پەککەوتەی بێتاوان. لێرەدا روون دەبێتەوە ئامانجی رژێم لەم کردارانەدا لەناو بردنی گەلی کورد و تێکدانی وڵات و نیشتمانەکەی بووە.

کەواتە، –ئەنفال– بریتییە لەو شاڵاوە سەربازیە پلان بۆ دارێژراوە کە لە ماوەی نێوان مانگی شوبات تاکو نیوەی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨، رژێمی عێراق کردیە سەر ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان، ئەم شاڵاوە هەموو جۆرە رێگایەکی وێران کردنی تێدا بەکار دەهات، بە مەبەستی لەناو بردنی یەکجارەکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و سڕینەوەی رەگەزی کورد لەم ناوچانەدا. لە ئەنجامی ئەم شاڵاوە بەرفراوانەدا بە پێی خەملاندنێکی رێکخراو و پارتە سیاسیە کوردیەکان (١٨٢) سەد و هەشتاو دوو هەزار

کەس شونبزر کران لە گوندنشینانی کوردستان و زیندەبەچاڵ کردن و گوللە باران کردنی دەیان هەزاریش لە گەنج و ژن و منداڵ، هەروەها بە تالآن بردنی رێژەی هەرە زۆری ماڵ و سامانی ناوچەکان و وێران و خاپوور کردنی خانو و کێڵگە کشتوکاڵیەکانی ئەم ناوچانە تەواو بوو.

**ئامانجەکانی حکومەتی عێراق لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا**:

بێگومان، هەر پرۆسەیەکی نەخشە و پلان بۆ دارێژراو کە ئەنجام دەدرێ، مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە کە بە پێی سیاسەت و بەرژەوەندیی ئەنجامدەرانی پیادە دەکرێ. دیارە کاتێ کە کورد لەلایەن سوپای عێراقەوە قڕ دەکرێ، ئامانجی نەخشە بۆ کێشراوی تایبەتی خۆی هەیە کە بە چەندان کۆبونەوە و راوێژ کردن و تەرخان کردنی داراییەکی دیاریکراو و سوپا و چەکی بێ سنوور لە لایەن سەرکردایەتی حکومەتی عێراقەوە بڕیاری کۆتایی بۆ دەرکراوە. هەڵبەتە تەرخان کردنی ئەو هەموو دارایی و کات و سوپا و چەك و زەخیرە بۆ شاڵاوەکان، بە مەبەست و ئامانجی ستراتیژی دوور و نزیك بووە، کە دەکرێ ئەو مەبەست و ئامانجانە لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

١- لەناو بردنی شۆڕشی سیاسی و چەکداری گەلی کورد [٢٢]، رژێم بۆ ئەم ئامانجەی هەر لە زووەوە هەوڵی دەدا و چەندان رێگا و نەخشەی بۆ دادەڕشت و پیلانی بۆ دادەنا لە پێناویدا. گومانی تێدا نیە کە زۆربەی شۆڕشەکانی گەلانی جیهان، بە تایبەتیش شۆڕشی کورد، پشتیان بە دێهاتەکان دەبەست، گوندەکانیش بە شۆڕش و پێشمەرگەوە دەتوانن بە ئازادی بژین [٢٣]، لەبەر ئەمە حکومەتی عێراق هەوڵی دا شۆڕش و پێشمەرگە لە گوندەکان دابڕێ، بۆ کەم کردنەوەی هەستی هەڵگەڕانەوە لە دژی رژێم، ئەمەش لە رێگای راگواستنی گوندەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان و سەرقاڵ کردنی خەڵکەکە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیان، تاکو ملکەچی ویستی فەرمانەکانی دەزگا سەرکوت کەرەکانی رژێم بن، ئەم مەبەستەی رژێم تا رادەیەك بە پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆی مەیسەر بوو، چونکە هێڵی کۆمەك و پەیوەندی لە

نێوان خەڵك و پێشمەرگەی بڕی.

٢- بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە کوردستاندا، بە شێوازی جۆراو جۆر، چ ڕاستەوخۆ یاخود لە ئایندەیەکی دوور [٢٤]. ڕژێمی عێراق لە مێژ ساڵە هەوڵدەدات دیمۆگرافیای دانیشتوانی کوردستان بە تایبەتی و ژمارەی کورد لە عێراق بگۆڕێت. بۆ ئەم مەبەستەش چەندان ڕێگای گرتۆتە بەر، جارێك بە هاندانی ڕۆڵەکانی کورد بۆ گۆڕینی ناسنامەی شارستانی (نفوس) لە شارە کوردیەکانەوە بۆ شارەکانی تری عێراق، بۆ ئەم ئامانجەش بڕێك پارەی وەك هاندان بەوانە دەبەخشی کە ناوی خۆیان دەگۆڕی ئێستاش بەزۆرداری خەڵکی ناوچەکانی کەرکوك و مخمور و شوێنانی تری ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بەناوی (تصحیح قومیة) تەعریب دەکرێن. جارێکیش بە ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکانی سەر سنوورەکان و ناوچە نەوتاویەکان بۆ ناو ئۆردوگاکان، بە بیانووی پاراستنی سنوورەکان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەم گوندنشینانە. جگە لەم ڕێگایانەش ڕژێم بە گرتن و لە سێدارەدان ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانی لەناو برد، تا کار گەیشتە ترۆپکی تاوان، کە شاڵاوەکانی ئەنفال بوو لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەر گوندنشینەکانی کوردستان و دەسگیر کردنیان بەبێ گوێدانە ڕەگەز و تەمەن، ژمارەیەکی یەکجار زۆری لێ شونبزرکردن و هەزارانیشی بە چەکی قورس و کیمیاباران لەناو برد.

٣- مەبەستێکی تری ڕژێم لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، تەعریب کردنی ناوچەکانی کوردستان بوو، بە تایبەتیش پارێزگای کەرکوك، بە هۆی بوونی نەوتێکی زۆر لە ژێر خاکەکەی.

بەڵگەش بۆ تەعریب کردنی کەرکوك، عەلی حەسەن مەجید لە کۆبونەوەیەکیدا باسی کردوە کە بڕێکی خەیاڵی پارە بۆ تەعریب کردنی ئەم پارێزگایە خەرج کراوە، کەچی هێشتا ڕێژەی کورد لە ڕێژەی عەرەب زیاترە، بۆیە حکومەت بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردۆتە بەر شاڵاوێکی بەرفراوان بە ناوی -ئەنفال- [٢٥].

٤- رژێمی عێراق زۆر ڕێگای گرتۆتە بەر بۆ شێواندنی مێژوو و کولتووری نەتەوەی کورد، دوا ڕێگا بۆ ئەنجام دانی ئەم مەبەستەی، شاڵاوەکانی ئەنفال بوو، کە ویستی وا لە گەلانی جیهان بگەیەنێ کە کورد کۆمەڵێکی کێوینە و دژی پێشکەوتنن، دژی ئارامی وڵاتی عێراقن، بۆ تۆمەت خستنە پاڵیان بە شەڕاوی و ئاژاوەچی ناویان دەبات(٢٦). هەر بۆیەش بە کرێگرتەی دەستی بێگانە و یاخی بوو لە قەڵەمیان دەدات.

٥- گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد، هەروەك هەوڵی دابڕینی ئێزیدی و شەبەکی دەدا لە نەتەوەی کورد. هەروەها نانەوەی ناکۆکی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان خێڵ و عەشیرەتە کوردەکاندا، بۆ دەستەمۆ کردنیان و یەکتر قەلاچۆکردن(٢٧)، بۆ ئەم مەبەستەش لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا جاشەکانی ناوچەی بادینانی دەبرد بۆ هێرش کردنە سەر گەرمیان و قەرەداغ، بە پێچەوانەشەوە هی ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوکی بۆ هێرشەکانی دەڤەری بادینان دەبرد، بەمەش خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکان ڕق و قینیان لە یەکتر هەڵدەستا و ناکۆکی لە نێوانیان دەنایەوە.

٦- هەوڵدان بۆ تواندنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی گەلی کورد، بە هۆی لێکدابڕانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان هۆز و خێزانی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان (٢٨). بە هێنانەدی ئەم ئامانجەی، بەشەکانی کوردستان لە یەکتر دەپچڕێنێ و بۆشایی کۆمەڵایەتی و دەروونی دروست دەبێت. هەروەها ئامانجی تێکدانی شیرازەی خێزانی کورد و لەبار بردنیەتی، چونکە دەزانێ خێزان و پەیوەندیی خێزانی و خزمایەتی چ دەور و کاریگەرییان هەیە لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

٧- هەوڵدان بۆ تواندنەوەی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری، کە بنچینە و بنەمای سەرەکین بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها ئامرازێکی گرنگن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕەوشت و ئاکاری تاکەکانی کۆمەڵ. ئەم ئامانجەش بە کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکان لە کۆمەڵگا زۆرەملێکان دەیهێنا دی، کە ببووە هۆی بڵاوبونەوەی

بێکاری، له ئەنجامدا چەندان دیاردەی وەك دزی و بەدڕەوشتی و کوشتن و خۆفرۆشی له نێوانیاندا بەرچاو دەکەوێت [٢٩]. ئاشکراشە زۆربەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لە گوندەکان بەرچاو دەکەون کە نموونەی بەرزی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانن. بە نەمانی گوندەکان زۆربەی داب و نەریتەکان دەسڕێنەوە، هەروەها کەرەسە و پاشماوە فۆلکلۆریەکان لەناو دەچن.

٨- ڕژێمی عێراق مەبەستی بوو گەلی کورد ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و گیرو گرفت و ئەندێشەی ئالۆزی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری بکاتەوە، تاکو کاریگەری درێژخایەنی لەسەر نەوەکانی داهاتوو بمێنێ و پێیەوە بتلێتەوە، وەك کێشەی میرات و ژن خوازی و بێکاری و چەندان کێشەی تری ژیانی ڕۆژانە.

٩- لاواز کردنی ئابووری کوردستان، بە هۆی پیادەکردنی سیاسەتی (زەوی سوتاندن)، کە ڕەزو باخ و کێڵگە کشتوکاڵیەکانی لەناو دەبرد، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان ناچار بکات ناوچەکانیان چۆل بکەن و روو لە شارەکان بکەن [٣٠]، جگە لە ڕاگواستنی ئەو خەڵکانەی کە لە شاڵاوەکانی ئەنفال شونبزرنەکران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، کە گەنجەکانی قەدەغە دەکرد لە کار کردن، بە مەبەستی رامکردنیان و ناچارکردنیان بۆ کاری سیخوڕی و چونە ریزی جاشایەتی بە مانگانەیەکی (معاش) کەم.

ئەمە و لەوانەیە چەند مەبەست و مەرامێکی تریشی هەبوو بێت لە ئەنجامدانی شاڵاوە دڕندانەکانی بەناو ئەنفال.

**سەرچاوەکان:**


(١) خليل بن احمد الفراهيدي، كتاب العين، الجزء (٨)، ط٢، مؤسسة دار الهجرة،١٩٩٠، ص ٣٢٥.

(٢) المعلم بطرس البستاني، محيط المحيط – قاموس مطول للغة العربية، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٧، ص ٩٠.

(٣) ديوان عنترة بن شداد، حققه و قدم له فوزي عطوي، ط١، الشركة اللبنانية للطباعةوالنشر، بيروت،

لبنان، ١٩٨٦، ص ١٤٩.

(٤) الامام العلامة محمد جمال الدين القاسمي، تفسير القاسمي المسمى محاسن التاويل، مجلد/٥، ط١ ،دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٩٧، ص ٢٥٣.

(٥) سيد قطب، في ظلال القرآن، مجلد/٣، الاجزاء(٨-١١)، ط١٠، دار الشروق، ١٩٨٢،ص ١٤٢٩.

(٦) سورەتی ئەنفال، ئایەتی (٤١).

(٧) الامام العلامة محمد جمال الدين القاسمي، سەرچاوەی پێشو، ص ٢٥٢.

(٨) سورەتی ئەنفال، ئایەتی (١).

(٩) سورەتی ئەنفال، ئایەتی (٤١).

(١٠) ابو هلال العسكرى، الفروق في اللغة، ط٦، دار العربية للكتاب، ١٩٨٣،ص ١٦٤.

(١١) عەبدولرەحمان سەدیق، ئەنفال لە روانگەی ئایینی ئیسلامەوە، (کۆڕ)، هۆڵی (میدیا)، هەولێر، ١٩٩٥/٤/١٨، لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراوە.

(١٢) سورەتی (الانسان)، ئایەتی (٨ ).

(١٣) میدل ئیست ووَچ، (رێ خۆش کردن بۆ ئەنفال)، وەرگێڕانی سیامەندی مفتی زادە، گۆڤاری (هزر)، ژ. (٣) ١٩٩٩، ل١٢.

(١٤) د.بختيار عبدالله، (لماذا التهجير في كوردستان بأسم (الانفال) )، مجلة (نداء الحق) العدد التجريبي، ١٩٩١، ص٦.

(١٥) توفیق عبدول، ئەنفالەکان و رایەکی تایبەتی سەبارەت بە چارەنوسیان، گۆڤاری (ئاران)، ژ. (٦) مایسی ١٩٩٨، ل٦٦.

(١٦) زیاد عبدالرحمن، تونی مەرگ - هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی رژێم- دا، تەورێز، ١٩٩٥، ل٣-٤.

(17)MEW,Genocide in Iraq, op.cit.,P.56-57.

(١٨) زیاد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشو، ل٣-٤.

(١٩) هەمان سەرچاوە، ل٥-٦.

(٢٠) میدل ئیست ووَچ، (رێ خۆش کردن بۆ ئەنفال)، سەرچاوەی پێشو ل١٢.

(٢١) زیاد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشو، ل ٨٨، بۆدەقی بروانامەکە بروانە پاشکۆی ژمارە ( ١).

(٢٢) باوکی ناز، ئەنفال و کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی گەلی کورد، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژ.(٤٢١) ١٩٩٣/٦/٢٥.

(٢٣) عەدالەت تاڵەبانی، ئەنفال و نهێنیەکانی، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٢٠.

(٢٤) باوکی ناز، سەرچاوەی پێشو.

(٢٥) میدل ئیست وۆچ، جینۆساید لە عێراق– دا، پەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانیسیامەندی موفتیزادە،چ١، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٥٧٤–٥٧٥.

(٢٦) چیا، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، چ١، دەزگای ناوەندی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە،١٩٨٧، ل ١٤٠.

(٢٧) باوکی ناز، سەرچاوەی پێشو.

(٢٨) رێبەر ئەحمەد بارزانی، کارەساتی ئەنفال کردنی بارزانیەکان، کۆڕێك لە ١٩٩٦/٤/١٣ شەقلاوە، لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراوە.

(٢٩) باوکی ناز، سەرچاوەی پێشو.

(٣٠) هەمان سەرچاوە.

**سێیەم: جینۆساید Genocide:**

جینۆساید زاراوەیەکی باوە، لە نوسراو و ئەدەبیاتەکاندا زۆر بەرچاو دەکەوێ بەڕادەیەك کە هەر خوێندەوارێك دەزانێ چی دەگەیەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست دەکات پێناسەیەکی بکەین چونکە ئەم زاراوەیە راستەوخۆ ناوەرۆکی بابەتی باسەکەی ئێمە دەردەبڕێ.

–جینۆساید زاراوەیەکی نوێیە بۆ تاوانێکی دێرین–[1]. زاراوەی جینۆساید لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە، لەسەر دەستی دادوەری پۆلۆنی لیمکین رافایل[2] Lemkein Raphael[*] هاتە کایەوە، کە راوێژکاری وەزارەتی بەرگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی بە دەستی نازیەکان قڕکرابوون[3].

جینۆساید وشەیەکی لێکدراوی گریکییە لە دوو بەش پێکهاتووە: (Genos) کە بە واتای رەگەز یان بنەچە دێت و بەشەکەی تریش (Cide)، یان (Caedere)ی لاتینی–یە، کە واتای کوشتن و لەناوبردن دەگەیەنێ، بە لێکدانی هەردوو بڕگەکە واتای کوشتنی رەگەزیی مرۆڤ دەگەیەنێت[4]، بە شێوەیەکی گشتی چەمکی جینۆساید کوشتنی بەکۆمەڵ یان قڕکردنی نەتەوە دەگەیەنێت[5].

ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٦/١٢/١١ بڕیاری ژمارە (٩٦) ی دەرکرد، سەبارەت بەوەی کە جینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتی دەبەزێنێ و دژی ئامانجەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەر بۆیەش لە لایەن شارستانیەتەکانی جیهانەوە مەحکوم دەکرێت، ئەمەش رەنگدانەوەی هەبوو لەو پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ دەرچوو، کە تایبەت بوو بە قەدەغە کردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر ئەو

---

[*] لیمکین رافایل بە رەگەز پۆلۆنی–یە و هاوڵاتی ئەمەریکی–یە، ساڵی ١٩٠٠ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤١ لە زانکۆکانی(دیوك و یل)ی ئەمەریکی، وانەی یاسای گوتۆتەوە، رۆڵێکی باڵای بینیوە لە سزاخستنە سەر تاوانکارانی جینۆساید، لە ساڵی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کردوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Chalk,Frank and Kurt Jonasshn, The history and Sociology of Genocide, New Haven, Yale University Press, 1990.

تاوانبارانەی کە بەو تاوانە هەڵدەستن[٦].

جینۆساید بە زۆر شێوە پێناسە کراوە، کە لە هەر یەکە و ئایدۆلۆژیا و بیرۆکەی تایبەتیی خاوەنەکەی گوزارشت دەکات. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە لە پەیماننامەی ژمارە (٢٦٠) ی خولی ئاسایی سێیەم لە ڕێکەوتی ١٩٤٨/١٢/٩ لە بەندی دووەمی- دا هاتووە: ((هەر کارێك کە بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێك لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت لە رووی سیفاتی نەتەوەیی، رەگەزی، نیشتمانی و ئایینی)) [٧]، لە هەمان بەند-دا ئەم کردارانەی خوارەوەی بە جینۆساید داناوە:[٨]

١- کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵ.

٢- دەست درێژی و ئازاردانی ئەندامانی کۆمەڵ، لە رووی جەستەیی، یان بیرو هۆشەوە.

٣- سەپاندن و خستنە ژێر بارودۆخێکی بە ئەنقەستی وا کە ببێتە هۆی لەناوچونی تەواوی یان بەشێکی ئەو کۆمەڵە.

٤- تەگەرە خستنە بەر منداڵ بوون لەناو کۆمەڵەکە بە رێگای چەند ئامرازێکەوە.

٥- گواستنەوەی منداڵانی کۆمەڵەکە بۆ کۆمەڵێکی جیاواز بە زەبری هێز .

وەك لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت بوارەکانی جینۆساید بە روونی دەسنیشان کراوە.لە پاڵ ئەمەشدا زۆر پێناسەی تر بۆ چەمکی جینۆساید هەن، لەوانە: دکتۆر ئەحمەد زەکی بەدەوی دەڵێت: ((لەناوبردنێکی بە ئەنقەستی کۆمەڵێکی نەتەوەیی، رەگەزیی، یان کۆمەڵەیەکی ئایینی یان رامیاری-یە، زۆربەی جار لە کاتی جەنگدا پیادە دەکرێت ))[٩]. هەرچی دکتۆر شاکر مستەفا سەلیمیشە بەم شێوەیەی پێناسە کردووە: ((هەوڵێکی بە ئەنقەست و دارێژراوە بۆ قڕکردنی کەمایەتی شارستانی و رەگەزی، قڕکردنێکی سەرتاسەری)) [١٠]. کەچی بەشێکی تر وای بۆ دەچن کە تاوانێکە ناسراوە بە وێرانکردنێکی بەرنامە دارێژراو بۆ لەناوبردنی کۆمەڵێکی ئێتنیکی [١١].

ئەم پێناسانە ئەگەر چی لە رووی روخسارەوە چەند جیاوازیەك لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە جینۆساید بریتییە لە

کۆمەڵ کوژی و لەناوبردنی بە کۆمەڵ.

جینۆساید بە واتای ((لەناوبردنی بە ئەنقەستی، هەموو یان بەشێکی، کەمایەتییەکی رەگەزی، ئایینی، تایەفەیی، ئێتنیکی یان سیاسی، لە لایەن حکومەتێکەوە یان دام و دەزگا و پیاوەکانیەوەو هەر تەنها کوشتنی بە کۆمەڵ ناگرێتەوە، بەڵکو برسی کردن، بەزۆر راگوێزان و دەست بەسەرداگرتنی سیاسی و ئابووری و بایۆلۆژیش دەگرێتەوە))[١٢].

قڕکردن (Genocide) ئەنجامدانی کارێکی دڕندانەیە، لەناوبردنی کۆمەڵێك مرۆڤ دەگرێتەوە کە بەرنامەی پێشوەختی بۆ دارێژراوە، جا چ کۆمەڵەکە بە تەواوی یان بەشێکی بگرێتەوە، ئەم کارەش بە پاڵنەری رەگەز پەرستی، ئایینی، رۆشنبیری، رامیاری، عەشایەری و کۆلۆنی ئەنجام دەدرێ. لەتاوانی جینۆسایددا دوو پێکهاتە هەن کە بایەخی خۆیان هەیە[١٣]:

أ- لەڕووی مەبەستەوە، تاوانی جینۆساید لەگەڵ تاوانی تر جیاوازە چونکە مەبەستی سەرەکی نەهێشتنی کۆمەڵە مرۆڤێك یان بەشێکیەتی و ئەمەش تایبەتیەکی تر دەدات بە جینۆسایدو لەتاوانی تر جیای دەکاتەوە، چونکە مافی ژیانیان پێ ڕەوا نابینێ.

ب- لە رووی ژمارەی قوربانیشەوە، زۆری یان کەمی قوربانی لەبەرچاو ناگیرێ، چونکە مەبەستی سەرەکیی لەناوبردنی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە دەگرێتەوە.

جینۆساید لەگەڵ بوونی نیازو مەرامی تاوانکارو بڕیاردان لەسەر پیادەکردنی دێتە ئاراوە، جا بۆیە ژمارەو زیانەکانی سەیر ناکرێ. بەلأم مێژوو سەلماندویەتی هەمیشە جینۆساید کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری گرتۆتەوە، نموونەی وامان لە مێژوودا لەبەردەست نییە کە تاوانی جینۆساید بەرامبەر تاکە کەس پیادە کرابێت، هەر بۆیەش پەیماننامەی ١٩٤٨ بەسترا کە ژمارەیەکی زۆری گەلان و کۆمەڵانی ئەو سەردەم قڕکران ، جا بۆیە جینۆساید هەمیشە ئامانجی لەناو بردنی کۆمەڵە مرۆڤێکی زۆرە جا چ لە رووی ئێتنیکی، ئایینی، سیاسی و کولتووریەوە بێت، نموونەش بۆ ئەمە لەناو بردنی ئەرمەنەکان بەدەستی تورکەکان و جولەکە بەدەستی نازیەکان، هەروەها نەتەوەی کورد بەدەست داگیرکەرانی نیشتمانەکەی لە حکومەتەکانی تورك و عەرەب و فارس. لێرەشدا مێژوو

بۆمـان دەسەلمێنێ هەندێ لە کەمایەتیەکان، کە دووچاری بە کۆلۆنی کردن بوون، تاوانی جینۆسایدیان بەرامبەر ئەنجام دراوە.

تـاوانی جینۆسـاید، لـە کاتی شەڕ، هەروەهاش لە کاتی ئاشتیدا ئەگەری پیادەکردنی هەیـە، چـونکە لـە کـاتی ئاشـتیدا دەکرێ رەفتار بە سیاسەتێکی وا بکرێ کە ببێتە هۆی لەناوبـردنێکی هەسـت پێـنەکراو بەرامبەر بە کۆمەڵێك لە رووی کولتووری و ئابووری وبیرو هـتد[١٤]. سـەبارەت بـە لێپێچـینەوەش ئـەنجامدەری ئـەم تاوانـە سزای نێو دەوڵەتیان بۆ دانـراوە، چـونکە پەیوەسـتە بـە ئـەنجامدانی تاوانـەکانی شەڕ[١٥]، سزاکە پێویستە پیادە بکرێت چ لە کاتی شەڕ یاخود لە کاتی ئاشتیدا بێت.

هـەوڵدان بـۆ نەهێشـتنی ئـەم تاوانـە وەك پراکـتیك بـۆ جـاری یەکـەم لـە راگـەیاندنی مۆسـکۆ دەرچـوو لــە ٣٠ ی ئۆکـتۆبەری سـاڵی ١٩٤٣ دا، لــەم راگەیاندنــەدا بــڕیاری دادگاییکردنی نازیە تاوانبارەکان درا، پاشان لیژنەیەك پێکهات لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی جەنگ [١٦].

سـەبارەت بـە بەرپـەرچ دانـەوەی تـاوانی جینۆسـاید لـە نەتـەوە یەکگـرتووەکان، لـە پەیمانـنامەی سـاڵی ١٩٤٨ بـڕیاری لەسـەر دراو، لـە ١٩٥١/١/١٢ بـڕیاری پیـادە کـردنی سـزادانی تاوانبارانی پەسەند کرا، بڕیارەکە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ دانرا و دواتریش بۆ هەر (٥) سـاڵ جارێك درێژ بکرێتەوە. تا ساڵی ١٩٧٠ پەیمانەکە لە لایەن (٧٤) دەوڵەتەوە مۆر کـرا و مـتمانەی پێـدرا، لەوانە یەکێتی سۆڤیەت و زۆربەی دەوڵەتە زلهێزەکانی تر، ئەگەر چـی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مۆر کرا، بەڵام لە ئەنجامدا متمانەی پێنەدرا [١٧]. پەیمانـنامەی سـاڵی ١٩٤٨ی نەتـەوە یەکگـرتووەکان، بـەندێکی تایـبەتیی تـەرخان کـردووە بـۆ سـزادانی ئەنجامدەرانی ئەو رەفتار و کردەوانەی کە بە جینۆساید دادەنرێن، ئەمـەش جیـا دەکرێـتەوە لـە تاوانـەکانی شـەڕ کە تەنها لە ماوەی شەڕ یان پێش دەست پێکـردنی روو دەدەن، لـە بەندی سێیەمی ئەو پەیماننامەیەدا ئەم حاڵەتانەی دەسنیشان کردووە[١٨]:

١– قڕکردن و لەناوبردنی تەواوەتی Genocide.

٢- ڕێکەوتن لەسەر تاوانی قڕکردن.

٣- هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ هەڵسان بە تاوانی قڕکردن.

٤- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی قڕکردن.

٥- بەشداریکردن لە تاوانی ڕەشە کوژی .

بە پێی ئەم بەندانە ڕەنگە جگە لە ڕژێمی عێراق زۆر حکومەتی تریش بەرپرسیاریەتی تاوانی قڕکردنی کوردانیان بکەوێتە ئەستۆ. هەڵبەتە بۆ دیاریکردنی ئەو کەس و لایەنانەی هەڵدەستن بەم ڕەفتار و کردەوانەی سەرەوە، بەندی چوارەمی هەمان پەیماننامە سزای نێو دەوڵەتی لەسەر داناون و ئەو کەسانە بەهەر جۆرێك بێت سزا دەدرێن، مەرج نییە ئەنجام دەرەکە دەسەڵاتدار، یان فەرمانبەر، یاخود کەسێکی ئاسایی بێت. بەڵگە و بیانوی لەناوبردنەکە هەر شتێك بێت، سیاسی، ئایینی، ڕەگەزی یان هیتر. سزاکە بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دانراوە، پەیوەندی بەوە نییە لە چ کاتێك و کێ و لە چ شوێنێك ئەنجامی دەدات. هەروەها لە بەندی پێنجەمی هاتووە ئەو کەسانەی بڕگەکانی بەندی سێیەم ئەنجام دەدەن، دەدرێنە دادگای تایبەتی لەم وڵاتەی تاوانەکەی تێدا ڕوویداوە، یاخود ئەو دادگا نێو دەوڵەتیەی کە تایبەتە بەم هاوپەیمانیە [١٩]. دیارە حکومەتی عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی پەیمانەکەی مۆر کردووە، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو بڕگەکانی بەندی سێیەمی پیادە کردووە بەرامبەر بە گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بەبێ ئەوەی بدرێتە دادگا، یاخود نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەسمی تاوانباری بکات، هەرچەندە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هەندێ تاوانی خرایە پاڵ، ئەویش پاش ئەوەی چەندان تەن بەڵگەنامەی ڕەسمی خرانە ڕوو سەبارەت بە تاوانی جینۆساید کە پیادەی کردووە.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ لە سەردەمی شەڕ و ئاشتیدا پێویستە کاری پێبکرێت ، هەر وەك لە بەندی یەکەمیدا جەختی لەسەر کراوە، ئەگەر جینۆساید لە یاسای ناو خۆی وڵاتێك قەدەغە کرابێت یان نا، ئەنجامدەرانی لە بەر پرسیاریەتی نێو دەوڵەتی دەرباز نابن یا ڕزگاریان نابێ ، چونکە یاسای نێو دەوڵەتی ئەم کارانەی بە دڕندانەترین تاوان داناوە و لێخۆشبونیشی بۆ نییە [٢٠].

**جۆرەکانی قڕکردن** Genocide:

جینۆساید دڕندانەترین تاوانە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت، ئەمەش تەنیا لەناوبردنی فیزیکی و رەگەزی و ئایینی ناگرێتەوە، بەڵکو بەزۆر جۆر و شێوەی ئاڵۆز دەردەکەوێت. لەم بارەیەوە چەندین بیر و بۆچوون لە ئارادایە، لێرەدا هەوڵ دەدەین دەسنیشانیان بکەین، کە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

**أ- قڕکردنی فیزیکی (جەستەیی)** Phisical Genocide

سادەترین و ئاشکراترین جۆریانە، بریتییە لە دەست درێژی کردنە سەر تەندروستی و سەلامەتی ژیان[٢١]، قڕکردنی جەستەیی و نەهێشتنە، جا ئەو لەناو بردن و کوشتنە چ بە لە سێدارەدان، یاخود بە زیندە بەچاڵ و گوللە باران کردن یا بە هەر جۆریکی تر بێت[٢٢]، وەك هێرشی سەربازی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی لەناوبردنی وەك چەکی کیمیاوی و ژار و فسفۆری[٢٣]، هەروەها دەکرێ قڕکردن لە رێگای زیندانی کردنی هەتاهەتایی بێت، هەندێ جاریش سیاسەتی خاکە سووتە بۆ ئەم مەبەستە پیادە دەکرێ. نموونەش بۆ ئەم قڕکردنە لە هەرێمی کوردستان- دا، کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەیە لە ساڵی ١٩٨٨ کە ئەنجامەکەی بە لەناو بردنی نزیکەی پێنج هەزار مرۆڤی بێتاوان لە کاتێکی کەم و بریندار و ئاوارە کردنی چەندان هەزار کەس لە منداڵ و ئافرەت و پیاو، ئەمە جگە لە سوتاندنی خاکەکەی و وێران کردنی، کە تاکو ئێستا بە پێی ئەو تاقیکردنەوانەی ئەنجام دراون بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا ئەم زەویانە بە کەلکی ژیان و کشتوکاڵ ماون، سەلماندویانە کە جۆرەها نەخۆشی لە ئەنجامی پاشماوەی ژاراویەکە پەیدا بووە و بەردەوامیش هیتر سەرهەڵدەدەن، ئەمە و چەندان نموونەی ئاشکرای تر کە رژێمی عێراق ئەنجامی داوە و ئەنجامی دەدات لە هەرێمی کوردستاندا.

**ب- قڕکردنی بایۆلۆژی** Biological Genocide

ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە قڕکردنە تەگەرە دەخەنە بەر رێگای گەشە سەندن و زیاد بوونی نەتەوەیەك یان کۆمەڵە خەڵکێك، بە هۆی نەزۆك کردن و لەبار بردنی ئافرەت و خەساندنی پیاوان [٢٤]، یاخود لە رێگای دابڕینی پیاوان لە ژنان، دابەشکردنی ئەندامانی

خێـزان بـۆ ماوەیـەکی درێژ لە یەکتری، کە مەرام و نیاز فەوتاندنی وەچەی داهاتووی ئەو نەتـەوە یـان کۆمەڵەیـە. هـەر وەك ئـەو رەشـبگیری و لەناوبـردنەی دەرهـەق بـە نێرینەی بارزانیـەکان کـرا لـە تـەمووز و ئـابی سـاڵی ١٩٨٣، ئـەویش بـە دەسـگیرکردنی هەرچـی نێریـنەی هـەبوو لـە کۆمـەڵگا زۆرەملێکانی قوشـتەپە و هەریـر و بەحـرکە، کـە ژمارەیان دەگەیشتە هەشت هەزار کەس، تاکو ئێستاش هیچ سۆراغێکیان نییە.

قڕکردنی بـایۆلۆژی، هـەندێ جـار بـە بەربەسـتکردنی کۆمەڵێك مرۆڤ لە پێشکەوتن و زیاد بوون لەژێر بیانووی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ، وەك ئەوەی نازیەکانی ئەڵەمانیا لە جـەنگی دووەمـی جیهـانی لـە دژی توخمـی جولەکـە و قەرەجـەکان پیادەیـان کـرد بەمەبەستی سڕینەوەیان، لە ژێر دروشمی پاراستن و سەروەری توخمی ئاری . هەروەها سـربەکانیش لـە هێرزەگۆڤیـنیا و هـەرێمی کۆسۆڤۆ ئەم جۆرە قڕکردنەیان پیادە کرد لە رێگـای دەسـدرێژکردنە سـەر ئافـرەتەکان و بـە زۆر سـکپڕکردنیان بـۆ هێـنانەکایەی نەوەیـەکی سـربی [٢٥]. نموونـەی تـریش لـە هـەرێمی کوردسـتان ئـەو رەفـتارانەیە کـە کاربەدەسـتانی رژێم ئەنجامیان دەدا بەرامبەر دەسگیرکراوانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ژن و مـنداڵ و پـیر و گـەنج ، وەك دابـڕانی ژنـان لـە پیاوەکانیـان و مـنداڵان، هـەروەها دابەشـکردنی ئافرەتەکان بەسەر وڵاتە عەرەبیە هاوسێکان. بە کورتی قڕکردنی بایۆلۆژی بریتییە لە نەهێشتنی گەشەسەندن و زیاد بوونی نەتەوەیەك یان گروپێك بە هەر ئامراز و رێگایەك بێت.

**ج- قڕکردنی کولتووری** [*] (**نەتەوەیی**):

بـە مەبەسـتی سڕینەوە و نەهێشـتنی سیمای نەتەوەیی و کولتووری پیادە دەکرێت،

---

[*] قڕکـردنی کولـتووری لـە پەیمانـنامەی سـاڵی ١٩٤٨ دانـی پیـا نەنـراوە، بـە بیـانوی ئـەوەی دەست تێوەردانـە لـە کـار و بـاری نـاوخۆی دەوڵـەتان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەجدەت عەقراوی، مەسەلەی کوردو قانونی هاوچەرخی نێو دەوڵەتی، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی) ژمارە(٣) ساڵی سێیەم، ١٩٩٤، ل ٨ .

دزین و لەناو بردنی ئادگارە شارستانی و مێژوویی و ئارکیۆلۆژیەکانیش دەگرێتەوە، کە دەکاتە وێران کردنی شوێنەوارە دێرینەکان، کە پاشماوەی کۆن و نوێی بەرهەمی شێوەی ژیانی خەڵکی ناوچەکە بێت لە چەشنی روخاندنی گەرەك، مزگەوت، کلێسە و پەیکەری دەگمەنی دێرین [٢٦]،کە سومبلی ناسینی ناوچەکەیە و نیشانەی یەکێتی مێژوویی ئەو کۆمەڵە خەڵکەن، هاوکات بە زۆر راگواستن و دەرکردنی کۆمەڵە خەڵکێك لەسەر زێد و خاکی باب و باپیرانی [٢٧].هەروەها کولتوور لایەنی گیانی و مەعنەویش دەگرێتەوە کە بریتی یە لە خوورەوشت و ئایین و بیر و باوەڕ. بۆ نیشاندانی ئەم جۆرە قڕکردنە، واتە قڕکردنی کولتووری، زۆر دیاردەی بەر چاو هەن، وەك سەپاندنی زمانی سەنتەر[٢٨] بەسەر ناوچە کوردنشینەکان کە لە عێراق پیادە دەکرێت، بگرە زۆر هەوڵیش دراوە بۆ سڕینەوەی ناسنامە و زمانی کوردی، وەك ئەوەی لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکانی ئەم سەدەیە پرۆگرام و بەرنامەی خوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کران بە زمانی عەرەبی و ناوی زۆر لە قوتابخانەکانیش ناوی عەرەبیان لێ نرا، وەك لە شاری کەرکوك قوتابخانەی ( پیرە مێرد) ی سەرەتایی کرا بە (البکر)، (کوردستان) ی ئامادەیی کرا بە (عبدالملك بن مروان)، هەندێکیش هەڵوەشێندرانەوە وەك (بابە گوڕگوڕ و شۆڕش)، سەبارەت بە کتێبخانەکانیش (ئاسۆ) کرا بە (الطلیعة) و(هەندرێن) کرا بە (التأمیم) [٢٩].

هەروەها ئەو پەرتوك و سەرچاوانەش قەدەغەکران لە قوتابخانە و کتێبخانەکان کە مێژووی بنەچە و شارستانیەتی نەتەوەی کوردیان دەسەلماند، لە شوێنی ئەمان پرۆگرامی بەعس و عەرەبیان دانا، بە ئامانجی ئەوەی نەوەی داهاتووی کورد مێژوو و کولتووری گەلەکەی لێ بزر بێت و بە بیر و هزری حیزبی بەعس پەروەردە بکرێت. هەروەها روخاندن و راگواستنی گوند و لادێکان، کە ئەمەش هەر لە سەرەتای دەسەڵات گرتنە دەستی بەعسیەکانەوە بە زەقی بەدیار دەکەوێت، بە روخانی گوندەکان و راگواستن و لەناوبردنی خەڵکەکەی، سەرچاوەیەکی یەکجار دەوڵەمەند لە دەست چوو، چونکە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی نەنوسراو بە هەموو جۆرەکانیەوە هەروەها پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە گوندەکان کانگایان بوون، بە وێران

کردنیان زۆربەی ئەمانە لەناو چوون. لە لایەکی تریشەوە روخاندنی مزگەوت و تەکیە و شوێنی خواپەرستی تر کە شارستانیەتی گەلی پێوە بەندە، مزگەوتی وا هەبووە مێژووی دروست کردنی سەدان بگرە نزیکەی هەزارساڵ بووە.

ئەوەی شایانی باس کردنە، لە لایەن زۆربەی نەتەوە باڵا دەستەکانەوە هەوڵی بێ وچان دەدرێت بۆ پشتگیریی حکومەتەکانیان بۆ پاکتاو کردنی رەگەزیی و نەتەوەیی، بۆ تواندنەوەی زمان و رۆشنبیری و مێژووی ئەو نەتەوانەی کە لە ناو نەتەوە زۆرینەکاندا دەژین ئەمەش لە چەندین ناوچەی جیا جیای جیهاندا پیادە دەکرێت وەك لە کوردستان، کۆسۆڤۆ و باشووری سودان و.. هتد.

زۆر جاران قڕکردنی کولتووری لە پاش سەرکەوتنی سەربازی حکومەتە دیکتاتۆرەکان بەسەر شۆڕشی رزگاریخوازەکان دێتە ئارا، یاخود لە کاتی نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتوو بەرامبەر دوژمنەکانیان ، لەو کاتانەدا هەلومەرجی لەناوبردنی ئەو رەهەندانە کە سەرچاوەی گەشەکردنی نەتەوەن دەڕەخسێ [٣٠].

دەتوانین بڵێین قڕکردنی کولتووری، لەیەکچواندنی (Asimilation) زۆرەملێی نەتەوە یان کۆمەڵێك مرۆڤە لەناو نەتەوەی دەسەڵاتدار بە قەدەغەکردنی زمان و ئەدەبیات و شێواندنی مێژووی نەتەوەکە. هەروەها دەشکرێ بە رێگای دورخستنەوەی رۆڵەکانی گروپێك بۆ ناو گروپێکی تری جیاواز لە رووی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، ئایینی و شتی تر تاکو لە ناویاندا بتوێنەوە و رەسەن و پێشینەی خۆیان نەزانن.

### د-قڕکردنی ئابووری Economical Genocide

قڕکردنی ئابووری، ریشەکێش کردنی کیانی ئابووری ئەو نەتەوەیە کە دەبێتە هۆی برسی کردنی و راگواستنی لە نیشتمانەکەی [٣١]. هەندێك بە (وێران کردنی ئابووری) ناوی دەبەن، واتە وێران و تالان کردنی سامان و پێداویستیەکانی ژیان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنێکی لەسەرەخۆی خەڵکەکە، کە ناچار دەبن کۆچ بکەن و زێدی باب و باپیرانیان چۆل بکەن، لە ئەنجامدا داب و نەریتی رەسەنی

کۆمەڵایەتی و کولتووری تایبەتی خۆیان لەدەست دەدەن [٣٢] تا دەگاتە ئەو دۆخەی لە ناوەوە تووشی داڕوخان و شڵەژانێکی بێ ئەنجام بن و بە تاوانباری شەڕێکی دۆڕاو بێنە بەرچاو[٣٣].

لە کوردستاندا ڕژێمی عێراق پیادەی ئەم جۆرە قڕکردنەی کردووە، واتە قڕکردنی ئابووری، لە ساڵی ١٩٧٥ بە زەقی و بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی هەشتاکان، کاتێ گەمارۆی ئابووری هەمیشە چەکێکی بەکاری حکومەت بوو بۆ سەر ئەم ناوچانەی ئازاد کرابوون و لەدەست پێشمەرگەی کوردستاندا بوون، هەموو جۆرە پێداویستیەکی ژیانی لە خەڵکی ئەم ناوچانە قەدەغە دەکرد. هەروەها گەمارۆی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە کز بوون و کەمبوونەوەی پیشەی سەرەکی خەڵکی کوردستان کە ئەویش کشتوکاڵە، وەك ئاشکرایە ژێر خانی ئابووری کوردستانیش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە کشتوکاڵ دەبەستێت. حکومەتی عێراق بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەی چەندین بڕیاری ڕەسمی دەرکردووە، بۆ نموونە بڕیاری ژمارە ٤٠٠٨/٢٨ لە ١٩٨٧/٦/٢٠ بڕگەی سێیەم کە لە سکرتاریەتی ڕێکخراوی باکووری حیزبی بەعس دەرچووە، تیایدا دەڵێ: ((هاتوچۆکردن بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان، ئاژەڵداری، کشتوکاڵ و هەر کارێکی تری بەرهەمهێنان قەدەغەیە، لەسەر دەزگا پەیوەندارەکانیش پێویستە بە وردی پەیڕەوی ئەم بڕیارە بکەن، ئەگەر نا بەرپرسیار دەبن ))[٣٤].

ڕژێمی عێراق جینۆسایدی ئابووری دەرهەق بە نەتەوەی کورد ، بە چەند ڕێگایەك پیادە دەکرد، لەمانە:

١- سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر کوردستان بەگشتی و ناوچە ئازاد کراوەکان بە تایبەتی.

٢- مین ڕێژکردنی زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکان بە تایبەتی لە ناوچە شاخاویەکان.

بە پێی ئامارێك (١٤) چواردە ملیۆن مین لە کوردستان چێنراوە کە (٧٦٢) حەوت سەد و شەست و دوو گوندی لە هاونیشتمانیان قەدەغە کردوە، قوربانیانی کارەساتی مین لە کوردستان لە سەرەتای هەشتاکانەوە تاکو ئێستا بە (١١) یانزە هەزار قوربانی دانراوە،

ڕێکخراوی (MAG) ی بەریتانی کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە کوردستان کاردەکات بۆ تەقاندنەوە و هەڵگرتنەوەی مین، ژمارەی کوژراو و بریندراری کارەساتی مین بە (٧٨٣٨) حەوت هەزار و هەشت سەد و سی و هەشت کەس دادەنێ کە (٢٠٦١) دوو هەزار و شەست و یەك منداڵی تێدایە[٣٥].

٣–کوێرکردنەوە و کۆنکریت کردنی زۆربەی بیر و کانیاوەکان کە سەرچاوەی ئاوی ناوچەکان بوون، هەروەها ژاراوی کردنی سەرچاوەکانی تری ئاو.

٤– سوتاندن و بڕینەوەی زۆربەی دارە بەردارەکان و زەویە کشتوکاڵیەکانی کوردستان و سوتاندنی خاکەکەی بە گازی ژاراوی.

٥– ڕاپێچکردنی زۆربەی جوتیاران بۆ ڕیزەکانی سوپا و سوپای میللی و جاشایەتی، بە تایبەتی لە کاتی شەڕی عێراق لەگەڵ ئێران و داگیرکردنی کوێت.

بەم شێوانە و چەندان شێوازی تر ڕژێمی عێراق هەوڵی جینۆساید کردنی گەلی کوردستانی داوە، لە ساڵی ١٩٨٨ ڕێژەی هەرە زۆری ژێرخانی ئابووری کوردستانی وێران کرد و وای لێکرد تاکو چەندان ساڵی تر گەلی کورد نەتوانێ لە رووی ئابووریەوە خۆی بگرێتەوە و پێداویستیەکانی نەتەوەکەی دابین بکات.

**هـ- قڕکردنی یاسایی**:

لەم جۆرە قڕکردنەدا، یاسا دەبێتە ئامێرێك بە دەست دەسەڵاتداران بۆ بەکارهێنانی لە پێناو قڕکردن، چونکە ئەو ئەنجومەنەی بڕیاری قڕکردنی بەدەستە، هەر ئەویشە بڕیاری دانانی یاسا و گۆڕینیشی لە دەسەلات دایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆشی سیاسەتی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی دادەڕێژێت، کەواتە یاسا هیچ ڕۆڵێکی پراکتیکی نابینێت [٣٦] . هەر وەك سەرۆکی حکومەتی عێراق لە ساڵانی هەشتاکاندا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەیگوت: ((یاسا لە دەست خۆمانە، چۆنمان بوێ وای دەگونجێنین))[*]. دەکرێ قڕکردنی یاسایی بە سەرچاوەی هەموو جۆرەکانی تر دابنرێت، چونکە کاتێ کە

---

[*] لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەك تەلەفزیۆن ئەم دەستەواژەیە دەوترا.

یاسا دادەڕێژرێت، دەسەڵاتداران تەنها بەرژەوەندی و خواستی خۆیان دێننە بەرچاو و هیچ جۆرە دان پیانانێکی یاسایی ناگونجێنن بۆ کەمایەتییەکانی تر، ئەمەش وا دەکات ببێتە پاساودانێك بۆ ئەوەی به گوێرەی ویستی خۆیان یاری بە یاسا بکەن. بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەستووری کاتیی عێراق کە بە یاسای ژمارە (٧٩٢)ی ساڵی ١٩٧٠ دەرچوو بکەین، دەبینین ئاراستەکەری سیاسەتی حکومەتە بۆ قڕکردن و لەناوبردنی گەلی کورد، چونکە لە بەندی یەکەمی ئەم دەستوورە بە ئاشکرا دیارە کورد لە پێکهاتەی گەلی عێراق دا نییە و تورکمان [٣٧] و ئاشوری و کلدانیش هیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە . لەم بەندەدا هاتووە: ((عێراق کۆمارێکی دیموکراسی میللی خاوەن سەروەری یە، ئامانجە بنەڕەتیەکەی هێنانە دی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو و دامەزراندنی رژێمی سۆشیالیستی یە)) [**]. ئەگەر چی لە بەندی پێنجەم برگەی (ب) دا باسی ئەوە دەکات کە گەلی عێراق لە کورد و عەرەب پێکهاتووە. بەڵام لە سیاسەتیدا رژێم هەرگیز رەچاوی ماف و رۆڵی کوردی نەکردووە لە عێراق ، چونکە لە هەمان دەستوور و مادە–دا لە برگەی(ا) هاتووە: ((عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب)) [***] ، کەواتە کورد و کەمایەتیەکانی تری عێراق دەبنە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب [٣٨]. بۆیە ئەم بەندە هەموو بەندەکانی تر پوچەڵ دەکاتەوە و جارێکی تر هەوڵی تواندنەوەی گەلی کورد دەدات لەناو نەتەوەی عەرەب– دا.

هەروەها نموونەی تریش لە یاسای عێراق–دا، بۆ قڕکردنی یاسایی، یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ ە کە تایبەتە بە کشتوکاڵ، لە بەندی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتووە:((تەنها لەسەر ئەو زەویە کشتوکاڵیانە جێبەجێ دەکرێ کە لە سنووری ناوچەی کوردستانی (ئۆتۆنۆمی) دان))[٣٩]. ئەم یاسایە ئامانجی رووت کردنەوە و بێبەش کردنی جوتیاری کورد بوو لە زەوی و زاری باب و باپیرانی لە لایەك و لە لایەکی تریش بۆ سەرنج

---

[**] ((العراق جمهورية ديمقراطية شعبية ذات سيادة هدفه الاساسي اقامة الدولة العربية الواحدة ، و اقامة النظام الاشتراكي)) .

[***] ((العراق جزء من الامة العربية)) .

راكێشـانی جوتیـاری کـورد بۆ لای خۆی گوایە خەمخۆری چینی جوتیارانە، ئەمەش بووە هـۆی سـەرقاڵ کـردنی جوتیـاران بـە کۆمەڵـە هەرەوەزیە کشتوکاڵیەکان بۆ ئەوەی بیر لە شـۆڕش نەکەنـەوە، هەر بۆیەش یاساکە تەنها لە ناوچەی کوردستان پیادە کرا. هەروەها لـە بـەندی هەشـتـەمی هـەمان یاسا دا هاتووە: ((سەرجەم ئەو زەوی و زارانەی کە هێشتا چارەسەر (تسویە) نەکراون و بڕیاری چەسپاندنی مافی زەویەکانی لەسەر نەدراوە، بە پێی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی بە زەوی میری دەژمێردرێت))[٤٠].

دواتـریش بـڕیاری ژمـارە (١٥٧١) ی سـاڵی ١٩٧٨ دەرچـوو کـە هەندێ بەندی یاسای ژمـارە (٩٠)ی پوچەڵ کردەوە. ئەم یاسایە ئامانجی سەندنەوەی مولکیەتی زەوی بوو لە کـورد و کـردنی بـە مولکـی حکومـەتی بەعسی عەرەبی . نموونەیەکی تر بۆ پیادە کردنی قڕکـردنی یاسایی ، ئەوەبوو لە سەرەتای حەفتاکانەوە بە نەخشەیەکی ورد رەگەز نامەی عێراقی لە (٤٠) چل هەزار کوردی فەیلی سەندەوە و ئاودیوی سنووری ئێرانی کردن، ئەم ژمارەیـە لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٨٠ خـۆی لـە (٢١٥) دوو سـەد و پانزە هەزار کەس دا [٤١]، دەسـتی بەسـەر هـەموو مـاڵ و سامانیشـیان–دا گرت، ئەمانە زۆربەیان بە کاری بازرگانی خەریك بوون، رۆڵێکی بەرچاویشیان هەبوو لە بازاڕی شۆریجەی بەغدا.

لێـرەدا دەگەیـنە ئـەو ئەنجامەی کە رژێمی عێراق یاسای کردۆتە ئامرازێك بۆ قڕکردنی گـەلی کـورد، هـەروەها لـە رێگـای یاسـاوە هەرچـی گێروگرفت هەیە دەیخاتە ناو کۆمەڵی کوردەواری، کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵ پەرەپێدەدات.

سـەدام حوسـێن لە ١٩٨١/٤/١٤ لە کاتی بەخشینی نیشانەی ئازایەتی بە ژمارەیەك لە کـوردە (جاشــەکان) گوتــی: ((کــوردی عێــراق دوو مــافی هەیــە مــافێك وەك عێــراقی، مـافێکیتریش زیاتر واتە مافی ئۆتۆنۆمی، هەر بۆیەش دوو ئەرکیشی هەیە، یەکەم پێویستە دژی یـاخی بـووان بجـەنگێت لـە هـەر کـوێ بـن و چـەند بـن و ئامانجیـان هەرچی بێت لە ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـدا، دووەمیـش لەگـەڵ سـوپای عێـراق لـە دژی دوژمـنان بجەنگێن وەك هـەموو عێراقیەك بەرگری لە عێراق بکات)) [٤٢].بەڵام لە ژێر سایەی ئەم دوو مافە هەرچی بێ یاسایی هەبوو بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان بە گشتی دەیکرد.

**مێژووی قڕکردن:**

مێـژووی قڕکـردن هـەڵقولاوی ئـەم سـەردەمە نییـە، بەڵکو هەر لەگەڵ دروست بوونی کۆمـەڵی مـرۆڤایەتی دەسـتی تـاوان و لەناوبردن سەری هەڵداوە، بۆیەش لە دێر زەمانەوە کاروانی ئەم تاوانبارانە دێنە بەر چاو. نموونەیەکی روونی ئەمەش رەنگە ئەو رووداوە بێت کـە سـاڵی (٦١٢) ی پ.ز بابـلیەکان و میدیـەکان قەسـابخانەیەکی بە کۆمەڵیان لە شاری نەیـنەوا بۆ ئاشوریەکان نایەوە لە شاری نەینەوا و شارەکەشیان وێران کرد، بە شێوەیەك گەزنـەفۆنی سـەرکردەی سەربازی یۆنانی لە ساڵانی ٤٢٧–٣٣٥ پ.ز، دوای تێپەڕبوونی ( ٢٠٠) سـاڵ بەسـەر قەسـابخانەکەدا، بـەوێدا تێـپەڕیوە بـۆی روون نەبۆتەوە کە رۆژێك لە رۆژان ئـەم شـوێنە ئـاوەدان بوبێـت [٤٣]. هـەروەها سـاڵی ٥٨٦ی پ.ز نەبوخوزنەسـری مـەلیکی بابـلیەکان شانشـینی ئیسـرائیلیەکانی تەفـر و تونـا کـرد لـە فەلەسـتین [٤٤] و ژمارەیەکیشـی دیـل کـردن و دووری خسـتنەوە بـۆ شاری ئور [٤٥]. ئەمەش بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نیشتمانی و دابڕینیان بوو لە داب و نەریت و کولتووری رەسەنیان.

دواتـریش (دقـلدیانوس) ی ئیمـپراتۆری رۆمـانی ساڵی ٢٨٤ی پ.ز کۆمەڵێك لە قیبتیە میسـریەکانی لـەناو برد و لە سێدارەی دان، هەر بۆیەش ئەم ساڵەیان بە سەرەتای ساڵی قیبتی داناوە سەدەکەشیان ناو لێنا سەدەی (شەهیدەکان) [٤٦].

بـەم چەشـنە تـاوانی قڕکـردن (Genocide) پـەرەی سـەند، تـاوای لێهـات بـوو بـە دیاردەیـەکی بـڵاو و زۆر شـوێن و نەتـەوەی گـرتەوە، وەك قڕکـردنی بـێ ئـەندازەی ئەرمەنەکان بەدەستی تورکە عوسمانیەکان. بۆ نموونە لە ساڵانی ١٨٩٤–١٨٩٥ سەرباز و جەندرمە و چەتەکانی عوسمانی کەوتنە گیانی گەورە و بچوك و ژن و پیاوی ئەرمەنەکان، (١٥٩) گوندیـان وێـران کـرد لـە ناوچـەی ساسـۆن و شوێنانی تر، (١٣) هەزار کەسیشیان کوشـت، تـەنها لـە شـاری دیاربەکـر (٥٠) ئافرەتیان ئەتك کرد، سەرەڕای ئەمانەش ماڵ و سامانیشـیان بە تالان بردن، لەم کوشت و بڕینەدا زیاتر لە (٥٠) هەزار منداڵ هەتیو بوون [٤٧]. لـە مـاوەی شـەڕی یەکـەمی جیهانیشـەوە ئەرمەنـەکان جـارێکیتریش کەوتـنەوە بـەر شالاوی عوسمانیەکان، بەهاری ساڵی ١٩١٥ بۆ ماوەی ساڵێك قڕکردنەکە بەردەوام بوو کە

وەك ئاژەڵ بە دەستی چەند قەسابێك سەربڕیون، كە هەر یەكەی رۆژێ لیرەیەكی عوسمانی دەدانێ بۆ سەربڕینی ئەرمەنەكان، ئەكادیمی ڤ.تارلێ، زیانی ئەرمەنەكان وا دەخەملێنێ كە (١٨٢) هەزاریان بۆ روسیا هەڵاتوون، (٤٢٠٠) كەسیش رایانكردۆتە میسر، نزیكەی یەك ملیۆنیش كوژراون. ئەم كوشت وبڕەی ئەرمەنەكان تاكو ساڵی ١٩٢٣ [*]ی خایاندوە [٤٨]. هەروەها لە ١٣ ی ئەیلولی ١٩٢٢ مستەفا كەمال ئەتاتورك بە ئاگاداری وڵاتە هاوپەیمانەكان (١٠٠) هەزار یۆنانی لە ئەزمیر كوشت، لەگەڵ ئەوەشدا لێی بێدەنگ بوون [٤٩]. لە سیەكانی ئەم سەدەیەدا فاشیەكانی ئیتالیا زیاتر لە (٨٠) هەزار كەس لە دانیشتوانی لیبیایان راگوێزایەوە ئۆردوگا كە پێیان دەگوت (ئۆردوگای مردن)، ئەم راگواستنە بە مەبەستی سوپایی بوو [٥٠].

سەبارەت بە نازیەكانیش لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهاندا، قڕكردنی هەرە گەورەی میللەتان لە لایەن ئەوانەوە پیادە كراوە، نزیكەی (٥٠٠) سەربازگەی لەناو بردنی مرۆڤیان دروست كردبوو، كە خەڵكی مەدەنی و بێتاوانی تێدا قڕ دەكرا، یەكێ لەم سەربازگانە ناوی (ئەوشڤیتج Aushswitz) بوو، فەرماندەكەی تاكو ١٩٤٣/١٢/١ خەڵكی تێدا قڕكردوە، لە دادگایی كردنی دا لە دادگای نۆرمبێرگ، ئاشكرای كرد كە لە حوزەیرانی ١٩٤١ فەرمانی قڕكردنی بە كۆمەڵی داوە بە گازی ژاراوی كە لە ماوەی (٣–١٠) خولەك (٢ ) هەزار كەسی دەكوشت لەو دیلانەی كە گیرابوون، پاش ئەوەی پزیشكی تایبەت

---

[*] جێگای ئاماژە پێكردنە ، (ئەندریاتیك) پاشای ئەرمەنەكان ، لە ساڵانی ١٩٢٠–١٩٢١ دا بە مەبەستی فریاكەوتنیان ، نامەیەكی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی نارد، ئەویش هێزێكی (٣٠٠) چەكداری بەهانای ناردن كە (مەلا مستەفا) لەو هێزە بەشدار بوو و توانیان ژمارەیەكی زۆری ئەرمەنەكان رزگار بكەن، لەوانە خێزانی ئەندریاتیك، لە ئەنجامدا هێزەكە (١٤) شەهیدی دا، دواتریش بە رێگای زاخۆ گەڕانەوە. بڕوانە: بانی پال رامسینی، تراژیدیای ئاشوریەكان ، وەرگێڕانی فریاد بارزانی، چ١، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٦ .هەروەها بڕوانە: دڵۆپێك لە كەلتووری بیری بارزانی نەمر ، بەرگی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای شەهید، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٩–١٠.

دەپیشکنین، ئەگەر توانای کارکردنیان نەبوایە ئەوا یەکسەر بۆ ئەم سەربازگایانەیان دەناردن بۆ لە ناو بردن، فەرماندەی سەربازگەی ناوبراو نزیکەی (٥ر٢) ملیۆن مرۆڤی لەناو بردوەو نزیکەی نیو ملیۆنیشی بە نەخۆشی و لە برسان کوشتوە [٥١].

نازیەکان هەمیشە بەردەوام بووینە لە قڕکردنی میللەتان، بۆیە لە ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٤٤ کەتیبەیەکی سوپاییان، گوندی (ئۆرادور سورگلان) ی نزیك شاری (لیمۆج) لە فەڕەنسا ئابلۆقەدا، بە فەرمانی سەرکردەی سوپاکە خەڵکی گوندەکە بە ژن و منداڵ و پیر و گەنجەوە لە گۆڕەپانی گوندەکە کۆکرانەوە، پاشان ژن و منداڵەکانی بە جیا خستە کەنیسەو پیاوەکانیشی بەزەبری چەك خستە هۆڵی سەربازی و لە پاشان گوللە بارانی کردن و گوندەکەشیان سوتاند. ئنجا کەوتنە گیانی کەنیسەو ژن و منداڵەکانیشیان کوشتن و کەنیسەکەشیان ئاگر تێبەردا، لە ئاکامدا (٦٤٢) مرۆڤیان کوشت، تەنها پێنج پیاوو ژنێك دەرباز بوون و هەڵاتن . نازیەکان پاساویان بۆ ئەم رەفتارەیان ئەوە بوو کە فەرماندەیەکیان لە لایەن فەرەنسیەکانەوە رفێنراوە [٥٢]. ئەم رەفتارەی نازیەکان رێك لەلایەن بەعسیەکانی عێراقیش بەرامبەر گوندنشینەکانی کوردستان پیادە کراوە، بەتایبەتیش لە ساڵانی هەشتاکاندا.

ئەو ژمارە زۆرەی گەلان کە بەدەستی نازیەکان قڕکران لەو (٥٠٠) سەربازگە تایبەتەو بە شێوەی جۆراو جۆر ، نزیکەی (٢١) ملیۆن مرۆڤ دەبێت، لەوانە (٧) ملیۆن پۆلۆنی، ( ٦) ملیۆن روس، (١) ملیۆن و (٢٠٠) هەزار یۆگسلافی، (٤٠٠) هەزار فەڕەنسی، (١٥٠) هەزار هۆڵەندی، (١٠٠) هەزار یۆنانی، (٩٠) هەزار چیکۆسلۆڤاکی، (٧٠) هەزار بەلچیکی، (١٢) هەزار کەسی لۆکسۆمبۆرگ، (١٠) هەزار نەرویجی و (١٠) هەزار دانیمارکی، ئەمە جگە لە قوربانیانی چەند وڵاتێکی تر. سەرەڕای ئەم ژمارە زۆرەش، لە دادگای نۆرمبێرگ باس لە قڕکردنی (٦) ملیۆن جولەکەش کراوە لە کۆی (١٠) ملیۆنیان کە لە ئەوروپا دەژیان، بەڵام ژمارەی قڕکراوانی جولەکە گومانی تێدایە [٥٣]، لەبەر ئەوەی ئەو کات ژمارەیان لە ئەوروپا نەدەگەیشتە ئەو ژمارەیە. هەڵبەتە هیتلەر سەبارەت بە جولەکە و لەناوبردنیان هەولی دەدا سوود لە چەوری لەشیان وەرگرێ بۆ دروست کردنی

سابون و شتی تر(*).

نموونـەی لەناوبـردن و قڕکـردنی گـەلانی جیهـان زۆرن، ناکـرێ لـەم لێکۆڵینـەوەیەدا جێگـای هـەمووان بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە کردنە، قڕکردن چەندان گەل و نەتـەوەی لەناوبـردوە و توشی سڕینەوەی ناسنامە و کولتووری تایبەت بە خۆیان کراون لە چەرخە جیا جیاکانی مێژوودا، لەسەر دەستی حکومەتە داگیرکەرەکان.

### قڕکردنی نەتەوەی کورد

کـورد یـەکێك لـە نەتـەوە دێرینەکانی ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتە و، تـا ئێستا، گەورەتـرین نەتەوەیـە کـە نەگەیشـتۆتە مافـە نەتەوەییـەکانی و ئێسـتاش بەردەوامـە لە هـەوڵدان بـۆ پێکهێـنانی قەوارەیـەکی سیاسـی سـەربەخۆ (٥٤). هـەروەك (لازاریـف) مێژوونوسـی روسـی ئامـاژەی پێکـردوە، کـورد پێـش عـەرەب و تـورك نیشـتەجێی ئەو هەرێمـە بووین و هەمیشـە خـراونەتە نـاو ڕووداوە سـەربازی و سیاسی و کولتووریەکانی حکومەتە تازەکانی ناوچەکە (٥٥).

مێـژووی لەناوبردن و قڕکردنی نەتەوەی کورد دێرینە و هەر لە ڕۆژگاری میدیەکانەوە چـەندین سـەدە پێـش زایـین بگرە تاکو ئەمڕۆ، لەسەر مافی ڕەوای نەتەوەییان، لە لایەن دوژمنانیەوە هەوڵی قڕکردن و توانەوەیان بەردەوامە (٥٦).

مسـتەفا کـەمال ئـەتاتورك ئەفسـەرێکی بچـوکی سـوپا بـوو، بـۆ ڕوخـاندنی دەوڵەتی عوسمـانی و پێکهێـنانی دەوڵـەتێکی نـوێ، بە بەڵێن و قسەی بریقەدار کوردەکانی کردە ئامـراز و سـوتەمەنی شـەڕی یۆنانیـەکان، بەڵام پاش وەرگرتنی دەسەڵات لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆوە، پەیمانی سیڤەری پوچەڵ کردەوە و پەیمانی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ی لەگەڵ هاوپەیمانـەکان مۆرکرد (٥٧). سـەرەڕای ئەوەش هەوڵی قڕکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی دەدا، بە (تورکی چیایی) (٥٨) ناوی دەبردن. تەنها لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٧ نـزیکەی (١٠٠٠) گوندی وێرانکرد، جگە لە لەسێدارەدان و لەناوبردنی هەزاران کەس، پتر

---

(*) ئەمە بەگوێرەی پیشان دانی فلیمێك لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ئوستورالیا لە ساڵی ١٩٩٩.

لە (١٠٠) رۆشنبیری خستە دەریاچەی وان [٥٩]. ئەمانە و چەندان شێوەی تری قڕکردنی کورد لە تورکیا پیادە کراوە، وەك ڕاگواستنی زۆرەملێ، زیندانی کردن و لەسێدارەدان، قەدەغە کردنی قسە کردن بە زمانی زگماکی و شێواندنی کولتوور و مێژووی باب و باپیران و.. هیتر.

لە ئێرانیش هەمان سیاسەتی قڕکردن بەرامبەر بە کورد پیادەکراوە، هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهان، لە ڕێگای پیلانێکی نێو دەوڵەتیەوە کۆماری مەهاباد (کوردستان) لەناوبرا و قەسابخانەیەکی گەورەشیان بۆ لەناوبردنی کورد دەست پێکرد [٦٠] کە قازی محەحەدی سەرۆکی کۆمارەکە و چەندین کەسی تریان لەسێدارە دا، جگە لە دەربەدەر کردن و ڕاونانی هەزاران کەسی تر. جارێکیتریش کاتێ گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشێکی کتوپڕیان بەرپاکرد لە دژی شا، کوردیش بەشداری کرد و قوربانی دا، چەند ناوچەیەکیش لە کوردستان ئازاد کرا، بەڵام پاشان حکومەتی تازەی ئێران کەوتە گیانی کوردەکان و سەدانی لە سێدارە دا و چەندانی زیندانی کرد [٦١]، لە ژێر پەردەی ئاییندا کەوتە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی.

لە کوردستانی سوریاشدا زۆر هەوڵدراوە بۆ ئەوەی هەموو بوونێکی نەتەوەیی کورد بسڕنەوە، کە ئەمەش جینۆسایدە، بۆیە قڕکردنی کورد بە چەندان شێواز پیادە کراوە، جارێك بە ڕێگای پرۆگرامەکانی خوێندن کە گوایە کورد لەسەر خاکی خۆی ناژی، ئەمەش هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد و دابڕینی لە بەشەکانی تر [٦٢]. هەروەها جارێکی تریش بە هۆی سیاسەتی (پشتێنەی عەرەبی)، حکومەتی سوری سنووری عێراق و تورکیای لە کورد قەدەغە کرد و ڕایگواستن، ئەمەش بۆ تەعریب و لێکدابڕینی ناوچەکان بوو [٦٣]، هەڵبەتە خەڵکی سنوورەکان پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لە نێواندا هەیە، بۆیە ڕاگواستنیان دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی خزمایەتیان و پچڕانیان لە کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەمەش لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان حکومەتی سوریا شاڵاوێکی گەورەی کردە سەر ناوچەکان و زۆربەی کاری بەرنامە داڕێژراوەکەی ئەنجام دا [٦٤]. سەرەڕای ئەمانە، لە سەرژمێریەکی نا ئاسایی بۆ کوردەکان کە پرۆژەیەکی تری کورد قڕان بوو (١٥٠)

هەزار کەسی بە بێگانە تۆمار کرد و ناسنامەی سوریای لێسەندنەوە، لە حەفتاکانیش لە ژێر ناوی (گوندی هاوچەرخ) سەدان خێزانی لە زێدی باب و باپیرانیان راگواست بۆ ئەم گوندە بەناو هاوچەرخانە [٦٥] .

رێژەی تاوانی حکومەتەکانی تورکیا و ئێران و سوریا گەیشتە پلەیەکی بەرز ، لە هەموو بوارەکانیش بە شێوەیەکی بەردەوام و بە پێی بەرنامەی تایبەت کورد قڕانیان پیادە کردوە. هەڵبەتە هەرێمی کوردستانی عێراقیش بەشی هەرە زۆری ئەم سیاسەتی کورد قڕانەی بەرکەوتووە. بۆ بەڵگە و روونکردنەوە، چەند نموونە و شێوازێکی سیاسەتی لەناوبردن و سڕینەوەی ناسنامەی کورد لەلایەن حکومەتەکانی دەوڵەتی عێراقەوە دەخەینە روو.

هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، سیاسەتی کورد قڕان بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و پیادە کراوە، لە ساڵەکانی١٩٣٢–١٩٣٤ بۆ سەرکوت کردن و لەناوبردنی راپەڕینەکەی شێخ ئەحمەدی بارزانی، سوپای عێراق بە پاڵپشتی فرۆکەی بەریتانیا دەستی کردە وێرانکردنی ناوچەکانی شۆڕش و کوشتنی خەڵکی بێتاوان، تەنها لە سێ ناوچەدا (بەرۆژ، مزوری، شێراون) دا (٧٩) گوندیان وێرانکرد، کە بریتی بوون لە (٢٣٨٢) ماڵ، (١٣٦٥) یان خاپور کرد [٦٦]. ئەم جۆرە وێرانکردن و کوشت و بڕینە هەمیشە پیادە دەکرا، نەك هەر لەکاتی راپەڕین و شۆڕشەکان، بەڵکو لەکاتی ئارامیشدا بەردەوام دەسەڵاتدارانی عێراق بیریان لە کورد قڕان کردۆتەوە و بەرنامەیان بۆ داڕشتوە. بۆیە جێگای خۆیەتی متمانە بەو نامەیەی کۆمیساری ئەمەریکی بکەین کە لە بەغدا، لە ١٩٤٥/٣/٢٠ بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نووسیوە، تێیدا ئاماژە بەوە دەکات حکومەتی بەغدا لەسەردەستی کابینەی پاچەچی و وەزیری ناوخۆ مستەفا عەمەری، هەوڵی تەعریب کردنی ناوچەی (کەندێناوە) [*]ی پارێزگای هەولێر دەدات [٦٧].

---

[*] کەندێناوە دەشتێکی بەپیت و بەرەکەتی دەوڵەمەند بە کشتوکاڵەو نەوتێکی یەدەگی زۆری تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگە لە رووی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی،

لـه سـەردەمی عەبدولکـەریم قاسـم–دا سـاڵی ١٩٦١ زنجـیرە هێرشـێك کـرایە سـەر کوردسـتان، کـە نیـوەی سـوپای عێـراق بەشـداریی تیاکـرد و سـاڵ و نیوێکـی خایـاند، ئاکامەکـەی (٣) هـەزار کـەس کـوژرا و (١٠٠) هـەزاریش ئـاوارەی چـیاکان کـران، (١٥٠) گوندیشیان سوتاند و روخاند [٦٨].

لەگـەڵ وەرگـرتنی دەسـەلات، بەعسـیەکان بەشـێوەیەکی نـوێ و دڕندانەتـر کـورد قـڕانیان پیـادە کـرد، وەك ئـەو تـالانی و کوشت و بڕینەی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ کە لە ناوچـەی کەندێناوە کـردیان، لـە ئـەنجامدا چـەندان گوندیـان بە مزگەوت و قوتابخانەوە سـوتاند، چـەندان کەسـی بێتاوانیشـیان ئەشـکەنجە دا و کوشـت و مـاڵ و سامانیشـیان بـەتالان بردن. لە ناوچەی دوبزیش (٢١) گوندیان روخاند و (١٥٠٠) خێزانیش دەربەدەر کرا ن [٦٩] ، هاوکـاتیش دەسـتیان کـرد بـە تـەعـریب کردنی ناوچەکە، دواتریش لە ساڵی ١٩٧٥ تـاکو ١٩٨٨ سەرجەم ناوچەی کەندێناوە و دەوروبەری تەعریب کرا، ناوی هەندێ لـە گوندەکـانیش کـران بـە ناوی عەرەبی [٧٠] وەك سەرگەڕان کرا بە ناحیە و ناوەکەشی کـرا بـە(القدس). ئەمەش شێواندنی ناوچەکە و بزربوونی ناوەکانە لە نەوەکانی داهاتوو. جارێکیتریش لە حوزەیرانی ١٩٦٣ سوپای عێراق هێرشی کردە سەر کوردستان و سەدان گوندی وێران کرد، هەزاران کەسیشی دەربەدەرکرد و سەدانیشی فەوتاند، هەر لەو کاتدا وەفدی یەکێتی سۆڤیەت بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی راگەیاند کە عێراق تاوانی قڕکردن (جینۆساید) بەرامبەر گەلی کورد پیادە دەکات، بەڵام پاشتر لە راگەیاندنەکەی پاشگەز بووەوە [٧١].

دەوڵەتـە هاوپـەیمانـەکانی عێـراق گـەلێ جـار بەشـدارییان کـردووە لـە کـورد قـڕان و وێرانکـردنی خاکەکەی، ئەمەش لە هاوپەیمانیەکەی نێوان عێراق و سوریا بە ئاشکرا دەر

---

هەربۆیـەش رژێمـەکانی عێـراق، هـەوڵی دابڕیـنیان داوەو خەڵکەکـەیان راگواسـتو عەشـایەری عـەرەبیان لەسـەر زەویو سـامانەکانیان نیشـتەجێکردوون. ئـەم ناوچـەیە ئێسـتا خـراوەتە سـەر پارێزگای موسڵ، ئەویش پاش مسۆگەر بوونی بە عەرەبکردنی موسڵ و دەوروبەری.

دەکـەوێت، ئـەویش پـاش دروست کردنی  یەکێتی سوپایی نێوان هەردوو حکومەتەکە لە ١٩٦٣/٩/٩، بـە فـەرماندەیی وەزیـری بەرگری عێـراق هێرشـێکی بـەربڵاویان کردە سەر بزوتنەوەی کورد،لە ناوچەی دهۆك و زاخۆ دەستیان کرد بە وێرانکردن، [٧٢] .

رێنیە مۆریس لە کتێبی (کوردستان یان مردن)، بڵاوی کردۆتەوە کە حکومەتی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥–١٩٦٦ گازی ژاراوی لە دژی گەلی کورد بەکارهێناوە [٧٣] .

هـەروەها لـە مـانگی ئـابی ١٩٦٩ دا سـوپای عێـراق شـاڵاوێکی بـەربڵاوی کـردە سـەر هـەردوو گونـدی (دەکا و خورت) لە ناوچەی ئاکرێ ، پاش تاڵانکردن و سوتاندنی، (٦٧) کەسیان لە ژن و منداڵ لە ئەشکەوتێك دا سوتاند [٧٤].

قڕکـردنی گـەلی کـورد پرۆسـەیەکی نەخشـە بـۆ داڕێـژراوە و بـەردەوامیش لـە لایـەن کاربەدەسـتانی عێـراق پیـادە دەکـرێ، کـە بەچـەند قۆنـاغ و شـێواز و بیانوی هەمەجۆر ئـەنجامیان داوە و ئـەنجامی دەدەن. ئەمـەش بـۆ هێـنانەدیی ئامـانج و مـەرامی دژ بـە مـرۆڤایەتی هـەر سـێ پرۆسـەی (تەعـریب کـردن، بـە بەعسی کردن و ڕاگواستن)، کە بە سێکوچـکەی بەعسـیان ناسـراوە لـەناو خـەڵکی کوردسـتان و لـە ئـەدەبیاتی سیاسـیی کورددا.

لـە کۆتـایی مـانگی تـەمووز و سـەرەتای ئـابی سـاڵی ١٩٨٣ هێزێکی تایبەتی گاردی کۆمـاری ئابـلۆقەی ئۆردوگـا زۆرەمـلێکانی قوشـتەپە و بەحـرکە و شـوێنانی تـریان دا و نـزیکەی (٨) هـەزار پیـاوی بارزانییـان ڕاپێـچ کرد هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

هـەروەها بـە پێـی یاداشـتی بـەرەی نیشـتمانی دیموکراتی عێـراق (جـود) کـە لە مانگی حوزەیـرانی ١٩٨٧، ئاراسـتەی نەتـەوە یەکگـرتووەکان و وڵاتـە زلهێـزەکان کـراوە، حکومـەتی عێراق لە ناوەڕاستی نیسانی هەمان ساڵدا شاڵاوێکی نوێی دەست پێکردوە ، کـە سەرجەم لادێکانی کوردستانی گرتەوە و زۆربەی سوتاندن و خەڵکەکەشی دەربەدەر و ڕاگواستەوە بۆ بیابانەکانی سەر سنووری سعودیە و ئوردن، ئەمەش بووە هۆی مردنی چـەندان مـنداڵ و پیر لەبەر گەرماو نەبوونی خۆراك، هەر لە یاداشتەکە هاتووە کە لە ١٥ ی نیسـان (٣٠) گونـد بـە چـەکی کیمیاوی وێران کراون، بۆ نموونە گوندی شێخ وەسانی

دۆڵـی بالیسـان لـە پارێـزگای هەولێـر (١٠٧) کەسـی تێدا شـەهید کـرا، جگـە لـە (٣٥٠) بریـنداری ژاراوی بـوو، سـەرەڕای سـوتاندنی ڕەز و بـاخ و کوشـتنی هەزاران گیانلەبەری مـاڵی و کێـوی لـە ناوچـەکە[٧٥]. سـاڵی ١٩٨٧ بەرنامە و نەخشەی ئەنفال دارێژرا ، بۆیە دەسـتکرا بـە وێرانکـردنی دێهاتـەکان و ڕاگواسـتنی خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان، بەشـێکیش دەربەدەر و ئاوارە بوون، لەو وێرانکردنەدا چەندان کەس لەناوچوون بە هۆی بۆردومان و کیمیاباران کردنی هەندێ ناوچە لە لایەن سوپای عێراقەوە.

سـەبارەت بـە ڕوخـاندن و ڕاگواسـتنی گوندەکـان لـە سـاڵی ١٩٨٧، لـە نێوان مانگی نیسـان و سـەرەتای حوزەیـران (٩١٢) گونـد ڕوخینراون، لەوانە (٤٤٨) یان لە پارێزگای هەولێر بوو، لە پێش ڕاگواستنەکە حکومەت خەڵکەکەی ئاگادار دەکردەوە و، هەڕەشەی لـە گوندنشـینەکان دەکـرد، ئەگـەر هەر کەسێك بەرهەڵستی ئەم ڕاگواستنە بکات بێبەش دەکـرێت لـە ئازوقـە و منداڵی تازە لەدایك بوشیان تۆمار ناکرێت ، هەروەها بەشایەدیش دانانرێن لە دادگای حکومەت و کاری ڕەسمیشیان لە دایەرەکان بۆ جێبەجێ ناکرێت[٧٦].

بـەپێی ڕاپۆرتێکـی ڕێکخـراوی (MEW) ی تایـبەت بـە مـاف مـرۆڤ لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ (١٠٠–١٥٠) کوردی تەمەن جیا جیای گوندی چـیمەن لـە پارێـزگای کـەرکوك کـوژراون پـاش پشـکنینی مـاڵ بـە ماڵ و بۆمباران کردنی گوندەکە، هەروەها لە ١٤–١٨ ی هەمان مانگدا (٣٢) کەسی شارۆچکەی شەقڵاوە، لە ناو جەرگـەی شـاری هەولێـر درانـە بەر ڕێژنەی گوللە لە تۆڵەی هێرشێکی پێشمەرگە بۆ سەر سەربازگەیەکی سوپا [٧٧].

لێـرەدا بـە خێـرایی تیشـکمان خستە سەر چەند نموونەیەك لە کورد قڕان و وێرانکـردنی گوندەکان کە بایەخی خۆیان هەیە لە ڕووی مێژوویی، یان لە ڕووی چـۆنایەتی و چـەندایەتی زیانەکانـەوە. جێگـەی سـەرنجە کە وەکو باوە گەل و نەتـەوەکان لـە لایەن دەوڵەت و حکومەتە بیانیەکان قڕدەکرێن، بەڵام نەتەوەی کـورد لەسـەر دەسـتی ئـەو حکومەتانـە قڕدەکـرێت کـە خۆیان بە خاوەنی ئەم نەتەوەیە دەزانن و لە ژێر حوکمی ئەو دان. هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی

سنووری عێراق–دایە بەوەوە دەناسرێ، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتە هەمیشە بەردەوام بووین لە قڕکردنی نەتەوەی کورد و وێرانکردنی خاکەکەی بە هەموو شێوەیەك.

قڕکردنی کورد لە عێراق ساڵی ١٩٨٧ –١٩٨٩ شێوە و قۆناغێکی تایبەتی بەخۆوە گرت، چونکە کاریگەرتر و ئاشکرا تر بوو، تاوانەکانیش گەیشتنە لوتکە، چ لە رووی فراوانی رووبەری ناوچە بەرکەوتووەکان، یاخود قەبارەی زیانە گیانی و مادیەکان، هەر لە سەرەتای نیسانی ١٩٨٧ ەوە نیشانەی سەرتاپاگیری شاڵاوەکان بەدی دەکرا، کە رێخۆشکەری شاڵاوە بەربڵاوەکانی ساڵی ١٩٨٨ بوو. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی عێراق کومەڵێك بڕیار و رێنمایی دەرکرد چ لە لایەن سەرکردایەتیەوە، یاخود لە لایەن رێکخراوی باکووری حیزبی بەعس، کە بە ئاشکرا یان بە نهێنی ئاراستەی دام و دەزگا سوپایی و ئەمنی و.. دەکران. بۆ پاکتاوکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد لەم ناوچەیەدا.

**سەرچاوەکان:**

(١) گۆران بابا عەلی ، ئەنفال: جینۆسایدێك لە ئاییندا بۆ رەوایەتی دەگەڕێت، گۆڤاری (رەهەند) ژ.(٧)،

سوید، ١٩٩٩، ل ١٤٨ .

(2)Encyclopedia Americana,Vol.12, New York,1978, P.424.

(٣) د.عبدالوهاب حومد، الاجرام الدولي، مطبوعات جامعة الكويت،ط١، ١٩٧٨،ص ٢٣٨.

(4)Encyclopedia Americana, op., p. 424

(٥) هەژاری عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادە کردن، هەڵوێستی یاسایی نێو دەوڵەتی، چ١، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨، ل ١٦.

(6)Encyclopedia Americana, op.,cit., p. 424 .

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: موسوعة حقوق الانسان، الجمعية المصرية للأقتصاد السياسي والاحصاء و التشريع، اعداد، محمد وفيق ابو اتل، المجلد الاول، القاهرة،١٩٧٠، ص ٣٨٤. هەروەها بڕوانە: عبدالوهاب حومد، سەرچاوەی پێشو، ص ٢٣٨-٢٣٩.

(٧) موسوعة حقوق الانسان ، سەرچاوەی پێشو ، ص ٣٨٣-٣٨٤.

(8)International Encyclopedia of the Social Scinces,David L.Sills Editor, Vol.(7-8),New York , 1972, p.518 .

(٩) د.احمد زكی بدوی .سەرچاوەی پێشوو ص ١٧٥-١٧٦.

(١٠) د.شاكر مصطفي سليم، سەرچاوەی پێشو، ص ٣٩٠.

(١١) ر.س، حلبجة موضوعا للقانون الدولي، گۆڤاری (مەتین )، ژ. (٧٤)، دهۆك، ئایاری ١٩٩٨، ص ٨٨.

(١٢) گۆران بابا عەلی، سەرچاوەی پێشو، ل ١٤٨.

(١٣) د. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا، چ ١، ئەمستردام، ١٩٩٧، ل١٤.

(١٤) هەمان سەرچاوە، ل٦.

(١٥) هەژاری عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشو، ل٢٣ٍ

(١٦) الموسوعة العربية الميسرة، اشراف محمد شفيق غربال، دار الشعب، القاهرة، ١٩٦٥، ص ٦٢٠.

(17) Encyclopedia Americana, op., cit. , p. 424

(١٨) موسوعة حقوق الانسان، سەرچاوەی پێشو، ص ٣٨٤.

(١٩) هەمان سەرچاوە، ص ٣٨٤.

(٢٠) د. مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشو، ل ١٦.

(٢١) د. عبد الوهاب حومد، سەرچاوەی پێشو، ص ٢٣٨.

(٢٢) مارف عومەر گوڵ، کورد قڕان و یاسای نێو دەولەتان، گۆڤاری (بەربانگ)، ژ.(٦٦)، سوید، ١٩٩٠، ل٤٧.

(٢٣)ٍد. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پشو، ل ١٢.

(٢٤) د. عبد الوهاب حومد، سەرچاوەی پێشو،ص ٢٣٨.

(٢٥) رادیۆی دەنگی ئەمریکا، بەشی کوردی، ٢٠٠٠/٣/١٧.

(٢٦) د. مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشو، ل١٢.

(٢٧) هەمان سەرچاوە.

(٢٨) عەباس هەمزە خدر، جینۆساید کارەساتی کورد، گۆڤاری ( یاسا پارێزی) ژ. (٤)، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٢٣٤.

(٢٩) محمد الهماوندي، قراة قانونية لفكرة الحكم الذاتي و تطبيقها في كردستان العراق، مجلة (دراسات كردية )، العدد ( ٣-٧) باريس، ١٩٩٢، ص ٢٨.

(٣٠) عەباس هەمزە خدر ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣٤.

(٣١) مارف عومەر گوڵ ، کورد قڕان و یاسای نێو دەولەتان ، سەرچاوەی پێشو، ل٤٧.

(٣٢) مارف عومەر گوڵ ، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشو ، ل ١٢-١٣.

(٣٣) عەباس هەمزە خدر ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣٥.

(٣٤) د. مصطفى الانصاري، عمليات التهجير في العراق ( عرض وثائقي)، المركز الوثائقي لحقوق الانسان في العراق ، طهران، ١٩٩١، ص ٣٦.

(٣٥) د.احمد الموسوي، ضحايا الالغام و حقوق الانسان، المجلة العراقية لحقوق الانسان، سوريا، العدد(١)، ٢٠٠٠، ص٧٥-٧٦.

(٣٦)،(٣٧)،(٣٨) عەباس هەمزە خدر ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣٦.

(٣٩) قانون تحديد المكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي ١٩٧٥، مديرية النشر و الاعلام في وزارة الزراعة و الاصلاح الاراضي، بغداد، ص ٦.

(٤٠) هەمان سەرچاوە، ص ١١.

(41) Middle East Watch., Human Rights in Iraq, 1990, P.23.

(٤٢) وەزارەتی بەرگری ، دایەرەی ئاراستەکردنی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری، (یەك نیشتمان، یەك ئامانج)، چاپخانەی دەزگای عەرەب، بەغدا، ١٩٨٨، ل ٧-٨.

(٤٣) بسام العسلي، الحرب والحضارة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١،بيروت، ص ١٣٨.

(٤٤) د.محمد سليم محمد غزوي، جريمة ابادة الجنس البشري، مطبعة التوفيق، عمان، ١٩٨٠، ص ٩-١٠.

(٤٥) لەتیف قادر نانەکەلی، ئەنفال جینۆسایدێکی بێ وێنەیە، رۆژنامەی (برایەتی) ژ.(٢٨١٣) ١٩٩٩/٤/١٤

(٤٦) ابو اليزيد المتيت، تطور الفكر السياسي، الاسكندرية، ١٩٧٠، ص ٥١.

(٤٧) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی

زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥، ل ١٠٧–١٠٩ هەروەها بڕوانە: David Marshall Lang and christopher J.walker,The Armenians,1977,(Report) .

(٤٨) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشو، ل ١١٢–١١٤ .هەروەها بڕوانە
Chaliand,Gerard,The Armenians, from genocide to resistance,London ,Zed press,1983,p.82-91 .

(٤٩) د.ولید حمدي، الکورد و کوردستان في الوثائق البریطانیة، لندن، ١٩٩٢،ص ٣٠.

(٥٠) چیا، سەرچاوەی پێشو،ل ١٤٧ .

(٥١) د.عبدالوهاب حومد، سەرچاوەی پێشو، ص ٢١٨–٢١٩.

(٥٢) هەمان سەرچاوە، ص ١٨٩–١٩٠.

(٥٣) هـەمان سەرچـاوە، ص ٢١٩ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: -Bauman,Zygmunt,Modernity and the Holocaust, Cambridge,Polity press,1989,pp.140-145.
Katz,Steven T.,The Holocaust in historical context,New York,Oxford uni. Press,1994, pp.43-56 .

(٥٤) ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، ستۆکهۆڵم، چ١، ١٩٩٣، ل ٣.

(٥٥) د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٥.

(٥٦) ،(٥٧) هەژاری عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٨.

(٥٨) حمیـد بـوز ارسـلان، حـول الاطـروحة الترکیة في التاریخ، مجلة (دراسات کوردیة) العدد(٣–٧) باریس، ١٩٩٢، ص ٢٨ .

(٥٩) مـەحموود مـەلا عـزەت، بازنـەکانی مـلملانێ و سـتراتیجی ئاسایشـی نەتەوەی کورد، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٨٠ .

(٦٠) هەژاری عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٩.

(٦١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٩–٣٠.

(٦٢) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشو ، ل ١٠٣.

(٦٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢.

(٦٤) مەحمودی مەلا عزەت، سەرچاوەی پێشو ، ل ٨٠.

(٦٥) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشو ، ل ١٠٢–١٠٣.

(٦٦) د. عەزیـز شـەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٦٩.

(٦٧) ئەسـعەد گـۆزی ، نامەیـەکی کراوە بۆ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ میدل ئیست وۆچ، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژ.(٤٨٢) ١٩٩٣/٩/٨.

(٦٨) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣.

(٦٩) مەحموود مەلا عزەت، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٥.

(٧٠) گوندی گەرەوان ئاوەدان دەکرێتەوە، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژ.(١٥٤)١٩٩٢/٨/٢.

(٧١) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣.

(٧٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

(٧٣) رينيه موريس، كوردستان او الموت، ترجمه جرجيس فتح الله، لندن، ١٩٨٦، ص ٥٢.

(٧٤) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٦.

(٧٥) قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني–العراق، من جرائم القتل العام في كوردستان– العراق عام ١٩٨٧، مطبعة خةبات، ١٩٨٨، ص٣.

(٧٦) هەمان سەرچاوە، ص ٥٣.

(77) Middle East Watch ,op., cit., p.2 .

# فەسلی دووەم

## شاڵاوەکانی ئەنفال لە کوردستان

**یەکەم: پیادەکردنی شاڵاوەکان**

**دووەم: جوگرافیای شاڵاوەکان**

**سێیەم: هۆکارەکانی پیادەکردنی شاڵاوەکان**

**یەکەم : پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال:**

شاڵاوەکانی ئەنفال شێوەیەکی تایبەتی و هێرشێکی رەسمی بەرنامە داڕێژراوی لەناوبردن بوو. تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ بە بەرپرسێکی کوردی گوتبوو، ئەگەر یارمەتی عێراق بدەن لە دژی ئێران ئەوا هەرگیز لە یادی ناکەین، بەڵام بە پێچەوانەوە دوای تەواو بوونی شەڕ لەگەڵ ئێران، هەموو گوندە کوردنشینەکان وێران دەکەین [(١)]. دیارە ئەم قسەیەی وەزیری دەرەوەی عێراق بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە رژێم نەخشە و پلانێکی بە دەستەوە بووە و خەریکی داڕشتنی قۆناغەکانی بەرنامەی ئەنفال کردنی کورد بووە.

بەڵگە بۆ پیادەکردنی ئەم نەخشە و پلانانە، عەلی حەسەن مەجید لە کۆبونەوەیەکی دا لەگەڵ ئەندامانی نوسینگەی باکووری حیزبی بەعس و بەرپرسانی حیزبی پارێزگاکانی باکوور، گوتی: ((.. راگواستنی کورد ناوەستێنم.. هەرکاتێکیش لە راگوێزان بووینەوە لە هەموو شوێنێك دەست دەکەین بە پەلاماردانیان و، بە پێی نەخشە و پلانێکی داڕێژراوی سەربازیی، پێگە و سەنگەرەکانیشیان دەکوتین. لەو هێرشانەدا سێیەك یان نیوەی ئەو شوێنانە دەگرینەوە کە لە ژێر دەسەڵاتیان دایە)) [(٢)] ((واتە دەسەڵاتی پێشمەرگە)).

ئەو ئاماژە پێکردنەی راپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی (پ.د.ك) ی ساڵی ١٩٧٦ بە بەڵگەی قۆناغێکی زووتری بەرنامە و نەخشەی ئەنفال دادەنرێت کە تێیدا هاتووە : پارێزگاری کەرکوك بە رۆژنامەنوسێکی میسری راگەیاندوە کە حکومەتی عێراق هەوڵدەدات بە هۆی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوانەوە پێکهاتەی نەتەوەیی کوردستان بگۆڕێت، کەواتە پێکهاتەی دیمۆگرافی راستەقینە دەسکاری دەکات[(٣)]. قسەش هەیە دەسکاری تۆمارەکان (سجل) ی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ی کردووە.

هەرچەندە بەشێك لە کاربەدەستانی حکومەت هەوڵی شاردنەوەی تاوانەکانی ئەنفال دەدەن، بەڵام زۆربەیان بە ئاشکرا و شانازیەوە باسی (پاڵەوانێتی کاری ئەنفال) دەکەن و یادی دەکەنەوە. لەم بارەیەوە گەلێك بەڵگەی رەسمی (ئاشکرا و نهێنی) لەبەر دەست

دایە و نکۆڵی لێ ناکرێت. وەك لە مانشێتی رۆژنامەکانی حکومەتی عێراق (الثورة) و (هاوکاری) و گۆڤارو رۆژنامەکانی تر، کە لە کاتی شاڵاوەکان بروسکە و بەیاناتی سەرکەوتنیان بڵاو دەکردەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرکردە مەیدانیەکان و سەربازەکان ئەنجام دەدا، سەبارەت بە چۆنیەتی کارەکان و ئەنجامدانیان [٤].

لە جێبەجێ کردنی بەرنامە و نەخشەی شاڵاوەکانی ئەنفال–دا ، ژمارەیەکی زۆری سەرباز و دەزگا جۆر بە جۆرەکانی حکومەت وەك (ئەمن، ئیستیخبارات و موخابەرات) هەروەها چەکداری فەوجە سوکەکان بەشداریان دەکرد، هەر دەزگایە و بەپێی کاری تایبەتی بۆ دانراوی خۆی. هەر لەم بارەیەوە (یۆست هێلتەرمان) [*] دەڵێت: ((ئەنفال چەند کردارێکی (ئۆپەراسیۆن) سەربازی بوو کە لە لایەن چەندان کەرت یان یەکەی ناو سیستمی بەعسەوە پیادە کرا. کەرتە سەربازییەکان، ئیستخبارات، ئەمنی سەربازی ، حیزبی بەعس و چەندان کەرتی تریش، ئەمانە بە گشتی هەموو پێکڕا لە پیادە کردنی ئەو جینۆسایدە بەشدار بوون)) [٥].

رژێم لە شاڵاوەکانی ئەنفال–دا ئامانج و مەبەستی تایبەتی هەبوو، بۆیەش بە چەند قۆناغێکی دیاری کراوی بەرنامە بۆ دارێژراو، هەر قۆناغەی بۆ ناوچەیەکی جوگرافی و دیمۆگرافی یان زیاتر بەرێوە دەچوو، کە شەش مانگی خایاند.

سەبارەت بە چۆنیەتی بەرێوەبردنی شاڵاوەکان، هێلتەرمان بەم شێوەیە باس دەکات و دەڵێت: ((لە هەشت قۆناغدا چەکی کیمیاوی لەو ناوچانەدا بەکارهێنرا کە لە ناو خانەی ناوچەی قەدەغەکراو–دا خۆیان دەبینیەوە، بەم جۆرە فشار بۆ دانیشتوانی ئەو گوندانە هێنرا تاوەکو خۆیان بگەیەننە سەر شەقامەکان. ئەم مرۆڤانە لەوێوە راپێچکران بۆ (نێوەندی راگواستنەوە)، لە پاشانیشدا بەرەو مەڵبەندەکانی سوپای

---

[*] دکتۆر هیلتەرمان سەرپەرشتیاری پرۆژەی کوردە لە رێکخراوی (MEW) کە راستەوخۆ سەرپەرشتی کارە مەیدانیەکانی دەکرد لە ساڵانی ١٩٩١–١٩٩٢، پرۆژەکە لە جینۆساید کردنی گەلی کورد دەکۆڵێتەوە لە عێراق ، بە تایبەتی ئەنفالی ١٩٨٨.

میللی لە کەرکوك پەلکێشکران، لەوێشەوە لە لایەن کەرتی تایبەتی ترەوە، لەناو ماشێن و پاسی کیلۆن کراو و پەنجەرە رەشکراو دا بەرەو رۆژئاوای عێراق گوازرانەوە. لە باکوورەوە بۆ باشووری بیابان. لەوێشدا پیاوەکان لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ژن و منداڵەکانیش گوللە باران کران، بە بلدۆزەر دەیانخستنە گۆڕی بە کۆمەڵەوە. بەم جۆرە نزیکەی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەس لە پیاو و ژن و منداڵ و گەنج، کە زۆربەی هەرە زۆریان مەدەنی بوون، بە شێوەیەکی سیستیماتیکی کوژران)) [٦].

پیادە کردنی قۆناغەکانی جینۆساید وەك (راول هێلبێرگ) دیاری کردووە: (پێناسە و دەستنیشانکردن –راپێچان و گرتن– لەناوبردن)، ناوبراو ئەم هەنگاوانەی لەسەر (هۆلۆکۆست)[*] دەستنیشان کردووە[٧].

ئەم قۆناغانەی جینۆساید، بەبێ کەم و کوڕی، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بەرامبەر بە کورد پیادە دەکران. سەبارەت بە قۆناغی یەکەم، سێ مانگ پاش وەرگرتنی پۆستی سکرتێری گشتی نوسینگەی باکووری حیزبی بەعس لە لایەن عەلی حەسەن مەجید–ەوە، قۆناغی یەکەمی جینۆساید خۆی بۆ ئامادە کرا و دەستنیشانی ئەوانەی کرد کە دەبێ ئەنفال بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە لە ٦ی نیسانی ١٩٨٧ مەرسومێکی دەرکرد بە ژمارەی س ش /٢٣٩٦/١٨ کە تێیدا هاتبوو (تێکدەران) هەموو جۆرە مافێکی خاوەندارییەتی ماڵ و سامانیان لە دەست داوە، دانیشتوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان مافە یاساییەکانیان لێسەندرایەوە بە پێی نوسراوی ژمارە ٢٧١٣/١ لە ١٠ی هەمان مانگدا، هەروەها خزم و کەسە پلە یەکەکانی (تێکدەران) و، بریندارە

---

(*) (Holocaust) واتە دۆزەخی مردن ، لە لایەن نازیەکانی ئەڵمانیا لە کاتی جەنگی دووەمی جیهان لە دژی جولەکە ئەنجام دراوە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

Katz, Steven T., The holocaustin context, Oxford University Press, New York, 1994.
- Raul Hilberg, The Destruction of the European Jews, New York: Holmes and Meier, 1985 Student edition, p.267.

مەدەنیـەکان کـە دەزگـا ئیسـتیخباراتیەکان بـە دژایـەتی حکومـەتی دەزانـن ، ئیعـدام دەکرێن، بـەو فەرمانـەی کـە لـە ١ی مایسـی ١٩٨٧ لـە لایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە دەرچووە[٨].

ئەلمـەجید دوو راسـپاردەی (دەقـی راسـپاردەکە لـە پاشـکۆی ((٢)) بخوێـنەوە) سـەبارەت بـە ناوچـە (قەدەغەکـراوەکان) دەرکـرد، یەکـەمیان ئـەوە بـوو کـە نـابێ هیچ کەسێك لـەم ناوچانە بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش سیاسەتی (بتەقێنە و بکوژە) ی بەکارهێنا. دووەم راسـپاردەش وەك لـە بەڵگەنامـەی ژمـارە س ف /٤٠٠٨ بـوو لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ هـاتووە [٩]، لـە ناوەڕاسـتی نیساندا هێزەکانی سوپا دەستیان کرد بە (بەرنامەی سـێ قۆنـاغی گوند کۆکردنەوە)، بە مەبەستی دروست کردنی ناوچەیەکی دابڕاو، قۆناغی یەکـەم لە ٢١ی نیسان تاکو ٢٠ی مایسی ١٩٨٧، قۆناغی دووەمیش لە ٢١ی مایس بۆ ٢٠ ی حوزەیـران، کە پتر لە (٧٠٠) حەوت سەد گوند سوتێنران و بە بلدۆزەر تەختی زەوی کـران، بـەڵام قۆنـاغی سێیەم لەبـەر شـەڕی ئێـران دواخـرا، تـا لـە هێرشـەکانی ئـەنفال مەرامەکانی ئەم قۆناغە جێبەجێ کرا [١٠].

ئـەوە بـوو بـۆ سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، هەموو ئـەو ناوچـە و ئـەو کەسـانە دەسنیشـانکران کـە دەبـێ ئـەنفال بکـرێن، کـەس و کـاری پێشمەرگە ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەت دەژیان رەوانەی ناوچە قەدەغەکراوەکان کـران، جگـە لـەو نێرینـانەی تەمـەنیان لـە نێـوان ١٥–٥٠ سـاڵدایە، دەسبەسەر کران بە فـەرمانی عـەلی حەسەن مەجید، چونکە دەبوایە پێش ١٥ی ئەیلول هەموو ئەو حاڵەتانە جـەرد بکـرێن لە لایەن لیژنەی ئەمنی پارێزگاکانی باکوورەوە و بگەیشتایەتە نوسینگەی بـاکوور [١١]. ئەوە بوو قۆناغی پێناسە و دەسنیشانکردنی ئەو کۆمەڵەی کە دەبێ ئەنفال بکرێن.

قۆنـاغی دووەمیـش، پـاش ئـەوەی دەسنیشـانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە کرا کە مەبەست لەناوبردنیان بوو، قۆناغی کۆکردنەوەو گرتن دەستی پێکرد لە مانگی شوباتی ١٩٨٨ کە شاڵاوەکانی ئەنفال بوو.

سوپای عێراق سەرەتای هەر شاڵاوێکی ئەنفال، ناوچە دیار کراوەکەی بە جۆرەها چەك بۆردومان دەکرد، بە تۆپی قورس، راجیمە، فرۆکەی جەنگی و کۆپتەر، لە زۆربەی شاڵاوەکاندا چەکی کیمیاویشی بەکار دەهێنا تاکو گوندنشینەکان گوندەکانیان چۆل بکەن و دەرپەڕنە دەرەوە. هەروەها بۆ روخاندنی وورەی پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی ناوچەکە و ناوچەکانی تریش، بۆ نموونە کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، لێدانی سایکۆلۆژیانەی پێشمەرگە و تۆقاندن و لەناوبردنی خەڵکەکە و خاپوور کردنی خاکەکەی بوو، زیاتر لە گرتنەوەی شارەکە [١٢]. پاش ئەوەی ناوچەکان بەم شێوەیە بۆردومان دەکران ئینجا هێزی پیادە هێرشی دەکرد و ماڵ و سامانی خەڵکەکەی تالان دەکرد، گوندەکانیشی وێران دەکرد، خەڵکە هەڵاتووەکەی لە کێو و دەشتەکان دەگرت و بە پێ یاخود بە زیلی سەربازی دەیگواستنەوە کەمپە کاتیەکان کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکران، هەندێ جاریش لە کاتی نەپرژانە سەر بارودۆخەکە بە بلدۆزەر کەمپی کتوپڕیان لە شوێنێکی گونجاو بۆ ماوەی رۆژێك یان زیاتر دروست دەکرد، تا ئێرە کارەکە لە ئەستۆی سەربازی ئاسایی بوو، پاشان بە دەزگای ئەمن و ئیستیخبارات دەسپێردرا، ئەوانیش خەڵکە گیراوەکەیان بە پاسی تایبەتی دەگواستەوە ناو سەربازگە یان قەڵا سەربازیەکانی وەك قەڵای قۆرەتوو و تۆبزاوەی لای کەرکوك بۆ قۆناغی یەکەمی ئەنفال، قەڵای نزارکێی دهۆك و بەندیخانەی سەلامیە لە موسل سەبارەت بە قۆناغی دووەمی ئەنفال، کە شوێنی چارەنوس سازبوون، چونکە لەوێ گیراوەکان بە پێی تەمەن و رەگەز لێك جیا دەکرانەوە. چارە نووسی نێرینە تەمەن (١٠–٤٥)ساڵیەکان بەزۆری شونبزر کردن یاخود گوللە باران کردن بووە لە شوێنە نادیارەکانی باشووری عێراق.

لە ئەنجامی لێکۆلینەوەیەکی مەیدانیدا لەسەر هەردوو کۆمەڵگای (سمود) لە کەلار و (جێژنیکان) لە هەولێر ، ئاکامی گەنجە ئەنفال کراوەکان بەم شێوەیە دەردەکەێ ((ئەو خێزانانەی دەکەوتنە دەست سوپا بە زیلی سەربازی دەگوازرانەوە بۆ قەڵا سەربازیە تایبەتیەکان لە دهۆك و کەرکوك، لەوێ هەر نێرینەیەك تەمەنی لە (١٠) دە ساڵ زیاتر بوایە لە خێزانەکەی جیا دەکرایەوە و شونبزر دەکرا، کە تاکو ئێستا چارەنوسیان

نادیاره)) (١٣).

چارەنووسی ئافرەت و منداڵەکانیش، هەندێ جار هەمان چارەنووسی گەنجەکان بووە، بەتایبەتی لە شاڵاوی ئەنفالی سێ–دا، کە دەرباز بووی گوللە باران شایەدحاڵی ئەو چارەنووسەن، (تەیمور)(*) ئەو منداڵە تەمەن هەشت ساڵیە بووە کە لە کاتی گوللە باران کردن و زیندە بەچاڵکردنی منداڵ و ئافرەتانی گوندەکەیان، لە باشووری عێراق خۆی دەرباز کردووە و بە بریندار گەیشتۆتە دەوار نشینێکی عەرەب و لەوێ تیمار کراوە، لە پاشاندا دوای دوو ساڵ گەیشتۆتەوە کوردستان و بە کەس و کارە رزگار بووەکانی شاڵاوی ئەنفال شاد بۆتەوە.

(هێلتەرمان) سەبارەت بە خاڵە سەرەکیەکانی دەست بەکاربوونی شاڵاوەکان دەڵێت: ((ئەو گروپانە پاش گرتنیان لە یەکتر جیا دەکرانەوە، ئینجا دەگوازرانەوە بۆ ناوچەکانی تر، لەوێ لە تاریکی شەودا هەموویان دەخرانە چاڵی گەورەوە و لە لایەن چەکدارەکانەوە گوللە باران دەکران و بە بلدۆزەر دادەپۆشران. ئەم کارەش یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی پێناسەی جینۆساید دەگرێتە خۆ ئەویش لەناوبردنی تەواوی گروپێك بە مەبەستێکی تایبەتی و بە شێوەی نهێنی)) (١٤).

لێرەدا هەر سێ قۆناغی پیادەکردنی جینۆساید، لە شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ دێتە جێ، کە سەرەتا بە چەند بڕیارێکی رەسمی دەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی عێراق(**) دەسنیشانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەیان کرد کە دەبێ ئەنفال بکرێن، ئینجا ئەو کۆمەڵە دەسگیر کران و لە ئاکامیشدا شونبزرکران یان لەناوبران.

---

(*) درێژەی بەسەرهاتی (تەیمور عەبدوللا) لەم سەرچاوانە بخۆێنەوە:

(١) کنعان مکیە، سەرچاوەی پێشو، ص١٨٥–٢١٠. دەقی ئەم سەرچاوەیە لە ژمارەکانی (٢٦٧١–٢٦٧٦)ی رۆژنامەی (برایەتی) ساڵی ١٩٩٩ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

(2) MEW.op.cit.,P.252-258.

(**) ئەم بڕیارانە حوکمی قانونیان هەیە و تاکو ئێستاش لەکاردان، چونکە هیچ بڕیارێك یان یاسایەك هەڵینەوەشاندونەتەوە.

بۆ جێبەجێکردنی ئـەم شـاڵاوانە حکومـەتی عێـراق ئەو هێزانەی بەکاردەهێنا کە لە بەرەکانی شەڕی ئێران شارەزایی و توانایەکی سەربازی پڕ ئەزمونی باشیان وەرگرتبوو، بـە تایبـەتی ئـەو هێـزانەی پـەلاماری ئـەنفالی یـەك و ئـەنفالی کۆتاییـان ئەنجام دا. لەم بارەیـەوە لـە ٥ی ئەیـلولی ١٩٨٨ رادیـۆی لـەندەن رایگـەیاند کـە حکومـەتی عێـراق، راوەسـتانی شـەڕی قۆسـتەوە و سـوپا پـڕ چـەکە مۆدێـرن و وێـرانکەرەکەی لـە زۆربەی بـەرەکانی شـەڕی ئێـران گواسـتەوە بـۆ کوردسـتان، هـەروەها ئەم کاتەی بە باشترین و لەبارتـرین کـات زانـی بۆ لەناوبردنی ئەو کوردانەی کە لە ناوچە شاخاویەکان ماونەتەوە، سـەرکردایەتی سـوپای عێراق ئەم هێرشە بەر بڵاوانەی بە چارەسەری کۆتایی دانابوو بۆ کێشـەی کـورد لـە عێـراق (١٥). زۆر بە ئاشکرایی خەڵکی عێراق و کوردستان دەیان دیت کـە سـوپا زەبەلاحەکـەی عێـراق لـە بـەرەکانی باشـوور و ناوەڕاسـت رووە و کوردسـتان دەگوازنەوە و وێرانیان دەکرد، بە تایبەتی لە کاتی هێرشی ئەنفالی بادینان.

بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال، سەرکرایەتی بەناو ئەنجومەنی شۆڕشی عێراق بە مەڕسـومێکی رەسمـی دەسـەڵاتی رەهـای بەخشـیبووە بەرپرسـی نوسـینگەی بـاکووری حیـزبی بەعس. هەموو هێزی سوپایی، دەزگاکانی ئەمن، ئیستیخبارات، سوپای میللی و گشـت دەزگـا مەدەنیـەکانی ناوچـەکانی بـاکوور بـەبێ جیـاوازی لـە ژێـر فـەرمانی ئـەم نوسـینگەیە کارەکانیان ئەنجام دەدا. هەر یەك لەم دەزگایانە کارێکی تایبەتیی خرابووە ئەسـتۆ، بـۆ نموونـە دەزگـای ئامار سەرژمێری خەڵکی ئەو ناوچانەی خرابووە ئەستۆ کە دەسنیشـانکرابوون بـۆ جیاکـردنەوەیان و لەناوبـردنیان، هـەروەها بۆ دۆزینەوەی خزم و کەسـی پێشـمەرگە بـۆ روخـاندنی خانووەکانیـان و دەسبەسـەرداگرتنی ماڵ و سامانیان پـاش دەرکـردنیان یـاخود دەسـگیرکردنیان. لـە هـەمان کـاتدا هێـزی سـەربازی دەبوایە ئابـلۆقەی ناوچەکان بدات و پێشمەرگەی تێدا نەهێڵێ، پاشانیش گوندنشینەکان راپێچی کەمپە دیارکراوەکان بکات. تاڵان کردنی ماڵ و سامانی خەڵکی گوندەکان و وێران کردنی خانوەکـانیش کـاری دەسـتەیەکی تر بوو وەك جاش و ئیستیخبارات، هەروەك پێشتر بە بڕیاری ژمـارە ٤٠٠٨/٢٨ کـە لـە ٢٠ی حوزەیـرانی ١٩٨٧ دەرچـووبوو، لە بڕگەکانی ئەم

بڕیاره به ئاشکرا باس له قەدەغەکردنی ژیان له ناوچەکان و تاڵان کردنی ماڵ و سامانی خەڵکەکە کراوە.

سەبارەت بە جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە ٤٠٠٨ کە بەبێ کەمو کوڕی لە ناوچە کوردنشینەکان جێ بەجێدەکرا. وەزیری بەرگری عێراق لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی–دا ئاشکرای کرد کە ناکرێ جیاوازی لە نێوان خەڵکی مەدەنی و پێشمەرگە بکرێ لە کاتی هێرش بردنە سەر ناوچەکان، چونکە ئەوانەی بەر هێرشەکان دەکەون هەموویان کوردن و جلی کوردییان لەبەرە، تەنها ئەگەر بکرێ بێ چەکەکان بە مەدەنی دابندرێن [١٦]. وەزیری ناوبراو مەبەستی ئەوەیە کە گرنگ نییە چەکدار یان مەدەنی بەر هێرشەکان بکەون و بکوژرێن، مادام بەرگی کوردییان لەبەردایە و کوردن، باسی ئەوەشی نەکردوە و خۆشی لە قەرەی شەڕکەر و شەڕنەکەر ، هەروەها گرتن و زیندە بەچاڵکردنی ژن و منداڵ و پەك کەوتان نەداوە.

لەم بارەیەوە ڤان دێر شتویل بڕیاردەری تایبەتی لیژنەی مافی مرۆڤ لەUN لە ١٨ی شوباتی ١٩٩٢ دا ڕاپۆرتێکی ئامادەکردووە، کە تێیدا دەڵێت، ڕژێمی عێراق بەکۆمەڵ خەڵکی ڕاگواستووە، دەسگیری کردوون، کوشتوونی، هەروەها ژیان و پێشکەوتن و گەشەکردنی ناوچە کوردنشینەکانی شێواندوە و سنوورداری کردووە بە ڕێگای پیادە کردنی سیاسەتە چەوت و دڕندانەکەی [١٧]. ئەم ڕاگەیاندنەی بڕیاردەری UN لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و دەست کەوتنی چەندان بەڵگەنامەی تایبەت بەم کارانە هاتۆتەدی. هەروەها بۆیان ئاشکرا بووە کە بۆ ئەنجامدانی زنجیرە شاڵاوەکانی ئەنفال، ڕژێمی عێراق کۆمەڵێك بڕیار و ڕێنمایی و پلانی ڕێك و پێکی نەخشە کێشابوو. ئەو خۆئامادەکردنەش لە تاوانی جینۆساید–دا بە پێشنیاز دادەنرێت ، هەروەك لە بروسکەی نهێنی ژمارە (٣٣) ی ڕژێم کە لە نیسانی ١٩٨٨ لە یەك ناوچەدا جێبەجێ کراوە [١٨].

ساڵی ١٩٨٧ پێنج ڕۆژ پاش کیمیاباران کردنی ناوچەی بالیسان، لە مانگی نیسان وێران کردنی گوندەکان لە کوردستان دەستی پێکرد، کە بەلای کەمەوە (٧٠٣) حەوت سەد و سێ گوندی گرتەوە، لەوانە (٢١٩) دوو سەد و نۆزدە گوند لە ناوچەکانی هەولێر،

(١٢٢) سەد و بیست و دوو گوند لە گەرمیان و باشووری رۆژ هەلاّتی کەرکوك، (٣٢٠) سێ سەد و بیست گوندیش لە روبەرێکی فراوانی دەوروبەری سلێمانی، هەروەها لە دەڤەری بادینانیش بەلاّم بەشێوەیەکی کەمتر لە ناوچەکانی پێشو [١٩]. هەروەها وێران کردنی دێهات و راگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستان ناوچەکانی تریشی گرتەوە بەبێ جیاوازی، سەرەرای کوشتن و تالاّن کردنی مالّ و سامانی وەرزێرەکانی هەندێ گوند.

هەروەها سرینەوەی ناوی هەندێ شارۆچکەش لە سەر نەخشەی کوردستان، بە هەنگاوێکی رێ خوشکەر دادەندرێت بۆ جێبەجێ کردنی شالاّوی ئەنفال، رژێم چەند شارۆچکەیەکی بە مەرسومی کۆماری ژمارە (٣٢١) لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٨٧ هەلّوەشاندەوە کە بریتی بوون لە چەندان یەکەی ئیداری وەك قەزا و ناحیە [٢٠]. ناحیەی قادر کەرەمی لە قەزای دوزەوە خستە سەر قەزای چەمچەمالّ بە بریاری ژمارە (٣٦٨) لە ١٩٨٧/٦/٣٠ [٢١]، سەرکەپکانی قەزای رانیەی بە بریاری ژمارە (٤٢٦)ی کۆماری هەلّوەشاندەوە لە ١٩٨٧/٧/١٦، هەردوو ناحیەی خۆشناو و دیبەگەی لە پارێزگای هەولێر هەلّوەشاندەوە بە بریاری ژمارە (٤٤٢) لە ١٩٨٧/٧/١٨ [٢٢]، سەرەرای ئەمانەش بە بریاری ژمارە (٤٨٢) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ١٩٨٧/٧/٨ هەموو دەستەکانی(هیئات) هەرێمی کوردستانی بە سەرۆکایەتی کۆمارەوە بەستاوە، بە ئیمزای سەدام حوسێن [٢٣].پێشتریش بە بریاری ژمارە(٤٥٧) لە ١٩٨٧/٦/٣٠ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی عێراق هەموو بەرێوەبەرایەتیە کشتوکالّیەکانی پارێزگاکانی کوردستانی هەلّوەشاندەوە بەهەموو بریار و بەلّگەنامەکانیانەوە[٢٤]. ئەمەش بەلّگەیەکی ئاشکراو بەرچاوە کە ژیانی کوردی خستۆتە مەترسی و شوێنی نیشتەجێ بوونی خەلّکەکەی قەدەغە کردووە و ئەمەش بۆتە هۆی شلەژان و تێکچوونی ژیانی خەلّکەکە، لە ئاکامیشدا پەیدا بوونی چەندان نەخۆشی کۆمەلاّیەتی بە هۆی لەرەگەوە هەلّکێشانی بونیادی ئابووری ناوچەکان.

(یۆست هێلتەرمان) سەبارەت بە پیادە کردنی شالاّوەکان بیرو بۆچونی وایە کە: ((

ئـەنفال خەسـلەتێکی دژە کوردی هەبوو، ناوچە دیار کراوەکان بۆ لە ناو بردن هەموویان ناوچـە کوردیـەکان بـوون. ئەوانەی لەم ناوچانە هیچیان بەسەر نەهات و رژێم نەیکوشتن پەیوەندی بەمەوە نەبو کە باوەڕ پێکراوی رژێم بوون یاخود نا، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هـەبوو کـە کـورد نـەبوون. لـە کـاتی شـاڵاوەکاندا تاکـە کەسـێکی عـەرەب نـەگیراوە و نـەکوژراوە، لـە کـاتێکدا ئـەو گوندانـەش کە بڕوا پێکراوی رژێم بوون لە تەك گوندەکانی تـردا تێکـدران و خەڵکەکـەش لەناو بران)) (٢٥).بەڵگەش بۆ ئەم قسەی هیلتەرمان، عەلی حەسەن مەجید لە کۆبونەوەیەکیدا، گوتی: ((بە بەرپرسە کوردەکانم راگەیاند کە هەموو گوندەکان کیمیاباران دەکەم بەبێ جیاوازی و ناتوانم گوندی ئێوە بپارێزم لە بۆردومان)) (٢٦). سـەرەڕای ئەمـەش لـە ٦ی ئەیـلولی ١٩٨٨ حکومـەت لـە دەزگاکـانی راگـەیاندن لێبوردنێکی گشتی بڵاوکردەوەو بە زەقی تایبەتی کردبوو بە کورد (٢٧).

ئـەو بەڵگەنامـەو دۆکیوّمێنـتانەی لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەست جەماوەرو لایەنە سیاسـیەکان کەوتن، پاشتر زۆربەی گواسترایەوە (*) بۆ ئەمریکا و لەوێ پۆلێن کران و لە سـاڵی ١٩٩٣رێکخـراوی (MEW) راپۆرتە کتێبێکی (٤٠٠) لاپەڕەیی لەسەر بڵاوکردەوە. لـەم راپۆرتـەدا روون کـراوەتەوە کـە کـاری سـوپای سـەربازی عیراق تەنها ئابلۆقەدان و پــەلاماردانی گوندەکــان و دەسـگیرکردنی گوندنشـینەکان و راگواسـتنیان بـوو، دواتـر چارەنووسـی خەڵکـە دەسگیرکراوەکە دەکەوتە ژێر دەسەلاتی دەزگای تایبەتی تر بە لە نـاو بـردن و ئـازاردان، لەو شوێنانەی بۆیان تەرخان کرابوو. کەواتە کوشتنی خەڵکەکە و زینـدە بـە چـاڵ کردنیان بەند بوو بە دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتیەکانەوە (٢٨)، ئەمەش بۆ نهێنی و شاردنەوەی تاوانەکان بوو، چونکە رژێم متمانەی بە سەربازەکان نەدەکرد بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان.

سیاسـەتی عێـراق دەری خسـتووە کـە شـاڵاوەکانی ئـەنفال بـە بەشـێك لـە جـەنگی

---

(*) بـۆ چـۆنیەتی گواسـتنەوەی بەڵگـە نامـەکان : بڕوانە: گۆڤاری ( مەڵبەند ) ژ. (٥٦) شوباتی ١٩٩٥، مەڵبەندی رۆشەنبیری کورد لە لەندەن دەری دەکات ـ ل ١٢.

عێراق–ئێران دانـاندرێت. چـونکە شاڵاوەکان رووبەرێکی جوگرافی زۆر فراوانی گرتبۆوە، کـە زۆربـەی هـەرە زۆری ناوچـەکان بەشـێك نـەبوون لە بەرەکانی جەنگی نێوان هەردوو دەوڵـەت، لـە رووی سەربازیشەوە بایەخێکی ستراتیژی ئەوتۆیان نەبوو، هەندێ ناوچەی سـنووری نـەبێ [٢٩].بـۆ نموونـە زۆر ناوچـەی وەك گـەرمیان و دەڤەری بادینان و شوێنە دەشـتاییەکانی تـری کەوتـنە بـەر شـاڵاوەکان، هەرچـەندە لـە بـەرەکانی شـەڕەوە نزیك نەبوون.

لێـرەدا جێگـای خۆیـەتی ئامـاژە بـەو قسـەیە بکەین کە دەڵێت: ((ئیمپریالیزم (٣٨) سـاڵ بـە شـێوەی راسـتەوخۆ و لاوەکی عێراقی داگیر و حوکم کرد، لەو ماوەیەدا بە قەد سـی و هەشـت سـەعاتی رۆژانـی ئـادار و نیسـانی سـاڵی ١٩٨٨ی حکومەتی عێراق گەلی کـوردی لـەناو نەبـرد و کوردسـتانی خـاپوور نەکـرد)) [٣٠]، بۆیـە (سمـیر الخـليل) [*] لـە چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ رۆژنامەی ( دی تاگس چای تونگ)ی ئەڵەمانی رایگەیاندوە کە (١٠٠٠٠٠–٣٠٠٠٠٠) سـەد تـا سـێ سـەد هـەزار مـرۆڤی کورد لەناو براون، زۆربەی لە کاتی شـاڵاوەکانی ئـەنفال. ناوبـراو لـە شـوێنێکدا (٨٦) هەشـتا و شـەش لـۆری دیـوە کـە بـۆ گواسـتنەوەی شت و مەکی قوربانیانی ئەنفال بەکار هاتوون، لەم شوێنە چەندان (تۆن) جل و بەرگ و کەل و پەل بەجێمابوو، کە دەکەوێتە خوارووی کوردستانی عێراق و (١١٠) کم لە بەغداوە دوورە [٣١].

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال کارێکی سادەی بێ بەرنامـە و ئامـانج نـەبووە، بـەڵکو کـارێکی ستراتیژی بە بەرنامە و بیرۆکراتی پڕ مەرام و ئامـانجی دیراسـە کـراو بـوو، بەرهـەمی چـەندان سـاڵی بیرکـردنەوە و مێـژووی ئـەزمونی لەناوبـردنی گـەلانی چەوسـاوەی جیهـان و گـەلی کـورد بەتایـبەتی تاوتوێکراوە، تاکو لە ئـەنجامدا گەیشتوونەتە پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال، لەو کاتەوە بەچەند قۆناغێك لە ناوچـە جیاجیاکـانی کوردسـتان بـەم شـێوە بـێ وێنەیە ئەنجام درا، کە لوتکەی قۆناغی

---

[*] ناوی راستەقینەی (کنعان مکیە) یە ، نوسەرێکی عێراقیە لە دەرەوەی ولات دەژی.

پیادەکردنی جینۆسایدی گەلی کوردە لە سەدەی بیستدا.

رژێمی عێراق سەربارى بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێك، لەوانە چەکی کۆکوژی کیمیاوی لە دژی گەلی کورد، رژێمێکی داپلۆسێنەر و سەر کوتکەریشە، هەر بۆیەش حکومەتی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٥ سەلماندی و گەیشتە قەناعەت کە شالاوەکانی ئەنفال پەیوەندی راستەوخۆی بە جینۆسایدەوە هەیە لە عێراقدا [٣٢].

بە هەر حاڵ رژێم بۆ پیادەکردنی شالاوەکانی ئەنفال کۆمەڵێك بڕیار و رێنمایی دەرکردووە، کە رێگا خۆشکەری شالاوەکان بوون، دەتوانین بە گشتی بڕیارەکان لەم خاڵانەی خوارەوە کۆبکەینەوە[٣٣]:

١- بڕیاری راگواستنی گوندنشینەکان و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا.

٢- بڕیاری قەدەغە کردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ناوچە شاخاوی و دەشتاییەکاندا.

٣- بڕیاری قەدەغە کردنی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵیش لە ناوچەکاندا.

٤- بڕیاری بۆردومان کردنی ناوچەکان بە تۆپ و فڕۆکە و کۆپتەر.

٥- بڕیاری تالان کردنی ماڵ و سامانی گوێزراوە و نەگوێزراوەی خەڵکی ناوچەکان.

سەرجەم ئەم بڕیارانە و گەلێکی تر بە شێوەی پیادەکردن لە پێش شالاوەکانی ئەنفالیش جێبەجێ کراون.

کۆمەڵێك روخسار و تایبەتمەندێتی هێرشەکانی ئەنفال لە چوار چێوەی پیادەکردنی سیاسەتی دژە کورد لە لایەن رژێمەوە، بە کورتی ئەمانە بوون[٣٤] :

١- بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی دژی خەڵکی مەدەنی گوندنشینەکان لە زۆربەی ناوچەکان و کوشتنی هەزاران و تۆقاندنی ژمارەیەکی زۆریش بۆ چۆڵ کردن و جێهێشتنی ماڵ و سامانیان.

٢- کۆمەڵ کوژی و شونبزر کردنی دەیان هەزار کەسی بێ تاوان ، کە هیچ کاتێ شەڕکەر نەبوون، بە مەزەندەی (موحافیزە کارترین) ئەو ژمارەیە (٥٠) پەنجا یاخود (١٠٠) سەد هەزار دەبێت.

٣- لە هەلومەرجێکی سزا ئامێز دا راپێچ کردن و بەند کردنی هەزاران ژن و منداڵ و

خەڵکانێکی بە ساڵاچوو کە سەدان حاڵەتی مردنی لێکەوتەوە.

٤– تارادەیەك تێکڕا تێکشکاندنی ژێرخانی بنەڕەتی کشتوکاڵ و ئابووریی دێهاتی کوردستان.

ئەم کارانە هەمووی بە پێی بڕیارەکانی نوسینگەی باکووری حیزبی بەعس پیادە دەکران، بە مەبەستی روخاندنی بونیادی کۆمەڵایەتی و لەڕەگەوە هەڵکێشانی ژێر خانی ئابووری کوردستان، بە رێگای قەدەغەکردنی ژیان و کشتوکاڵ کردن لە ناوچە دێهاتیەکان. بەم جۆرە زەمینەی بۆ ئەنفال کردنی خەڵکی مەدەنی لە کوردستان خۆشکرد، بە بیانوی لەناو بردنی (یاخی بووان و تێکدەران و بەکرێگیراوانی بێگانە).

**سەرچاوەکان**

(1) MEW,Genocide in Iraq, op.cit.p.43.

(٢) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٥٦٩. هەروەها بڕوانە: کەمال ئەحمەد کەریم،(عەلی حەسەن مەجید دەدوێ)، وەرگێڕان، رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ژ. (٣١٦) ١٩٩٨/٩/٢.

(٣) د. مارف عومەر گول، کێشەی کەسایەتی نێو نەتەوەیی گەلی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٧٥-٧٦ٍ

(٤) بڕوانە: ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژ.(٩٥٩) ١٩٨٨/٣/٢١ ، هەروەها جريدة(الثورة)، العدد(٦٥٠٧) ١٩/٣/١٩٨٨ و ژمارەکانی دواتریش.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ یۆست هێلتەرمان، ئامادەکردنی ئاراس فەتاح، گۆڤاری ( ڕەهەند) سوید، ژ.(٧) ١٩٩٩، ل ٢٤١.

(٦) هەمان سەرچاوە ل ٢٤١.

(7) MEW,op.cit.,P. 8 .

(٨) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل٥٦، ١٦٦.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل ٥٦، ١٧٢.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.

(١٢) یۆست هێلتەرمان، هاوتاوانی بێدەنگ بوون -عێراق و کوردەکان- وەرگێڕانی کاوە سالح، گۆڤاری (ڕەهەند) سەرچاوەی پێشو، ل ١٩.

(١٣) مندالانی کوردستان زیندۆیانی کارەساتی مرۆڤکرد، ڕۆژنامەی ( ڕزگاری) ژ.(٥٢) ١/٧/١٩٩٨، هەروەها بڕوانە: گۆڤاری (ڕابوون)، سوید، ژ. (١٥) ١٩٩٥.

(١٤) یۆست هێلتەرمان، جینۆساید هاوتاوانی بێدەنگبوون، سەرچاوەی پێشو، ل ١٤-١٥.

(١٥) بەرنامەی (شؤون الساعة) ڕادیۆی لەندەن، دووشەممە ٥/٩/١٩٨٨.

(١٦) مجله (الف باء) بغداد، العدد(١٠٤٣) ٢١ ايلول ١٩٨٨، ص٧.

(١٧) د. مارف عومەر گول، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٩.

(١٨) هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

(19) MEW, op. Cit., P.73.

(٢٠) فاتح ڕەسول، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی ٣، چ١، سوید، ١٩٩٤، ل٤٦٣.

(٢١) الوقائع العراقيه، العدد (٣١٥٩) ١٩٨٧/٧/٢٠.

(٢٢) الوقائع العراقيه، العدد(٣١٦٠) ١٩٨٧/٧/٢٧.

(٢٣) الوقائع العراقيه، العدد (٣١٥٩) ١٩٨٧/٧/٢٠.

(٢٤) الوقائع العراقيه، العدد(٣١٥٨ ) ١٩٨٧/٧/١٣.

(٢٥) يۆست هێلتەرمان، سەرچاوەی پێشو ، ل ١٧.

(26) MEW,op.cit.,P.75,568.

(٢٧) جريدة (الثورة) بغداد، العدد(٦٦٧٧) ، ١٩٨٨/٩/٧.

(٢٨) يۆست هێلتەرمان، سەرچاوەی پێشو، ل ١٧.

(٢٩) مەريوان وريا قانع، ئەنفال و مۆدێرنە، گۆڤاری (رەهەند) سەرچاوەی پێشو، ل ٣٤.

(٣٠) هاشم كۆچانی، تارمايی سيڤەر، سويد، ١٩٩٥ ، ل ٣١.

(٣١) هەندێ بەڵگەنامەی ئەنفالەكان، رۆژنامەی (كوردستانی نوێ) ژ. (٣٣) ١٩٩٢/٣/٣.

(٣٢) يۆست هێلتەرمان، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٠-٢١.

(٣٣) مارف عومەر گوڵ، ئەنفال قۆناغێكە لە پراكتيككردنی جينۆسايد، گۆڤاری (رەهەند) سەرچاوەی پێشو، ل ٦٠.

(٣٤) ميدل ئيست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٣-٦٤.

## دووەم/ جوگرافیای شاڵاوەکانی ئەنفال:

وەك لەمـەو بـەر ئاماژەی پێکرا، شاڵاوەکانی ئەنفال بەچەند قۆناغێك ئەنجام درا، لە دوای جێبەجێ کردنی هەر قۆناغێکیش سەرکردایەتی عێراق سەرنجی قەبارە و رێژەی زیانە مادی و گیانیەکانی کوردی دەدا. ئەم قۆناغانەش هەر یەکەو ناوچەیەك یان زیاتری دەگرتەوە(بـڕوانە نەخشـەی ((١)) )، بـە پێـی نەخشە و پلانی سکرتاریەتی نوسینگەی باکووری رێکخراوی حیزبی بەعس جێبەجێ دەکرا.

بـۆ ئـەوەی ناوچـە بەرکـەوتووەکانی ئـەنفال دیار بکەین و قەبارەی زیانەکان بزانین، پێویسـتە باسـی قۆناغـەکانی ئەم شاڵاوانە بکەین، تاوەکو بۆمان روون بێتەوە جیاوازی نێوان قۆناغەکان چی بووە لە رووی رووبەر و ژمارەی قوربانیەکان و هەڵسوکەوتی سوپا لەگەڵ گوندنشینەکان.

جا لێرەدا بە پێی توانا و زانیاری سەرچاوەکان، لە قۆناغەکانی دەدوێین هەر یەکە و بە جیا:

**قۆنـاغی یەکـەم**: پێـنج مـانگ و پانـزە رۆژی خایـاندوە کـە لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دەسـتی پێکـردووە لـە ٨ی ئـاب–دا کۆتـایی هـات، کـە رۆژی راوەسـتانی شەڕی نێوان عێـراق – ئێـرانە. لـەم قۆناغـەدا جگـە لـە ئـەنفالی کۆتـایی هـەموو شـاڵاوەکانی ئـەنفال دەستی پێکرابوو، هەروەك لە خوارەوە دیار کراون:

### شاڵاوی ئەنفالی یەك:

(بـڕوانە نەخشـەی ((٢)) )، ٢٣ی شـوبات – ١٩ی ئـازاری ١٩٨٨ی خایـاند. پێـش دەسـت پێکـردنی هێرشـەکە، هـەندێك لـە ئـەندامانی سـەرکردایەتی گشـتی هێـزە چـەکدارەکانی عێـراق، لەگـەڵ هەردوو سەرکردەی فەیلەقی یەك و پێنج و فیرقەکانیان، سـەردانێکی سوسـەیی (استطلاع) یـان بـۆ ناوچـەکە کـرد، بـۆ داڕشـتنی دوا نەخشـەی هێرشـەکە. هـەر لـە هـەمان کـاتدا، واتـە لـە کۆتـایی مـانگی کـانونی دووەم و سەرەتای شـوباتی ١٩٨٨ هێـزێکی زۆر لـە دەوروبـەری ناوچـەکە کۆکرایەوە. بە تایبەتی لە بناری

گۆیـژە، جـادەی سـورداش و دەشـتی مەرگـە و کاریـزە، جگـە لـە پـڕ هێـز کـردنی سـەربازگەکانی سەلام و سارداو و، هەڵدانی سەدان چادر بۆ سەربازەکان، سەرەڕای ئەم هێـزە بێ ژمارەش چەندان کەتیبە تۆپ و تانك (دەبابە) و چەکی قورسی ئامادە کردبوو بۆ هێرشەکە [١].

بـە پێـی زانیـاری ڕێکخـراوی (MEW) ئەنفالی یەك بە هێرشکردنە سەر سەرگەڵوو و بەرگـەڵوو لـە ٢٣ی شـوباتی١٩٨٨ [*] دەسـتی پێکـرد[٢]، هەرچـەندە زۆر سەرچـاوە سـەرەتای ئـەم هێرشـە[**] دەگەڕێنـنەوە بۆ شەوی ١٨/١٧ی شوبات [٣]. ئەم هێرشە لە چەند قۆڵێکەوە کرایە سەر ناوچەی جافایەتی، بە درێژایی (٥٠) پەنجا میل لە بنگردەوە بـۆ لای ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی دوکان و شارۆچکەی دوکان، لەوێشەوە بۆ شاری سلێمانی و شارۆچکەی ماوەت و چوارتای گرتەوە.

ئامـانجی ئـەم هێرشـە لەناوبردن و وێران کردنی (٢٥ –٣٠) گوندی دۆڵی جافایەتی و داگـیر کـردنی بارەگاکـانی سـەرکردایەتی PUK بـوو [٤]. کەواتـە هێرشـە بـەر بڵاوەکـە سـنووری شارۆچکەکانی (سورداش و دوکان و بنگرد و سەرچنار و قەڵاچوالان و چوارتا) ی گـرتەوە، سەرپەرشـتیاری هێرشەکەش لیوا روکن (سولتان هاشم ئەحمەد) بوو، هێزە بەشـدار بووەکـانیش پێکهاتـبوون لـە (٢٠) بیسـت لیـوا و (٦٠) شەسـت فـەوج و دەیـان فـەوجی سـوك و مەفـرەزەی تایـبەت، جگـە لـە دەیـان کەتیبە تۆپی ١٣٠ملم و ١٥٧ملم، هەروەها چەندان کەتیبەی تانك (دەبابە)، ئەمانە هەموویان بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی، سـەرەڕای ئـەم هـەموو هێـز و چـەکە قورسـانەش، چـەکی کـیمیاویش بـە خەستی بەکار

---

(*) هەمان ڕۆژ دۆڵی بالیسان بۆردومان کرا و هێرشی کراسەر لە لایەن سوپای عێراقەوە.

(**) لەبـەر ئـەوەی ڕژێـم ڕۆژانـە ناوچـە ئـازاد کـراوەکانی بـە تـۆپ و فڕۆکە بۆردومان دەکرد، بۆیە سەرچاوەکان لەسەر ڕۆژی دەست پێکردنی ئەنفالی یەك جیاوازن، بەڵام شاڵاوەکانی ئەنفال جیابوو لە هێرشـەکانی تـر چـونکە خـۆ ئامادە کردنێکی تەواو و بەرنامەیەکی موکومی بۆ داڕێژرابوو، بە هەر حاڵ بەرواری دەست پێکردنەکە ئەوەندەی کاریگەری شاڵاوەکان و زیانەکانی بۆ کورد گرنگ نییە.

هێنرا[٥]. لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە و خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان بە کارێکی ئاسایی سیاسەتی رژێمیان دادەنا، چونکە لە چەندین شوێنی جیا جیاو لە کاتی جۆراو جۆر چەکی کیمیاوی بەکار هێنرا بوو.

بەشێکی زۆری هێزە هێرش بەرەکان پێکهاتبوو لە هێزی تایبەتی (قوات خاصه) ( ٦٥و٦٦) ی سەرکردایەتی گشتی هێزی چەکدار، لیوای مغاویری فەیلەقی (٦،٥،٤،٢)، هەروەها لیواکانی (٤٣٨،١١٦،٧٥،٧٢،٣٢،٣١،١٩، ٤٤٥)، فەوجی مغاویری فەیلەقی پێنج و مغاویری فرقەی چوار، جگە لەمانەش نزیکەی (٣٠) سی فەوجی سەربەخۆی (مەوالیدەکانی) ١٩٤٥، ئەمانە و زۆربەی فەوجە سوکەکانی (جاش) ی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان. هەموو ئەو هێزانە زیاتر لە (١٠٠) سەد هێرش و پەلاماریان بۆ ناوچەکە برد. لە ئەنجامدا ئەم گوند و ناوچانەی وێران کرد: ((قەمچۆغە، شاخە رەش، دۆڵەرووت، قزلەر، قەرەنگوێ، مەولان، قەرەسەرد، پیر بایز، دۆڵی مازەڵە، قەڵەم پاشا، ئاسۆس، قەرەچەتان، شەدەڵە، پیرە مەگروون، زێوی، گەڕەدێ، دابان، مەرگە و شارستێن)) [٦]. هەروەها ئەم گوندانەش وێران کران لە هەمان هێرشدا، سەرگەڵوو کە ( ٥٠٠) پێنج سەد ماڵ بوو (٣٥٠٠) کەسی تێدا دەژیا، بەرگەڵوو، کانی توو، چاڵاوە، یاخیان، چوخماخ و یاخسەمەڕ [٧]، جگە لەم گوند و شوێنانەش قەیوانی سەروو، قەیوانی خواروو، سنگر، میولاکە، گاپیلۆن، بالخ، گوێزیلی، هەڵەدن کە (٣٥٠) ماڵ بوو، سێکانیان، چالخ، قۆمەرغان، کوێرەکانی، سێدەر و ولاخ لوو[٨].

ئەو هەموو سوپا پڕ چەکە مۆدێرنە، بە یەك تەوژم لە چەند قۆڵێکەوە شاڵاویان بۆ ناوچە دەسنیشان کراوەکە برد و ئابلۆقەیان دا، لەم قۆڵانەی خوارەوە [٩]:

**قۆڵی یەکەم:** لە کارێزەوە بۆ گاپیلۆن، لەوێوە بوو بە سێ بەش:

أ- گاپیلۆن بۆ گەڕەدێ و گەورەدێ.

ب- گاپیلۆن بۆ بالخ و ولاخ لوو و گۆجاڕ.

ج- گاپیلۆن بۆ شاخی خەجە لەرزۆك .

شوێنی خەریتە

**قۆڵی دووەم:** لە دۆڵە رووتەوە بۆ قزلەر، لەوێوە بوون بە دوو بەش:

أ- قزلەر بۆ شانی یاخیان و لوتەی چاپەر بەرامبەر زێوە.

ب- قزلەر بۆ شاخەکەی پشتی.

**قۆڵی سێیەم:** لەسەر جادەی سورداش بۆ رێویە.

**قۆڵی چوارەم:** لەسەر جادەی سورداشەوە بۆ کانی شۆك و قولە پشتێن و قولە سەوز و کلکەی سپیلك لەوێوە بۆ شەدەڵە.

**قۆڵی پێنجەم:** لەسەر جادەی دوکانەوە بۆ سورداشی کۆن ، بۆ ئۆمەر قەوم و شەدەڵە، بۆ دابان.

**قۆڵی شەشەم:** لەسەر جادەی دوکانەوە بۆ گوندی قەمچۆغە و سەرمۆرد.

**قۆڵی حەوتەم:** لە قەرەسردەوە بۆ قەڵەم پاشا و کلاوسپی.

**قۆڵی هەشتەم:** لەسەر جادەی بنگرد لە گوندی هەنجیرەوە بۆ شارستێن و سێدەر و دۆڵەبی و هەوارە بەرزە.

**قۆڵی نۆیەم:** لە بنگردەوە بۆ ئاوژێ و چنارنا و سیروان و کانی بی.

سەرەنجام هێرشەبەر بلاوەکە بە وێرانکردنی دێهاتەکانی ناوچەکە و داگیر کردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی PUK لە شەوی ١٩/١٨ی ئازاری ١٩٨٨ کۆتایی پێهات. ئەوە بوو لە ١٩ی هەمان مانگدا بەیانێکی سەربازی بە ژمارە (٣٠٨٧) لە لایەن سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان راگەیەنرا، کە تێیدا وەسفی سەرکەوتنێکی بێ وێنەی کردوە بەسەر (یاخی بوو و بەکرێگیراوان)(*). هەر بەم بۆنەیەوە ئەفسەری سوپای عێراق عەمید (علی حسین مزعل)، فەرماندەی هێزی (البدر الکبری) دەڵێ: ((ئەنفالی یەك بە دوو قۆناغ لە ناوچەی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، لە ٢٥-٢٦ی شوبات دەستی پێکرد، قۆناغی یەکەم گوندی سورداش و عومەر و بەرزایی(١٥٧٤ و ١٢٤٧) داگیر کران و کۆنترۆڵی

---

(*) بڕوانە پاشکۆی ( ٣) بەیانی ئەنفالی یەك.

شـەدەڵەی خـواروو و سـەروو کـرا، هـەروەها ئـەم فەوجانـە بەشـدار بوون لەم هێرشەدا، فەوجـە سـوکەکانی (٢، ٥، ٢٠، ٢٣، ٣٦، ٣٧، ٥١، ٨١، ٩٦، ١٠٩) )) [١٠]. لـە راپۆرتـی رێکخـراوی (MEW) هـاتووە کـە (٢٧) بیسـت و حـەوت لیـوای سـەربازی بـە هاوکـاری جاشەکان ماوەی سێ هەفتە لەسەر یەك هێرشیان کرد بۆ سەر ناوچەی جافایەتی [١١].

هیـوا ئەحمـەد یەکێکـە لەوانـەی کـاتی شـاڵاوەکە ئامـادەی کارەسـاتەکە بـووە، دەگێڕێتەوە کە لە ٢٣ی شوبات سوپای عێراق هێرشیکرد بۆ بنگردی ناوچەی مەرگە بە هـەموو گوندەکانیـەوە لەوانـە (سۆفیان، هەڵۆنـە، لۆتەر، مەرگە، پاشکێش، مەلا سەفی، بێوکـە، ئـاوەژێ، سـێروان، چـنارنە و کانی توو)، ئەم گوندانە لە ٣ی ئازار داگیر کران و خەڵکەکـەش رایانکـرد، کە ژمارەیان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد کەس زیاتر دەبوو، لە رێگـادا چـەندان ژن و مـنداڵ و پیرەمێـرد گیانیـان لەدەسـت دا بـە هۆی سەرما و بەفر و بارانەوە، کەسیش بە هانای کەسەوە نەدەهات لە ترسی گیانی خۆی [١٢].

لـە گـەمارۆدانی ئـەنفالی یـەکدا (٢٠٠–٢٥٠) دوو سـەد تـا دوو سـەدو پـەنجا کـەس کـوژران، کـاتێ گوندەکان داگیر کران خەڵکی ناوچەکە رووە و ئێران هەڵاتن، هەندێکیش رووە و شـاری سـلێمانی چـوون، سـوپا خەڵکەکـەی سەرپشـك کـردبوو کـە بۆ هەر لایەك دەچـن، ئەمـەش وا دیـارە ئـەو کـات بێسەروشـوێن کـردنی خـەڵکی مـەدەنی نـەبوو بوە رێبازی سیاسـەتی رەسمـی سـوپا، بۆیـە گوندنشینانی دۆڵی جافایەتی بەشێکی زۆریان دەربـاز بـوون، بـەڵام ئەوانـەی رووە و ئێـران رایـان کرد مەزەندە دەکرێت (١٦٠) سەد و شەسـت کەسـیان لـە رێگـادا مـردوون بـە هـۆی سـەرما و بەفر و باران. هەروەها لە ٢٠ی نیسـان سـوپای عێـراق بە کۆپتەر سەربازی لەسەر سنووری ئێران دابەزاند و ئەو خەڵکە راکـردووەی دۆڵـی جافـەتی کـە مابوونـەوە لـەوێ هەمووی گرت و شونبزری کردن، جگە لەمانـەش ژمارەیـەکی زۆریـان بـەهۆی لێبوردنی سـاختەوە خۆیـان دادەسـت و، دەزگـا سەربازیەکانیش شونبزریان کردن [١٣].

عەبدولکـەریم هەڵـەدنی دەڵێت: ((رژێم لە هەموو لایەکەوە، لە کارێزە و دۆڵەڕووت و،

دۆڵـی سـورداش و گونـد و بەرزاییـەکانی دەور و بەریانـەوە تاکو دوکان و مەرگە و کانی تـوو هێرشەکانی چڕتر و فراوانتر دەکرد.. هەروەها دەڵێ لە ئەنجامی پاشەکشەی خەڵك و هێـزی پێشـمەرگە، لـە دۆڵـی مەرگـە و کـانی تـوو و گوندەکانی تر نزیکەی (١٠٠) سەد کەس لە ڕێگادا لەناو بەفر ڕەق بوونەوە و هەندێکیش کەوتنە دەست دوژمن))[١٤].

شـێخ عەدالـەت کـە شـایەد حـاڵێکی ترە و خۆی لە گەرمەی هێرشەکان لە ناوچەکە بـووە، دەگێڕێتەوە کە: ((لە ١٨ی شوباتی ١٩٨٨ لە ناوچەی سورداش و دوکان سوپای عێـراق هێرشـی کرد بۆ ئەم دۆڵ و گوندانەی کە بارەگای سەرکردایەتی PUK تێدا بوو، لـە دۆڵـی جافایـەتی گوندەکـانی سـەرگەڵوو، هەڵـەدن، یاخسـەمەڕ، چۆخماخ، گاپیلۆن، مالۆمـە و چـاڵاو، لـە دۆڵـی هـەنارانیش گوندەکـانی هـەنارانی خـواروو و سـەرو، قـزلەر، شەدەڵە و هۆمەر قەوم، هەروەها شارۆچکەی سورداش)) [١٥].

هـەروەها سیاسەتی ڕژێم وابووە کە ڕەوشی خەڵکی کوردستان بە گشتی بشێوێنێ و لە هەموو ناوچەکان دەربەدەریان بکات، بۆیە جگە لەم پەلامارە چڕو پڕە لە ناوچەکانی تـریش بۆردومـان و هێرشـی دەکـرد، وەك لـە ١ی ئـازاری ١٩٨٨ ناوچـەی مێرگەسـۆری کیمیاباران کـرد، لـە ١٥ی مـانگیش لـە نـازەنین و هـیران و دۆڵی سماقولی و وەرتێ–دا کارەسـاتێکی جـەرگ بڕی ئەنجام دا [١٦]، ئەم کارانەی ڕژێم بۆ ئەوە بوو سەر لە خەڵك و پێشمەرگە بشێوێنێ و پەرتەوازەیان بکات.

لـە ئـەنجامی ئـەو هێـرش و پـەلامارە بـەربڵاو و درێژخایەنـەدا، لـە ١٩ی ئـازار سـەرکردایەتی گشـتی هێـزە چـەکدارەکانی عێـراق بـەیانێکی بـە ژمـارە (٣٠٨٧) لـە دەزگاکـانی ڕاگـەیاندن بڵاوکردەوە، تێیدا باس دەکات کە (خیانەتکاران و بەکرێگیراوانی خومـەینی و زایۆنـی لـە بـاکووری وڵات وەدەرنـران)، هـەروەها بـاس لـە پاڵەوانیـەتی هێـزەکانی دەکـات، لەوانـە هێـزەکانی جەحافـلی دیفـاعی وەتەنی یەکەم و هێزی بەدر و قـەعقاع و موعتەسـەم و فەوجـەکانی پارێـزگاری نیشـتمان، ئـەم هێرشە بە سەرپەرشتی لیـوا روکـن (سـولتان هاشـم) بـوو، هـەروەها بـاس دەکـات و دەڵـێ لـەم هێرشانەدا ئەم

ناوچـانە داگـیر کـران (سـەرگەڵوو، بەرگـەڵوو، زێـوە و ناوچـە چـیاییەکانی پارێـزگای سـلێمانی)[17]. هاوکـات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەیانەکە لیوا روکن سولتان هاشم مژدە و بروسـکەی سەرکەوتنی کاری ئەنفالی بۆ سەرۆکی عێراق سەدام حسێن بەرز کردەوە، لە بروسـکەکەدا هاتووە: ((تێکدەر و بەکرێگیراوانی ئێران لە بنکەکانی ناوچەی سەرگەڵوو، بەرگـەڵوو، زێـوە، مـولان، قمـرغان، کـانی تـوو، هەڵـەدن، چـاڵاو، یاخیـان، چـۆخماخ، یاخسەمەڕ، قزلەر و ناوچە بەرزاییەکان پاك کرانەوە))[18].

لـە کۆتـایی شـاڵاوەکەدا سـەرجەم ناوچەکە داگیر کرا و گشت گوندەکان روخێنران و وێران کران، هەروەها سەروەت و ماڵ و سامانیان لە لایەن سوپای عێراق بە تاڵان برا.

جێگـای ئامـاژە پێکـردنە کـە هـەر لەگـەڵ دەست پێکردنی ئەم هێرشانە، واتە رۆژی پـەلاماری ناوچەی جافایەتی لە ٢٣ی شوبات، وەزارەتی بەرگری عێراق فەرمانی دەرکرد کـە گشـت ئەوانـەی لـەو هێرشانە دەکوژرێن و دەپێکرێن بە (شەهیدی قادسیە) حیساب دەکـرێن، ئـەم فەرمانـە پشـتی بـە بـڕیارێکی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بەسـتبوو[19]. کەواتـە رژێمـی عێـراق بۆ سەرلێشێواندنی خەڵك و هەروەها بۆ دڵنیاکردنی سـەرباز و چـەکدارەکانی تـری بـەرەکانی شـەڕ کـە هـەمان حیسـابی بـەرەکانی شـەڕی ئێـرانیان لەگـەڵ دەکـرێت سـەبارەت بـە پاداشـت و قـەرەبوو کردنی کەس و کاریان، کە ئەمـەش جـۆرە هـاندانێکی تـری چـەکدارەکان بـوو بۆ هێرش کردن و تاڵان کردنی ماڵ و سامانی خەڵکی ناوچەکانی کوردستان.

### شاڵاوی دووەم (ئەنفالی دوو) ٢٢ی ئازار تاکو ١ی نیسانی ١٩٨٨

دوای بڵاوبونەوەی بەیانی سەربازی رۆژی ١٩ی ئازار کە تایبەت بوو بە ئەنفالی یەك، ئینجا سوپای عێراق دووبارە خۆی ئامادە و ساز داوە بۆ شاڵاوێکی تر، کە جیاواز بوو لە شـاڵاوی ئـەنفالی یـەك، چـونکە لـە ئـەنفالی یەك سوپای عێراق رووبەرووی بەرەنگاری و شـەڕێکی دژوار بـوو بـۆ مـاوەی نـزیکەی (٢٥) بیسـت و پێنج رۆژ، پاشان ناوچەی دۆڵی جافایـەتی داگیر کرد و لە ئەنجامدا سەدان کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکی

ناوچەکە لـە ژن و مـنداڵ و پـیر لـە ڕێگـا و لەکاتی ڕاکردندا لەناو بەفردا لەسەرمان ڕەق بونـەوە. هەرچـەندە سوپا لـە سـەرەتادا خـەڵکی مـەدەنی بەکۆمەڵ شونبزر نەدەکرد و ڕێگـای پـێ دەدان بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ناوچەکە لە ماوەی ئەو شـەڕە درێـژ خایەنـەدا بـەزۆری توانیان خۆیان ڕزگار بکەن، بەرەو ئێران یان ناوچەکانی تـری کوردسـتان چـوون، سـوپای عێـراق بـە هـۆی سـەختی ناوچـەکە و بەرگـری هێـزی پێشمەرگە لە دژی سوپا، نەیتوانی کۆنترۆڵی خەڵکەکە بکات و دەسگیریان بکات.

بـەڵام لـە ئـەنفالی دوو کـە لە ناوچەی قەرەداغ ئەنجام درا (بڕوانە نەخشەی ((٣)))، ئـەم هێرشـە لـە هـەموو لایەکـەوە ئابـلۆقەی ناوچـەکەی دا. (ڕێـبوار) کـە شـایەد حـاڵی ڕوداوەکـە بـووە، دەڵێـت: ((سـەر لـە ئێـوارەی ٢٤/٢٣ ی ئـازار دوای نوێـژی ئێوارە لە ماڵەوە بەرامبەر گوندی سێوسێنان وەستابووم، لە کاتێکا گڵپەی ئاگری بۆمبارانی چڕ و پـڕی گوندەکـەم دیـت، ئـەم بۆردومانە لە دەربەندیخانەوە بە ڕاجیمەی چلی کرایە سەر سێوسێنان، لە ئەنجامدا زیاتر لە (٨٠) هەشتا کەس گیانیان لە دەست دا لە کۆی گشتی دانیشـتوانی گوندەکـە کـە (٣٥٠) مـاڵ بـوو (١٥٠٠) هـەزار و پێـنج سەد کەسی تێدا بوو، ڕێبوار لـە قسـەکانی بـەردەوام دەبـێ و دەڵـێ، قـەرەداغ لـە هـەموو لایەکـەوە بە سوپا ئابـلۆقە درابـوو، بۆیـە خـەڵکی ناوچـەکە بـوون بـە دوو بەشەوە بەشێکیان ڕوویان کردە شـاخی زەردە و خۆیـان و مـنداڵیان بـەرەو سـلێمانی ڕۆیشـتن و مـاڵ و سامانیشـیان جێهێشـت و تـاڵان کـرا، ژمارەیەکیشـیان لـە ڕێگـا گـیران و ئـەنفال کران، هەروەها باس دەکات کە جاشەکانی سەر شاخی گلەزەردە و ڕێگای قەرەداغ خەڵکێکی زۆریان دەرباز کرد، بەڵام بەشی دووەمی خەڵکەکە بەناو قۆپی قەرەداغ–دا پەڕینەوە بەرەو ناوچەکانی سـەنگاو و گەرمیان پاش ناخۆشی و ماندوبونێکی زۆر دەرباز بوون، ناوبراو لە قسەکانی بـەردەوام دەبێت و دەڵێ هێرشەکان لەم قۆڵانەوە دەستی پێکرد، چەمچەماڵ، کەرکوك، دوز خورمـاتو، کفـری، کـەلار، باوەنوور، دەربەندیخان، شارەزوور، تانجەڕۆ، بەکرەجۆ و بازیـان. گـەمارۆی ناوچەکەیان داو هێرشیان کرد. لە ئەنجامدا خەڵکەکەی خڕکردەوە بە

تایبەتی لە نزیك چەمچەماڵ و ئۆردوگای زۆرەملێی کەلار و کفری-دا، ئەفسەرانی سوپا وایان لە خەڵکەکە گەیاندبوو کە بۆ ئۆردوگایان دەبەن، بەڵام کاتێ خەڵکەکە دەسگیر کران سواری زیلی سەربازی و ئۆتۆمبیلە زەوت کراوەکانی خەڵکەکە کران و بە پیر و منداڵ و ژن و زەلامەوە بەرەو قەڵا و ئۆردوگای سەربازی (تۆبزاوە) ی نزیك کەرکوك راپێچکران)) [٢٠].

شایەد حاڵێکی تری ئەنفال کردنی قەرەداغ لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی دا دەڵێ: (( ئێوارەی ٢١ی ئازار لە گوندی سێوسێنان ئاهەنگی نەورۆز سازدرا، بەڵام بۆ ئێوارەی دواتر کاتژمێر شەش، سوپای عێراق بە تۆپی قورس گوندەکەی بۆردومان کرد، پاشانیش بەبێ پشودان (٤٠) چل موشەکی راجیمەی کیمیاوی بە ناوەڕاست و دەورو بەری گوندەکەدا باراند، لە ئەنجامدا (٧٨) حەفتاو هەشت کەس شەهید و زیاتر لە(٢٠٠) دوو سەد کەسیش بریندار بوون، جگە لە کوشتنی سەدان ئاژەڵ و وێران کردنی ماڵ و شوێنی خەڵکی گوندەکە، پاشان لە (١٧) حەڤدە قۆڵەوە هێرش بۆ ناوچەکە کرا و سەرجەم ماڵ و سامانی گوندەکان بە تاڵان برا و خانوەکانیش سەرجەم روخێنران)) [٢١].

ئەو هێزانەی بەشداری ئەم شاڵاوەیان کرد لە چەند قۆڵێکەوە بەم شێوەیە هێرشیان کرد. لە سەرەتای هەر شاڵاوێك سوپا چەند شوێنێکی ستراتیژی ناوچە دەسنیشان کراوەکەی بە چەکی کیمیاوی بۆردومان دەکرد، لەبەر ئەوەی گوندی سێوسێنانیش گوندێکی ستراتیژی بوو لە ناوچەکەدا بۆیە بە شێوەیەکی زۆر خەست کیمیا باران کرا، لە هێرش و پەلاماردانی ناوچەی قەرەداغ-دا چەندان هێز بەشدار بوون لەوانە (ئوسامە بن زەید، جەحافلی بەرگری، ئەمنی سلێمانی، جاش و چەند مەفرەزەی خاسە) ئەمانە و بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی و تانك و دوو کەتیبەی تۆپی (١٧٥ و ١٣٥) ملم ، شاڵاوەکە لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی سەرپەرشتی دەکرد، کە لەم قۆڵانەوە هێرشی دەست پێکرد[٢٢]:

شوێنی خەریتە

١- قۆڵی دەربەندیخان بۆ چرچە قەڵا، شاخە زەردە، هۆمەر قەڵا، بەلەك جاڕ، تەكیە و سێوسێنان، ئەم قۆڵە بە دوو رۆژ ناوچەكەی داگیر كرد.

٢- قۆڵی دەربەندیخان بۆ كانی سارد، باوەخوشێن و سێوسێنان، ئەم قۆڵە هیچ شەڕی تێدا نەكرا.

٣- قۆڵی زەڕایەن، دیسكەرە، بالول، كانی هەنجیر، شاخی سیۆڵە بۆ سێوسێنان.

٤- قۆڵی سلێمانی، زڕگوێز، دارە رەش، ناحیەی قەرەداغ، ئەم قۆڵەش هیچ بەرەنگاریەكی تێدا نەبوو.

٥- قۆڵی ئەڵڵایی، بوو بە سێ بەش:

أ- ئەڵڵایی بۆ ئالی بزاو، هەنجیرە، بالاجۆر، شێخ مەن و دەربەند سوتاو.

ب- ئەڵڵایی بۆ هالەی سەرچاوە، خیوەتە، دێلێژە، تەنها رۆژێك شەڕی لێكرا.

ج- ئەڵڵایی بۆ قوشقایە، كانی شابە، وەرمزیار، گاوانی و بارۆیی.

٦- قۆڵی دەربەندی بازیان، راست بەسەر شاخدا تاكو سەر دەربەندی باسەرە.

٧- قۆڵی چەمچەماڵ، مەلا حسێن، دەربەند باسەڕە و ژاڵە.

٨- قۆڵی سەنگاو، هەنارە، شاخی سەگرمە، جافەران، ناحیەی قەرەداغ، تەنها چەند كاتژمێرێك شەڕی تێدا كرا. لە رۆژی ٨ی نیسان تەواوی ناوچەی قەرەداغ داگیر كرا و خاپوركرا .

پاش كیمیابارانی گوندی سێوسێنان و تەكیە لە هەمان شەو كاتژمێر (١٢) دوانزە، گوندی (دوكان) كیمیاباران كرا[٢٣]. لە رۆژانی ٢١-٢٧ی ئازار بە بەردەوامی ناوچەی قەرداغ بە كیمیاوی بۆردومان دەكرا [٢٤].محەمەد ساڵح كە خەڵكی گوندی هەنارەی سەنگاوە باسی ئەنفال كردنی خەڵكی گوندەكەی دەكات و دەڵێت: (( ئێمەیان برد بۆ ئەمنی سلێمانی و سێ هەفتە لەوێ ئازار و ئەشكەنجەیان داین، هەر شەوەی چەند كەسێكیان بانگ دەكرد و ئیفادەیان وەردەگرتن گوایە (تێكدەر و ئێرانین) و بە چەكەوە لە شەڕ گیراون، مۆری پەنجەشیان وەردەگرتن ))[٢٥].

شـێخ عەدالـەت بـەم شـێوەیە بـیرەوەری ئـەنفالی ناوچـەی قـەرەداغ دەگێڕێـتەوە: ((هێرشـەکان لـە شارۆچـکەی دەربەندیخانـەوە بـۆ گونـدی باوەخوشـێن و گونـدی دێوانە چـوو، بـەرەو ناوچەی قەرەداغ، هێرشێکیش چووە سەر چیای سولە بۆ گوندی مچە کوێر بـەرەو ناوچەکە، یەکێکیتر بۆ سەر شاخی سولیاوە بەرەو گوندی نەوتی و حەمەی کەرەم بـۆ ناوچەکە، هەروەها هێزێکیش لە ڕێگای گشتی سلێمانی قەرەداغەوە بەرەو ناوچەکە و شارۆچـکەی قـەرەداغ چـوو، لەشـکرێکیش لـە چـیای گـڵەزەردە بەرەو گوندی گەڕەدێ و باخـان ، یـەکێکی تـر لـە ڕێگـای بازیان _سلێمانی بۆ دۆڵی گاوانی و گوندەکانی گاوانی و داریکەلی بۆ گوندەکانی مەحموود ئاوا و سۆلە و دێلێژە چوو)) [٢٦].

محەمـەد تۆفیـق محەمـەد سـەرۆکی تـیرەی روغـزایی عەشـیرەتی جـاف، سەبارەت بە بەسـەرهاتی خـۆی لە ئەنفالی قەرەداغ دەگێڕێتەوە، بە چاوی خۆی ڕەوشەکەی بینیوە و دەڵێـت: ((کـاتێ کـە گیرایـن ئەفسـەرێکی سـوپا پێـی گوتـین دەتانبەین بۆ کۆمەڵگا تاکو ژیانـتان خـۆش بێـت و خـزمەتگوزاری شارسـتانیتان بـۆ دابـین بکـرێت، بـەڵام دوایـی درۆ دەرچوو، بەڵکو بۆ سەربازگەی ( قۆڕەتوو) یان بردین کە نزیکەی (٨) هەشت هەزار کەس دەبوویـن لـە ژن و مـنداڵ و پـیر و گـەنج هەمووشـی سـەر بـە عەشـیرەتەکانی روغـزایی و تـەرخانی و داودە و زەنگنە بووین، پاشان براین بۆ تۆبزاوەی نزیك کەرکوك، ئینجا لەوێ گەنجەکانیان جیا کردەوە و جلیان لەبەر داکەندن و بۆ شوێنی نادیار رەوانە کران، لەوانە (٢١) بیسـت و یـەك کەسـی نزیکم تێدا بوو، بەشی دووەمی خەڵکەکەش کە ژن و منداڵ و کچـە عازەبـەکان بوون خرانە زیندانەوە، بەڵام بەشی سێیەم کە پیرەژن و پیرەمێردەکان بـوون، لەگـەڵ هـەندێ مـنداڵ بـە زەبـری هێـز خرایـنە نـاو ئۆتۆمبیـلی گـەورەوە بـۆ نوگرەسـەلمان بـراین، کە ماوەی دوو ڕۆژ بەبێ نان و ئاو بەڕێگاوە بووین، لەوێش بە پێی زانیـاری مـن (٣٧٠٠) سـێ هـەزار و حەوت سەد کەس مردن و تەرمەکانیشیان فڕێدەدرایە دەرەوەی زیندانەکە و سەگ دەیخواردن. ناو براو بەردەوام دەبێت و دەڵێ: خاوەنی (٥٠٠ ) پێـنج سـەد سـەر مـەڕ و (٢٠) بیست وڵاخ و چەندان مانگا و ماڵ و سامانێکی زۆر بووم،

تـەنها توانیـم (٥٠٠٠) پێـنج هـەزار دینار لەگەڵ خۆم هەڵگرم و لە زیندان بۆ خۆم و خزم و کەسم خەرج کرد، لەو کەسە نزیکانەم کە ئەنفال کراون، دوو ژنم و دوو کوڕم بە ژنەکانیان و مـنداڵەکانیانەوە کـە مـنداڵی ساواشیان هەبوو، ئەمە جگە لە (٩٩) نەوەد و نۆ کەس لە خزمەکانم )) [٢٧].

شـوکریە ئـەمین حەسـەن، ئافـرەتێکی گونـدی کەرەپچـنەی لـەدایك بووی ١٩٥٥ باس دەکـات کـە لـە ٢٨ی ئـازار گوندەکـانی ناوچـەی سـەنگاو، چەمچەماڵ، بازیان، قەرەداغ، دەربـەندیخان، بـاوە نـوور، کـەلار، کفـری و دوزخورمـاتوو هێرشـیان بۆ کرا و خەڵکەکەی زۆربـەیان دەسـگیر کـران، سـوپا بـە شـۆفەڵ چـاڵێکی گـەورەی هەڵکـەند و بـە خۆڵیـش دەورەی داو خەڵکـە گیراوەکـەیان بـۆ مـاوەی شـەو و رۆژێك بێ نان و ئاو تێدا هێشتەوە، پاشان بە ئۆتۆمبیلی سەربازی رەوانەی چەمچەماڵیان کردن، لەوێ لە ناو شارەکە بەهۆی رێگـرتنی ئۆتۆمبیـلەکان لە لایەن خەڵکی شارۆچکەکە چەندان کەس لە گیراوەکان دەرباز بوون، بەڵام رژێم بۆردومانی خەڵکەکەی کرد و چەند کەسێکی شەهید و بریندار کرد [٢٨].

قـەرەداغ هێـڵێکی تـەنکی چـیا و ئەملا و ئەولاشی دەشتێکی فراوانە، کە بۆ بەرگری کـردن نـاگونجێ، لـە رۆژئـاوای دەشـتی گـەرمیان و رۆژهەڵاتیشـی تـا پێـش شاڵاوەکانی ئـەنفال چـەند گوندێکـی بـە کشـتوکاڵ دەوڵەمەند بوو، لە کۆتایی چیای قەرەداغ شاخی زەردەی بـەرزە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە حکومەتی عێراق وازی لە ناوچەکە هێنابوو، هەتا لە ساڵی ١٩٨٧ ناحیەکەشی چۆڵ کرد و خەڵکەکەی راگواست بۆ هەردوو ئۆردوگای نەسر و زەڕایەن [٢٩].

رەوشـەکە بـەم جـۆرە بـوو تـا کـار گەیشـتە ئـەوەی لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ هەشـت فـڕۆکە هـەردوو گونـدی بەلـەکجار و تـەکێیان کـیمیاباران کـرد، بـەڵام کەسـی نەکوشـت، چـونکە خەڵکەکـە دەرچووبونە دەرەوەی گوند، پاشان لە ٢٢ی مارت گوندی سێوسـێنانی (٣٥٠) سـێ سـەد وپـەنجا مـاڵی کـە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد کەسی تێدا دەژیـا، لـە ئێوارەی ئەم رۆژە بە راجیمە کیمیاباران کرا، لە ئەنجامدا (٧٨–٨٧) کەسی

گوندەکـە کـوژران، لەوانـە (١٣) سێزدە کەس لە خێزانێك کە لە (١٤) چواردە کەس پێك دەهـات سـەر خێـزانەکە نـاوی مـەهدی هادی زۆراب بوو، خەڵکی گوندی تەکێ بە هانای لێقەوماوان چوون و یارمەتیان دان، تەرمەکانیشیان ناشت، بەڵام بۆ بەیانیەکەی واتە ٢٣ ی مارت گوندی (دوکان) ی (٧٠) حەفتا ماڵی و شەوی ٢٤ی مانگیش گوندی جافەرانی ( ٤٠٠) چـوار سـەد مـاڵی بـە راجـیمە کیمیاباران کرد، لەگەڵ ئەوەدا زیانی گیانی نەبوو بە هۆی دەرچوونی خەڵکەکە لە گوند، لە ترسی ئەم جۆرە پەلامارانە [٣٠].

پـاش کـیمیاباران کـردنێکی خەسـتی گوندەکـان، لـە ٢٣ی مارت هێرشی زەمینی لە هـەموو لایـەك دەسـتی پێکـرد بـۆ ناوچەی نێوان شارۆچکەی قەرەداغ و دەربەندیخان لە لایـەن هێـزەکانی فیرقـەی (٤٣)، و خـەڵکی لـە گوندەکان دەرپەڕاند کە بۆ لای سلێمانی رایان کرد، بەڵام شاخی گڵە زەردە کۆسپێکی گەورە بوو لە بەردەم خەڵکە هەڵاتووەکە، سـەرباز و جـاش و هێـزی ناکـاویش (طـواری) تـەواوی ناوچـەکەیان تـەنی بـوو، هاوکات هەلیکۆپـتەریش بەسـەر خەڵکەکـەدا دەسوڕایەوە بۆردومـانی دەکـرد، لـە لایەکی تریش بۆردومـانی زەمیـنی خـەڵك و ئـاژەڵ و مـاڵاتی ناوچـەکەی شـپرزە کـردبوو [٣١]. تـا ئـەو کاتـەش هەڵوێسـت و سیاسەتی سوپا ئاشکرا نەبوو، چونکە بە هەندێ خەڵکیان گوتبوو هیچـتان بەسـەر نایـە و بـڕۆن بـۆ شارەکان، هەرچەندە پاشان (ئەمن) شاری سلێمانی و ئۆردوگاکانی نەسر و زەڕایەنی پشکنی  لە دوای خەڵکە راکردووەکە و هەندێکی دەسگیر کردن [٣٢].

لـە رۆژی پێـنجەمی شاڵاوەکەوە سوپا دەستی کرد بە گرتنی خەڵکە دەربازبووەکەی گوندی سێوسێنان و لە خاڵی پشکنینی قەرەداغ-سلێمانی (٢٥-٣٠) کەسی لێ دەسگیر کـردن، بـەڵام کۆمـەڵێك لـە پیرو پەککەوتەکان بە یارمەتی جاشەکان توانیان دەرباز بن، ئەم شاڵاوی گرتنە خەڵکی زۆربەی ناوچەکەی گرتەوە[٣٣].

کـاتێ عارەبانەیـەکی تراکـتۆری پـڕ لـە گـەنم لـە خـاڵی پشکنینی قەرەداغ-سلێمانی وەرگـەڕا کومـەڵێك کلاشینکۆف کەوتنە بەرچاو، سوپاش یەکسەر دەستی کرد بە گرتنی

ئـەو خەڵکـە زۆرەی کـە لـەوێ کۆبووبونـەوە، ئاگـاداری گشـت یەکە سەربازیەکانیش کرا خـەڵك بگـرن، گیراوانـی خـاڵی پشـکنینەکە بە ئیڤا رەوانەی بارەگای هێزی ناکاوی چوار باغ کران لە سلێمانی، لەوێش ناونوسیان دەکردن، ناسنامە و شت و کەلوپەلی بەنرخیان لێدەسەندن، پاش ئەو کارە ئەو گەنجەی لە تەمەنی سەربازی بوون بە چاو بەستراوی بۆ شـوێنی نادیـار گواسـترانەوە، خەڵکەکەی تریش پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد بە (تێکدەر) ناونوسـکران، ئیـنجا پـاش سـێ هەفـتە بـە پـاس و کۆسـتەر بـۆ تۆبـزاوەی لای کەرکوك گواسـترانەوە. بـە قسـەی جوتیـارێکی گونـدی تەکیـە (٥٠٠) پێنج سەد کەسێك لە خاڵی پشکنینەکە دەرباز بوون و جاشەکان رێیان پێدابوون بۆ چیاکان رابکەن [٣٤].

بـۆ هێـنانەوەی بەڵگـە سـەبارەت بـە شـونبزر کـردنی گەنجـەکان، لـە ئـەنجامی چـاوپێکەتنەکانی MEW لەگـەڵ خـەڵکی دەربـازبووی گوندەکـانی ناوچـەی قـەرەداغ، دەرکـەوتووە کـە ئـەو گەنجانەی لە تەمەنی سەربازیدا بوون شونبزر کران، بۆ نموونە لە گوندی سەکۆ (٩) نۆ کەس، تەکێ (٤) چوار کەس، بەلەگجاڕ (٤) چوار کەس، بەردێ (٣ ) کـەس، کۆشـك (٣) سـێ کـەس، دۆڵانی خواروو (٢) دوو کەس، دێوانە (٣) سێ کەس، مچە کوێر (٩) نۆ کەس و چەمی سمۆر (٥) پێنج کەس. بەم جۆرە لە تەواوی گوندەکانی ناوچـەی قـەرەداغ کـە (٨٠) هەشـتا گونـدە، مـەزەندە دەکـرێ چـەند سـەد گـەنجێك لە شـاڵاوی ئـەنفالی دوو شـونبزر کـرابن ، هەروەها سەدان کەسی تریش کە بەرەو گەرمیان رایانکرد بێسەروشوێن کراون [٣٥] .

## راکردنی خەڵکی ناوچەی قەرەداغ بۆ گەرمیانی خواروو:

کـاتێ سـوپا شـاڵاوی بـرد بـۆ ناوچـەی قـەرەداغ، خەڵکەکـەی بە دوو لادا رایان کرد، هـەندێکیان بەرەو باکوور بۆ سلێمانی و ئۆردوگاکان، کە تاڕادەیەك بێ زیان بوون، بەڵام ئـەو کۆمەڵـەی بـەرەو خـوارووی گـەرمیان رایـان کرد، رێژەیەکی زۆریان دەسگیر کران و شونبزر کران.

سەبارەت بە شونبزر کردن و بێسەروشوێن کردنی خەڵکی ناوچەکان جیاوازی بەرچاو

هەیـە لـە مـەڕ چـارەنووس و ژمارەیان. لە پاش ئەنفالی یەك ئەو گەنجانەی تەمەنیان لە هـەڕەتی هـەرزەکاری و بەسـەرەوەتر بـوو لە لایەن سوپاوە دەگیران و شونبزر دەکران، کـە لـە هـەموو ناوچـە بەرکـەوتووەکانی ئـەنفال لـە کوردسـتان ئـەم شـێوازە دووبـارە دەکرایەوە. بەڵام ئەو ژمارە زۆرەی ژن و منداڵ کە بەرەو خوارووی گەرمیان رایان کرد، راپێچ کران و بێسەرو شوێن کران  لە لایەن سوپای عیراقەوە، (٤٧) چل و حەوت کەسی گونـدی مەسـۆیی لـە نـزیك کـەلار گـیران و شونبزر کران کە زۆربەیان منداڵی ساوا بوون، هەروەها زۆربەی خەڵکی گوندی شێخ تەوێل، کە (٧٩) کەسیان لە نێوان دەربەندیخان و کـەلار گـیران و شـونبزر کـران، خەڵکی گوندی هۆمەر قەڵاش هەمان چارەنوسیان تووش هات، جگە لەمانەش (٥٠٠) پێنج سەد کەسی تر لە ناوچەکە بە ناچاری خۆیان دا دەست سوپا و پاشان شونبزر کران [٣٦].

گونـدی عـەلیاوا کـە بـە (بەڵخەی خوارووی) ناسراوە، خەڵکەکەی بە کشتوکاڵی گەنم و توتن، هەروەها مەڕداری بەناوبانگن، کاتێ بەرەو خوارووی گەرمیان رایان کرد، لەوێ لە ١٥ی نیسان دەسگیر کران و شونبزر کران، ژمارەی ئەنفال کراوەکانیان (٣٢) سی و دوو کەس بوو کە تەمەنیان لە نێوان (٣–٥٢) ساڵ بوو[٣٧].

پیـاوێك بـە نـاوی محەمـەد حەسـەن حسـێن کـە خـەڵکی گونـدی تەکیـەی ناوچـەی قەرەداغـە، دەڵـێ: ((لەبـەر نـەبوونی زانیـاری لەسـەر شـوێنی دوژمـن و هێرشـەکەی، ژمارەیـەکی زۆری خـەڵکی ناوچـەکەمان ئەنفال کران، هەروەها ئەو شەپۆلە خەڵکەی کە مـن لەگـەڵیان گـیرام ژمـارەی دەگەیشـتە (٢٠٠٠) دوو هـەزار کـەس، یەکسـەر رەوانـەی (ئـەمنی سلێمانی) کراین، هـەر (٣٠) سـی کـەس و لـە ژورێك پەستراین و دەست کرا بە لێدان و ئەشـکەنجەدان، هەرچـی لەگـەڵ خۆشمـان هێـنا بـوو لێیـان سـەندین، پاشـان گەنجـەکانیان جیـا کـردەوە و روتیـان کـردنەوە، ئیـنجا دوو دوو کەلەپچەیان کردن و بە ئۆتۆمبیل بۆ شوێنی نادیار رەوانە کران))[٣٨].

لـە بڵاوکراوەیەکی بەشی راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك)، ناوی (٦٦) شەست

و شەش کوژراوی تەمەن (١-٥٩)ساڵی هاتووە، کە خەڵکی گوندەکانی ناوچەی قەرەداغن و لە شەوی ٢٩/٢٨ ی ئازار بەر هێرشی کیمیاباران کەوتوون، ئەم ژمارەیە بەشێکە لەو ژن و منداڵ و پیر و گەنجە بەر کەوتووەی ناوچەکە [٣٩].

ئەنفالی دوو لە ٢٢ی ئازار دەستی پێکردوە و لە ١ی نیسان کۆتایی بە شاڵاوەکە هات و سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە ٢ی هەمان مانگ بەیانی ژمارە (٣١٠٩) ی بڵاو کردەوە، کە تێیدا باسی پاککردنەوەی تەواوی ناوچەی قەرەداغ دەکات لە (خیانەتکاران) و تێکدانی بنکەکانیان لە تەکیە، بەلەکجاڕ، میولی، بانی مورد، چرچەقەڵا، بەلەکان، دەربەند فەقیرە، قەرەداغ، ئۆقلا، جافەران، بوخشێن و سێوسێنان، هەروەها گشت ناوچەکانی زەردە، کلۆش، بێرکێ، کلاو جمعە، بەخشی، دەربەند باسەرە، سەگرمە، قۆپی قەرەداغ و ئەچداغ [٤٠].

ئەمە باسی ئەنفالی دوو بوو کە بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ و ئەو گوند و شوێنانە کرا و وێرانی کرد، لەگەڵ ئاماژە کردن بە بەشێك لە قوربانی و زیانی گوندنشینەکان.

### شاڵاوی سێیەم (ئەنفالی سێ)/ ٧-٢٠ی نیسانی ١٩٨٨

گەرمیان دەشتێکی فراوانە و هاوسنوورە لەگەڵ ناوچە عەرەب نشینەکانی عێراق، لە ڕۆژئاوا ڕێگای دوزخورماتو کەرکوك، لە باکوورەوە ڕێگای کەرکوك چەمچەماڵ، لە ڕۆژ هەڵاتیش چیاکانی قەرەداغە و لە باشووریشەوە هەر سێ شارۆچکەی کەلار و کفری و پێبازە، هەروەها ناحیەی قادر کەرەم چەقی جوگرافیەتی [٤١].

سوپای عێراق کاتی هێرش کردنە سەر ناوچەکانی گەرمیان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە پێویست نەزانی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیر بکەین دەبینین لە کاتی شاڵاوی ئەنفال بۆ ئەم ناوچەیە نەخشە و پلانی سوپای عێراق لە پەلامارەکانی تر جیا دەکرێتەوە بە هەندێك وردەکاری، چونکە سەعات بە سەعات بارودۆخی شاڵاوەکە بۆ گەورە ئەفسەرانی سوپا دەخرا روو، بە هۆی سی و سێ بروسکەی ((نهێنی و بەپەلە)) ی ئیستخباراتی سەربازی، باس لە نزیکەی (١٢٠) سەدو بیست گوندی ناوچەکە دەکەن

کە (گیراون و تێکدراون) یان (سوتێنراون و وێران کراون). نەخشەی پەلاماری سوپا، خەڵکەکەی وا لێ کرد تەنها یەك رێگایان هەبێ بۆ دەرچوون تاکو لە شوێنێکی دیاریکراو کۆببنەوە و لەوێ گەمارۆیان بدەن و دەسگیریان بکەن [٤٢].

هێزی ئامادەکراوی رژێم لە یەك کاتدا لە هەر چوار لاوە هێرشی زەمینی و ئاسمانی دەست پێکرد بۆ ناوچەکانی گەرمیان، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە پلان و نەخشەی پەلامارەکان ئەنجام دەدران لە ناوچەکاندا.

**پلانی پەلاماری دوزخوماتوو**:

لە بەرە بەیانی ٧ی نیسان یەکە سەربازی و فەوجە سوکەکان لە دوز خورماتوو دەرچوون، پاش دوو رۆژ ئینجا یەکە سەربازیەکانی تر لە کەرکوك و لەیلان و چەمچەماڵ و سەنگاوەوە بەرەو قادر کەرەم هێرشیان برد، ئەو هێزەی لە دوز خورماتوو دەرچوو، بوو بە سێ بەش:

١- لە شارۆچکەی نەوجول بەرەو چەمی ئاوەسپی.

٢- هێزێکی گەورەتر بە دەم چەم دا رۆیشت، کە پێکهاتبوو لە لیوای (٦٥)ی هێزی تایبەت و دوو فەوجی بەرگری نیشتمانی، یەکێ لەو فەوجانە کە فەوجی (٢٥) بوو ئەرکەکەی جێبەجێ نەکرد، بە گوێرەی بروسکەی ژمارە (١٠٣٤٠)ی ئیستخباراتی دوز خورماتوو کە لە ١٠ی نیسان دەرچووە. هێزەکە رایگەیاند پاش شەڕێکی توند (١٧) حەڤدە گوندی وێران کردوە، لەوانە گوندی وارنێ ئاگری تێبەر دراو خەڵکەکەشی راپێچ کرا و شونبزر کران، ماڵ و ئاژەڵەکانیشیان بە تالان بردن، ئەوانەی دەربازیش بوون لە گوندەکە لە یەکەم رۆژی رەمەزان واتە ١٧ی نیسان ئابلۆقە دران و ناچار کران کە خۆ بەدەستەوە بدەن، پاشان خرانە ناو ئیڤای سەربازی و ئیتر نەبینرانەوە، لیستێك بە ناوی (١٠٢) سەد و دوو کەسی ئەو گوندە ئامادە کراوە کە شونبزر کراون، زۆربەیان ژن و منداڵن[٤٣].

٣- ئەو هێزە هاوبەشە پەلاماری تازەشاری دا، کە گوندێکی ستراتیژی گرنگ بوو،

بـە هۆی هەڵکەوتنی لەسەر ڕێگای نێوان قادر کەرەم و دوز خورماتوو، لەم پەلامارەدا لە ٩ی مـانگ، سـوپا ئـەم گوندانـەی وێـران کـرد و خەڵکەکەشـی شونبزر کرد، کانی قادری سـەروو و خـواروو، ئـاوایی شـێخ حـەمید کە پتر لە (٨٠) هەشتا پیاوی شونبزر کراوە لە کۆی (٨٥) هەشـتاو پێـنج خێـزان. هەروەها پاش وێران کردنی تازەشار سوپا کۆمەڵێك گونـدی تری وێران کرد و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەشی شونبزر کرد، لەوانە گوندی کـەریم بەسـام پـتر لە (٢٥) بیست و پێنج کەس و گوندی عەزیز بەگ (٩٢) نەوەد و دوو کەس کە بە زۆری ژن و منداڵ بوون [٤٤]. چەند شایەد حاڵێك باس لە وێران کردن و تاڵان کـردنی مـاڵ و سـامانی ناوچەی گەرمیان و شونبزر کردنی خەڵکەکەی دەکەن. (حسێن) خـەڵکی گونـدی عەزیـز بـەگی ناحیـەی قـادر کەرەمـە، دەگێڕێـتەوە کـە لـە ١٠ی نیسان گوندەکـەیان بـەر شـاڵاوی ئەنفال کەوت و (٩٣) نەوەد و سێ کەسی شونبزر کرا، لەوانە تـەواوی ئـەندامانی خێزانەکەی کە لە (١٢) دوانزە کەس پێکهاتبوو، تەواوی مەڕ و ماڵات و ماڵیـان تـاڵان کـرا و گوندەکەشـیان سوتێنرا. هەروەها شاخەوان عومەر سابیر لە دایك بـووی سـاڵی ١٩٨١ی گونـدی شـێخ حـەمیدی قـەزای دوزخورمـاتوو، دەگێڕێـتەوە کە لە کـاتی هێرشـەکە خـەڵکی گوندەکـەیان بـەرەو قـادر کـەرەم رایـان کرد، پاشان زۆربەیان دەسـگیر کـران و شـونبزر کـران، کـە ماڵـە مـامێکی تەنها یەك کەسیان دەرباز بووە[٤٥]. ڕێکخـراوی MEW لـە سـاڵی ١٩٩٢ لـە چـاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئافرەتێکی هەمان گوند، گەیشـتۆتە ئـەو رایـە کـە پـاش گـرتنی خەڵکەکـە، ژن و پیـاو لە یەکتر جیا کراونەتەوە، ئیـنجا پیاوەکـان بـۆ شـوێنی نادیـار گواسـتراونەتەوە، دواتـریش بـە هـەمان شـێوە ژن ومنداڵەکانیان [٤٦].

**نەخشە و پلان بۆ سەر قادر کەرەم و باکووری گەرمیان**: (بڕوانە نەخشەی ((٤)))

سـوپای سـەربازی لـە ١٠ی نیسـان بـە سەرپەرشـتی عـەمیدی هێـزی تایبـەت (بـارق عـەبدوڵلا حـاجی حنتە) ی فەرماندەی گشتی شاڵاوی ئەنفالی گەرمیان، هێزێکی لە ڕێگا سـەرەکیەکەی نێـوان کـەرکوك–چەمچـەماڵ بـە ناوچـەکەدا بـڵاو کـردەوە، کە پێشتر لە

ساڵی ١٩٨٧ ئـەم ناوچـەیە وێـران کـرابوو و خەڵکەکەشـی راگوێـزرابوونە ئۆردوگـا زۆرەملێکان، هـەر بۆیـەش هیـچ بەرگریەك نەهاتـە پێش رێـڕەوەکەی سـوپا، لـە ١١ی مـانگیش هێـزێکی تـر لـە قـادر کەرەمـەوە هێرشـی بـرد بـۆ گونـدی ئیـبراهیم غولامـی عەشـیرەتی زەنگەنـە، خـەڵکی ئـەو گونـدە خۆیـان حەشـار دابـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا ژمارەیـەکی زۆریـان لە ناچاری خۆیان بەدەستەوەدا و شونبزر کران، بە پێی لیستێك کە دراوە بـە MEW (٥١) پـەنجا و یـەك پیاویـان شـونبزر کـراوە، عەشـیرەتی زەنگەنـە و جـەباری بـەر کوشـندەترین زەبـری شـاڵاوی ئـەنفالی گـەرمیان کەوتن [٤٧]. ئەم ناوچەیە لەبـەر ئـەوەی شـوێنێکی سـتراتیژی گـرنگی هـەبوو سەبارەت بە شۆڕشی کورد، چونکە هێـزی پێشمەرگە لەوێوە چالاکی ئەنجام دەدا و ناوچەکە نزیك شاری کەرکوکی بایەخدار بوو، هەر بۆیە رژێمی عێراق زۆر دڕندانە خەڵکی ئەم ناوچەیەی دەسگیر کرد و شونبزری کردن، بەبێ جیاوازی لە نێوان گەورە و بچوك و، نێر و مێ.

بـە پێـی ئامارێك ناوچەی جەباری (٥٣٩) پێنج سەدو سی و نۆ کەسی ئەنفال کراوە، کە لە ٩ی نیسان هێرشی کرایە سەر[٤٨].

ناوچـەی عەشـیرەتی زەنگەنـە سنوورێکی بەرچاو لە گەرمیان پێك دێنێ و دەکەوێتە نێـوان جـاف و جـەباری و داودە و گـلەوە، ئاوەسـپیش بە ناوەڕاستی دێیەکانی ناوچەی زەنگەنـەدا گـوزەر دەکـا و دەیکاتـە دوو بەشـەوە[٤٩]. لـە نیسـانی ١٩٨٨ (١٢) دوانـزە گونـدی ئـەم عەشیرەتە لە رۆژهەڵاتی قادر کەرەم و هەندێ گوندی عەشیرەتی جەباریش لە باکوور، کەوتنە بەر پەلاماری ئەو هێزەی کە لە چەمچەماڵ و سەنگاوەوە دەرچوبوو، یـەکێ لـەو گوندانـەی وێـران کـران لـەم ناوچـەیەدا، گونـدی تاوێـر بەرز بوو کە گوندێکی بچـوکی جـەباری–یە خەڵکە دەسگیر کراوەکەی بۆ لەیلان بران، خەڵکی گوندی مەحمود پەریـزادی (٢٥) بیسـت و پێـنج مـاڵیش بـۆ چەمچـەماڵ راپێـچ کران و پاش تاڵان کردنی گشت ماڵ و سامانەکەشیان سەرجەم خانوەکانیشیان سوتێنرا [٥٠].

خـەڵکی ئـەم ناوچـانە، واتـە جەباری و زەنگەنە، ژمارەیەکی زۆریان شونبزر کران لە

لایـەن سوپای عێـراقەوە، مـاڵ و سامانیشـیان تاڵان کرا، تەنها لە چەند حاڵەتێکی کەم هـەندێ خـەڵك دەربـاز بـوون، ئـەویش بـە ئاگـادار کـردنەوە یـاخود یارمـەتی هـەندێ لە کەسوکاریان کـە لـە ریـزی جاشـەکانی ناوچـەکە بـوون، وەك ئـەوەی لـە گوندی هەنارە بەرچـاو دەکـەوێت کـە لـە گوندەکـانی تـر کـەمتر توشی مەینەتی شاڵاوی ئەنفال بوونە. هەرچـەندە (١٧) حـەڤدە گـەنجی ئـەم گونـدە کـە ئـیمامی گوندەکـەش لـە نێویاندا بوو شـونبزر کران، لەگەڵ (٢٦) بیست وشەش کەسی خێزانێکی گوندی گۆلەمە، هەروەها ( ٤١) چـل و یـەك کەسـی بانگۆڵ، جگە لە چەند کەسێکی قەیتەوان و گەڕاویی دەوڵەمەند بـە بـاخ و بێسـتان، لـە گونـدی قەیتولیش (٦٠) شەست کەس هەمان چارەنوسیان توش هـات. بـەڵام سـەبارەت بـە گونـدی قیرچـەی (١٠٠) سـەد ماڵی، بەیانیەکی زوو لە لایەن سـوپاوە پـەلامار درا، کـە خەڵکەکـەی هێشـتا لـە خـەو هەڵنەستا بوون، یەکسەر هەموو خەڵکی گوندەکەیان لە شوێنێك کۆکردەوە و پیاوەکانیان بە ئیڤا گواستەوە، پاشان مەڕ و ماڵاتەکانیشـیان بـە کۆمـەڵێك ئیڤـای تـر گواسـتەوە، ئیـنجا ژن و مـنداڵ و پیرەکانیان رەوانـە کرد بۆ کەمپی چارەنوسساز، (٦٠) شەست کەسی ئەم گوندە ناویان تۆمارکراوە لە شونبزرەکان، کە زۆربەیان نێرینەی کەمتر لە (٤٠) چل ساڵیە[٥١].

ژنێکـی دەربـاز بـووی گونـدی قیرچـە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ MEW، دەڵێت: ((من خەفـەت بـۆ ئـەو ئافـرەتە گەنجانە دەخۆم، چونکە نازانین چییان بەسەر هاتووە، ئەوان زۆر زۆر جـوان بوون، باشە چ گوناهێکیان هەبوو ؟))، بەسەر هاتی ئەم ئافرەتانە نهێنی و مەرامەکانی پەلاماری ئەنفال دەخاتە گومانەوە[٥٢].

لــە ئامــارێکدا کــە لــە(١٤) چــواردە گونــدی ناوچــەی زەنگەنــە ئــەنجام دراوە، قوربانیـەکانیان بـەم شـێوەیە بـوو، لـە کـۆی (٣٣٩) سـێ سـەد و سـی نـۆ ماڵ لە پێش شاڵاوەکان، (٧٩٥ ) حەوت سەدو نەوەدو پێنج کەسیان ئەنفال کراوە، کە (٢٥) بیست و پێنج ماڵ بە تەواوی لەناو چوونە [٥٣].

**پلان و نەخشەی پەلاماری سەنگاو و باشووری گەرمیان**: (بڕوانە نەخشەی ((٥)))

سوپا لە هەموو ناوچەکان خەریکی هێرش و وێران کردنی گوند و دەسگیر کردنی گوندنشینەکان بوو. شالآوی ئەنفالی سێ زۆرترین ژمارەی گوندی لە ناوچەکانی گەرمیان وێران کرد و ڕێژەیەکی زۆری خەڵکەکەشی شونبزر کرد، بەبێ گوێدانە رەگەز و تەمەنی دانیشتوان. تەنها لە ڕۆژی ١٤ی نیساندا لە هەردوو گوندی ملە سوورە و کوڵە جۆی حاجی حەمەجان لە یەك کاتدا زۆرترین ژمارەی خەڵکی ناوچەکە کۆکرانەوەو دەسگیر کران و شونبزرکران بە ژن و منداڵ و پیر و گەنجەوە، هەر بۆیەش ئەم ڕۆژە لە هەموو ساڵێك کراوەتە ڕۆژی یاد کردنەوەی کارەساتی ئەنفال لە کوردستان.

ناوچەی سەنگاو (٩٣) نەوەد وسێ گوندی لە خۆ گرتووە، (٨٥) هەشتاو پێنجیان لە پێش شالآوەکان (١٨) هەژدە هەزار کەسی تیا دەژیا، کە زۆربەیان لە شالآوەکان تیا چوون، کە چەندان خێزان بە تەواوی لەناو چوون، وەك خێزانی شێخ رەشیدی گوندی قەلا کە لە (١٠) دە کەس پێك هاتبوو [٥٤]. هەندێك لەو گوندانەی ناوچەی سەنگاو کە بە سەختی بەر شالآوی ئەنفالی سێ کەوتن و زۆربەی دانیشتوانەکەیان شونبزر کران، وەك گوندەکانی (دەرەوار، بانە مورد، پێنج ئەنگوستی حاجی محەمەد ئاغا، پێنج ئەنگوستی شێخ مستەفا، هەنجیرە، سێگۆمەتان، کێڵە بەرزە، دەرزیلە، قەلاگە و دار بەڕوو)، کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی ئەم گوندانە دەسگیر کران و بۆ چەمچەماڵ بران [٥٥].

سەبارەت بە باشووری گەرمیانیش، کە نزیکی ناوچە تەعریب کراوەکانی دیالەیە، لە ٩ی نیسان بە چەند رەتلێك لە کفری و کەلار و پێباز و پونگەلە بۆی چوون، هەر وەك چۆن لە باکووری گەرمیان لە هەر چوار لا هێرشی کرد، لەوێش بە هەمان شێوە پەلاماری گوندەکانی داو خەڵکەکەی دەسگیر کرد، ئەو رەتلەی لە کفری دەرچوو، پەلاماری گوندی ئۆمەربلی داو خەڵکەکەی لە دەرەوەی گوند دەسگیر کرد و بە ئیڤا رایگواستن بۆ کەمپی لێك جیاکردنەوە، ئەم پەلامارە بە فەرماندەی لیوا سامی بوو کە سەر بە فەیلەقی یەکی سوپای عێراقە.

شوینی خەریتەی (٤)

خەریتە (٥)

لە ١٠ی مانگ (٢٠) بیست گوندی ناوچەکە بە جارێك تەخت کران، لەوانە گوندی چوار شالاّ و گوندی توکن، هەروەها گوندی عەلیانی تازەی (٢٠) بیست ماڵی خەڵکەکەی بەرەو بارەگای فیرقەی پیادەی (٢١) لە قۆرەتوو راپێچ کران، هەرچەندە سێ رۆژ پێشتر بەرەو گوندی میل قاسم رایان کردبوو. لە ١١ی مانگیش هێزێکی تر هەرسێ گوندی دوڕاجی و بەلەگەی گەورەو بچوکی داوەرەی وێران کرد و خەڵکی گوندی دوڕاجی راپێچی لای فیرقەی (٢١) کران(٥٦).

هەردوو ناوچەی داودە و بناری گڵ، لە کارەساتی ئەنفال لەناوچە هەرە زەرەر مەندەکان بوون، لە رووی مرۆیی و بنەما و پێکهاتەی ئابووری خێزانەکانیان، داودە سەر بە ناحیەی نەوجولی قەزای دوزە و بناری گلیش سەر بە قادر کەرەمی قەزای چەمچەماڵە(٥٧). یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەنفالی سێ لە ناوچەی داودە، شونبزر کردنی ژمارەیەکی زۆری منداڵی ناوچەی عەشیرەتی داودە بوو (٥٨). لە راستیدا لە زۆربەی شالاّوەکاندا منداڵیش شونبزر کراون بەلاّم وەك ئەو رێژەیە نەبووە کە لەم ناوچەیە بەرچاو دەکەوێت.

لە ٩ی نیسان لە کەلارەوە هێزێك هێرشی برد بۆ هەردوو گوندی تێلەکۆی سەروو و خواروو، لە ١١ی مانگ لەگەڵ کۆمەڵێك گوندی بچوکتری ناوچەکە وێران کران، کە سەر بە تیرەی روغزایی هۆزی جافن، تیرەی روغزایی زیاتر لە سەد گوندی لەم ناوچەیە هەبوو، کە هەموویان لە پەلامارەکە خاپور کران، لەوانە گوندی بەراوگەل، دانیشتوانەکەی ئاوارەی گوندی کوڵەجۆی (٤٥) چل و پێنج ماڵی بوون، لە ١٣ی مانگ هێزەکە گەیشتە کوڵەجۆ، بە پێی بروسکەی ژمارە (١٠٦٨٧) ی ئیستخباراتی کەلار، هەرچەندە لە تەپە سەوز توشی شەڕ بوو، پێش ئەوەی ئەو هێزە بگاتە کوڵەجۆ، خەڵکەکە بە هەندێ کەل و پەلەوە سواری تراکتۆرەکانیان بوون و بەرەو کۆمەڵگای سمود رۆیشتن لەگەڵ ئاوارەکانی گوندی بەراوگەل، بەلاّم لەبەر ئەوەی تەنها رێگای نێوان کفری و کەلار مابووەوە، بەناچاری رووە و گوندی ملەسوورە چون، هێزەکەش

گەیشتە گوندی کوڵەجۆ و روخاندی پاشان پێشڕەوی کرد بۆ هەواره بەرزه بە کۆمەڵێك بلدۆزەر و ئۆتۆمبیلی بەتاڵ، لە ١٧ی مانگدا ئەوێشی وێران کرد لەگەڵ گوندی کونەکۆتری (٦) شەش ماڵی هەرچەندە ئەفسەرێکی سوپا بە خەڵکی ئەو گوندەی گوتبوو هیچیان بەسەر نایە، تەنها بۆ کۆمەڵگا رادەگوێزرێن، بەڵام دوایی (٣٤) سی و چوار کەسیان شونبزر کرا[٥٩].

ئەو رەتلە سەربازەی لە کەلارەوە هێرشیان کرد لە ١٥ی نیسان گەیشتنە کۆتایی ناوچەی کردارەکەیان، کە گوندی قولیجانی نزیك ئاوەسپی بوو. خەڵکی ناوچەکە دوو رۆژ لە گوندی ملەسووره بە سەرباز دەوریان گیرابوو، کە خەڵکێکی یەکجار زۆر بوو، وەك رۆژی (حەشر وابوو)، رۆژی سێیەم سەربازەکان خەڵکەکەیان راپێچی ناو ئیڤا و ئۆتۆمبیل و تراکتۆری گوندنشینەکان کرد بۆ گواستنەوەیان بۆ قەڵای قۆرەتوو، ئەم قەڵا سەربازیە کۆنترۆڵی لە ژێر دەستی ئیستخباراتدا بوو بە پێی فەرمانی ژماره (٢٩٧) کە ١٥ی مارتی ١٩٨٨ لە سکرتاریەتی نوسینگەی باکووری حیزبی بەعس دەرچوو بوو[٦٠].

هێزەکەی کفری و کەلار بە ماوەی (١٠) دە رۆژ گوندەکانی ناوچەکەیان وێران کرد، کە تەواوی ئەرکی سەر شانیان بوو لە ئەنفالی سێدا، لە رۆژهەڵاتیش هێزەکانی پێباز و پونگەلە راپۆرتیان دابوو کە کارەکەیان ئەنجام داوە، پاش ئەوەی هێزەکەی پێباز توشی بەرگریەکی توند هات لە لایەن پێشمەرگەی ناوچەکە لە هەردوو گوندی سۆفی رەحیم و عەلی وەسمان و ناچار داوای هێزی تری کرد، ئینجا دوای دوو رۆژ توانی گوندەکان بگرێت، ئەم هێزە دوای خاپور کردنی (١٤) چوارده گوند گەڕایەوە بارەگاکەی خۆی[٦١]. بەڵام هێزەکەی پونگەلە تەگەرەیەکی یەکجار گەورەی هاتە پێش کاتێ هێرشی کردە سەر گوندی شێخ تەوێل هەرچەندە تانك و تۆپی قورس و فڕۆکە و کۆپتەری موشەك هاوێژیش یارمەتیان دەدا، پاش پێنج رۆژ لە ١٤ی مانگ فەرماندەی هێزەکە رایگەیاند کە توانی ئەو (٥٠) پەنجا پێشمەرگەیە بشکێنێ کە بەرگریان لە گوندەکە دەکرد و هەردوو گوندی شێخ تەوێل و بێستانەشی تێکدا، بە پێی بروسکەی

ئیستخباراتی فەیلەقی دوو ژمارە(١١٣٨٦) لە ٢١ی نیسان ئەم هێزەش کارەکانی تەواو کرد و گەڕایەوە شوێنی خۆی . بەم جۆرە هێزە هێرش بەرەکان تا قوڵایی ناوچەکانی گەرمیان چوون و خەڵکەکەیان خڕکردەوە، بە تایبەتی لە گوندی فەقێ مستەفا، لەوێش سوپا دەوری گرتن و بە ئۆتۆمبیلی سەربازی رەوانەی کەمپەکانی کردن. بەشێکی خەڵکەکەش پاش ناخۆشیەکی زۆر توانیان بەناو شاخەکانی قەرەداغ رابکەن بەرەو باکوور [٦٢].

شاڵاوی ئەنفالی سێ لە گەرمیان، گەورەترین و بەرفراوانترین هێرش و پەلامار بوو لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەر کوردستان، هەموو ناوچەکانی دوز، قادر کەرەم، کەلار، کفری، چەمچەماڵ، تێلەکۆ، پێباز، سەنگاو، تەکیە و بەشێك لە ناوچەی ئاغجەلەری راماڵی و زیانێکی یەکجار گەورەی گیانی و ماڵی بە دانیشتوانی نزیکەی (٥٠٠) پێنج سەد گوندی ئەم ناوچانە گەیاند[٦٣]، کە پتر لە (٣٠) سی هەزار ژن و منداڵ و پیر و گەنجی بێ سەر و شوێن کرد[٦٤]. سەرەڕای شونبزر کردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی ناوچەکان و تاڵان کردنی ماڵ و سامانیان، چوار ناحیەشی وێران کرد، تەنها بە یەك رۆژ لە ١٤ی نیسانی ١٩٨٨ نزیکەی (٢٠) بیست هەزار ژن و منداڵ و پیاوی لە هەردوو گوندی کوڵەجۆ و ملەسوورە کۆکردەوە و بۆ قۆرەتووی رەوانە کردن، پاشانیش شونبزری کردن کە بە پێی قسەی سەربازێکی پێشوی عێراق تاکو راپەڕینی ١٩٩١ جل و بەرگ و پاشماوەی ئەو خەڵکە لە قەڵا سەربازیەکەی قۆرەتوو مابوو[٦٥]. هۆی زۆر گیرانی خەڵکی گەرمیان ئەوەبوو پارێزگای سلێمانی بەهۆی قایمقامیەتی چەمچەماڵ و بەرێگای مستەشارەکان پڕوپاگەندەی زۆریان کرد کە حکومەت هەر خێزانەی (٣٠٠م٢) زەوی دەداتێ لەگەڵ (قەرزی عەقاری)، ئەمە وای کرد خەڵك هێور بێتەوەو رانەکەن بۆیە بەزۆری گیران[٦٦].

لە ئەنجامی شاڵاوی ئەنفالی سێدا، سەرجەم گوندەکانی ناوچەی گەرمیان تەخت کران و سوتێنران، تەنها لە قەزای چەمچەماڵ (٢٨٠) دوو سەد و هەشتا گوند وێران کرا، (٩٠٪) ی مەڕ و بزن و مانگا و پەلەوەری گوندەکان و زۆربەی ئۆتۆمبیل و تراکتۆر و

دەڕاسە و کەرەستەی تری خەڵکەکە لە لایەن پیاوەکانی رژێم بە تاڵان برا، ئەمە جگە لە دەیان هەزار دۆنم لە زەوی چێنراو بە گەنم و جۆ و نیسك و نۆك، هەزاران دۆنمیش لە بەروبومی تەماتە و بامیە و باینجان و ترێ و هەنجیر و قەیسی، روبەرێکی بەرچاویش لە بەروبومی سەوزەی هەمە جۆر و شتی تر، ئەمانە هەمووی کەوتە بەر دەستی سوپا و بە تاڵان برا، هەندێکیش سوتێنران ، هەڵبەت ناوچەکانی گەرمیان بەشێکی گرنگی ژێرخانی ئابووریی هەردوو پارێزگای کەرکوك و سلێمانی پێك دەهێنا، بە لەناوبردنی ئەم ناوچەیە، لە لایەك بێکاریەکی زۆری دروست کرد و چەندان پیشەی توشی لەناو بردن کرد کە تایبەت بوون بە ناوچەکە، لە لایەکی تریش خەڵکی ئەم پارێزگایانە و کوردستانی بێبەش کرد لەم بەرهەم و بەروبومانە.

یاداشتێکی بەرەی کوردستانی، بە لیستێك قوربانیانی ئەنفالی گوندەکانی هەردوو پارێزگای کەرکوك و سلێمانی، بۆ لیژنەی مافی مرۆڤی (UN) کردووە لە ٢٤ی شوباتی ١٩٨٩ ، کە تەنها لە هەردوو مانگی ئازار و نیسانی ١٩٨٨ زیانەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- (٧٢٨) حەوت سەد و بیست و هەشت گوند و شارۆچکە وێران کراون.

٢- (٤٠) چل هەزار خێزان راگوێزران، (١٦) شانزە هەزاریان لە زیندانەکانی رژێمدان.

٣- (٧٤٠٧) حەوت هەزارو چوار سەد و حەوت ئافرەتی ناوچەکانی زەنگەنە و جەباری و سەنگاو لە گرتووخانەی دوبز بەند کراون.

٤- (٥٦٠٠) پێنج هەزار و شەش سەد ئافرەتی ناوچە جیاجیاکان لە ناحیەی یایچی بەند کراون.

٥- گرتنی (٤٥٦٠) چوار هەزار و پێنج سەد و شەست منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا، کە دەیانیان لێ مردووە، هەروەها چەندان منداڵی تەمەن شەش مانگ تاکو یەك ساڵی هەر یەکەی بە (٥٠) پەنجا دینار فرۆشراوە.

٦- (٧٦٤٠) حەوت هەزار و شەش سەد و چل پیاو سەر نگوم کراون.

٧- سوكايەتی كردن بە رەوشت و كەرامەتی ئافرەتان و ئازار دانیان، دوور لە داب و نەریتی مرۆڤایەتی [٦٧].

سوپای عێراق تاكو هەموو ناوچەی گەرمیانی وێران و خاپور نەكرد و ئەو خەڵكەی بەر دەستیشی كەوت شونبزری نەكرد، نەگەڕاوە دواوە، بەڵكو دواتریش، واتە پاش تەواو بوونی شاڵاوی ئەنفالی سێ هەر ناوە ناوە كۆپتەر و سەرباز لە ناوچەكە دەسوڕانەوە، نەوەك گیانلەبەرێك، خانوێك لە ناوچەكە مابێ.

سەبارەت بە شوێنی كۆكردنەوەی خەڵكە دەسگیر كراوەكەی ئەنفالی سێ، چەند گوند و شارۆچكەیەك بەكار دەهاتن، وەك ملەسورە و فەقێ مستەفا و مەیدان لە باشووری گەرمیان، عەلیاوا و لەیلان لە باكووری گەرمیان. ئەم مەڵبەندانە لە لایەن كۆمەڵێك دەزگای سەربازی و حیزبی و ئیستخبارات و پۆلیسی نهێنی بەڕێوە دەچوون، هەڵسو كەوت لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو [٦٨]. ئەوانەی لە باكووری گەرمیان گیران زۆربەیان لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ دەكرا لە مەڵبەندەكانی (لەیلان ، عەلیاوا، قادر كەرەم و چەمچەماڵ)، زۆربەی گیراوەكان لە (قادر كەرەم )ەوە بران بۆ لەیلان، لەوێ ژن و پیاویان لە یەكتر جیاكردەوە و خستنیانە ناو تەلبەنێك، ماوەی هەشت نۆ رۆژ خەڵكەكەیان لەبەر باران و سەرمای مانگی نیسان راگرت، ژمارەی ئەو گیراوانە زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار كەس دەبوو، پیاوەكان بە ئیڤا بۆ شوێنی نادیار بران، هەندێ كەس بە هۆی رێگەدان و نەپەرژانی سەربازەكان بەسەر بارو دۆخەكەدا، توانییان خۆیان دەرباز بكەن [٦٩].

لە كاولە گوندی عەلیاوا هەزاران كەس كۆبووەوە و خڕكرانەوە، بە هۆی لێبوردنێكی ساختەوە كە لەناو خەڵكە دەرباز بووەكە بڵاویان كردەوە، كە دەبێ لە ١٠ی نیسان خۆیان بە دەستەوە بدەن، لەوێ ناونوس كران، پاشان ، وێنەی گیراوەكان بۆ تەلەفزیون وەرگیرا و پاشتر پەخشكرا كە ناویان بە بەكرێگیراوی ئێران و خائین لە قەڵەم درا [٧٠].

زیاتر له (٢٠٠٠) دوو هەزار کەسیان له کۆمەڵگا چۆلەکەی نزیك قادر کەرەم و سەدانی تریش لـه قوتابخانەیـەکی قـادر کـەرەم بـەند کرد، پـاش جیا کردنەوه دەست و چاوی پیاوەکانیـان دەبەست و لێیان دەدان، پیرە ژنەکانیشیان به پاسێکی سەربازی بردە ناو چەمچەماڵ و بەڕەلایان کردن [٧١].

پـاش ئـەوەی حکومـەتی عێراق هیچ کارێکی به ناحیەی قادر کەرەم نەما، خێزان به خێـزان نـاو نوسـی خەڵکەکـەی کـرد و مۆڵـەتی (١٥) پانـزه رۆژی پێدان که دەبێ چۆلی بکـەن و بچنه کۆمەڵگای شۆڕش، به بلّندگۆی مزگەوتیش ئاگاداری بڵاوکردەوه که نابێ هیـچ کـەس لـه دەربـاز بوانـی شـالاوی ئـەنفال دالّده بدەن، ئینجا خەڵکەکه راگوێزران و خانوەکـانیش روخێـنران، بـەڵام هـەر خێـزانەی (١٥٠٠) هـەزارو پێـنج سـەد دینـار کـه دەیکـردە(٤٥٠٠) دۆلاری ئـەو کـات قـەرە بـوو دەکـران [٧٢]. بەم جۆره شارۆچکەی قادر کـەرەمیش کەوتـه بـەر شالاّوی ئەنفال . کەواته مەبەستی رژێمی عێراق تەنها لەناوبردنی گوندەکـان نـەبوو، بـەڵکو سـەراپای دانیشـتوانی ناوچـەکانی مەبەسـت بـوو، جـا چ بـه پـەلاماری سـەربازی یـاخود راگوێزان بۆ ئۆردوگاکان بێت، که هیچ بنەمایەکی ژیانی تێدا نییە که مرۆڤی کورد بتوانێ لەسەری بژیت .

چەمچـەماڵ مەڵبـەندی کۆکـردنەوەی گیراوەکـانی باکووری گەرمیان بوو، ئەوانەی له کەمـپەکانی قـادر کـەرەم و لـەیلان بـوون بـۆ ئـەوێ دەهێـنران .هـەر لـەناو ئەو واوەیلاو شـونبزر کردنەی خەڵکی ناوچەکانی گەرمیاندا، هەندێ کاری مەردانەش ئەنجامدراوە له لایـەن خـەڵکی کوردسـتانەوە، بـۆ نموونـه لـه ١١ی نیسـانی ١٩٨٨ کـاتێ رژێـم خـەڵکی گـەرمیانی به چەندان ئۆتۆمبیل به ناو شاری چەمچەماڵ دا گوزەر کرد، خەڵکی شارەکه رێگـەیان لـه ئۆتۆمبیـلەکان گـرت و چـەندان کەسـیان لـه گیراوەکـان رزگـار کـرد، بـەڵام سوپای رژێم کەوته دەسرێژ کردن و کۆپتەریش له ئاسمانەوە خەڵکه خۆپیشاندەرەکەی گولـله بـاران دەکـرد کـه لـه ئـەنجامدا بووە هۆی شەهید کردنی چوار هاوڵاتی، هەروەها چەند سەربازێکیش بریندار بوون [٧٣]. ئەم جۆره کاره له پەلاماری ئەنفالی (٤ و ٥،٦،٧

و ٨) یش بەرچاو دەکەوێت، هەرچەندە بە شێوەی نهێنی بووە.

بۆ کۆکردنەوەی گیراوەکان لە باشووری گەرمیان، دوو مەڵبەندی سەرەکی هەبوو، یەکیان مەڵبەندی لاوانی دوز خورماتوو بوو کە گیراوانی ناوچەی داودە و هەڵاتوانی (تازە شار) ی تێ کرا بوو، بەشێکی ئەم مەڵبەندە بۆ ئافرەت و منداڵ تەرخان کرابوو کە نزیکەی چوار هەزار کەسی تێ کرابوو، سەربازەکان هەموو پارە و زێڕ و شتی بەنرخیان لە ئافرەتەکان دەسەند و دەیانگوت: ((ئێوە یارمەتی پێشمەرگەتان داوە)). مەڵبەندی دووەمیش بارەگای فیرقەی (٢١) بوو لە قۆرەتوو ، دەرباز بووێک بە MEW ی ڕاگەیاندوە ، زیاتر لە (١٠) دە هەزار کەس لەم قەڵایە بەند کرابوون، لەوانە خەڵکی گوندەکانی تیرەی روغزایی لەوێ بەند کرابوون، هەرچەندە ئەم ژمارەیە زۆرە و لەوانەیە زیادە ڕۆیی تێدابێت. تەیمور عەبدوڵلای دەرباز بووی گوللە باران، دەڵێت: ((تەواوی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی کەلار لەم قەڵایە بەند کرابوون، نزیکەی (٥٠) پەنجا قاوش لەم قەڵایە هەیە، هەریەکەو (١٠٠–١٥٠) کەس دەگرێت)) [٧٤].

پەلاماری ئەنفالی سێ لە گەرمیان، مەیدانی شاڵاوی سەربازی بەسەر سێ ناوچە دابەش کرد، لە دوز خورماتوو و قادر کەرەم، باکووری گەرمیان و، سەنگاو و باشووری گەرمیان، کە تەواوی گوند و شوێنەکانی وێران کرد و خاپووری کرد بە هەموو شێوەیەک.

### شاڵاوی ئەنفالی چوار (دۆڵی زێی بچوک) ٣-٨ی مایسی ١٩٨٨

سوپای عێراق پاش تەواو کردنی کارەکانی لە ئەنفالی سێ، کە گەورەترین ژمارەی خەڵکی ناوچەی گەرمیانی شونبزر کرد ، بە تایبەتی رەگەزی نێر کە تەمەنیان لە نێوان (١٥–٥٠) ساڵدا بوو . لەبەر نەبوونی ئامار و سەرژمێریەکی گشت لایەنەی قوربانیەکان، نازانرێ چەند کەس شونبزر کراوە و چەند کەس کوژراوە . ڕێکخراوی MEW مەزەندە دەکات لە گەرمیان بەلایەنی کەمەوە (١٠) دە هەزار کەس لە ئەنفالی سێدا شونبزر کراون. ئەو کەسانەی لە ئەنفالی (١ و ٢ و ٣) دا گیراون لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت

دەربارەی هەڵوێستی سیاسییان، بە پێی فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی کە لە ٤ ی مایس دەرچووە (٧٥).

پێش دەست پێکردنی ئەنفالی دۆڵی زێی بچوك بە دوو هەفتە، لە ١٧–١٨ی نیسان، سوپای عێراق لە هێرشێکی گەورەدا توانی نیمچە دورگەی فاو لە ژێر دەستی سوپای ئێران دەربێنێ، ئەم سەرکەوتنە ورەی سوپای عێراقی بەرز کردەوە (٧٦). بۆیە لەجاران مکوڕتر بوو لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکانی ئەنفال.

دوای ئەوە لە پشت چەمچەماڵ بە لای باکوور، دۆڵی زێی بچوك دێت، کە هێڵی سنووری نێوان هەردوو پارێزگای کەرکوك و هەولێر پێکدێنێ، ئەم دۆڵە شارۆچکەکانی رێدار و ئاغجەلەر و تەق تەق و چەند گوندێکی گەورەی بایەخداری وەك عەسکەر و گۆپتەپەی بەخۆوە گرتووە، دەشتی کۆیەی بە نەوت دەوڵەمەندی دەست لێ نەدراویش دەکەوێتە باکوریەوە، بەلای باکووری رۆژئاواش شاری هەولێر و زۆربەی گوندەکانی دەشتی هەولێرە، کە لە ساڵی ١٩٨٧ چۆل کرابوون و تەخت کرابوون، ئەم ناوچانە کەوتبوونە سنووری پەلاماری ئەنفالی چوار،(بڕوانە نەخشەی ((٦))) لە لای باکوور و رۆژهەڵاتیشەوە شاڵاوەکە بە درێژایی لێواری دەریاچەی دوکاندا دەیگرتەوە تا کلکەی زنجیرە چیای قەرەداغ (٧٧). ئەگەر سەیرکەین شاڵاوەکانی ئەنفال ناوچەکانی دابەش کردووە، کە هەر ناوچەیەك یان زیاتر، پلان و نەخشەی سەربازی تایبەتی بۆ داڕێژراوە، ئەمەش لەسەر بنەمای سنووری پارێزگاکان نەبوو، بەڵکو بە پێی سەختی و گرنگی ناوچە و شوێنەکان بووە .

گۆپتەپە گوندێکی (٣٠٠–٥٠٠) ماڵی دەبوو، نیمچە شارۆچکەیەك بوو، دوو مزگەوت و قوتابخانەیەك و نەخۆشخانەیەکی تێدابوو، کارەباشی بۆ راکێشرابوو، خاکێکی بە پیتی هەیە و چەندان کێڵگەی بەرهەمی گەنم و جۆ و توتن و لۆکە و بەرهەمی تری تێدا بوو، خەڵکی گوندی گۆپتەپە زۆر خۆڕاگرو بە توانا بوون بەرامبەر بە زەبر و زەنگ و داپڵۆسینی رژێم، کاتێ ئابلۆقەی ئابووری خستە سەر گوندەکانی ئەم ناوچەیە (٧٨).

سەرەتای ئەنفالی چوار، بە کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە دەستی پێکرد، رۆژی ٣ی مایسی ١٩٨٨ کاتژمێر ٤٥ر٥ ی ئێوارە بوو، کاتێ خەڵکی گوندەکە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ رۆژوو شکاندنی رەمەزان، لە پڕ حەوت فرۆکەی مێك بە هاژەی دەنگیان خەڵکەکەیان شپرزە کرد و بە بۆمبی کیمیاوی گوندیان بۆردومان کرد، کە بووە هۆی گیان لەدەست دانی دەسبەجێی دەیان کەس، رزگار بووانی بۆردومانەکە قوربانیەکان بە (٣٠٠) سێ سەد کەس دەخەملێنن، لیستێك بە MEW دراوە ناوی (١٥٤) سەد و پەنجاو چوار کەسی ئەم گوندەی تێدا تۆمار کراوە لە قوربانیانی ئەم بۆردومانە. لەهەمان کات گوندی بایەخداری عەسکەریش بە هەشت بۆمبا کیمیاباران کرا، کە بۆنی کیمیاویەکە بەرەو گوندی حەیدەر بەگی چوو کە دوو میل لەوێ دوور بوو، پاش ئارامبوونەوە دەرکەوت (٩ ) نۆ کەسی گوندی عەسکەر مردوون، خەڵکەکەش هەر یەکە و بە لایەکدا رای دەکرد بە دەم ئازار و هیلاکیەوە. بۆ رۆژی پاشتر واتە ٤ی مایس هێرشی زەمینی دەستی پێکرد و گوندی گۆپتەپەی روخاند و لاشەی کوژراوانی بۆردومانی رۆژی پێشتریشی بە شۆفەڵ خستە ناو گۆڕێکی بەکۆمەڵەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەك زیان بە تەندروستی پیاوانی رژێم بگەیەنێ[٧٩].

بۆ دەرباز نەبوونی خەڵکی راکردووی ناوچەکە و بە تایبەتی گوندەکانی عەسکەر و گۆپتەپە و حەیدەر بەگی ، رژێم ئاوی بەنداوی دوکانی زیاد کرد، بۆ ئەوەی نەتوانن لە زێیەکە بپەڕنەوە. خەڵکەکە کۆمەڵێك بۆ لای کۆمەڵگاکانی تەکێ و باینجانی نزیك چەمچەماڵ رایان کرد و هەنێکیش بۆ ناوچەی شێخ بزێنی بە دەم زێ شۆڕ بوونەوە. رۆژی یەکەمی هێرشی زەمینی واتە ٤ی مایس زیاتر لە پەنجا خێزانی گوندی عەسکەر لە سەر جادە سەرەکیەکە لە لایەن سوپاوە دەسگیر کران و رەوانەی کۆمەڵگای سوسێ کران[٨٠]. بەم جۆرە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە لە دەست سوپا رزگاریان نەبوو و شونبزر کران، چ بە دەسگیر کردنیان لە لایەن سەرباز و جاشەوە یاخود بە هۆی لێبورنی ساختەوە کە بە ناچاری خۆیان دەدا دەست، ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی پەلاماری ئەنفالی ناوچەکە بوو.

### هێرش و پەلاماری ئەنفالی چوار بۆ سەر ناوچەی رۆژهەڵاتی تەق تەق:

هێـزەکانی سـوپا و جـاش لـە ٤ی مایسدا، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بردۆتە سەر ناوچـەکانی دەورو بـەری زێی بچوك، پاش کیمیاباران کردنی گۆپتەپە و عەسکەر، سوپا لـە شارۆچـکەی کۆیـەوە بـەرەو گوندەکـانی لێواری زێ دەرچوو، هێزێکیش لە سوسێ و چەمچـەماڵەوە لـە رۆخی باشوور مۆڵیان خوارد، هەروەها لە شارۆچکەی تەق تەقیشەوە هێزێك بۆ باکوور بۆ لای کۆیێ و یەکێکیتریش بۆ ناوچەی شێخ بزێنی چوو [٨١].

بـە گوێـرەی راپۆرتـەکانی فـەرماندەی فەیـلەقی یـەك، تـەنها لـە چـیای تەکەلـتوو بەرگـریەکی توندی سوپا کراوە، ئەگەر نا لە زۆربەی رەتلەکان بەرگری زۆر لاواز بووە، هـەروەها لـە رەتـلی سوسێ لە چەمی رێزان لە گوندەکان بەرهەڵستی سوپا دەکرا، وەك لـە گوندەکـانی سوورقاوشـان و عـەودالاَن و کەلەبـەش کـە پاشـتر وێـران کـران، گونـدی تـەلانیش سوتێنرا، دۆڵی چەمی رێزان لە ئێوارەی ٤ی مایس بە تەواوی کپ کرا و لە ٦ی مـانگ تـەواوی ناوچـەکە لە لایەن سوپاوە داگیر کرا، دوو رۆژ دواتر واتە ٨ی مانگ سوپا کۆتایی بە شالاَوی ئەنفالی چوار هێنا[٨٢].

بـە درێژایـی زێـی بچـوك سوپا گوندەکانی ئەمبەر و ئەوبەری وێران کرد و سوتاندی، بـەلاَم گوندەکـانی بـاکووری زێ زیانبەخشـتر بـوون، گەورەتـرین شەش گوندی ناوچەکە (کلێسـە، بۆگد، کانی بی، قزلو، کانی هەنجیر و گۆمەشین) ژمارەی شونبزر کراوانی بە ( ١٦٨٠) هـەزار و شـەش سـەد و هەشـتا کـەس دانـراوە، ئەمـە جگـە لـە سـەدان کەسـی گوندەکـانی گلـناغاج، گـردخەبەر، جەلـەمۆرد، قەسـرۆك و مامشـە و (٥٠) پـەنجا کەسی گونـدی گۆپـتەپە و (٦٠) شەسـت پیاو و (١٢٩) سەد و بیست ونۆ ئافرەت و (٣٩٦) سێ سـەد و نـەوەد وشەش منداڵ، لەگەڵ (٣٧) سی و حەوت پێشمەرگە لە نزیك شارۆچکەی تـەق تەق خۆیان داوەتە دەست سوپا ، بە پێی راپۆرتی مەیدانی رۆژانەی ژمارە (٨٢٨٠ )ی فەیلەقی یەك لە ٦ی مایس[٨٣].

شويني خەريتە (٦)

شایەد حاڵێك باسی پەلاماری گوندی داربەڕوو دەكات، كە هێزێك لە تەق تەقەوە هات و لە هەر چوار لاوە ئابلۆقەی گوندەكەی دا، لە ئاسمانیشەوە فڕۆكە بۆردومانی دەكرد، كۆپتەریش ئاگاداری خەڵكی دەكردەوە بێنە دەرەوە لێبوردن هەیە، بەم جۆرە خەڵكەكە دەسگیر كران و بە ئیڤا گوازرانەوە، هەرچی شتی بەنرخیش هەبوو لە خەڵكەكەیان دەسەند، گشت ماڵ و سامانیشیان بە تالآن بردن، خانوەكانیشیان سوتاندن. ئەو خەڵكانەی لە گوندەكانیان رایان كرد، بە ناچاری خۆیان بەدەستەوەدا، چونكە لە لایەن سوپاوە ئابلۆقە دران و ترسی كیمیاباران كردنیشیان هەبوو، لەوانە نزیكەی (٢٠٠) دوو سەد پیاوی گوندی گردخەبەر و گوندەكانی دەورو بەری، كە دواتر شونبزر كران. زۆربەی دانیشتوانی گردخەبەر بە نۆ عارەبانەی تراكتۆر چونە گوندی قامیشە، كە لە ترسی كیمیاوی خۆیان دادەست سوپا و هەموو پارە و ناسنامەكانیان لێ سەندن. خەڵكی گوندی جەلەمۆردیش لە ٦ی مایس توشی هەمان چارەنوس هاتن و دوو پیاویشیان بە گوللەی سەربازەكان كوژران . گیراوەكان لە گوندەكانی وەك عەلیاوا و ملەسووره خڕكرانەوە. لە گەرمەی ئەم كارەدا واتە لێسەندنی پارە و زێڕ و شتی بە نرخ لە گوندی جەلەمۆرد جاشێك نارەزایی دەربڕیوە، ئەفسەرێكی سوپاش بە تورەیی گوتبووی: ((ئەو خەڵكانە بۆ كوشتن دەبرێن ناتوانن پارە و ئالتونەكانیان لەگەڵ خۆیان ببەن، چونكە یاسای دەوڵەت دەڵێت دەبێ ئەمانە لەناو ببرێن))، سەرەڕای ئەمەش جاشەكە چەك كرا [٨٤].

مەسەلەی جیاكردنەوەی پیاو و ئافرەت لە گوندەكانی قەرەناوی نزیك تەق تەق و گلناغاج، وەك شوێنەكانی تر نەبوو، بەڵكو ئافرەتەكانیان پاش دوو رۆژ رەوانەی چەمچەماڵ كردن بە پاسی سەربازی، لەوێش بەڕەلایان كردن، لەو كات سەربازێك بە ژنێكی گوت: ((ئێوە بەختتان هەبوو بەردران، پیاوەكانتان بۆ دۆزەخ بران)) [٨٥]. ئەم كارە، واتە شونبزر كردنی پیاوەكان و هێشتنەوەی ئافرەتەكان لە شوێنی گرتنەكە بۆ ماوەی چەند رۆژێك، نهێنیەك بوو هۆیەكەی بە شاراوەیی ماوەتەوە. سەبارەت بە ئەنفال

کردنی دانیشتوانی گوندی کلێسەش، هێزێك لە دوكانەوە لە ٤ی مایس هات و پەلاماری گوندەکەی دا، هەرچەندە خەڵکەکە پێشتر بەرەو چیاکان رایان کردبوو بۆ خۆ شاردنەوە بەڵام دەوریان گیراو بە ناوی لێبوردنەوە پتر لە (١٣٥) سەد و سی و پێنج کەسی بزر کرد، هێزەکە گوندەکانی کەلکەسماق و ئیلەڵا و بۆگد و کانی بیشی گرت، بۆ رۆژی پاشتر گوندی گۆمەشین لە ئاسمان و زەمینەوە هێرشی بۆ کرا و (١١٥–١٣٠) کەسی لێ شونبزر کرا[٨٦].

هەروەها لە نێو ئەنفال کراوانی دەشتی کۆیە خێزانێك کە پێك هاتبوو لە دایك و باوك و چوار منداڵ بە تەمەنی (٤ ، ٧ ، ٩ ، ١١)ساڵی و دایك و باوکەکەش هەردووکیان ئەندازیاری کشتوکاڵی بوون، لە دایەرەی کشتوکاڵی هەولێر کاریان دەکرد، پیاوەکە پلەی خوێندنی ماستەر و ژنەکەش بەکالۆریوس [*].

**وێران کردنی ناوچەی شوان لە ئەنفالی چوار**:

پاش ئەوەی سوپا بە دڕندانەترین شێوە گوندەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی تەق تەقی وێران کردو ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەی سەرنگوم کرد، ئینجا رووەو دێهاتەکانی ناو شوان و ئەو (٧٦) حەفتاو شەش گوندە بۆوە کە لە مانگی ١٠ ی ساڵی ١٩٨٧چەندینیان روخێنرابوون خەڵکەکەشیان راگوێزرابوونە کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی دارەتوو و بنەسلاوەی نزیك شاری هەولێر [٨٧].

لە ٥ی مایس گوندی دەلۆی ناوشوان کە نزیکەی (٨٠ ) هەشتا ماڵ دەبوو، بە فڕۆکە و کۆپتەر، موشەك باران کرا و پاشان هێزی (٧٧) ی تایبەت و هیتر هێرشیان بۆ کرد و سێ چوار پیرەژن و چوار پێنج منداڵی کوشت، (٢٨) بیست و هەشت کەسیشیان دەسگیر کرد و شونبزرکران کە (٣) سێ ئافرەت و منداڵێکی تێدابوو، خەڵکەکەیتریش

---

[*] ناوی ئەم ژن و مێردە (زاهیر حەمەد تەها لە دایك بووی ساڵی ١٩٤٤ ، پەخشان غەریب لە دایك بووی ساڵی ١٩٤٧ . ئەم زانیاریە لە ئەندازیار (کاوە شەفیق) وەرگیراوە لە چاوپێکەتنێك لە شاری هەولێر لە ١٩٩٩/١٠/١٨.

ڕاپانکرد و خۆیان حەشاردا لە ناوچەکە، هەر لە هەمان ڕۆژدا سوپا هێرشی کردە سەر گوندەکانی خاڵەکوتیای نزیك دەکۆ و زگیلە، بەڵام خەڵکەکە زوو خۆیان دەرباز کرد و نەکەوتنە دەست سوپا تەنها (٦) شەش کەسی بەساڵاچو گیران کە نەیان توانیبوو خۆیان دەرباز بکەن و بە حیساب سوپا ڕەچاوی بە ساڵاچوان دەکات، لە ناویاندا مەلای گوندێکی (٣٠) سی ماڵیش شونبزرکرا، (٥٠) پەنجا کەسی خەڵکی گوندی دەرماناویش ڕاپانکرد و (١٢) دوانزە ڕۆژ لە جیاتی خواردن تەنها گیایان دەخوارد، کاتێ بە دووربین سەیری گوندەکەیان دەکرد سوپا دەیسوتاند بە بەر چاویانەوە و ماڵ و سامانەکەشی تاڵان دەکرد [٨٨].

گوندی قەرەسالمی خواروو نزیکەی (٣٠) سی ماڵ دەبوو، لە ٥ی مایس پەلاماری ئەنفالی چواری گەیشتێ و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی لێدا، سەرجەم کەل و پەلی ماڵەکان تاڵان کرا و خانوەکانیش بە شۆفەڵ و بلدۆزەر تەختی زەوی کران، (٢٩) بیست و نۆ کەسیش گیرا و شونبزر کران کە بەم شێوەی خوارەوە بوو: (تەمەنیان لە نێوان ٢ –٥١ ساڵی بوو، کە (١٧) حەڤدەیان نێر و (١٢) دوانزەشیان مێ بوون، (١٠) دە پیاویان پیشەیان کشتوکاڵ بوو، (١٧) حەڤدەیان هی سێ خێزان بوون کە بە تەواوی لەناو براون یەکێك لەوانە شێت بوو [٨٩].

هەروەها لە گوندی ئەسکەندەر بەگی ناوچەی شێخ بزێنی، کە (٦٠) شەست ماڵ بوو، لە ٣ی هەمان مانگ بەر پەلامار کەوت و خەڵکەکەی ڕووەو بناری خاڵخاڵان و کێوە چەرمەلە رایان کرد، بەڵام (٣٩) سی و نۆ کەسیان گیران، (١٦) شانزەیان نێر و (٢٣) بیست وسێش مێ، ئەم شونبزرکراوانە تەمەنیان لە نێوان (١–٦٠) ساڵیدا بوو [٩٠].

لە ناوشوان ژمارەیەکی زۆری خەڵك رزگاریان بوو، بۆ نموونە لە گوندی پەلکانە و گوندی ئیلنجاغ کە ژمارەیەك سەربازی راکردوشی تێدا بوو، ئەم خەڵکە دەرباز بووە ماوەی دوو مانگ لە ناوچەکە خۆیان شاردەوە تاکو لێبوردنەکەی ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ [٩١].

بەم شێوەیە رژێم هەموو ناوچەکانی دەشتی کۆیە و تەق تەق و شێخ بزێنی و ناوشوان و ئاغجەلەر و خاڵخاڵان و چەمی رێزانی وێران کرد. بە پێی ئامارێك، لە ناوچەی ئاغجەلەر (٧٥) حەفتاو پێنج گوند و لە مەرکەزی کۆیە (٢٦) بیست و شەش گوند، (٦١) شەست ویەك گوندیش لە ناوشوان (ناحیەی رێدار)، لەگەڵ (٥٢) پەنجا و دوو گوندی ناحیەی تەق تەق هەروەها (٢٣) بیست و سێ گوندی پردێ، کە هەمووی دەکاتە (٢٣٧) گوند [٩٢]. راپۆرت و بەڵگەنامە سەربازیەکانیش (١٣٨) سەد و سی و هەشت گوندیان باس کردوە کە لە ئەنفالی چوار (سوتێنراون و روخێنراون و پاکتاو کراون) [٩٣]. سەرەڕای ئەم وێران کاریەی گوندەکان هەزاران ژن و منداڵ و پیر و گەنجیش شونبزر کراون، بە پێی خەملاَندنێك زیاتر لە (٢٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد کەس لە دەشتی کۆیە و (٣٠٠٠) سێ هەزاریش لە ناوچەکانی شێخ بزێنی و قەڵاسێوکە و ناوشوان شونبزر کراون [٩٤]. ئەم سەرژمێری و ئامارانە لەوانەیە بەلای کەمیەوە وەرگیرابن، چونکە ئەگەر سەرژمێریەکی ورد و گشت گیری ناوچەکان بکرێت ئەم ژمارانە زۆر زیاتر دەردەچن.

لەم شاڵاوەدا، واتە ئەنفالی چوارەم ، هەمان سیاسەتی ئەنفالەکانی تر پەیڕەو دەکرا بۆ کۆکردنەوەی خەڵك، کە چەندان شوێنیان دەکردە مەڵبەندی مامەڵە و تاوتوێ کردنی خەڵکەکە، بۆ لە یەکتر جیاکردنەوە و راگوێزانیان بۆ شوێنی نادیار. وەك لە زانیاریەکانی MEW ئاماژەی پێکراوە پتر لە سێ مەڵبەند بۆ دەسگیر کراوانی ئەنفالی چوار ئامادە کرابوو، کۆمەڵێك خەڵکی گۆمەشین و گوندەکانی تر ماوەی سێ رۆژ لە هەرمۆتەی لای کۆیە هێشترانەوە، هەروەها خەڵکی دەرباز بووی کیمیابارانەکەی ٣ی مایسی گۆپتەپە و عەسکەریش، کۆمەڵگای تەکیەی لای چەمچەماڵ یەکەم قۆناغی راوەستانیان بوو، کە بە ئیڤا دەگوازرانەوە، هەروەها ناحیەی تەق تەقیش مەڵبەندێکی گرنگ بوو کە نزیکەی (١٠ ) دە هەزار کەسی لە گیراوانی باکووری زێی بچوکیان بۆ گواستەوە. پاشان بە پێی قسەی یەکێك، خەڵکەکە رەوانەی ئامریەی کۆیە کران کە قەڵایەکی سەربازیە وەك چەندان قەڵای لەم چەشنە، لەوێ خەڵکی گیراوی پتر لە (١٢) دوانزە گوندی ئەمبەر و

ئـەو بـەری زیّ بـەند كـراون، پاشـان ژن و پیـاو لیّـك جیـا كـراونەتەوە و رۆژی پاشتر بۆ شـویّنی نادیـار گواسـتراونەتەوە. شویّنیّكی تریش كە سەدان خەڵكی تیّدا كۆكرا بووەوە شویّنی بەخیّو كردنی ئاژەڵ بوو، لیّرە هیچ لیّكۆڵینەوە لەگەڵ خەڵكە گیراوەكە نەكراوە، لەبـەر كـەمی ژمـارەی سـەربازەكانیش نەتوانراوە ژن و پیاو لە یەكتر جیا بكەنەوە، هەر بۆیـەش جاشـەكان چـۆن لـە گـەرمیان هـەندیّ كەسـیان دەربـاز كـرد لـەویّش بـە دزی سەربازەكان، چەند كەسیّكیان دەرباز كرد، لەبەر ئەم رەوشە سوپا پاش ماوەیەكی كەم گیراوەكـانی سـواری ئۆتۆمـبیل كـرد و بۆ تۆبزاوەی بردن [٩٥]. هەروەها منداڵیّكی شایەد حـاڵی رووداوەكـە، دەڵیّـت: (( رژیّـم هیّرشـی كردە سەر گوندەكانی قودرەتە و قامیشە و قەسـرۆك، خەڵكەكـەش رایان كرد بۆ شاخەكان و (٨) هەشت رۆژ بەبیّ خواردن مانەوە، پاشـان بـە ناچـاری خۆیـان بەدەسـتەوەدا، خـەڵكی گوندەكـەی ئیّمە (١٥) پانزە خیّزان بوویـن شـەویّك بـە (١١) یانـزە زیـل بـۆ مەنزومەوی كۆیەیان بردین و سیّ رۆژ لەویّ بەند كراین، كـە ژمارەمـان لـە (٥٠٠) پیّنج سەد ژن و منداڵ پتر بوو لە دوو ژوور كراین، من و كوڕە پوریّكم لەویّ بەیانیەك خۆمان دزیەوە و هەڵاتین، ئەوانەی لەویّ بەند كرابوون (٣٠ ) سی كەسی خۆمی لەگەڵدا بوو)) [٩٦]. جا لیّرەدا ئەگەر سەیر بكەین لەم شاڵاوەدا، واتە ئـەنفالی چوار، ئەو ژمارە زۆرەی گوند و خەڵكی ناوچەكە لەناوبرابیّ لەگەڵ تاڵان كردنی مـاڵ و سـامانیان، وەك دەڵـیّ (سـەرو ماڵیـان تیّدا چوو)، ئەی دەبیّ هەشت شاڵاوی لەم جـۆرە لـە ناوچـە جـۆر بـە جۆرەكـانی كوردستان چ ژمارەیەكی لەناو بردبیّت لە خەڵكی ناوچەكان و گوندەكانیان، لەگەڵ بە تاڵان بردنی ماڵ و سامانیان ؟.

**قۆناغی دووەمی ئەنفال**:

شـاڵاوی پیّـنجەم (ئـەنفالی پیّـنج و شەش وحەوت ): دۆڵی نیّو چیاكانی شەقڵاوە و رواندوز / ١٥ی مایس– ٢٦ی ئابی ١٩٨٨:

هەفـتەیەك پـاش لـە رەگ و ریشـەوە هەڵـتەكاندنی ناوچـەكانی ئـەنفالی چوارەم، لە رووی مـرۆیی و ئابووریەوە، ئینجا سوپا رووی كردە دۆڵە سەختەكانی ناوچەی شەقڵاوە

و رواندوز، (بڕوانە نەخشەی ((٧)) ) . لە ناوەڕاستی مانگی مایسی ١٩٨٨ هێرش گەیشتە دۆڵی بالیسان، کە توندترین پەلاماری ناوچەکەی دا، بەڵام خەڵکی دۆڵەکانی باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی رواندوز لە پاش پەلامارە کیمیاویەکەی نیسانی ١٩٨٧، زۆربەی ناوچەکەیان بەجێهێشتبوو، بۆیە لەم پەلامارەدا راگواستن و کوشتنی بە کۆمەڵی گوندنشینەکان نەبووە کێشەیەکی گرنگ و ئەوتۆی سوپای عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەت و هەڵس و کەوتی سوپا هەمان توندو تیژی و دڵڕەقی بوو کە لە ئەنفالی یەکەوە پەیڕەوی دەکرد[٩٧] .

زۆربەی هەرە زۆری ناوچە سنوریەکانی پارێزگای هەولێر لە ساڵانی ١٩٧٧–١٩٧٨ و ١٩٨٣–١٩٨٤ دا چۆل کرابوون و خەڵکەکەی راگوێزرابوونە کۆمەڵگا زۆرەملێکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ گوند مابوونەوە، بەتایبەتی گوندە ئازاد کراوەکانی ناوچە سەختەکان کە بارەگای پێشمەرگەی تێدا بوو، سوپای عێراق دەستی پێیان نەدەگەیشت بەهۆی بەرگری پێشمەرگە لەو ناوچە سەختانە، هەروەها لەبەر سەرقاڵی سوپای عێراق بە شەڕی ئێرانەوە.

لە شاڵاوی ئەنفالی پێنج، سوپا توشی شپرزەیی و سەر ئێشەیەکی زۆر بوو، لەسۆنگەی بەرگری توندی پێشمەرگە لە ناوچەکان، بۆیە ئەم شاڵاوە جیاواز بوو لە شاڵاوەکانی پێشتر، لەبەر ئەوەی پاش وێران کردنی ناوچەکانی ئەنفالی چوار، هێزی پێشمەرگە باش دەیزانی و دەرکی پێکرد بوو کە پەلاماری ئەنفال بەرەو دۆڵی بالیسان بەڕێوەیە، بۆیە کەوتنە خۆ و دەستیان کرد بە کۆکردنەوە و گواستنەوەی ئازووقە و چەك و تەقەمەنی بۆ ناو چیا بەرز و سەختەکان، بۆ ئەم مەبەستەش سەدان پێشمەرگەیان لە نزیك گوندەکانی گەرەوانی سەروو و خوارووی باشووری رۆژهەڵاتی رواندوز و سەدانی تریشیان لە گوندەکانی مەلەکان و ئاکۆیان و وەرتێ لە سەنگەردابوون، گوند نشینەکانیش چۆلیان کردبوو، تەنها گوندی بلەی خواروو خەڵکی تێدا مابوو ئەویش لەبەر سەختی شوێنەکەی، گوندی وەرەش بە هۆی نزیکی لە خەتی

حکومـەت کـە کەوتبووە سـەر جادەی نێوان خەلیفان و رانیە، ئەمەش جۆرە دڵنیاییەکی دابـووە خـەڵکی گوندەکـە، بـەڵام چـەند کەسـێکیش چوببوونە گوندی هەرتەلی قەد پاڵی چیا[٩٨].

یەکـەم پەلاماری سوپا لەم هێرشەیدا، کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ١٥ی مایسی ١٩٨٨ بوو کـە دوا رۆژی رەمـەزان بـوو، خەڵکەکـە خۆیـان بۆ جەژن ئامادە دەکرد، ئەوە بوو چەند فـڕۆکەیەك، کەوتـنە کـیمیاباران کـردنی گوندەکـانی (وەرە، نـازەنین، کاموسـەك، ئەسـپیندار، عەلیاوا، سماقولی و بونێ). لەم پەلامارەدا تەنها لە گوندی وەرە (٣٦) سی و شـەش کـەس[*] کوژران کە (١٧) حەڤدەیان رەگەزی پیاو و (١٩) نۆزدەشیان ئافرەت بـوون، ئەمانـە تەمـەنیان لە نێوان (٢–٥٥) ساڵیدا بوو [٩٩]. دەرباز بووانی ئەم پەلامارە تەرمی (٣٣) سی و سێ قوربانییان لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە نزیك گوندەکە ناشتووە، کە سـێیان خـەڵکی گونـدی خـەتێ و یـەکێکیش هـی کۆمـەلگای سەروچـاوە بـوو، پیـاوێکی گونـدی هەرتـەل دەڵـێ: ((کـاتێ بـە هـاواری خـەڵکی وەرە چـووین چـوار پێنج کەس لە رەزێکـی نـزیك گونـد لـە ئاوزینـگدان بـوون و سـێ کەسیش مردبوون، کە گەیشتینە ناو گوندەکـە، دەبیـنین خـواردن هێشـتا لەسەر ئاگرە لەماڵەکاندا، چەندان ئاژەڵ لەو ناوە مردار ببوونەوە)) [١٠٠].

ئەوانـەی لـە ئـەنفالی پێـنج دەسـگیر کـران یـاخود خۆیـان دا دەسـت، هەندێکیان لە سـەربازگەی سـپیلك و هـەندێکیش لـە گرتوخانەی ئەمنی هەولێر شونبزرکران، بە هەمان سیاسەتی توندو تیژی پێشتر.

سـوپای عێـراق بە خێرایی (٢٠) بیست گوندی دۆڵی بالیسان و ناوچەکەی داگیر کرد، بەڵام سروشتی ناوچەکە مەرامی رژێمی پوچەڵ کردەوە، کە رێگای بەرەو سنووری ئێران

---

[*] لـە چـاوپێکەوتنێکی MEW لەگـەڵ گونـد نشینێکی وەرە قوربانیەکان بە (٣٧)سی و حەوت کەس هـاتووە . هـەروەها لە بڵاو کراوەی (الشرارە) ژمارە(٣) مایس ١٩٨٨ ، بە (٣١)سی و یەك قوربانی و ( ٥٠) پەنجا بریندار هاتووە.

لە خەڵکی ناوچەکە بگرێت [١٠١].

ئـەم شـاڵاوە بـە شـێوەیەکی نـاڕێك بەڕێوەدەچـوو، تاکە شاڵاو بوو کە وا بێسەروبەر بێـت، ئەویش بە هۆی خۆڕاگری و بەر پەرچ دانەوەی توندی پێشمەرگە بوو ، کە هەرگیز سەرکردەکانی سوپا بەم شێوەیە حیسابیان بۆ نەکردبوو. هەروەك لە بروسکەکانی ئەمن ئامـاژەی پێکـرا بـوو، بـە تایـبەتیش لـە ڕۆژی ٤ی حوزەیـران لـە چـیای کوڕەك تووشی بەرەنگاریـەکی بەهێـز بوو بون. بەڵگە نامەیەکی بایەخداری سەربازی لە شێوەی ڕاپۆرت لـە فەرماندەی فەیلەقی پێنج لیوا روکن (یونس محەمەد ئەلزەرب) بۆ فەرماندەیی گشتی سـوپا بـەرز کـراوەتەوە بـە نـاوی (شیکردنەوەی کردەی ئەنفالی کۆتایی)، بەشێکی ئەم ڕاپۆرتـە بـاس لە دواخستنی (پاکتاوکردن) ی کەرتی رواندوز و شەقڵاوە دەکات، بەهۆی بەرگری توند و بەهێزی پێشمەرگە لە لایەك و سەختی سروشتی ناوچەکەش کە یارمەتی دەری پێشـمەرگە بـوو لـە لایـەکی تـر. بـەم شـێوەیە لـە ڕۆژی ٧ی حوزەیـران شـاڵاوی ئـەنفالی پێـنج کۆتـایی پێهات[١٠٢]، لەوانەشە ئەم هۆکارانە یارمەتیدەرێکی باشی خەڵکی ناوچەکە بوو بن.

لـە پـاش نیـوەڕۆی ٢٣ی مایسـی ١٩٨٨ گوندەکـانی بالیسـان و هـیران و دۆڵـەکانی دەورو بـەری، چـەند جـارێك بەبێ  پسانەوە بە خەستی درانە بەر بۆمبی کیمیاوی، ئەمە پـاش کـپیەکی نا ئاسایی رویدا لە پتر لە هەفتەیەك پاش کیمیاباران کردنی گوندی وەرە بـوو[١٠٣]. لـە پاش ٢٠ی مایس سوپای عێراق لەم قۆڵانەوە هێرشی کردە سەر ناوچەکان، قۆڵی یەکەم بۆ گوندی گەرەوان کە نیازی کێل کێل و شاخەکانی دەورو بەری گەرەوان و هـەندرێن و کـارۆڵا بـوو داگیریـان بکـات، قۆڵـی دووەمیش لە ٢٣ی مانگ لە هەلەموند بۆ وەرتـێ و زیـنی گـەلی و سـەری ئەحمـەدە و دڕەبـی و جـاوەل و دەرگەلـە و کەلیتە، کە ئێـوارەی ٢٣/٢٢ی مـایس گونـدی وەرتێـی کـیمیاباران کـرد، بـەڵام قۆڵـی سـێیەم لـە سەروچـاوەو بەنی هەریر و خەلیفان بە شێوەی بازنەیی بوو، ئەم هێرشە نزیکەی (٧٢٠) حەوت سەد و بیست خێزانی دەر بەدەر کرد وماڵیشیان تالاَن کرا [١٠٤].

**شوێنی خەریتە**

(٧)

گوندی بلەی خواروو زۆرترین ژمارەی خەڵکی لێ شونبزر کرا لەچاو گوندەکانی تری ناوچەکە، بۆ نموونە لە راپۆرتێکی مەیدانی دایەرەی ئەمن هاتووە: (( شەوی ٣/٢ی حوزەیران سێ خێزانی گوندی بلەی خواروو لە لایەن فیرقەی (٤٥) وەرگیران، بەم زووانەش لیستی زانیاری دەربارەی (٢٧٦) دوو سەد وحەفتاو شەش کەستان بۆ دەنێرین)) [١٠٥]. پیرە مێردێکی خەڵکی گوندی بلەی خواروو گوتی: ((پێش ئەوەی سوپا بگاتە گوندەکەمان ئێمە دەرچووین و رۆیشتین بۆ سپیلك کە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، هەموو شتێکمان لەگەڵ خۆمان برد، شەو لە رێگا ماینەوە، بۆ بەیانیەکەی کەوتینە دەست سوپا و گوازراینەوە بۆ سەربازگەی سپیلك و چوار پێنج رۆژ لەوێ ماینەوە، پاشان رەوانەی هەولێر کراین ئینجا بە نزیکەی سێنزە ئۆتۆمبیل بۆ کەرکوکیان گواستینەوە، لەوێ ئێمەیان کردە سێ بەش، گەنجەکان بە تەنیا دواتر بزر کران، ژن و منداڵیش بۆ دوبز گواسترانەوە، پیرە ژن و پیرە مێردەکانیش پاش دوانزە شەو بۆ نوگرە سەلمان راپێچ کراین کە (١٨) هەژدە کەس بووین، ماوەی دوو مانگ و بیست رۆژ لەوێ ماینەوە، لەم ماوەیەدا ئەوەندەی من ئاگادار بووم (١١٥) سەد و پانزە کەس مردن، لەوانە دوو ژن و دوو پیاو خەڵکی گوندەکەی ئێمە بوون، شەو و رۆژ تەنها سێ سەمونی رەق خواردنمان بوو)) [١٠٦]. سەربازێکی ئەوسای سوپای عێراق دەڵێت: ((خەڵکی گوندی بلەی خواروو و گوندی کەندۆڵ هێنرانە بارەگای فیرقەی (٤٥) ی پیادەی سوپا، لەوێ هەندێك لە گیراوەکان بە هۆی سەربازە کوردەکانی ئەوێ دەرباز بوون ، بەڵام پاشان هەندێکیان گیرانەوە لە لایەن ئیستخباراتی فیرقەوە)) [١٠٧].

هەروەها ژنێکی گیراوی ئەم گوندە لە چاوپێکەوتنێکدا باسی بەندکردنی ئافرەتانی گوندەکەی دەکات و دەڵێ: ((پاش ئەوەی نۆ شەو لە تۆبزاوەی لای کەرکوك ماینەوە، پاشان بۆ بەندیخانەی دوبز گواسترابینەوە، لەوێ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەنفال کراوی ناوچەکانی تر هەبوو، پاشان هەندێکی تریشیان هێنا، ماوەی چوار مانگ و دە رۆژ لەوێ ماینەوە، ئینجا لە لێبوردنەکەی ٦ی ئەیلول ئێمەیان گواستەوە بۆ سلێمانی و لەوێ

ئازادیان کردین)) (١٠٨).

لە یاداشت نامەیەکدا کە ساڵی ١٩٩٨ پێشکەش بە ڕێکخراوی خاچی سووری نێو دەوڵەتی کراوە، بە بۆنەی ساڵیادی پەیماننامەی قەدەغە کردنی جینۆساید، لیستی ناو و تەمەنی (٣٣) سی و سێ کەسی شونبزر کراوی گوندی بلەی خواروو و کەندۆڵ هاتووە، لە پەلاماری ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ لە شەشی حوزەیران، پاش گیرانیان براون بۆ تۆبزاوە و لەوێ کراون بە سێ بەشەوە، ژن و منداڵەکان بۆ زیندانی دوبز ڕاپێچ کراون، پیرە مێرد و پیرە ژنەکانیش بۆ نوگرەسەلمان، گەنج و جوامێرەکانیش شونبزر کراون، هەروەها لەم یاداشت نامەیە دا هاتووە، زانیاری هەیە کە تا ساڵی ١٩٩٣ ئەم سی و سێ کەسە لەگەڵ نزیکەی چل هەزاری تر لە نێوان زیندانەکانی ئەبو غرێب و ڕەزوانیەدا جێ گۆڕکێیان پێ دەکرێت (١٠٩).

سەرەڕای ئەوەی خەڵکی گوندی بلەی خواروو ، زۆربەی گەنجەکانیان سەریان تیاچوو، لە تۆبزاوە بە بەرچاویان ئەو شتومەکانەیان ئاگر تێبەردا کە خەڵکەکە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان (١١٠).

لە ئەنجامی کیمیاباران کردنی ناوچەکەدا بە لایەنی کەمەوە سێ منداڵی گوندی بلەی خواروو لە تەمەنی دوو ساڵی و سێ ساڵی، لە گوندی نازەنینیش دوو کەس بوون بە قوربانی، هەروەها گوندەکانی سوێرە و ئاکۆیان لەگەڵ چیای ڕەشکی بانەشانیش کەوتنە بەر هێرشی کیمیاوی، پاشان لە ٢٣ی مایسدا هێرشی زەمینی بۆ ناوچەکان دەستی پێکرد و خەڵکەکەش ئەوانەی لە گوندەکانی ئاکۆیان و ناوچەکە مابوونەوە بەرەو سێ لا بڵاو بوونەوە، هەندێك بە پێ و بە وڵاغ بەرەو سنووری ئێران ڕۆیشتن کە ( ٣٥کم) سی و پێنج کیلۆمەتر دوور بوو، هەندێکیش ڕووەو کومەڵگای حاجیاوا چوون کە سێ چوار ڕۆژ دوور بوو بە پێیان، کۆمەڵێکیش لە ناو چیاکاندا خۆیان شاردەوە. کۆمەڵێك لەوانەی هەڵاتن پەنایان بردە بەر ئاغای گوندی گوڵان، کە سەرۆك عەشیرەتی ئاکۆ بوو، ئەویش ڕێگای ئێرانی بۆ دابین کردن، ئەوانەی لە لای ئەویش مانەوە بێ زیان

بوون. پاشان هەندێك لەوانە خۆیان دادەست و ڕەوانەی کۆمەڵگای حاجیاوا کران لە ژێر چاودێری پۆلیس، بەڵام هیچیان شونبزر نەکران [١١١].

ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە ترسی سوپا خۆیان لەناو چیاکان شاردەوە، لەوانە پەنجا خێزانێکی گوندی بلە و گەرەوان پاش ماوەیەك چونە گوندی جۆلەمێرگی ژێر دەسەڵاتی حکومەت، لەبەر ئەوەی زۆر هیلاك بوون و توانای خۆ ڕاگرتنیان نەما بوو، لە بێ نان و ئاوی و ماندویەتی، بەڵام کە گەیشتنە خاڵی پشکنینی گوندەکە جاشەکان پێیان گوتن: ((ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بێنە بەر دەستی قەسابەکە))، پاشان سەرباز دەوری خەڵکەکەیان گرت و لیستیان بۆ کردن و ڕەوانەی سەربازگەی سپیلکیان کردن، لەوێ هەر هەشت نۆ خێزانیان لە چادرێك کرد و دەوریان تەلبەند کردن، لە هەمان ئەو شوێنەی کە ژن و منداڵی خۆ بەدەستەوەداوی گوندی بلە تێیدا بەند کرابوون، گوندی جۆلەمێرگیش لە پەلاماری ئەنفال دەرباز نەبوو چونکە بروسکەیەکی ئەمنی شەقڵاوە تێیدا هاتووە، جۆلەمێرگ و دۆڵی ئاڵانە لە ٣ی ئەیلولی ١٩٨٨ لە لایەن فیرقەی (٣٧) ی سوپاوە پاکتاو کراوە[١١٢]. هەروەها تەلەگرافی ژمارە (١١٣٧) لە ٧ی حوزەیران لە لایەن ئەمنی قەزای سەدیق دراوە، باس لە گرتنی هەردوو گوندی گەرەوانی سەروو و خواروو دەکات، گەرەوان بە شێوەیەك وێران کرا کە هەرچی شوێنەواری ژیانی تێدا هەبوو سڕایەوە، هەتا گۆڕی رازاوەی ناو گۆڕستانەکەشیان تەقاندەوە و کانی و درەخت و خانوەکانیش وێرانکران[١١٣].

پاش ئەوەی ئەنفالی پێنج کۆتایی پێهات، ئینجا نەخشە و پلانی ئەنفالی شەش دانرا و خۆی بۆ سازدرا لە لایەن سوپاوە، هەرچەندە لە ڕاپۆرتی فەرماندەی فەیلەقی پێنج- دا هاتووە: ((بۆ تێکشکاندنی تێکدەران لە دۆڵی بالیسان و ئاڵانە، پلانەکە لە ٣٠ی مایس نێردرا بۆ سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکانی سوپا بە نامەی (ئەو پەڕی نهێنی و شەخسی) ژمارە (١٤٧٥) لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٨٨، کە داوای دواخستنی هێرشەکە دەکات بۆ کاتێکی تر، بەڵام بە پێی نامەی ژمارە(٥١٩) لە ٧ی هەمان مانگدا وەڵام

هاتـەوە کـە نەخشـەکە جێبـەجێ بکـرێت لـە ناوچـەکانی بالیسـان و سمـاقوڵی، ئەم دوا خسـتنە لەبـەر بەرگـری تونـد و بەهێـزی پێشـمەرگەکانی چـیای کوڕەکی (٧٠٠٠) حەوت هـەزار پـێ و دەوروبـەری بـوو کـە دۆڵـی ئاڵانـەی لـە ژێر کۆنترۆڵدایە[١١٤]. ئەم راپۆرتەی جەنـەراڵ (ئەلـزەرب) بـە ئاشـکرا و بـە روونـی رەوشـی شـاڵاوەکانی ئـەنفالی پێـنج شیدەکاتەوە کە سوپای عێراق توانای هێرش و پەلاماری ئەم ناوچانەی نییە، هەرچەندە چـەکی قـورس و کیمیاویشـی پاڵپشـت بێـت، چـونکە پێشـمەرگە خـۆی بۆ ئەم پەلامارە ئامادەکردبوو و بەرگری لە ناوچەکە دەکرد، شەڕی مان و نەمانی دەکرد.

جەنـەراڵ (ئەلـزەرب) پێـی راگەیەنـراوە کـە لە دوای جەژنی قوربان کە دەکاتە ٢٥ی تـەمووز، دەبـێ شاڵاوی ئەنفال بە گوڕ و تینێکی بەهێزەوە ئەنجام بدات، بە پێی نامەی نهێـنی و شەخسـی ژمارە (٨٦١) ی دەستەی ئەرکانی سوپا لە ٢٠ی تەمووز، ئەمەش بە فـەرمانی سـەدام حسـێن بـوو، هەرچەندە دواتر لە کۆبونەوەی ٢٩ی تەمووز لە بارەگای فەیلەقی یـەك لـە شـاری کەرکوك راگەیەنرا کردارەکانی ئەنفالی شەش و حەوت دواخرا، تاکو پێداویستەکانی بۆ دابین دەکرێت، ئەم راگەیاندنە لەژێر ژمارەی (٩٤٣) ی نهێنی لە ٢٩ی مانگ بوو[١١٥]. هەرچەندەئەم نامەو نامەکاریە و کۆبونەوانە دەکران، بەڵام سوپا لە دوای ٢٦ی تـەمووز ناوچەکانی دۆڵی بالیسان، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی هێران و سمـاقوڵی دایـە بەر بۆمبای کیمیاوی و خەڵکەکەی دەرپەڕاند ، پێشمەرگەش کشانەوە نـاو چـیا سـەختەکان و پـەرت بـوون. پـاش ئەو بۆردومانە لە سەرەتای مانگی ئاب–دا، خـەڵکیدۆڵی سمـاقوڵی لەبەر بۆردومان هەڵاتن، پاشان لە لایەن جاشەکانەوە داگیر کرا، داواشیان لە خەڵکەکە دەکرد خۆیان بدەنە دەست و لێبوردن هەیە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لـە مـاوەی پێـنج رۆژ کۆبونـەوە و حکومـەتیش هـەمووی بـە پێـی تەمـەن و رەگـەز جیا کـردەوە، پیاوەکـانیش ئاگـادار کـران ئەگـەر چـەك لەگـەڵ خۆیـان تەسـلیم بکـەن ئـەوا دەبەخشـرێن، بۆیە خەڵکەکە بەدوای ئەو چەکانە دەگەڕان کە پێشمەرگە شاردبویەوە لە ناوچەکە، پاشان دان پیانانێکیان پێ مۆر کردن کە بەڕاستی پێشمەرگەن، پاشان هەموو

پیاوەکان شونبزر کران [١١٦].

لـە دوای سـەری مـانگی ئابـەوە چـەند هەفتەیەك ڕۆژانە بۆمبی کیمیاوی لە ناوچەکە دەدرا، تەنانەت لە پاش ڕاوەستانی شەڕی ئێرانیش بۆردومان کردنی ناوچەکان خەستتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سوپا نەیتوانی دوو ڕێگە سەرەکیەکەی دەرباز بووان بگرێت بەرەو ئێـران، یـەکێکیان ئەو ڕێگایە بوو کە ئاغای گوندی گوڵان بۆ ڕزگار بووانی دابین کرد بوو کە لە ٢٦و٢٧ی مانگ یارمەتی زۆر خێزانی دا.

عـەلی حەسـەن مـەجید لـە ٧ی ئـاب کۆبونەوەیـەکی سـازدا لەگەڵ جێگری دەستەی ئـەرکان و بەڕێوەبـەرانی جموجۆڵی سەربازی و هێزی ئاسمانی، فەرمانی کۆتایی هێنانی (تێکدەرانـی) دا لـە هـەرێمی (بـاکوور)، بـۆ ئەم مەبەستە فەیلەقی یەك کەرتی بالیسان-سمـاقوڵی لـە ئەسـتۆ گـرت، بـە پێـی ئەو ڕاگەیاندنەی لە ١٦ی مانگ دەرکرا بە نهێنی و شەخسـی بـە ژمـارەی (١٠٧٦) [١١٧]. بەم جۆرە سوپای زەمینی لە ٢٨ی ئاب بە کۆپتەر سـەربازی دابەزاندە دۆڵی بالیسان و داگیری کرد. لە ئەنجامی (٤٢) بروسکەی ئەمن، کە ڕۆژانـە بـوون سـەبارەت بـە بـارودۆخی مـەیدانی شـەڕ لـە ٣ی حوزەیـرانەوە تـاکو ١٨ی ئەیلول، باسی ئەنفالی (٥ ، ٦ ، ٧) ی لەسەر بنیات دەنرێت [١١٨].

لـە ١٧ی تـەمووزی ١٩٨٨ سـەرۆکی کۆمـاری ئیسـلامی ئێران، ڕایگەیاند کە بە نیازە بـڕیاری ژمـارە(٥٩٨) ی سـاڵی ١٩٨٧ئ ئەنجومـەنی ئاسـایش قـبوڵ بکـات، کـە داوای ڕاگـرتنی شـەڕی نێـوان عێـراق-ئێـران دەکـات، ئەم ڕاگەیاندنە کارێکی زۆر خراپی کردە سـەر ورەی پێشمەرگە و وای کرد ئومێدیان کەم بێتەوە لە بەرگری کردن، چونکە ئەگەر سـوپا شـەڕی ئێـرانی لـە کۆڵ بێتەوە، ئەوا هێزێکی گەورەی تر دێنێتە سەر پێشمەرگە، پێشـمەرگەش مـاندو بـووە و ژمـارەی دیـارە، سـەرەڕای ئەوەش چەك و زەخیرەی کەم بۆتەوە، بەرامبەر بە نوێترین و کوشندە ترین چەك زەحمەتە بەرگری پێ بکرێت، چونکە زۆر بـێ بەزەییانـە ئـەم چـەکە قەدەغـە کراوانەی بەکار دەهێنا بەرامبەر بە گوندنشین و پێشـمەرگە. بـۆ نموونە لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٨٨ ڕژێم کیمیابارانی گوندەکانی بالیسان و

بالوکـاوه و خه‌تێی کرد و (٢٢٧) دوو سه‌د و بیست و حه‌وت که‌سی مه‌ده‌نی کوشت، که (٩١) نـه‌وه‌د و یـه‌کیان مـندالّ و (٤٢) چل و دوو به سالاّچوو و (٩٤) نه‌وه‌د و چوار گه‌نج بـوون [١١٩]. ئه‌مـه له کاتێکا که له ٢٥–٢٧ی ئایار له پایته‌ختی عێراق کۆنگره‌ی جیهانی بـۆ ئاشـتی ده‌به‌سترا بۆ جێبه‌جێ کردنی بڕیاری ژماره (٥٩٨)، ئه‌م کۆنگره‌یه زیاتر له ( ١٠٠٠) هـه‌زار نوێـنه‌ر و که‌سـایه‌تی جیهـانی به‌شـداریان تێدا کـرد کـه لـه لایه‌ن حیزب و رێکخـراو و پـه‌رلـه‌مانی ده‌وڵه‌تانه‌وه هاتبوون[١٢٠]. ئه‌وه بوو سیاسه‌تی حکومه‌تی عێراق، له لایه‌ك داوای ئاشتی ده‌کرد بۆ گه‌لانی ناوچه‌که، له لایه‌کی تریش به دڕندانه‌ترین شێوه ناوچـه‌کانی کوردسـتانی بـه چـه‌کی قه‌ده‌غه‌کـراو وێـران ده‌کرد و خه‌ڵکه‌که‌شـی شونبزر ده‌کرد. بۆیـه هـه‌ر کاتێك ئه‌م رژێمه داوای ئاشتی بکات ئه‌وا هه‌وڵی له‌ناو بردنی کۆمه‌ڵه خه‌ڵکێك ده‌دات، داواکاریه‌که‌شی بۆ چه‌واشه کردنی رای گشتی جیهان بووه.

لـه میانـه‌ی شـالاّوه‌کانی ئـه‌نفالی (٥ ، ٦، ٧) زیاتـر لـه (٥٢) پـه‌نجاو دوو گونـد لـه ناحیه‌کانی خه‌لیفان و رواندوز و خۆشناو وێران کران، که سه‌رجه‌م خێزانه‌کانیان (٢٦٠٢) دوو هـه‌زار و شـه‌ش سـه‌د و دوو خێزان بوو، هه‌روه‌ها (٢٤) بیست و چوار قوتابخانه و ( ٥٢) پـه‌نجا و دوو مـزگه‌وتی ئـه‌م گوندانـه‌ی روخـاند[١٢١]، ئه‌مـه جگه له کوێر کردنه‌وه‌ی سـه‌دان کـانی و جۆگـه و سـوتاندنی سه‌دان ره‌ز و باخی ناوچه‌کان، که ئه‌مانه ژێر خانی ئابووری ناوچه‌کانی پێك ده‌هێنا، به نه‌مان و وێرانکردنیان ره‌گ و ریشه‌ی بژێوی خه‌ڵکی ناوچه‌کانی بن بڕ کرد و هه‌موو ماڵ و سامانیشی به تالاّن بردن.

**شالاّوی ئه‌نفالی کۆتایی (بادینان) ٢٥ی ئاب- ٦ی ئه‌یلولی ١٩٨٨**

قۆنـاغی دووه‌مـی شالاّوه‌کانی ئه‌نفال، له دوای وه‌ستانی شه‌ڕی عێراق–ئێران له ٨ی ئـابی ١٩٨٨ ده‌ستی پێ کرد، که سوپای عێراق ئیتر ده‌ست به‌تاڵ بوو بۆ ئه‌نفال کردنی ناوچـه‌کانی بادیـنان و نه‌هێشـتنی پێشمه‌رگه و گوندنشینه‌کان، به جۆره‌ها چه‌کی نوێی قـورس و سـوك، هێـزی ئاسمـانی، تـانك و تۆپـی دورهـاوێژ، سـه‌ره‌ڕای ئه‌مانه‌ش چه‌کی کیمیاوی به شێوه‌یه‌کی به‌ربلاّو و خه‌ست به‌کار ده‌هات له دژی گوندنشین و پێشمه‌رگه‌ی

دەڤەری بادینان. ئەم شالاوە لە زاخۆوە تا ئامێدی درێژ بووەوە لە رۆژ ئاواوە، لە باشوور و رۆژهەلاتیشەوە شێخان و ئاکرێی گرتەوە، (بڕوانە نەخشەی ((٨)) ). چەندان هەزار خەڵکی مەدەنی ناوچەکە ئاوارە و دەربەدەری شاخەکان بوون لە ترسی کیمیابارانی گوندەکانیان.

لە راپۆرتی مەیدانی فەرماندەی فەیلەقی پێنج-دا هاتووە کە فەرماندەیی گشتی هێزی چەکداری، بە راگەیاندنی ئەو پەڕی نهێنی و شەخسی ژمارە (٩٤١) ی ٢٨ی تەمووز، رایسپاردوون کەوا هەڵسوکەوت لەگەڵ (تێکدەران) لە کەرتی بادینان زریانێکی تێکشکێن بێت. ئەم فەیلەقەی پێنج ، هەردوو ناوچەی زاخۆ و شێخانی گرتبووە ئەستۆ بە پێی راگەیاندنی ژمارە(١٠٧٦) لە ١٦ی ئاب کە لە دەستەی ئەرکانی سوپاوە دەرچوو بوو[١٢٢].

بەر لە وەستانی شەڕی عێراق-ئێران، چەند زانیاریەك لە نێو خەڵکی کوردستان بڵاو ببوەوە کە رژێم نیازی هێرشێکی سەرتاسەری هەیە بۆ سەر کوردستان بەگشتی و دەڤەری بادینان بە تایبەتی، کە هێزی پێشمەرگە تێیدا باڵا دەست بوو. لە ٢٠ی ئاب شەڕی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بە کردەوە وەستا [١٢٣].لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧، کاتێ عەلی حەسەن مەجید کرا بەرپرسی نوسینگەی باکووری حیزبی بەعس، هێڵی سووری بەدەوری تەواوی پارێزگای دهۆك دا کێشا، هاوکاتیش لە کاتی ئەنفالی چوار و پێنجدا نزیکەی (٤٩) چل و نۆ گوندی شوێنە جیاجیاکانی ئەم دەڤەرەی سوتاند و وێرانی کرد. پاش هێل کێشان بە دەوری ناوچەکان، حکومەت بە رادیۆ ئاگاداری خەڵکی ناوچەکەی کرد، ئەوەی دێتە لای حکومەت ئەوا (گەلی خۆمانە)، ئەوەیش لە ناو هێلە سورەکە دەمێنێتەوە بە (ئێرانی لەقەڵەم دەدرێ)، ناوچە هێل بەدەور داهاتووەکە بە خۆڵ رێگاکانی گیرا بوون[١٢٤].

بۆ ئەنجامدانی پەلاماری ناوچەکانی بادینان، جگە لە فەیلەقی پێنج، چەند بەشێکیش لە فەیلەقەکانی سێ و شەش و حەوت لە باشووری عێراقەوە گوازرانەوە بۆ

ئەویٚ، پاش راوەستانی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، ئەم هێزانە (٢٠٠) دووسەد هەزار سەرباز دەبوون کە لە (١٤-١٦) فیرقەی سوپای نیزامی پێك دەهاتن، هەر یەکەی (١٢) دوانزە هەزار سەرباز دەبوو، ئەمانە و چەندان فەوجی جاش بەشداری هێرشەکەیان دەکرد. ئەم هێزانە چەند رۆژێك پێش هێرشەکە لە نزیك دهۆك مۆڵیان دەخوارد بۆ چاو ترساندنی خەڵکی ناوچەکە، هەروەها بەردەوامیش ناوچەکەیان بۆردومان دەکرد بە فرۆکە و تۆپی قورس. بۆ نموونە، لە ٢٤ی ئاب گوندی سپینداری قەدپاڵی چیای گارە بە بۆمبی هێشویی بۆردومان کرا و دوو کوڕی چوار ساڵی و پێنج ساڵی کوشت، چەندان گوندنشینیش لە ناوچەکە رووەو سنوری تورکیا هەڵاتن[١٢٥]. رەزا زێباری شایەدحالی شالاوی ئەنفالی کۆتایی سەبارەت بە بۆردومانی رژێم بۆ ناوچەکە وای بۆ دەچێت کە مەبەستی رژێم لەم بۆردومانەدا ترس و دڵەڕاوکیٚ خستنە ناو دەرونی خەڵکی ناوچەکە و پێشمەرگەبوو لەبەر ئەوەی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و ناوچەی قەرەداغ لەبەر چاو بوون، بۆیە ئاپۆرەی خەڵکی ناوچەکە لە (شنیٚ) بە شێوەیەك دەڕۆیشت، نە پیاو ئاگاداری خێزانەکەی بوو نە دایك ئاگای لە منداڵی بوو، هەر یەکە و بە لایەکدا رایدەکرد[١٢٦].

ئەنفالی کۆتایی بە دوو خاسیەت جیا دەکرێتەوە لە قۆناغی پێشتر، واتە ئەنفال کردنی ناوچەکانی قەرەداغ و گەرمیان و دۆڵی زێی بچوك و شەقڵاوە و رواندوز، چونکە هەندیٚ گروپی خێڵەکانی ناوچەکە ئاشتی و تەباییەکی باشیان هەبوو لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە بووە هۆی پاراستنیان لە زەرەرو نەهامەتیەکانی ئەنفال و وێران نەکردنی گوندەکانیان. دووەم خاسیەتیش، مەسەلەی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بوو، هەروەك فەرماندەی فەیلەقی پێنج سەرنجی داوە ناوچەکە لە سەر سنوری نێو دەوڵەتییە لەگەڵ تورکیا، بۆیە دەبیٚ کارەکان زۆر بە رێك و پێکی و نهێنی جێبەجیٚ بکرێن، کە پەیوەستە بە وێران کردنی (٣٠٠-٤٠٠) سیٚ سەد چوارسەد گوندی ئەم دەڤەرە.

شويني خەريتە (٨)

دیاره رژێمی عێراق ویستویەتی بە ئەسپایی و بەبێ دەنگی نەتەوەی کورد لەناو بەرێ، ناوچەی کاری ئەنفالی کۆتاییش لەسەر سنوری تورکیایە، تورکیاش نزیکە لە وڵاتانی ئەوروپا، لەوانەیە رۆژنامەوان و رێکخراوەکانی ماڤ مرۆڤ لەوێوە بگەنە ناوچەکە و کارەکە ئاشکرا ببێت و حکومەتی عێراق توشی سزا بکات یاخود وڵاتانی ئەوروپی پەیوەندی لەگەڵ کز بکەن. هەر بۆیەش لە ٧ی ئاب عەلی حەسەن مەجید سوپای هاندا زوو شاڵاوەکانی ئەنفال تەواو بکات، کە رۆژی پاشتر واتە ٨ی ئاب شەڕی لەگەڵ ئێران وەستا و (بەیانی بەیانات) دەرکرا[١٢٧].ئەم هاندانەی بەر پرسی باکووری حیزبی بەعس بۆ تێکەڵ کردنی کارەکانی ئەنفال بوو لە ناو شەڕی ئێران .

پێشمەرگەی KDP ئاگاداری گوندنشینەکانی ناوچەکەیان کردەوە لە ئەگەری بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن رژێمەوە لە کاتی هێرشەکەی رۆژی ٢٤ی ئاب بۆ سەر چیای گارە بە بۆمبی هێشویی. هەر بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ هێرش کرایە سەر بارەگای پێشمەرگەی KDP لە زێوەشکانی نزیك سنوری تورکیا و (١٠) دە پێشمەرگەی شەهید کرد، ئەمە یەکەم پەلاماری کیمیاوی بوو لەم ناوچەیەدا[١٢٨].

لە رۆژی ٢٥ی ئابەوە سوپا دەستی  بە هێرش کرد و سەرەتا وەك سیاسەتی نەگۆڕی لە شاڵاوەکانی پێشتر، یەکەم جار شوێنە ستراتیژیەکانی ناوچەکەی کیمیاباران کرد. کاتژمێر شەش و نیوی بەرەبەیانی رۆژی ٢٥ی ئاب گوندی برجینی ناحیەی زاویتە لە چیای سپی لە دۆسکی و گوندی توێکا و تلاکروی شوێنی خۆ شاردنەوەی سەربازە راکردوەکان و ئەو بەری زێی خابوور و هێسی و خەرابیا و یەکمالەی بەرواری سەروو کیمیاباران کران، هەشت فرۆکە تەنها گوندی برجینی بۆردومان کرد و چوار کەسی لە ماڵێك کوشت، هێرشی ئەم رۆژە رووبەری (٦٠) شەست میل پانی و (٢٠) بیست میل قوڵایی ناوچەکەی گرتەوە، کە چل کەسی کوشت، پاش چەند هەفتەیەکیش سەدان کەس بەتایبەتی منداڵ لە ناوچەکە گیانیان لەدەست دا بەهۆی بۆنی گازەکە، هەرچەندە لە سەرەتادا بۆنەکە خۆش بوو، بەڵام پاشان بۆنەکە خەڵکی دەخست،

لەوانەیـە هـەردوو گازی خەردەل و دەمارە گازی سیانید تێکەڵ بە یەك کرابن [١٢٩]. ئیتر لێرەوە هێرشـەکان چ بەهێـزی ئاسمـانی یـاخود زەمیـنی بـە خەسـتی دەسـتی پێکرد و بـەرەوپێش چـوو بۆ ناو جەرگەی ناوچە شاخاویەکان، گوندنشینەکانیش بەناچاری رووە و چیا بەرز و سەختەکان رایان دەکرد هەر بۆ خۆدەربازکردن لە پەلامارە کیمیاویەکان و هێرشەکانی سوپا.

هێرشـە فـراوانەکەی ئـەنفالی کۆتـایی بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوو لاوە پێشڕەوی دەکـرد، لە لای بێگۆڤا و گوندەکانی دەورو بەری، کە خەڵکەکەی بەرگەی نەگرت و رژێم توانـی داگیـری بکـات پـاش بۆردومـان کـردنێکی خەسـت، ئـەم هێرشـە هـەموو ناوچەی بـەرواری گـرتەوە لـە کانیبـەلاڤێ تـاکو رێگـەی سـەرەکیی کـانی ماسـێ. دووەم لـە لای سەرسـەنگ و ئەنیشـکێ و بامـەڕنی و ئـەرادن لـەوێش سـوپا بەرەوپێشچـوو چـونکە پێشمەرگەی ئەم میحوەرە کشانەوە، ئەوە بوو پاش کیمیاباران و سوتاندنی گوندەکان، ناوچەکە کەوتە ژێر دەستی رژێم [١٣٠].

رۆژی ٢٥ی ئـاب گەورەتـرین و خەسـترین هێرشـی کـیمیاوی کـرا سـەر گوندەکـانی شـێروانە و ردێـنیا و سـارتکی، بـۆ شـەوەکەش دوانـزە فڕۆکە و کۆپتەر هەردوو ناوچەی رێکـانی و نێـرەوەییان کیمیاباران کرد [١٣١]. هەر لە هەمان رۆژدا گوندەکانی بەرکەڤرێ و وەرمێـلی و بـلێجانیێ و بـانیێ بـە فـڕۆکە و کۆپـتەر کـیمیابارانکران، چەندان گوندنشین بەرکـەوتن، سـەدان ئـاژەڵیش مردار بوونەوە، زۆربەی خەڵکەکەش بەرەو سنوری تورکیا رای کـرد. بۆ شەوەکەی، واتە ٢٦/٢٥ی ئاب، تا کاتژمێر یەکی شەو رێگای بێگۆڤا–کانی ماسـێ خـەڵکی لێدەربـازبوو، پاشـتر کاتژمێـر دوو رێگاکـە لـە لایـەن سوپاوە داخرا، جا ئـەوەی رزگـار بـوو ئـەوەی تـر کەوتـە دەسـت سـوپا، بـۆ بەیانیەکەی ٢٦ی مانگ سوپا گەیشتە سنور و ئەو خەڵکانەی نەیانتوانیبوو بپەڕنەوە ناو سنوری تورکیا دەسگیر کران و شـونبزر کـران [١٣٢]. خەسـترین هێرشـی کـیمیاوی لـە رۆژانـی سـەرەتای شـاڵاوەکە گوندەکـانی چـیای گـارەی (٢٠) بیسـت میـل درێـژی گـرتەوە، کـە فـڕۆکە (٣٠) سی یان

لەوانەیە (٥٠) پەنجا گوندی ناوچەکەی بۆردومان کرد، کە زۆربەیان لە ٢٥ی مانگ بەرکەوتن، لەوانە لە لای باکوورەوە گوندەکانی (دهۆکی، باوەڕکا کەڤری، مێرگە توی، هەڤنێکا، بیرۆزانا، درێرشێ، مێزێ، کەڤنە مێزێ، سپیندار خەلیفۆ و گەرگەش)، لە سەر چیاش گوندەکانی (گارەگۆ، گۆرە، زێوەشکان، بەلوتی، گیزێ، زارکێ، رەزیکێ، سارتکێ، ردێنیا، شێرانە و یەکمالە)، بەڵام لە لای باشوورەوە گوندەکانی (سپیندار، سوارێ، ئاڤۆك و چەند گوندێکی تر) [١٣٣]. بەهۆی ئاگادار کردنەوە و ئامۆژگاری خەڵکەکە لە لایەن پێشمەرگەوە، ژمارەیەکی کەم بەر کاریگەری کیمیاویەکە کەوتن لە چاو پەلامارە خەستەکان، بەڵام مەڕ و ماڵات و ئاژەڵی گوندەکان قڕیان تێکەوت و کێڵگە کشتوکاڵیەکان لە بەرهەم کەوتن.

سەلام عەبدوڵلا بامەڕنی باس دەکات کە لە شەوی ٢٨ی ئاب شوێنی پەڕینەوە لە بەرواری زۆر مەترسیدار بوو، زیاتر لە (١٣) سێنزە هەزار کەس لەم شەوە پەڕیەوە، بەشێکیش خۆیان و ماڵ و ئاژەڵەکانیان دادەست سوپا، چونکە نەیانتوانی بپەڕنەوە، سوپا هەندێکی لەوانە بە تەقە کردن و بۆردومانەوە کوشت، ژمارەیەکی زۆریشی شونبزر کردن. بۆ نموونە لە گوندی هەمزە (٤٨) چل و هەشت کەس کوژران و زۆربەی خەڵکی زێوەی نزیك بامەڕنیش شونبزر کران لەگەڵ چەند کەسێکی گوندی زەلکە، ماڵ و سامانیشیان تالان کرا[١٣٤]. هەروەها لە گوندی کربیت عەلی (٢١) بیست و یەك کەس شونبزر کران، لەوانە (١٠) دە کەسیان هی خێزانی عەبۆش ناوێك بوو کە تەمەنیان لە نێوان (١٣–٤٦) ساڵ بوو هەمووشیان رەگەزی نێر بوون، بەڵام پاشتر لە ٢٧ی مانگ دووانیان خۆیان لە هێلی سوپا دزیەوە بەرەو رێگای سەرەکی زاخۆ، لە گوندی کربیت تیموریش (١٨) هەژدە کەس شونبزر کرا[١٣٥]، سوپا لەسەر سیاسەتی بۆردومانی کیمیاوی بەردەوام بوو پێش ئەوەی هێرشی زەمینی بباتە سەر ناوچەکان ، بە پێی پلانی کاتی بنەڕەتیەکەی فەرماندەی فەیلەقی پێنج، ناوچەی بادینان لە ٢٨ی ئاب هێرشی بۆ کرا، کە لە ئەنجامدا دەیان هەزار خەڵکی مەدەنی ئاوارەی تورکیا و ئێران

بوون، ژمارەیەکیش دەسگیر کران، هەندێکیش پاشتر بەناچاری، لە لێبوردنەکەی ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ خۆیان دادەست[١٣٦].لە ئێوارەی ٢٩ی ئاب بە هەزاران کەسی ناوچەکانی زێبار و بەری گارە لەسەر (رووی شین) لە هەموو لایەك گەمارۆ دران[١٣٧].

لە گوندەکانی سارکێ (٩٣) نەوەد و سێ پیاو و مێرگەتوی (١٠٠) سەد کەس کە زۆربەیان پیر و پەککەوتە بوون شونبزر کران، لەگەڵ (٨٣) هەشتاو سێ پیاوی وەرەخەل کە پاش گرتنیان برانە کۆمەڵگای دێرەلوك و لەوێ لە ژن و منداڵەکانیان جیا کرانەوە، گوندەکانی یەکمالەی دۆسکی (٧٤) حەفتاو چوار کەس و گوێزێ (٩٣) نەوەد و سێ کەسی تیا چوو، لە (٣٦) سی و شەش گوندی ناوچەکە (٦٣٢) شەشە سەد و سی و دوو پیاو شونبزر کراون[١٣٨].

سەبارەت بە شوێنی کۆکردنەوەی خەڵکە گیراوەکان چەند شوێنێکیان تەرخان کردبوو بۆ جیا کردنەوە و تاو توێکردنیان، بۆ دیاریکردنی چارەنوسیان، بە زۆری شوێنەکان وەك دێرەلوك بوون، خەڵکی گیراوی گوندەکانی ناوچەی چیای گارە ماوەیەك لە کۆمەڵگای سوریی ژێری و کوانێ و قوتابخانەیەکی شارۆچکەی سەرسەنگ هێڵرانەوە، بنکەی پۆلیس و سەربازگەو بارەگای یەکێتی مامۆستایانی ئامێدیش هەمان ئەرکیان بینیوە. هەروەها کۆمەڵگای بێرسڤێ و هیزاوەی لای زاخۆ و مانگێش بۆ هەمان مەبەست بەکار هاتوون، ئەمانەی براون بۆ مانگێش پاش سێ رۆژ بە ئیڤای سەربازی گوازراونەتەوە بۆ دهۆك. قەلای سەربازی دهۆکیش وەك تۆبزاوەی لای کەرکوك، شوێنی شونبزر کردنی پیاوە گەنجەکان بوو[١٣٩].

بە گوێرەی نەخشەی هێرشی داڕێژراوی فەیلەقی پێنج بۆ ناوچەی خاپوور، کە گوندی کورێمێ لەم کەرتە بوو، ئەو دەشتەی لە زاخۆ و باتۆفەوە لە باکوور درێژ دەبێتەوە بۆ مانگێش لە باشوور، لە ئەستۆی فیرقەی پیادەی (٢٩) و لیواکانی (٨٤، ٢٣٨، ٤٣٥)ی پیادە بوو، بە هاوبەشی کەتیبەیەکی تانك و تەشکیلێکی هێزی میکانیکی، یەکەیەکی ئەندازیاری مەیدانی و یەکەکانی تۆپخانە و (١٦) شانزە فەوجی

بەرگری نیشتمانی. ئـەم هێزانە بەسـەر هەشـت ڕەتـل دابـەش کـران، دوو لـەو ڕەتلانە بنکەیان لە مانگێش بوو، ڕەتلی حەوتەم بۆ ڕۆژهەڵات بەرەو گوندەکانی مەجلمەختێی و ئەلکویشـکی، ڕەتـلی شەشـەمیش بـەرەو بـاکوور بـۆ داگـیر کـردنی هـەردوو گونـدی بەرۆشـکێی ژێـری و بەرۆشکێی ژووری، کەتیبەیەکیش بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات چوو بۆ گـرتنی گونـدی کورێمـێ[*]، فـەرماندەی فیرقەی (٢٩) سەرپەرشتی دەستەی گوللەباران کـردنی دەکـرد، هـەردوو فیرقەی (٢٩ و ٤١) ی پیادە بە پێی ڕاپۆرتەکەی (ئەلزەرب) لە ٢٩ی ئـاب کارەکانیان جێبەجێ کرد[١٤٠]. کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی ٢٨ی ئاب هێرش کرا سـەر گونـدی کورێمێ و خەڵکەکەی دەسگیر کران، پاشان پیاوە گەنجەکان لە ئافرەت و پیرەکـان جیـا کـرانەوە، ئیـنجا (٣٣) سـی و سێ کەسیان هەر لەوێ دایە بەر دەسڕێژی گولـلە، (٢٢) بیسـت و دوویـان خـەڵکی هـەمان گونـد بـوون و (١١) یانـزەش هی گوندی جـەلکا سەیدا، ئەمانە تەمەنیان لە نێوان (١٤–٥٣) ساڵ بوو، ئەوەی دەربازی بوو تەنها گـەنجێك بـوو، ئـەم قوربانیانـە لـە لایـەن (١٢) دوانـزە چـەکدارەوە گوللە باران کران کە نیوەیان سەرباز و نیوەکەی تریش مەفرەزە خاسە بوون [١٤١].

لـە بـەیانی ٢٦ی ئاب، فڕۆکە گوندی هێسێی کیمیاباران کرد [١٤٢]. هەروەها لە گەلی بـازێی ئـامێدی پتر لە (٢٠٠) دوو سەد خێزان بەر کیمیاباران کەوتن، ئەوەی دەسگیریش کـرا کـوژرا [١٤٣]، ئەم هێرشە لە بەیانیەکی زووی ڕۆژی ٢٩ی مانگ لە لایەن شەش فڕۆکە بـۆ مـاوەی سـێ کاتژمێـر بەبێ پسانەوە بەردەوام بوو، نزیکەی سێ هەزار ژن و منداڵ و پـیر و گـەنجی لـەناو برد[١٤٤]. لە چاوپێکەوتنێکی (گالبرەیت و ڤان هۆلن) [**] کە لەگەڵ

---

[*] درێـژەی کارەسـاتی گونـدی کورێمـێ بخوێـنەوە لـە کـتێبی: MEW, Physicians for Human Rights, The Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan: The Destruction of Koreme, 199

[**] دوو نوێـنەری پەرلـەمانی ئـەوروپی بـوون، بـە مەبەسـتی لێکۆڵیـنەوە لـە ڕەوشـی ئاوارەکـانی کوردسـتانی عێـراق لە ئۆردوگاکانی تورکیا هاتبوون، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێك پێشکەش بکەن سەبارەت بە ڕاستی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە.

دوو ئاوارەی یەکێ لە ئۆردوگاکانی تورکیا ئەنجامیان دا، گەیشتنە ئەوەی کە لە بازێ نزیکەی (١٣٠٠) هەزار و سێ سەد کەس کوژراون کە زۆربەیان ژن و منداڵ بووین، لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە لایەن سوپاوە بە شۆفەڵ لە چاڵ نراون، (٣٠٠) سێ سەد کەسیش بە کیمیاوی مردوون [١٤٥].

پیرە مێردێکی گوندی مێزێ[*] بە ناوی دەنۆ مەتی ئیشۆ لە دایك بووی ساڵی ١٩٢٧، باس لە ئاوارە بوونی خەڵکی گوندەکەیان دەکات، کە کاتی هێرشەکە خەڵکەکە بەرەو چیای گارە رایان کرد و بە برسێتی و ماندویەتی (١٢) دوانزە رۆژ مانەوە، لە لێبوردنەکەی ٦ی ئەیلول ژمارەیەك لە خەڵکەکە خۆیان دادەست و رژێمیش پیاوە گەنجەکانی لێ جیا کردنەوە و پاشتر شونبزری کردن، پیر و ژن و منداڵیشی گواستەوە بۆ کۆمەڵگای جەژنیکانی نزیك هەولێر بەبێ نان و ئاو و جێگا، مام دەنۆش پاش بزرکردنی ئەندامانی خێزانەکەی، لەگەڵ خەڵکەکە هێنرایە ئەوێ[١٤٦].

رەزا زێباری شایەدحالی ئەنفالی کۆتایی، باس لە هەڵاتنی خەڵکی ناوچەکەی دەکات کە چۆن رایان کرد لەدەست سوپا و دەڵێ ٢٨ی ئاب سوپا هێرشیکردە سەر ناوچەی دەشتازیێ قەزای ئامێدی، لە نزیك گوندی شنێ ئەوانەی رۆژی ٢٧ی مانگ ماوەی پەڕینەوەیان نەبوو رێگایان لێ گیرا. ئەوانەی دەربازیش بوون رۆژی ٣٠ی مانگ گەیشتنە دۆڵی پالآنا، بەڵام لەوێش نەوەستان چونکە هێرش گەیشتە گوندی مەبرور . پێشمەرگە ویستی رێگا بۆ خەڵکی ناوچەکە بکاتەوە هەرچەندە توشی شەڕێکی دژوار بوو، بەڵام توانی لە شەوی ٣١ی ئاب رێگاکە بکاتەوە، پاشتر دووبارە رێگاکە لە لایەن سوپاوە گیراوە و کۆمەڵێك خەڵك خۆیان دادەست کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون لە برسان و لە ترسی کیمیاوی، چونکە لە شەڕی شەوی ٣١ی مانگ هەموو خواردن و شت و مەکیان لە کیس چوو. بۆ رۆژی ٣١ی مانگ هێزێکی جاش و سەرباز گەیشتنە شوێنی خۆ

---

[*] مێزێ گوندێکی دڵ رفێنی سەر بە قەزای ئامێدییە، دەکەوێتە ژێر چیای گارە، بە جۆرەها مێوەی نایاب و چاندنی برنج و کونجی بەناو بانگە، لەم گوندە ئیسلام و فەلە بە یەکەوە ژیان دەبەنە سەر .

حەشاردانی خەڵکەکە، کاتێ جاشێك دەچێتە ناو ئەشکەوتێك سەیر دەکات پڕە لە ژن و منداڵ، ئەویش یەکسەر دەگەڕێتەوە لای مستەشارەکەی و پێی رادەگەیەنێ، ئەویش دەینێرێتەوە ئەشکەوتەکە و هێرشەکە کەمێك دوا دەخا، بۆ ئەوەی خەڵکەکە خۆیان دەرباز بکەن (١٤٧).

لەگەڵ ئەمەشدا، فەرماندەی فەیلەقی پێنج لە راپۆرتە دورو درێژەکەیدا، رۆڵی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی پیشان دەدات، کە یارمەتیەکی باشی سوپایان داوە، چونکە شارەزای ناوچەکەن و لەش و لاریشیان گونجاوە بۆ سەرکەوتنە سەر شاخەکان لە لایەك، لە لایەکی تریش باس دەکات کە رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان و روخاندنی خانوەکان، ئەم دەسکەوتانەش بریتی بوون لە هەموو جۆرە شتێك، وەك رەشەولاخ و مەڕ و بزن، رایەخ و نوین بە هەموو جۆرەکانیەوە، پارە و ئاڵتون و ئەلبومی وێنە و قاپ و قاچاغی ناو ماڵ و چەندان شتی تری ناو ماڵ. هەروەها راپۆرتەکە باس دەکات کە زیانی رژێم تەنها (٣١) سی و یەك کوژراو بووە، (١٨) هەژدەیان جاش بووە، بەڵام سەبارەت بە دەسگیر کردنی خەڵکی مەدەنی و پێشمەرگە، بەم شێوەیەی تۆمار کردوە: ئەو (تێکدەرانە) ی خۆیان داوەتە دەست (٨٠٣) هەشت سەد و سێ پێشمەرگەیە، ئەوانەی گیراویشن (٧٧١) حەوت سەد و حەفتاو یەك پێشمەرگە بوونە، لەگەڵ (١٤٨٩) هەزارو چوار سەد و هەشتاو نۆ پیاوی مەدەنی و ( ٣٣٦٨) سێ هەزار و سێ سەد و شەست و هەشت ئافرەت و (٦٩٦٤) شەش هەزار و نۆ سەد و شەست و چوار منداڵ، کۆی هەموویان دەکاتە (١٣٣٩٥) سێنزە هەزار و سێ سەد و نەوەد و پێنج کەس، بەڵام کوژراوەکان ژمارەیەکی ورد و دیار نەکراوە(١٤٨). ئەم ژمارانە هەموویان بە لایەنی کەمیەوە وەرگیراون، لەوانەشە بەشێك لە خەڵکە گیراوەکە بێت نەك گشتیان.

سەبارەت بە ژمارەی گوندە وێران کراوەکانی ئەم شاڵاوەی بادینان، چەند ئامارێك کراوە، لەوانە لە کتێبی (وێران کردنی نەتەوەیەك) هاتووە کە لە ٢٥ی ئاب تاکو ١٥ی

ئەیلولی سالّی ١٩٨٨ لە قەزای شێخان (١٩) نۆزدە گوند وێران کراوە کە کۆی خێزانەکانیان دەکاتە (٢٧٥) دوو سەد و حەفتاو پێنج ، قەزای ئاکرێ (٣٥) سی و پێنج گوند کە (٥٥٤) پێنج سەد و پەنجا و چوار خێزان بووە، (١٠٢) سەد و دوو گوندیش لە قەزای زاخۆ کە (٣٢٠١) سێ هەزار و دوو سەد و یەك خێزان بوون جگە لە ژمارەی خێزانەکانی (٨) هەشت گوند، هەروەها (٢٤٧) دوو سەد و چل و حەوت گوندیش لە قەزای ئامێدی وێران کراوە کە (٧١٧٩) حەوت هەزار و سەد و حەفتا و نۆ خێزانی تێدا بووە جگە لە (١١) یانزە گوند کە ژمارەی خێزانەکانیان نەزانراوە[١٤٩]. بەلاّم دۆسیەیەکی کۆمەڵەی ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان (kurds) ناوی (٣١٠) سێ سەد و دە گوندی لیست کردوە کە لە پارێزگای دهۆك لە ماوەی ئەنفالی کۆتایی روخێنراون[١٥٠]. لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا گوندەکانی پارێزگای دهۆك بە (١٢١٩) هەزار و دوو سەد و نۆزدە گوند دانراوە، (٨٩٦) هەشت سەد و نەوەد و شەشیان لە لایەن حکومەتی عێراق وێران کراون، کە (٥٠٤) پێنج سەد و چواریان لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئاوەدان کراونەتەوە[١٥١]، سەرچاوەیەکی تریش ژمارەی گوندە وێران کراوەکانی ئەم ماوەیە واتە ٢٥ی ئاب تاکو ١٥ی ئەیلول بەم شێوەیە لیست دەکات، ( ٢٣٣) دوو سەد و سی و سێ گوندی ئامێدی، (٣٥) سی و پێنجی ئاکرێ، (١٩) نۆزدەی شێخان، (١٠٠) سەدی زاخۆ و (٦٣) شەست و سێ گوندی سەر بە مەرکەزی دهۆك[١٥٢]، کە کۆی هەمووی دەکاتە (٤٥٠) چوار سەد و پەنجا گوند.

ئامارەکان پیشانیان داوە کە لە ٢٥–٣١ی ئابی ١٩٨٨ لە پەلاماری ئەنفالی کۆتایی وێرانکردن و لەناوبردن بەم شێوەیە بووە: کیمیاباران کردنی (٧٧) حەفتا و حەوت گوندی ناوچە جۆربەجۆرەکان، سوتاندن و روخاندنی (٤٥٠) چوار سەد و پەنجا گوند، هەروەها هەزاران شەهید و بریندار لە ژن ومندالّ و پیر و گەنج، کە لە ئەنجامی کیمیاباران و بۆردومانی ناوچەکانیان بەر کەوتوون، ئەمەو نزیکەی (٣٢) سی و دوو هەزار کەسیش شونبزر کراون و زیاتر لە (١٠٠) سەد هەزاریش ئاوارە و دەر بەدەری

تورکیا و ئێران بوون ، ئەوەی تریش راگوێزرانە کۆمەڵگاکانی جەژنیکانی نزیك هەولێر، ئەوانەی ئاوارەی تورکیا بوون رۆژانە (١٠) دە کەسیان لێ دەمرد لە منداڵ و پیرەکان، بەهۆی بەد خۆراکی و لە سەرمان، بۆ نمونە رۆژنامەی (لۆمۆندی فەرەنسی ) باس لە ( ١٨٥٠٠) هەژدە هەزار و پێنج سەد کەس دەکات کە ژیانیان لە مەترسیدایە بە هۆی هاتنی وەرزی زستان، کە زۆربەیان منداڵ و پیرن [١٥٣]. ئەم ئاوارانە لە سەرەتادا تورکیا رازی نەبوو بپەڕنەوە ناو سنوری و هەندێکیشی دایەوە دەست حکومەتی عێراق ، هەروەها رێگەشی بە رێکخراوە مرۆیی و رۆژنامەوانان نەدەدا سەردانی ئاوارەکان بکەن و لێکۆڵینەوە لەسەر رەوشی ژیانیان بکەن، تاکو بۆیان ئاشکرا بێت ئایا چەکی کیمیاوی بەکار هاتووە یان نا. راپۆرتی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لقی ئەستەمبۆڵ لە ساڵی ١٩٩٠ باس لەو ئاوارانە دەکات کە سەدان هەزار کەس دەبن ، گوندەکانیان وێران کراوە و خۆشیان دەربەدەر کراون [١٥٤]. سەلام فەواز لیستێکی بە ناوی (٧٥) حەفتاو پێنج گوندی پارێزگای دهۆك کە ژمارەیان (١٥٢٤٧) پانزە هەزار و دوو سەد و چل و حەوت کەسە ئاوارەی ئۆردوگای ماردینی تورکیا بووین[١٥٥]، ئەمانە لەو ئۆردوگایە ژیانێکی یەکجار ناخۆش دەژیان، لە مانگی پێنجی ١٩٨٩ (٣٠٣٤) سێ هەزار و سی و چوار کەس بە نانی ژاراوی توشی نەخۆشی هاتن و چەند کەسێکیش مردن، ئەم کارە بە هاوبەشی لە نێوان پیاوانی رژێمی عێراق و کاربەدەستانی تورکیا ئەنجام درابوو، ئەمە جگە لە ئازاری جەستەیی و دەروونی بێ وێنە[١٥٦]. MEW ژمارەی هەڵاتوان بۆ تورکیا بە(٦٥–٨٠) هەزار دادەنێت، کە لە ئەنجامی شاڵاوی ئەنفالی بادینان ئاوارە بوون[١٥٧].

سەبارەت بە شونبزر کردنی گوندنشینەکانی بادینان، بەزۆری رەگەزی نێر دەگرێتەوە. بەڵام ناوچەی دۆسکی لە گوندی کورفیل ئەفسەرێکی سوپا (٣٥) سی و پێنج کەسی لە ژن و منداڵ و پیاو گوللەباران کرد، هەرچەندە لە ناوچەی سندی تەنها پیاوەکان لە ناوبران[١٥٨]. هەروەها رێکخراوی لێبوردنی نێو نەتەوەیی A.I لیستی ناوی ( ٣٥٣) سێ سەد و پەنجاو سێ کەسی دەست کەوتوە کە گوللەباران کراون، (٥٢) پەنجاو

دوو لەوانە تەمەنیان لە نێوان (١١–١٧) ساڵی بووە، ئەمانە بەشێك بوون لەو چەند هەزار کەسەی ناوچەی ئامێدی [١٥٩]. ئەفسەرێکی سوپای عێراق باس لە فەرمانێك دەکات لە کاتی ئەنفالی بادینان، دەڵێ: ((فەرمانمان بۆ هات هەر پێشمەرگەیەك دەسگیر کرا بیکوژن، تەنانەت ئەوانەی خۆشیان بە دەستەوە دەدەن، ئەو جوتیارە مەدەنیانەش بە پێشمەرگە لە قەڵەم دەدرێن کە لە ناوچە قەدەغە کراوەکان بن، واتە تەواوی پیاوە تەمەن (١٥–٦٠) ساڵیەکان، ئەم فەرمانە تا ئاستی فیرقەکان بە نوسراوی رەسمی دابەزی بوو، ئەفسەرە پلە نزمەکانیش بە دەمی ئاگادار کرابونەوە)) [١٦٠]، ئەم فەرمانە بەڵگەیە لەسەر سیاسەتی لەناوبردنی تەواوی رەگەزی نێر لەم هێرشانەدا، هەر بۆیەش ژن و منداڵی ئەم ناوچەیان گواستەوە جەژنیکان بەبێ پیاو جگە لە هەندێ پیرە مێرد. رەزا زێباری لەم بارەیەوە دەڵێ (٨٥٪) ی ئەم کۆمەڵگایە ئافرەت بوو، چونکە پیاوەکان کوژرا بوون یان شونبزر کران، بۆ نموونە (١٥٠) سەد و پەنجا ئافرەتی گوندی گۆزێ لەوێ هەبوون کە (٩٥) نەوەد و پێنجیان پیاویان شەهید کرابوو، گوندەکانی کورێمێی دۆسکی و غەلبیش و سپیندارى بەری گارە و وەرخەل لە رێکانی، زۆربەی پیاوەکانیان شونبزر کران یان کوژران [١٦١].

لە دۆسیەیەکی رێکخراوی ماڧ مرۆڤ لە کوردستان لقی دهۆك لیستی زانیاری بە ناوی (١٣٣٩) هەزار و سێ سەد و سی و نۆ کەس ئامادەکراوە کە تەمەنیان لە نێوان (١–٧٥) ساڵدایە، هەموویان لە شالاوی ئەنفالی کۆتایی شونبزر کراون [١٦٢]، ئەم ژمارەیە تەنها ئەو کەسانەیە کە رێکخراوی ناوبراو بەهۆی سەردانی کەسوکاری شونبزرەکان بۆ رێکخراوەکە تۆماری کردوون، لە نێو ئەم لیستەدا (١٤) چواردە کەس کە ئەندامانی دوو خێزانن، دوو ماڵە برا بوون، شونبزر کراون.

بۆ کۆکردنەوەی گیراوانی ئەنفالی بادینان دوو شوێنی سەرەکی تەرخان کرابوو، یەکیان قەڵا سەربازیەکەی نزارکێی دهۆك و ئەویتریش بەندیخانەی سەلامیەی موسل بوو، پێشتر باس کرا کە بە پێی راپۆرتی فەرماندەی فەیلەقی پێنج (١٣٣٩٥) سێنزە

هـەزار و سـێ سـەد و نـەوەدو پێـنج کـەس، لـە ئـەنفالی بادیـنان گـیراون، زۆربـەیان دەگوازرانـەوە بـۆ قـەڵای نـزارکێ، پیاوەکـانی باشـووری بادیـنانیش هـەندێکیان دەگوازرانـەوە بۆ لای موسڵ و شونبزر دەکران . پاش جیاکردنەوەی پیاو و ژن لە یەکتر مـاوەی دوو یـان پێنج رۆژ ئینجا پیاوەکانیان دەگواستەوە بۆ شوێنی نادیار، هەرچەندە پیرەکـان دوو هەفـتە دەمانـەوە، گەنجـەکانیان لـە پێـش ژن و منداڵەکان ئازار دەدا، بۆ ئـەوەی ئـازاری دەروونـی بچێژن و پێیەوە بتلێنەوە [١٦٣]. بە قسەی پیاوێك کە لەو کات لـەم قەڵایـە کـاری کـردوە ژمـارەی گەنجـە بـەند کـراوەکانی ئـەوێ بە (٨) هەشت هەزار دادەنێت[١٦٤]. شـایەدحالێك، کـە پـیرە مێـردێکی ئامێدییـە باس لە ئازاردانی گەنجەکان دەکـات و دەڵێ: ((بە چاوی خۆم بینیم ئەفسەرەکان پیاوێکی گەنجیان بە بلۆك کوشت، منیش لە تاوا زۆر گریام و لە خودا پاڕامەوە کە هەموومان لەم بەڵایە رزگار بکات)) [١٦٥] ، ئەمـەو چـەند شـایەدێکیتریش بـاس دەکەن کە گەنجەکان بە شێوەی زۆر دڕندانە ئازار دەدران و دەکوژران.

ئـەو خەڵکـەی لـە قـەڵای نـزارکێ بـەند کرابوون ، زۆربەیان سەر بە هۆزە گەورەکانی ناوچـەی بادیـنان بـوون وەك عەشـیرەتی دۆسکی، سندی، رێکانی، بەرواری، سلێڤانی و هیـتر. جگـە لەمانەش چەند سەد کەسێك لە ئێزیدی و مەسیحیە ئاشوریەکان بوون ، کە بەجیا بەند کرابوون . گاردەکانی ئەم قەڵایە زۆر جار بە بەندەکانیان دەگوت: ((ئێوەی کـورد بـۆ مـردن نێـردراونەتە ئێـرە))، هـەر بۆیەش هەڵسوکەوتیان زۆر خراپ بوو لەگەڵ گیراوەکـان، لە دوو رۆژی سەرەتای مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ لە ئەنجامی خراپی گاردەکان (٢٠) بیسـت کـەس لەبرسـان مـردن [١٦٦]، ئـەم قەڵایـە رێـك خاسـیەتەکانی گـرتوخانەی تۆبـزاوەی لای کـەرکوکی هـەبوو بـە زیـادەوەش، کـە تیـایدا چارەنوسی گیراوەکان دیار دەکـرا، چ بـۆ کوشـتن یـان بەندیخانـەی ئەشـکەنجەدان دەبـران. بـەڵام بەندیخانـەی سەلامیەی باشووری موسل، ژن و منداڵی تێدا بەند کرا، ئەو کات خرابووە ژێر دەسەڵاتی پۆلیـس و سـوپای میلـلی (جەیشی شەعبی)، هەر قاوشەی خەڵکی ناوچەیەکی تێدا بەند

کرا، هەرچەندە لێرە بارودۆخی بەندیەکان لە نزارکێ باشتر بوو، بەڵام قەدەغە بوو بەندی قاوشە جیاجیاکان هاموشۆی یەکتر بکەن [١٦٧]. پاشتر بۆ ماوەیەکی کورت گەنجەکانیشیان هێنابووە ئەوێ. پیاوێك باسی (١٢) دوانزە هەزار گیراو دەکات کە لە سەلامیە بەند کراون ، گەنجەکان ئەوانەی تەمەنیان لە (١٨) هەژدە ساڵ زیاتر بوو بۆ شوێنی نادیار براون و بە کۆمەڵ گوللەباران کراون، پاشان بە کۆمەڵ خراونەتە ژێر گڵەوە[١٦٨]. هەر لەم بارەیەوە ئافرەتێکی گیراو دەگێڕێتەوە کە پیاوەکان لەم بەندیخانەیە بە دەست و چاو بەستراوی راپێچی ناو ئۆتۆمبیلی داخراو کران و بۆ شوێنی نادیار بران، پاش ماوەیەکی کەم دەنگی دەسرێژی گوللە دەستی پێکرد ، کە وا پێدەچێت کۆمەڵ کوژیان کردبن، هەرچەندە گاردەکان بە ئافرەتەکانیان گوتبوو ئەوە سەرۆك کۆمار لێبوردنی گشتی دەرکرد و پیاوەکانتان ئازاد دەکرێن ، دیارە گاردەکان نیازیان وا بووە ئافرەتەکان ئاهەنگ بگێڕن و لەگەڵ گاردەکان شایی بکەن [١٦٩].

شایەنی باسە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی شاڵاوی ئەنفالی بادینان بەرگریەکی قارەمانانە و ئازایانەیان لە ناوچەکان کرد، بە رادەیەك دوژمن زۆر جار ناچار دەبوو پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆ چۆلکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە. ئاشکراشە ئەم قۆناغەی شاڵاوەکانی ئەنفال واتە قۆناغی دووەم کاتێ دەستی پێکرا کە سوپای عێراق لەشەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران کۆتایی هاتبوو و ترسی نەمابوو.

لێرەدا سەرەنجامی هەردوو قۆناغی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستان بە کورتی دەخەینە روو. بەڵگە نەویستە سیاسەتی رژێمی بەعس هەر لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات ئامانجی لەناو بردنی نەتەوەی کورد بووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان رێگا و بەرنامەی دارشتوە و دەیان پیلانی ناوەتەوە بەهاوکاری حکومەتە هاوپەیمانەکانی. سیاسەتی لەناوبردنی گەلی کورد بە بەردەوامی پیادە کراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ گەیشتە چلە پۆپە و ئەو پەڕی درندایەتی، کە هەموو یاسا ئاسمانی و دانراوەکانی

پێشێل کرد. ئەوە بوو شاڵاوەکانی ئەنفالی ئەنجامدا، کەماوەی نێوان مانگی شوبات تاکو ئەیلولی ئەم ساڵەی خایاند. لە ئەنجامی ئەم شاڵاوانەدا سەرجەم گوندەکانی کوردستان وێران کران و لەگەڵ زەویدا تەخت کران، جگە لە چەند گوندێك ئەوانیش لەگەڵ چەند شارۆچکەیەك(*) بۆ قۆناغێکی تر هێشترا بوونەوە، بە وێران کردنی ئەم گوندانە سەر و سیمای نەتەوەیی و جوگرافیای ناوچەکان تا رادەیەك شێوێندران، هەروەها نزیکەی (٢٠٠) دوو سەد هەزار مرۆڤی کورد لەم شاڵاوانەدا شونبزر کران و لەناو بران. رێژەی هەرە زۆری ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتی ناوچەکانی کوردستان لەگەڵ ماڵ و سامانی گوندنشینەکان بە تاڵان بران ، بە بڕیاری رەسمی. لە راپۆرتی یەکێتی جیهانی مافی مرۆڤ هاتووە لە (٧) حەوت ملیۆن سەر مەڕ کە لە ساڵی ١٩٨٥ سەر ژمێر کراوە، تەنها (٥٠) پەنجا هەزاری ماوە، هەزاران شانەی مێش هەنگوین لەناو براون، هەروەها گشت شوێنە مێژوویی و پەرستگاکانیش لەناو بران وەك مزگەوت و کلێسە و قوتابخانە، کە هەیانە مێژووی دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ. رێکخراوی MEW تێبینی دەدات کە (٧٥٪) تاکو (٨٥٪) ی کۆمەڵگای کوردی و زیاتر لە (٤٠٠٠) چوار هەزار گوند وێران کراون (١٧٠). جگە لەم وێران کاریە شیرازەی هەزاران خێزان لەبەر یەك هەڵوەشایەوە و تێکچونێکی توندی کۆمەڵایەتی لە خولان و تەقینەوەیە. هەروەها بە وێرانکردنی گوندەکان و کێڵگە کشتوکاڵیەکان ژێر خانی ئابووری کوردستانی داتەپاند، جگە لە سوتاندنی خاکەکەی بە کیمیاباران و ژاراوی کردنی سەرچاوەکانی ئاو. ئەو کەسانەی شونبزر نەکران یاخود لەناو نەبران راگوێزرانە کۆمەڵگا زۆرەملێکان،

---

(*) یەکێتی جیهانی مافی مرۆڤ ، لە راپۆرتێکیدا بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان باس دەکات کە حکومەتی عێراق نیازی وایە چەند شارۆچکەیەکی تریش راگوێزێ و وێرانیان بکات، لەوانە رانیە(١٢٠) سەد و بیست هەزار کەس، کۆیە (٦٠) شەست هەزار کەس، دواتریش لەوانەیە شارەکانی ئامێدی و ئاکرێ و شەقڵاوە و رواندوزیش راگوازرێن . بڕوانە رۆژنامەی (خەبات) ژمارە (٦٠٥) ئایاری ١٩٩٠، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان—عێراق.

لەبەر بێکاری دەستیان داوەتە دەرۆزەکردن بەرە بەرە دەرۆزە کردنەکەش فراوان دەبێت و تاوان بڵاو دەبێتەوە، پاشان پەیوەندی ناو خێزان و کۆمەڵیش لێك دەترازێ و بەد رەوشتی بڵاو دەبێتەوە.

رژێمی عێراق لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا گەلی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە پانتایی (٧٧٢٩) کم٢ واتە ١\٨ ی رووبەری کوردستان گەمارۆ دابوو [١٧١]. بەم جۆرە عێراق کوردستانی وێران کرد و رێژەیەکی زۆری خەڵکەکەشی شونبزر کرد و لەناوی بردن.

لە ئامارێکدا، کە تەنها (١٠) دە قەزا و ناحیەی گرتۆتەوە و بەر هێرشی ئەنفال کەوتون، ئەمانەن (تێلەکۆ، پێباز، قادرکەرەم، سەنگاو، کەلار، قەرەداغ، چەمچەماڵ، ئاغجەلەر، بازیان و دەربەندیخان)، وێران کاریەکانی ئەم (١٠) دە شارۆچکەیە بەم شێوەیە بووە: وێران کردنی (٦٧٧) شەش سەد و حەفتاو حەوت گوند کە ژمارەی خێزانەکانیان (٢٣٧٩٩) بیست و سێ هەزار و حەوت سەد و نەوەد و نۆ بووە، کۆی دانیشتوانیان (١٢٣٩٩٧) سەد و بیست و سێ هەزار و نۆ سەد و نەوەد و حەوت کەسە، (٦٠٠٧١) شەست هەزار و حەفتا و یەك کەسیان لێ ئەنفال کراوە [١٧٢].هەروەها لە پەیامێکی بەرەی کوردستانی کە لە ١٥ی تشرینی یەکەم لە ساڵی ١٩٨٨ ئاراستەی رای گشتی جیهان کراوە بۆ بەتەنگەوە هاتنی گەلی کورد لە عێراق، لەم پەیامەدا لیستی ژمارەی (٤٤٨) چوار سەد و چل و هەشت گوندی شێخان و دهۆك و ئامێدی و ئاکرێ و زاخۆ هاتووە، کە لە ماوەی نێوان ٢٥ی ئاب تاکو ١٥ی ئەیلول وێران کراون [١٧٣]. ئەمە تەنها بەشێکی ئەو گوندە وێران کراوانەیە کە لە ناوچەکانی هەردوو پارێزگای دهۆك و موسل وێران کراون و خەڵکەکەشیان شونبزر کراون.

## سەرچاوەکان:


(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەیەکی ئەوسا، هەولێر ٢٣/٣/٢٠٠٠.

(2) MEW, op.cit.,P.93.

(٣) هەڤاڵ ئەبو بەکر، ئەنفالەکان کێشەی ژمارە (١)، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) هەولێر، ژ. (١٢٦٤) ١٦/٤/١٩٩٦.

(٤) میدل ئیست وۆچ ، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، سەرچاوەی پێشو، ل ١٩٦–١٩٧.

(٥) بەهجەت رەووف، بیرەوەری ئەنفالی بەدناوی یەك، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژ.(٤٥٥) ٦/٨/١٩٩٣.

(٦) عەبدوڵلا کەریم مەحمود، پانۆرامای کارەساتی ئەنفال، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژ.(١٢٦٢) ١٤/٤/١٩٩٤.

(٧) خالد کەریم کورەداوی، ئەنفال و هەندێ بۆچون، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژ.(٦٦) ١٤/٤/١٩٩٢.

(٨) شەوکەتی حاجی مشیر، کارەساتی هەڵەبجە، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٤٢.

(٩) بەهجەت رەووف، سەرچاوەی پێشو.

(١٠) رۆژنامەی هاوکاری، بەغداد، ژ.(٩٦٠) ٢٤/٣/١٩٨٨.

(11) MEW,op.cit.,P.113.

(١٢) هیوا ئەحمەد مستەفا، دڵۆپێك لە دەریای یادە تاڵەکان، رۆژنامەی(برایەتی) ژ.(٢٥٣٤) ٢٥/٢/١٩٩٨.

(13) MEW,op.cit.,P.98-101.

(١٤) عەبدولکەریم هەڵەدنی، لە ئەنفالەوە بۆ ئەنفال، گۆڤاری (رەهەند) سوید، ژ.(٧)، ١٩٩٩، ل ١٠٩

(١٥) عەدالەت تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣.

(١٦) چوار چەل، هەڵەبجە ئەلندا ئازادێی یە، گۆڤاری (مەتین) ژ.(٣٠) دهۆك ، ئاداری ١٩٩٤، ل ١١.

(١٧) زیاد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشو،ل٨٨.بۆ دەقی بەیانەکە بروانە پاشکۆی ژمارە( ٤ ).

(١٨) رۆژنامەی (هاوکاری) بەغداد، ژ. (٩٥٩) ٢١/٣/١٩٨٨.

(١٩) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ١٩٦ .

(٢٠) رێبوار عەبدوڵلا، گەردەلولەکەی قەرەداغ و گەرمیان ، ١٩٩٢ ، ل٦–٨ دەسنووس .

(٢١) قادر رەشید ناسك، ئەو رۆژانەی ئەنفال گەیشتە ناوچەی قەرەداغ ، رۆژنامەی(رێگای کوردستان)

ژ.(٢٠٠) ٩/٤/١٩٩٨.

(٢٢) بەهجەت رەووف ، ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ ، رۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژ.(٤٦١) ١٣/ ١٩٩٣/٨

(٢٣) حەکیم سەرچاوی ، بیرەوەری یەکەم رۆژی ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ ، رۆژنامەی(رێگای کوردستان) ژ.(٢٤٣) ١٩/٣/١٩٩٧.

(٢٤) چوار چەل ،سەرچاوەی پێشو ، ل١١.

(٢٥) برایم محێدین ، ئەنفال و سەرگوزشتەیەك ، (کوردستانی نوێ) ژ.(١٢٢) ٣/٦/١٩٩٢.

(٢٦) عەدالەت تاڵەبانی ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣–٢٤.

(٢٧) الانفال ، مجلة (نداء الحق)، العدد (٩–١٠)، ١٩٩٣، ص ٤٤–٤٥.

(٢٨) عەبدوڵلا کەریم مەحمود، چارەنوسێکی نادیار، کۆمیتەی بەرگری لە مافی قوربانیانی ئەنفالەکان، ١٩٩٣، ل ٤٧–٤٨.

(٢٩) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٢١–٢٢٢.

(٣٠) هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٣–٢٢٧.

(٣١) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاولاتیەکی ناوچەی قەرەداغ، سلێمانی ١٨/١٢/١٩٩٩.

(٣٢) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٢٩.

(٣٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٠.

(٣٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠–١٣١.

(٣٥) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٢–٢٣٣.

(٣٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگەیەکی نوسەر، بنەسلاوە، ٢٥/٢/٢٠٠٠.

(٣٧) تاڤگە ئەحمەد، گوندی عەلیاوای ئەنفال کراو، گۆڤاری (شەهید) سلێمانی، ژ.(٦) ١٩٩٩،ل ٢٦

(٣٨) عەبدوڵلا کەریم مەحمود، حەجاج درندەیەکی بێ وێنەی ئەنفالە، رۆژنامەی(ئاڵای ئازادی) ژ.(٤٠) ٢٠/٩/١٩٩٢ .

(٣٩) قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني–العراق ، من جرائم القتل العام في كوردستان عام ١٩٨٨، شباط ١٩٨٩، مطبعة خەبات، ص ١٠–١٢.

(٤٠) جريدة (الثورة) العدد ( ٦٥٢٢ ) ٣ /٤/١٩٨٨، بۆ دەقی بەیانەکە بروانە پاشکۆی ژمارە ( ٤ ).

(٤١) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو،ل ٢٤١.

(٤٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٤–٢٤٥.

(43) MEW,op.cit.,P.132-134.

(٤٤) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٤٨-٢٥٣.

(٤٥)- حیکایەتەکانی ئەنفال، رۆژنامەی(کوردستانی نویٚ) ژ.(١٢٦٤) ١٩٩٦/٤/١٦.

(٤٦) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل٢٥٢.

(٤٧) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٣-٢٥٤.

(٤٨) یادگاریەکانی رۆژانی ئەنفال، رۆژنامەی(رێگای کوردستان) ژ.(٥٨) ١٩٩٣/٥/١٨.

(٤٩) تەها سلێمان، لە پەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاسا ، سلێمانی ، ١٩٩٩ ، ل ١٦٣

(50) MEW,op.cit.,P.138.

(٥١) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل٢٥٦-٢٦٢.

(52) MEW,op.cit.,P.142.

(٥٣) تەها سلێمان ، سەرچاوەی پێشو، ل ١٧٢-١٧٣.

(٥٤) ضحايا الانفال يتكلمون ، مجلة (النفير) العدد(٩) اذار ١٩٩٢، ص ٣٤.

(٥٥) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٦٣، ٢٦٤.

(٥٦) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٤-٢٦٧.

(٥٧) تەها سلێمان ، سەرچاوەی پێشو، ل ١٤٩.

(٥٨) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٦٨.

(٥٩) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٩-٢٧٢.

(٦٠) هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٣-٢٧٤.

(61) MEW,op.cit.,P.150.
(62) Ibid..P.151-152.

(٦٣) جەبار یاوەر، کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی هێزی (تایبەت- پارتیزانی)ەوە، گۆڤاری (پێشمەرگە) ژ.(١) ١٩٩٥ ، ل ٤٨.

(٦٤) جینۆساید: کورد قڕان ، رۆژنامەی(ئاڵای ئازادی) ژ.(١٦٥) ١٩٩٥/٤/٩.

(٦٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربازێکی بەشدار بووی شاڵاوەکانی ئەنفال، هەولێر، ١٩٩٩/١٢/٢٣.

(٦٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتور رەفیق شوانی، هەولێر٢٠٠٠/٥/٣٠، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە رۆژنامەی (برایەتی)، ژ.(٣٠٨٥) ٢٠٠٠/٥/٨.

(٦٧) قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني، من جرائم القتل العام في كوردستان عام ١٩٨٨، مطبعة خەبات، ١٩٨٩، ص ٢٧-٢٩ .

(68) MEW,op.cit.,P.152.

(٦٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربازێکی ئەوسای سوپای عێراق، هەولێر، ٢٠٠٠/٢/٢٣.

(٧٠) میدل ئیست وۆچ ،سەرچاوەی پێشو، ل ٢٨٠–٢٨٢.

(٧١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٢–٢٨٣.

(72) MEW,op.cit.,P.156.

(٧٣) جريدة (الشرارة) العدد (٣) مايس ١٩٨٨.

(٧٤) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٨٨–٢٩٠.

(75) MEW,op.cit.,P.169-170.
(76) Ibid.,P.170-171.

(٧٧) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٠٦–٣٠٧.

(٧٨) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٨.

(٧٩) مجلة (النفير) العدد (٩) ل ٣٦، هەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوانە: خالد عارف، لەیادی کیمیابارانی گۆپتەپە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژ.(٦٧٥) ٣/٥/١٩٩٤،وە شێخ سدیق، لە یادی (٦)ەمین ساڵرۆژی کیمیابارانەکەی دێی گۆپتەپەدا، ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ژ.(١٠٨) ١٧/٥/١٩٩٤ .

(٨٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ج)، کۆمەڵگای قوشتەپە، ٢٠/١/٢٠٠٠ .

(٨١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ز)، شارۆچکەی تەق تەق، ٣/٣/٢٠٠٠.

(82) MEW, op.cit.,P.178.
(83) Ibid.P.178 .
(84) Ibid.P.179-180.
(85) Ibid.P.181.

(٨٦) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٢٢–٣٢٣، هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژمارەکانی (١٠٤ ، ١٠٥ ، ٢٣٢ ، ٥٣٤) ٢٩/٥/ و٣١/٥ و ٣/١١ /١٩٩٢ و ١٢/١١/١٩٩٣

(٨٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ (سالم)، خەڵکی ناوشوان، هەولێر، ١٠/١/٢٠٠٠.

(٨٨) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ١٨٤.

(٨٩) دێی قەرەسالمی خواروو چۆن ئەنفال کرا ، بڵاوکراوەی(هەواڵنامەی کەرکوک) ژ.(١) تەمووزی ١٩٩٨، ل ٦.

(٩٠)- دێی ئەسکەندەر بەگی چۆن ئەنفال کرا ، بڵاو کراوەی(کەرکوک) ژ.(٣) ت٢ ١٩٩٨ ، ل ٣.

(٩١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ج)، کۆمەڵگای قوشتەپە، ٢٠/١/٢٠٠٠.

(92)Destruction of NATION, S.M.Ressol, 1990,USA,PP33-97
(93) MEW,op.cit.P.178.

(٩٤) بەهجەت ڕەووف، ئەنفالی سێ، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژ.(٥٣٤) ١٢/١١/١٩٩٣ .

(٩٥) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو ل ٣٣٣–٣٣٥.

(٩٦) هەڤال ئەبو بەکر، ئەنفالەکان کێشەی ژمارە یەك، ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژ.(١٢٦٤)

.١٩٩٦/٤/١٦

(٩٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ (جاشێك)، هەولێر،٢٠٠٠/٣/١٣.

(٩٨) میدل ئیست ووٚچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٤١–٣٤٣.

(٩٩) جريدة (الشرارة) العدد(٣) سەرچاوەی پێشو، ص١٠، هەروەها بڕوانە: دکتۆر کەریم عەبدوڵلا هەرتەلی، کارەساتی گوندی وەرە، رۆژنامەی(ئاڵای ئازادی) ژ.(١٢٠) ١٩٩٤/٥/١.

(100) MEW,op.cit.,P.196.

(١٠١) چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگە (ل)، هەولێر، ٢٠٠٠/٣/١١.

(١٠٢) میدل ئیست ووٚچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٥٣–٣٥٤.

(١٠٣) هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٤.

(١٠٤) مەلا رۆژگار، گەلی کورد بە خوێنی قوربانیانی ئەنفال راپەڕینی گڕدا، (کوردستانی نوێ) ژ.(٩٣٣) ١٩٩٥/٣/١٠

(١٠٥) میدل ئیست ووٚچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٤٩ .

(١٠٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پیرەمێردێکی تەمەن(٨٤) هەشتاو چوار ساڵی، گوندی بلەی خواروو ٢٠٠٠/٣/٦.

(١٠٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەربازێکی ئەوسای سوپای عێراق ، هەولێر ٢٠٠٠/٢/٨.

(١٠٨) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئافرەتێکی تەمەن(٤٩) چل و نۆ ساڵی گوندی بلەی خواروو، بلەی خواروو ٦ / ٣ /٢٠٠٠ .

(١٠٩) یاداشتنامەیەکی دەست نوس لە ساڵی ١٩٩٨ پێشکەش بە رێکخراوی خاچی سوری نێو دەوڵەتی کراوە .

(١١٠) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ گەنجێکی تەمەن(٢٢) بیست و دوو ساڵی گوندی بلەی خواروو، بلەی خواروو ٦ / ٣ /٢٠٠٠ .

(١١١) میدل ئیست ووٚچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٤٦–٣٤٧.

(112) MEW.op.cit.,P.201.

(١١٣) میدل ئیست ووٚچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٥١.

(114) MEW,op.cit.,P.204.
(115) Ibid.P.206.

(١١٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ پێشمەرگە(ل)، هەولێر،٢٠٠٠/٣/١١.

(117) MEW.op.cit.,P.207.

(١١٨) میدل ئیست ووٚچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٤٩–٣٥٧.

(١١٩) محەمـەد رەنجـاو، لـەیادی کارەساتەکەی دۆڵی بالیساندا، رۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژ.(٦٦٢)
١٩٩٤/٤/١٧
(١٢٠) وثـائق الموءتمـر العالمي الشعبي المنعقد في بغداد للفترة ٢٥–٢٧ ايار ١٩٨٨، دار الحرية للطباعة، ص ٥.
(121) S.M.Resool, op.cit.,PP46-70.
(١٢٢) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٦٠–٣٦١.
(١٢٣) بڕوانە: سلام فواز، الرحيل في المجهول، ط٢، مطبعة هاوار، دهوك، ١٩٩٨، ص ٧–٨.
(١٢٤) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٤٥–٤٤٦.
(١٢٥) هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٨–٤٤٣.
(١٢٦) رضـا زبـير زيباري، الانفال والرحلة الشاقة، منشورات مجلة(مةتين)، مطبعة هاوار، دهوك، ١٩٩٥، ص٨–٩
(١٢٧) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٣٧–٤٤٣.
(١٢٨) هەمان سەرچاوە، ل ٤٤٦–٤٤٩.
(١٢٩) سلام فواز، سەرچاوەی پێشو، ل ١٧–١٨ ، هەروەها بڕوانە میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٤٩–٤٥٢.
(١٣٠) سلام فواز، سەرچاوەی پێشو، ص ٢٥.
(١٣١) مـەریوان ، ٢٥ی ئـاب یـادێکی تاڵـە، رۆژنامـەی(ئـاڵای ئـازادی) ژ.(٨٦) ١٩٩٣/٨/٢٢، هـەروەها بڕوانە: رچا زیباری سەرچاوەی پێشو، ص ٨.
(١٣٢) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٥٣–٤٥٥.
(133) MEW,op.cit.,P.274.
(١٣٤) سەلام عەبدوڵلا بامەڕنی، گەواهێك پێشێلکردنی ماف مرۆڤ لە کوردستان ریسوا دەکات رۆژنامەی (هەرێم) ژ.(٣) ١٩٩٢/١٢/١٧.
(١٣٥) كنعان مكية، سەرچاوەی پێشو، ص ١٧٨–١٧٩.
(١٣٦) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ١٦١–١٦٢.
(١٣٧) کارەساتی دوا زنجیرە ئەنفالەکانی بادینان، رۆژنامەی(ئاڵای ئازادی) ژ.(٨٦) ١٩٩٣/٨/٢٢.
(١٣٨) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٦٥–٤٦٩.
(١٣٩) هەمان سەچاوە، ل ٤٦٦–٤٦٩.
(١٤٠) هەمان سەرچاوە، ل ٤٧٨–٤٧٩.

(١٤١) بەیار، کورێمێ دیمەنەکا ژ ئەنفالا روی رەش، گۆڤاری(مەتین) ژ.(١١) ١٩٩٢، ل ٢٦–٢٧.

(١٤٢) گۆڤاری (مەتین) ژ.(٨) ، ١٩٩٢ ، ل ٣٨.

(١٤٣) مەریوان، ٢٥ی ئاب یادێکی تاڵە، سەرچاوەی پێشو .

(١٤٤) زیاد بەکر، تاوانەکەی گەلی بازێ هەرگیز لەبیر ناکرێ، رۆژنامەی(رزگاری) ژ.(٥٤) ١/٨/١٩٩٨.

(١٤٥) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٦٣.

(١٤٦) من ماسي الانفال، جريدة(الاتحاد)، العدد(٢٧) ٨ايار ١٩٩٣.

(١٤٧) رضا زيباري، سەرچاوەی پێشو، ص١٠–١٥.

(١٤٨) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٧٩–٤٨٠.

(149) S.M.Resool,op.cit.P.169-198.

(١٥٠) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٦٩.

(١٥١) فهیم عەبدوڵلا، چما دەربەدەر کرنا گوندێت کوردستانێ ..؟،گۆڤاری(مەتین) ژ.(٢٥)، حزیران ١٩٩٧،ل ٨.

(١٥٢) د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، سەرچاوەی پێشو، ل ٥٠.

(١٥٣) مەریوان، ٢٥ی ئاب یادێکی تاڵە، سەرچاوەی پێشو.

(١٥٤) د.ئیسماعیل بەشکچی، کوردستان کۆلۆنیەکی نێو دەوڵەتی، وەرگێڕانی رێبوار رەشید، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر، ١٩٩٣، ل١٣٥، ١٣٨–١٣٩.

(١٥٥) سلام فواز، سەرچاوەی پێشو، ص ١٨٢–١٨٣.

(١٥٦) سەلام عەبدوڵلا بامەڕنی، سەرچاوەی پێشو .

(١٥٧) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٦٢.

(١٥٨) كنعان مكية، سەرچاوەی پێشو، ص١٨٣.

(١٥٩) د.جاسم تۆفیق، جینۆسایدی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیی نیە، (سیاسەتی دەولی) ژ.(٣) ت١ ١٩٩٢، ل ١٣.

(١٦٠) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٧٠.

(١٦١) رضا زيباري، سەرچاوەی پێشو، ص٣٠–٣١.

(١٦٢) رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لقی دهۆك.

(١٦٣) میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشو، ل ١٨١–١٨٢.

(١٦٤) كنعان مكية، سەرچاوەی پێشو، ل ١٥٤.

(١٦٥) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٨٤–٤٨٥.

(١٦٦) هەمان سەرچاوە، ل ٤٨٢–٤٨٣.

(١٦٧) هەمان سەرچاوە، ل ٤٨٧–٤٨٨.

(١٦٨) كنعان مكية، سەرچاوەی پێشو، ص١٤٦–١٤٧.

(١٦٩) میدل ئیست وۆچ ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٨٩.

(١٧٠) رۆژنامەی(خەبات) ژ.(٦٠٥) ئایاری ١٩٩٠، ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان ، ل ٥ ، ١٦.

(١٧١) د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٨.

(١٧٢) زیاد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشو، ل١٢٤.

(١٧٣) قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني، من جرائم القتل العام في كوردستان العراق عام ١٩٨٨، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٣.

**سێیەم: هۆکارەکانی پیادەکردنی شاڵاوەکان:**

حکومەتی عێراق لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵێك هۆکار، بەرنامەی شالاوەکانی ئەنفالی داڕشت و لە ساڵی ١٩٨٨ بە شێوەیەکی پراکتیکی کەوتە پیادە کردنی. ئەگەر بە وردی سەیری قۆناغەکانی ئەنفال بکەین، دەبینین لە کاتی پەلامارەکاندا سوپای عێراق زۆر وریا و وردبین بووە لە جێبەجێ کردنیان، هەروەها ئەو شوێن و ناوچانەی وێرانی دەکردن پێشوەخت دەسنیشان دەکران.

بەر لەوەی دەسنیشانی ئەم هۆکارانە بکەین، بە پێویستی دەزانین مەبەستی ڕژێم لە ناو نانی شالاوەکان بە (ئەنفال) روون بکەینەوە، یاخود بزانین بۆچی ناوی لەم کورد قڕانە ناوە (ئەنفال) و ناوێکی تری بۆ ئەم شالاوانە هەڵنەبژارد.

ڕژێمی عێراق کاتێ هەوڵی لەناو بردنی گەلێك یاخود سەپاندنی شەڕێکی وێرانکەر بەسەر وڵاتێکی دراوسێی دەدا، وەکو خووێك دەگەڕێ زاراوەیەکی وا بدۆزێتەوە کە خۆی پێ لە تاوانبار کردن دەرباز بکات لە لایەن گەلانی جیهانەوە، بە تایبەتیش ئەو هەوڵ و شەڕانەی لە دژی کورد و گەلانی جیا لە عەرەب ئەنجامی دەدات.

ڕژێم کۆمەڵێك وشە و زاراوەی ئیسلامی بەکاردەهێنا بۆ ئەم مەبەستانەی سەرەوە، وەك ناو نانی سەربازگە و شەڕ و یادەوەری و بۆنەکان، بۆ نموونە سەربازگەی خالیدی کوڕی وەلید لە کەرکوك، سعد بن وەقاس، (توكلنا على الله ١و٢و٣و٤)، قەعقاع، بەیعە کردن، قادسیە و ئەنفال و دەیان ناو و زاراوەی تر.

سەبارەت بە بەکار هێنانی وشەی (ئەنفال) بۆ لەناوبردنی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك مەبەستی هەبوو، لەوانە:

١- بۆ ئەوەی روخساری ناشیرینی خۆی بخاتە تەك مێژووی موسڵمانان. بە مەبەستی ئەوەی خۆی بە نوێنەری راستەقینەی ئایینی ئیسلام پیشانی موسڵمانان بدات و گەلی کوردیش بە بێ ئایین و دوور لە ئیسلام بناسێنێ لە لای گەل و حکومەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان [1].

٢- لە پەنای بەکارهێنانی زاراوەی (ئەنفال)، ویستی قاوغێکی ئیسلامی بداتە کارەکەی،

لـە لای گـەلانی موسـڵمان، بە تایبەتیش عەرەبەکان. هەروەها بۆ ئەوەی رای گشتی نێو دەوڵـەتیش هەڵخەڵـەتێنێ. بـۆ نموونە پاش راپـەڕینی بەهاری ١٩٩١ عەرەبێکی کوێتی لە لای بەرپرسـێکی کـورد درکاندبووی کە بڕێکی زۆر پارەی بەخشیوە بە حکومەتی عێراق بـۆ جێبەجێ کردنی شاڵاوەکانی ئەنفال، گوایە لە دژی کۆمەڵێکی لە ئایین لادراو ئەنجام دەدرێ [٢]. هـەروەها MEW باس دەکات، کاتێ کۆمەڵێك لە قوربانیانی کیمیاوی براونە شـاری هەولێر و لەوێ مردوون، ئەفسەرێکی ئەمن رازی نەبووە لەسەر شەریعەتی ئایینی ئیسـلام بشـورێن و بخرێـنە گـۆڕەوە، گوتویە: ((ئەو سەگانە پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییـە)) [٣]. رژێمـی عێـراق بـاش دەیـزانی کـورد گـەلێکی موسـڵمانە و پەیوەسـتە بـە شەریعەتەکەی، بەڵام هەوڵی دەدا لەم پەیوەست بونە دایبڕێت.

٣- هۆکـارێکی تـر بـۆ نـاو لێـنانی شـاڵاوەکان بـە ئـەنفال، بـۆ ئـەوەی هەسـت و سۆزی دەوڵـەت و گـەلانی ئیسلام بۆ خۆی راکێشێ، چونکە پێویستی بە کۆمەك و کۆکردنەوەی بـڕێکی زۆر لـە پـارە هـەبوو، تـاکو ئـەو زەرەرو زیانـەی لە جەنگی هەشت ساڵی لە دژی ئێـران لێـی کـەوتووە، هەندێکی بۆ پڕ بکرێتەوە لەو قەرزانەی وەری گرتووە [٤]. ئەمە بۆ کۆکـردنەوەی عەرەبـەکان بـوو لـە ژێـر ئـەو کولـتوورەی هەیان بووە، بۆیە ئێستاش زۆر کەس لە راستی کارەساتی ئەنفال نەگەیشتوون، کە مەبەستی رژێمی عێراق چی بووە.

٤- بـۆ بەخشـینی قودسـیەتێکی ئـایینی بـە سیاسـەتی جینۆسـاید کـردنی گـەلی کورد، چـونکە رژێـم لـە راگەیاندنـەکانی وای بـڵاو دەکـردەوە کـە ئـەم شـاڵاوانە لـە دژی (بەکـرێگیراوان و خۆفرۆشـان و لـە ئـایین لادراوان) ئـەنجام دەدرێـت. ئەمـەش بـۆ سـەر لێشـێواندنی وڵاتـان بـوو، چـونکە جینۆسـاید سـزای نێـو دەوڵـەتی لەسەرە و بە پێشێل کردنی یاسای تازەی نێو دەوڵەتی دادەنرێت.

٥- مەبەسـتێکی تـری رژێـم لـە نـاو نانی شاڵاوەکان بە ئەنفال، ئەوە بوو ویستی مۆرکی شـەڕخوازی تێکدەر بخاتە پاڵ کەسایەتی نەتەوەیی کورد و کێشە رەواکەی و، قڕ کردن و لەناو بردنیان بە کارێکی پیرۆز لە قەڵەم بدات.

مەبەستی حكومەتی عێراق لەم پاساوانە ئەوە بوو كە بیسەلمێنێ ئەو ئەنفالە هەمان ئـەنفالی سـەرەتای ئیسـلامە، بـەڵام ئەگـەر سـەیر بكەین ئەم كردارە بە هیچ شێوە و لە هیـچ بوارێكـدا لەگـەڵ ئـەنفالی ئیسـلام یـەك ناگـرنەوە(*) وەك لـە فەسـلی یەكـەم روون كـراوەتەوە، چـونكە ئـەو كـارەی رژێمـی عێـراق بەسـەر گەلی كوردی هێناوە سیاسەتی جینۆسـایدە، ئـەویش بـە پێـی یاسـای تازەی نێو دەوڵەتی قەدەغەیە و سزای لەسەرە، هەر وەك پێشتر باس كراوە.

پـاش ئـەوەی مەبەسـتەكانی حكومـەت رون كـرانەوە لـە ناونـانی شـاڵاوەكانی ساڵی ١٩٨٨ بـۆ سـەر كوردسـتان بـە (ئـەنفال). ئیـنجا پێویسـتە تیشـك بخرێـتە سـەر ئـەو هۆكارانـەی كـە بونەتـە سـۆنگەی پیـادە كردنی شاڵاوەكان. توێژەر وای بۆ دەچێت ئەم هۆكارانەی خوارەوە بنچینەی ئەو لەناو بردنەی گەلی كوردن:

**یـەك:** بایـەخی جیۆپۆلـەتیكی(**) هـەرێمی كوردسـتان، كە بایەخێكی جیۆپۆلەتیكی تایـبەتی هەیـە، بەرادەیـەك وای لێكـردوە ببێـتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی رژێمەكان لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە ئەم بایەخە بۆتە هۆی هەوڵدان بۆ لەناوبردنی نەتەوەی كورد، لـەم روانگەیـەوە ئـەم بایەخـە بـە هۆكـارێكی سـەرەكیی ئەنجامدانی شاڵاوەكانی ئەنفال دادەنرێت.

---

(*) بـۆ بـەراورد كـردنی ئـەنفالی ئیسـلام و شاڵاوەكانی بە ناو ئەنفالی رژێمی عێراق بۆ سەر گوندنشینە كوردیەكان، بڕوانە رۆژنامەی (الاتحاد) ژ.(٣٠٨) ٥/٣/١٩٩٩.

(**) جیۆپۆلـەتیك Geopolitics زانسـتێكە دەربـارەی پـەیوەندی رووداوە سیاسـیەكان بـە ناوچـە جوگـرافیەكانەوە. لـەم روانگەیـەوە جیۆپۆلـەتیك دەبێـتە زەمینەیەك بۆ روداوە سیاسیەكان، هەروەها هاندەرێكیشـە بـۆ داگـیر كـردنی خـاك و سـامانی گەلانی بندەست و ئامانجیشی لەناوبردنی نەتەوە ژێر دەستەكەیە، كەواتە جیۆپۆلەتیك پەیوەندیەكی بە تینی بە چارەنوسی گەل و ناوچەكانەوە هەیە.

بڕوانە: ١- د.محمد عبدالغنی سعودی، الجغرافیة والمشكلات الدولیة، القاهرة، ١٩٧٧، ص١٤-١٥.

٢- د. ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، جیۆپۆلەتیكس «بۆچوون و تیۆرەكان»، ١٩٩٥، ل١١.

جیۆپۆلـەتیك گـرنگی بە دوو بنەمای بنەڕەتی دەدات، یەکەمیان بنەمای سروشتییە، دووەمیـش بـنەمای مـرۆیی، لەوانەیـە ئـابووریش بە بنەمای سێیەم دابنرێت [٥]. هەڵبەت ئەمـە لـە ئـەنجامی پـەیوەندی نێـوان دوو بـنەما سـەرەکیەکە و کارلێککردنیان لە یەکتر دروست دەبێت.

بـنەمای سروشـتی، هەرێمی کوردستان گرنگیەکی یەکجار زۆری هەیە، چونکە بەسەر چـوار دەوڵـەتی ناوچـەکە دابـەش کـراوە، کـە هەمیشە کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەیە و لە مـلملانێدان. لەبـەر ئـەوەی شـوێنی جوگـرافی کـار لـە سیاسەتی دەوڵەت دەکات، بڕیار و ئاکارەکانیشی بە رێژەیەکی زۆر بەوەوە بەندن، ئەم شوێنە لە روانگەی جیۆپۆلەتیکەوە لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر دەگۆڕێـت، لە ژێر کاریگەری هۆکارە ئابووری و سیاسـیەکان، هەرچـەندە شـوێنی جوگـرافی لەسـەر زەوی نەگۆڕە [٦]. هەرێمی کوردستان لەبـەر ئـەوەی کەوتۆتـە نێـوان دەوڵەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، بۆیە وای لێهـاتووە دەنگـی رەوای زۆر بە زەحمەت بگاتە گەل و حکومەتانی جیهان و نەگەیشتنی کۆمەك و یارمەتیەکانیان بۆ نەتەوەی کورد.

مـەلیك فەیسـەلی یەکـەم هەرێمی کوردستانی، بە سەری عێراق (رأس الدولة) داناوە، چونکە گرنگیەکی بایەخداری هەیە بۆ عێراق لە رووی ئابووری و سیاسیەوە، هەر بۆیەش چـەندان تـەنازولاتی بەرامـبەر بـە ئینگـلیزەکان لەسـەر کوردسـتان کـردووە [٧]. ئـەم بایەخدانـەی فەیسەلی یەکەم بە کوردستان، لەبەر ئەوە بوو کە دەیزانی بە لەدەستدانی ئـەم هەرێمـە، دەوڵـەتی عێراق زۆر زەرەرمەند دەبێت لە رووی ئابووری و سیاسیەوە [*]. بـۆ نموونـە (٧٠٪) ی بەرهەمی پترۆڵی عێراق لە چاڵگەکانی کەرکوك بەرهەم دەهێنرێت، ئەمـە جگـە لە چاڵگەکانی خانەقین و زەمبوور و بای حەسەن و چەندانی تر [٨]. لە رووی

---

(*) بـۆ زانیـاری زیاتـر بـڕوانە: کامـەران احمد محمدامین، کوردستان لە نێو ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچـەییدا،١٨٩٠–١٩٣٢، توێژینـەوەیەك لـە مێـژووی سیاسـی و ئـابووری، نامـەی ماسـتەر پێشکەشی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ١٩٩٩، ل١١٩–١٣٧.

کشتوکاڵیشـەوە ناوچـەکانی کـەرکوك و هەولێر و موسل بە گرنگترین ناوچەی کشتوکاڵی دادەنـرێن، کـە (٤٠٠) ملـیمتر بـارانی لێدەبـارێت، ئـەم ناوچـانە بـە یـەکێ لـە گـرنگترین ناوچـەکانی جیهان دەژمێردرێت بۆ بەرهەم هێنانی دانەوێڵە، بە هۆی قاوەیی و سورباوی خاکەکـەی و زۆری رێـژەی کـلس و کـاربۆن تێیدا، ئەمەش مەرجێکی گرنگ و بایەخداری کشـتوکاڵی دانەوێـڵەیە، کـە خوێـی کەمـە[٩]. ئـەم هۆکارە وای کردووە حکومەتی عێراق پشـت بـە بەرهـەمی کشـتوکاڵی هـەرێم ببەسـتێ، هەر ئەم هۆکارەشە کشتوکاڵی کردۆتە پیشـەی سـەرەکی دانیشتوانی کوردستان. بە پلەی دووەمیش ئاژەڵ بەخێو کردن دێت، کـە ئـەویش پشـت بـە کشـتوکاڵ دەبەستێ. دکتۆر محەمەد ریاز، کشتوکاڵ بە نیشانەی یـەکێتی و پـەیوەندی نێـوان خـاك و مـرۆڤ دادەنـێ، ئەمـەش وای کردوە کشتوکاڵ ببێتە بـنەمایەکی بەهێـزی دەوڵەت[١٠]. لەم روانگەیەوە ئەگەر سەرنج بدەین لە ساڵی ١٩٧١ لە کـۆی (٢٢ر٩٣)مـلیۆن دۆنم زەوی بەرهەم هێنراوی کشتوکاڵی لە عێراق، (١٢ر٤٣) ملیۆن دۆنم هـی هـەرێمی کوردسـتانە لـە پارێـزگاکانی هەولێـر و دهـۆك و موسـل و کـەرکوك و سلێمانی، کـە رێژەکـەی (٥٤ر٢٪) بـووە، بۆیـە حکومەتی عێراق هەرچەندە کوردستانی خـاپوور کرد لـە سـاڵی ١٩٨٨، هێشـتا پشـتی بـە کشتوکاڵی ئەم هەرێمە دەبەستێ، بۆ نموونـە لـە ٢٦ی ئەیـلولی ١٩٩٠ بـڕیارێکی دەرکـردووە کە بەئاشکرا تێیدا باس لە پشت بەسـتن بـە دانەوێڵەی هەرێم دەبەستێ [١١]. سەرجەم ئەو خاکەی بۆ کشتوکاڵ دەگونجێ لـە عێـراق (٧ر٢٪) یـە[١٢]، ئاشکراشـە رێـژەی هـەرە زۆری ئـەم رووبـەرە لـە هـەرێمی کوردسـتانە کـە رێـژەی دانیشـتوانی (٢٣ر٢٪) ی ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراقە[١٣]. بـەم شـێوەیە عێـراق نـاتوانێ ئـەمنی خۆراکـی (٧٦ر٨٪) ی دانیشتوانی دابین بکات، بۆیە بە پیـادە کـردنی سیاسەتی جینۆساید، کە چلە پۆپەکەی شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ بوو، هـەوڵی دەدا خـاکی هـەرێمی کوردسـتان بخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی و لـە کورد چۆلی بکـات. کەواتـە بایـەخی جیۆپۆلـەتیکی ئـەم هەرێمـە بـە هۆکـارێکی گـرنگ و سـەرەکی دادەنـرێت بۆ ئەنجام دانی شاڵاوەکانی ئەنفال، چونکە ئەگەر عێراق هەرێمی کوردستانی

لێ جیا بکرێتەوە، دەبێتە وڵاتێکی کەم نەوت و بێ کشتوکاڵ و بێ سەرچاوەی ئاو، کوردستانیش مەرجێکی بەهێزی بوونە دەوڵەتی بۆ دێتە ئاراوە کە بنەمای ئابووریە، لە پترۆل و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەرچەندە تاکو ئێستا نەوت ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە، بۆیە ناوچە نەوتاویەکان بە تەواوی لە دانیشتوانی کورد داماڵڕاون بەتایبەتیش کەرکوک، بەڵام ئاو ئێستا وا خەریکە ئەم ڕۆڵە وەردەگرێت وەك ئەوەی کە ئێستا تورکیا سەرچاوەی ئاوی کردۆتە فشارێکی سیاسی لەسەر عێراق و سوریا.

سەبارەت بە بنەمای مرۆییش، کە دووەم بنەمایە جیۆپۆلەتیك بایەخی پێدەدات، ژمارەی دانیشتوان بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە زۆر جار دەبێتە پێوەری بەهێزی و لاوازی هەرێم یاخود دەوڵەت، بۆیە ئەو گەلەی ژمارەی دانیشتوانی (٥) پێنج ملیۆنە بێهێزترە لەوەی کە (٥٠) پەنجا یان (١٠٠) سەد ملیۆنە، چونکە ژمارەی دانیشتوان کار دەکاتە سەر هێزی سوپایی و دەستی کاری ئەو هەرێمە[١٤]. لە بۆچونی دیمۆگرافیەوە، ئەگەر سەیری دانیشتوان بکەین لە سەرژمێریەکانی عێراق، دەبینین ڕێژەی لەدایکبوون لە هەرێمی کوردستان زیاترە، وەك لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، ڕێژەی مردنیش لەم هەرێمە کەمترە بەهۆی ئاو و هەوای پاك و خاوێن و کەمی نەخۆشی، کەواتە دانیشتوان لێرە پەرەدەسێنێ و زیاد دەکات، جگە لەمەش ڕێژەی بەپیتی (خصوبە) ی ژنی کورد، بۆ هەر (١٠٠٠) هەزار ژن ساڵانە (٩٧٧) نۆ سەد و حەفتاو حەوت منداڵی دەبێ، لە هەمان کاتدا هەر (١٠٠٠) هەزار ژنی ناوەڕاست و باشووری عێراق (٩٢٢) نۆ سەد و بیست و دوو منداڵی دەبێت [١٥]، هەروەك دکتۆر شاکر خەسباك دەڵێ ژنی کورد بەقەد ژنانی هیندی و چینی توانای منداڵ بوونی هەیە[١٦]. ئەم هۆکارە وای کردوە ڕژێمی عێراق حیساب بۆ ئەم ڕێژەیە بکات کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە، چونکە بایەخێکی دیمۆگرافی هەیە بۆ گەلی کورد، بۆیە حکومەتی عێراق لە رووی ئەمنیەوە بیری لێکردۆتەوە و نەخشەی لەناوبردنی ئەم توێژەی گەنجەکانی داناوە، کە بە ئەنجام دانی شاڵاوەکانی ئەنفال هەزاران پیاوی گەنج و ژنی گەنجی لەناو برد، ئەوەش بە مەبەستی وەستانی

گەشـەی زیـاد بوونـی دانیشـتوان و زەبـر وەشـاندن لـە هێـزی بەرهـەم هێـنی هـەرێمی کوردستان.

بـە بـیر و بۆچـونی (راتـزل) گەشـە کـردن و پـەرەسـەندنی دەوڵـەتان لەسـەر چـەند یاسـایەك وەسـتاوە، لەوانـە یەکـەم رووپێـوی خاکەکەی، دووەمیش زیاد بوونی ژمارەی دانیشـتوانی، کـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی و رامیـاری و ئـابووری و فیکـری بـە هۆیەوە گەشە دەکـات[١٧]. لەوانەیـە ئـەم دوو خاڵـە یـاخود یـەکێکیان هۆکـاری داگـیر کردن و قرکردنی نەتەوەی کورد بێت لە هەرێمی کوردستان.

**دوو:** تێکچـوونی هاوسـەنگی تـەمەن لە نێوان گەنجی کورد و گەنجەکانی ناوەڕاست و باشـووری عێـراق. بەڵگـە نەویسـتە شـەڕ، بـە تایـبەتیش شـەڕی چـەکدارانە، هۆیـەکی کاریگـەرە بـۆ کـەم کـردنەوەی ژمـارەی دانیشـتوان، بـە تایـبەتی هێـزی بەرهـەم هێـنی ئـابووری و مـرۆیی لـە هـەر وڵات و هـەرێمێکدا، هەڵـبەتە ئـەم هێزەش توێژی گەنجەکان دەگرێـتەوە بـە هـەردوو رەگـەزی نێـر و مێیـەوە، ئاشکراشـە ئەوانـەی لە شەڕ بەشداری دەکەن و دەکوژرێن رەگەزی نێرن.

لـەم روانگـەی سـەرەوە، ئەگـەر سەیری رەوشی دیمۆگرافی عێراق بکەین، دەبینین بە هـۆی شـەڕی هەشـت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا سەدان هەزار گەنجی لەدەست داوە، ئەمەش کارێکی خراپی کردۆتە سەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سوپایی ئەم وڵاتە. لە هەمان کـاتدا گەنجـە کوردەکـان بەرادەیـەکی زۆر لـەم شـەڕە بێ زیان بوون بەرامبەر بە رێژەی گەنجـەکانی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق، بـەردەوامیش لـە گەشە کردن و زیاد بووندا بـوون، رژێمـی عێـراق ئـەم زیـاد بوونـەی بـە مەترسـی دەزانـی لەسـەر دوارۆژی رژێمەکـەی، لەبـەر ئـەوە هـەوڵی دا نەخشـەیەکی سـتراتیژی بـۆ کـەم کـردنەوەی رێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دابڕێژێت بەتایبەتی بۆ گەنجەکان، کە لە ساڵی ١٩٨٨ بە هـۆی شـاڵاوەکانی ئـەنفال جێـبەجێی کـرد. هـەروەها بـۆ ئـەنجامدانی ئـەم نەخشـەیە رێژەیـەکی زۆری لـە گەنجـە هـەڵاتوەکانی خـزمەتی سـەربازی بـە پـارە هەڵخەڵـەتاند بە

دامەزراندنیان لە فەوجەکانی بەناو(بەرگری نیشتمانی)، چونکە بەبێ ئەم فەوجانە کارەکەی بەم شێوەیە بۆ نەدەچوە سەر.

**سێ**: دابڕینی بەشێك لە جوگرافیای عێراق لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. بۆ نموونە زۆربەی ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، کە ناوچەی سەخت و عاسێن، بۆ بەرەنگاری و شەڕ لە بەرژەوەندی پێشمەرگە–دایە، ئەم ناوچانە بە زۆری لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە بوون و هێزی سوپای عێراقی لێ وەدەر نرابوو. هەرچەندە لە رووی جوگرافی و یاساییەوە لە نێو سنووری عێراق–دابوون، بۆیە حکومەتی عێراق مافێکی یاسایی و شەرعی بەخۆی دەدا بۆ گرتنەوەیان.

رووبەری هەرێمی کوردستان (١١٧ر٨٧)کم٢ دەبێت کە دەکاتە (١٦٪) ی رووبەری عێراق[١٨]، بێگومان ئەم رووبەرە بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو لە پێش شاڵاوەکانی ئەنفال. لە نیسانی ساڵی ١٩٨٧ یشدا بەرپرسێکی کورد بە رۆژنامەی (لومۆندی) فەرەنسی راگەیاند، شۆڕشی کورد ئامانجی دروست کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی–یە[١٩]. هەروەها لێدانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوکیش حکومەتی زیاتر ترساند سەبارەت بە لەدەست دانی ئەم ناوچە ستراتیژیە و کەوتنە دەست پێشمەرگە. ئەمە وای کرد رژێمی عێراق پێش هەموو شوێنێك ناوچەی کەرکوك وێران بکات، بەڵگەی ئەوەش ئەمەیە کە بەرپرسێکی شۆڕشی کوردی ئێران داوا لە عەلی حەسەن مەجید دەکات بۆ وازهێنان لە وێران کردنی گوندەکان، ئەویش وەڵامی دەداتەوە، کە لەمێژ ساڵە بەناو(ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق) پلانی راگوێزانی گشت گوندەکانی داڕشتووە، بە هۆی شەڕی ئێران دواخرا، بەڵام بۆردومان کردنی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لە لایەن پێشمەرگەوە، وای کرد پلانەکە بە زوویی ئەنجام بدرێت[٢٠]. ئەمە لەوانەیە بە یەکێ لە هۆکارەکانی شاڵاوی ئەنفال دابنرێت. هەرچەندە هیچ پاساوێك دروست ناکات بۆ رژێمی عێراق کە ئەم قڕکردنەی گوندنشینان بکات، چونکە کورد مافی خۆیەتی داوای مافە رەواکانی بکات کە داگیرکەران پێی رەوا

نابینن.

ئازاد کردنی چەند ناوچەیەکی شاخاوی سەخت لە لایەن پێشمەرگەوە، فشارێکی زۆری خستبووە سەر سوپای عێراق، بەرادەیەك ڕژێم لە کوردستان هیچ کاتێك دەزگاکانی لە ترسی زەبری چالاکیەکانی پێشمەرگە ئارام و دڵنیا نەبوو، چونکە لە لایەك سوپا سەرقاڵی شەڕی ئێران بوو، لە لایەکی تریش سروشتی ناوچەکە لە بەرژەوەندی کورد بوو. ئەم هۆکارە وای لە ڕژێمی عێراق کرد دێهاتەکانی کوردستان وێران بکات، کە سەرچاوەی سەرەکی ئابووری دانیشتوانەکەی بوو و پاڵپشتی شۆڕشی کوردیشە، بەو بۆچونەی کە بە وێران کردنی گوندەکان شۆڕشی چەکداری لە کوردستان کز دەبێت و شکست دێنێ، بە بیانوی ئەوەی گوندنشینەکان هاوکاری و یارمەتی ( یاخی بووان و تێکدەران و بەکرێگیراوانی ئێران) دەدەن.

**چوار:** نەتەوەی کورد، لە لایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە، وەك کۆسپ و ڕێگرێك لەبەر دەم یەکێتی نەتەوەیی عەرەب بینراوە. بە بیر و بۆچونی بڕیاردەرانی سیاسی و سەربازی عێراق، کێشەی کورد لە عێراق مەترسیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و عەرەب، بۆیە تا بۆیان بکرێ بە هەموو جۆرێك هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی ئەم مەترسیە دەدەن[٢١]، شاڵاوەکانی ئەنفال یەکێکە لەو هەوڵانە کە تێیدا سیاسەتی تواندنەوە و وێرانکردن گەیشتە ئەو پەڕی. هەر لەبەر ئەم بۆچونەشە ڕژێمی عێراق بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە ( بەکرێگیراوی ئێران و خیانەتکار و.. هتد) دادەنێت، بەرادەیەك هەندێکیان بە ئیسرائیلی دووەمی دادەنێن[٢٢]. هەروەها لەژێر پەردەی ئەوەی کە کێشەیەکی ناوخۆییە و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق ئەنجام دراوە، بەو مانایەی کە کورد میوانە لە عێراق، بۆیە دەبێ لە ناوچە ستراتیژیەکان و نەوتاویەکان ڕاگوێزرێن و لەناو ببرێن[٢٣].

هەر لە ڕوانگەی ئەوەوە کە کورد لە هەرێمی کوردستان کۆسپ و تەگەرەیە لەبەردەم ئاسایشی نەتەوەیی عێراق، هاوکات بە پردێکیشی دادەنێن، بۆ دەست

تێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی عێراق، بەبڕوای کاربەدەستانی عێراق بە لابردنی ئەم پردە، عێراق ئاسودە دەبێت و ئاسایشی نەتەوەیی دەپارێزرێت.لەم روانەگەیەوە هاشم حەسەن عەقراوی(*) زۆر بەراشکاوی بە رۆژنامەنوسێکی بیانی راگەیاندوە: ((کورد بۆتە دەلیلی پاسدارانی خومەینی و هێزەکانی ئێران))(٢٤). بەم جۆرە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی تاوانبار کردنی شۆڕش و نەتەوەی کوردیان داوە، تاوانبار کردنی کورد کە بۆچی لە دژی حکومەتی عێراق وەستاوە.

**پێنج:** بارودۆخی سەربازی و سیاسی ئەوسای کورد و عێراق. یۆست هێلتەرمان(**) وای بۆ دەچێت ئەگەر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی یارمەتی سیاسی و سەربازی و دارایی حکومەتی عێراقی نەدایە، شاڵاوەکانی ئەنفال بەم شێوەیە پراکتیك نەدەکرا(٢٥). رژێمی عێراق کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال، وڵاتێکی دابڕاو نەبوو، بەڵکو لە پەیوەندیەکی بەهێز دابوو لەگەڵ حکومەتە عەرەبی و جیهانیەکان، هەروەها شاری بەغداش ئەوسا بە مەڵبەندێکی سیاسی و فەرهەنگی جیهانی عەرەبی دەژمێردرا، بۆیە لە رووی ئیداری و سەربازییەوە لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەل ئێراندا گۆڕابوو بۆ دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە(٢٦). ئەم هۆکارە وای لە عێراق کرد گوێ بە هیچ بڕیار و یاسایەك نەدات و کوردستان وێران بکات، بە پاڵپشتی سیاسی و دیپلۆماسی حکومەتە دۆستەکانی، بۆ نموونە کاتێ سوپای عێراق بەوپەڕی بەرفراوانی و خەستی چەکی کیمیاوی لە شاڵاوەکانی ئەنفال بەکاردەهێنا لەدژی گوندنشینەکانی کوردستان، حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت داکۆکی لە حکومەتی عێراق دەکرد، لە رۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٨٨ رۆژنامەی (پراڤدا) ی زمانحاڵی حیزبی شیوعی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا رەت کردەوە و بە پیلانێکی ئەمەریکی لە دژی حکومەتی عێراق لە قەڵەم دا(٢٧).

---

(*) وەزیرێکی ئەو کاتی حکومەتی عێراقی بووە.

(**) سەرپەرشتیار و نوسەری راپۆرتە کتێبی (جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کوردە، هەروەها ئەندامی رێکخراوی (HRW)ە.

هەروەها رۆژی پاشتر واتە ١٢ی مانگ تەلەفزیۆنی مۆسکۆ لە جیاتی پیشاندانی کارەساتەکانی کورد، خۆپیشان دانێکی بەعسیەکانی پەخش کرد کە لە بەغدا سازیان دابوو لە دژی ئەو دەنگانەی کە عێراقیان تاوانبار دەکرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی(*). جگە لەمەش حکومەتی تورکیا رۆڵێکی گرنگی دەگێڕا، لەم بارەیەوە وتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە شارەزایانی پزیشکیی تورکیا پەناهەندە کوردەکانیان پشکنیوە، هیچ جۆرە ئاسارێکی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوییان بەسەرەوە دیار نییە، هەروەها گوتی، تورکیا بەهیچ جۆرە داوایەکی نەتەوە یەکگرتوەکان رازی نابێ بۆ ناردنی پسپۆری تەندروستی بۆ پشکنینی پەناهەندە کوردەکان، چونکە ئەمە وا نیشان دەدات کە پسپۆرانی تورکیا جێگای متمانە نین و توانای زانستیان لە ئاستی ئەم جۆرە پشکنینانە نیە بۆ لێکۆڵینەوە [٢٨]. ئەمانەو چەندان هەوڵی تر لەلایەن حکومەتە عەرەبیەکان بۆ داکۆکی کردن لە عێراق، کەچی ژمارەیەك لە ئەنفالەکان لە خاکی هەندێ وڵاتی عەرەبی زیندەبەچاڵکراون و هەندێ ئافرەتی گەنجیشیان وەك دیاری پێبەخشراوە.

بەم جۆرە حکومەتی عێراق بە هەموو شێوەیەك پشتگیری دەکرا و داکۆکیشی لێدەکرا لە دژی گەلی کورد، کاتێکیش وڵاتە ئەوروپاییەکان لە راگەیاندنەکانیان حکومەتی عێراقیان تاوانبار دەکرد بە بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی بەرامبەر بە کوردە مەدەنیەکان، حکومەتی عێراق هیچ گوێی پێ نەدەدا و سلی نەدەکردەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

بارودۆخی ئەوسای کوردیش زۆر نالەبار بوو، چونکە هیچ پشت و هێزێك نەبوو داکۆکی لە مافە رەواکانی بکات و فشارێکی سیاسی و سەربازی بخاتە سەر رژێمی عێراق بەرامبەر بەو هەموو پێشێلکاریانەی ئەنجامی دەدا، سەرەڕای ئەمەش سیاسەتی

(*) ئەمە بە قسەی کوردێکی هەرێمی کوردستان کە ئەو کات لە مۆسکۆ دەژیا.

جینۆسایدی پیادە دەکرد، بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٨٨ کە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو رایەی کە بارو دۆخی ناوەوە و دەرەوە لە بەرژەوەندی رژێمی عێراق–دابوو و لە دژی بەرژەوەندی کورد بوو، بۆیە حکومەتی عێراق توانی بەم شێوەیە کوردستان وێران بکات و دانیشتوانەکەشی ئەنفال بکات.

**شەش:** سایکۆلۆجیەتی سەرکردایەتی حکومەتی عێراق[٢٩] و فەرهەنگە سیاسیەکەی. سەرانی رژێمی عێراقی، لەبەر گەلێ هۆی کۆمەلآیەتی و سیاسی و سەربازی، هەر لەسەرەتاوە عەقلیەتێکی شەڕخوازانەیان بۆ دروست بوو و ئەمەش وای کرد کە سەر لەبەری مێژووی حوکمڕانیان خوێناوی بێت –لەم عەقلیەت و سیاسەتەی ئەمانیش، بێگومان، نەتەوەی کورد بەشی هەرەزۆری بەرکەوتوە" لەم رووەوە کەنعان مەکییە لەکتێبی (القسوة والصمت)[*] دا زۆر جوان بنەمای سەرەکیی دەسەلآتی حکومەتی عێراق– کە زەبر و زەنگ و زۆردارییە نیشان داوە.

توێژەر ئەم هۆکارانەی بە پاڵنەر و هاندەر داناوە بۆ ئەنجامدانی شالآوەکانی ئەنفال لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بەرامبەر بە گوندنشینانی بێتاوانی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا هەر هۆکارێك بەرێژەیەك بەشدارە لەم کارە، بەلآم وا پێدەچێت هەندێ هۆکار گرنگیان زیاتر بێت لەوانی تر، وەك بایەخی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان و سایکۆلۆجیەتی سەرکرایەتی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا رژێمی عێراق پاساوی نابەجێی خستۆتە روو، بەرامبەر بە ئەنفال کردنی کورد، جارێك بە ناوی ئەوەی کێشەی کورد کێشەیەکی ناوخۆییە و جارێك بە بیانوی (تیرۆرست و تێکدەر و بەکرێگیراو و جوداخوان)، ئەم پاساوانە دروست کراون و دورن لە راستی، چونکە ئەم رژێمە خواستی سەرەکی لەناوبردنی نەتەوەی کوردە.

---

[*] بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە کنعان مکیة، القسوة والصمت، سەرچاوەی پێشو.

## سەرچاوەکان:


(١) رۆژنامەی (یەکگرتوو) ژ.(٨٦) ١٢/٤/١٩٩٦.

(٢) عەبدولڕەحمان سەدیق، ئەنفال لە روانگەی ئاییىنی ئیسلامەوە، سەرچاوەی پێشو.

(٣) بڕوانە: ژنـەکا ئـەنفال کـری چـیرۆکا خـۆ ڤـە دگێریـتەڤە، وەرگێڕانی محەمەد عەبدوڵلا، رۆژنامەی (برایەتی) ژ.(١٥٩٧) ١٦/٣/١٩٩٣.

(٤) عەبدولـڕەحمان سـەدیق، سەرچـاوەی پێشـو، هـەروەها خاڵـە کـاوە، ئـەنفال لـە روانگـەی ئـاییىنی ئیسلامەوە، کۆڕ (شەقڵاوە) ١٤/٤/١٩٩٦، لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراوە.

(٥) د. نافع القصاب و اخرون، الجغرافية السياسية، العراق، ص ٨٦–١٢٥.

(٦) د.ئـازاد محەمـەد ئـەمین نەقشەبەندی، بایەخی جیۆپۆلەتیکی شوێنی جوگرافی کوردستان، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی) ژ.(٣) ساڵی ٣، ت١ ١٩٩٤، ل ١١.

(٧) عـبدالمجيد كـامل عبدالـلطيف، دور فيصـل الاول في تأسـيس الدولـة العراقية الحديثة ١٩٢١–١٩٣٣، اطروحة دكتوراة، مقدمة الي جامعة بغداد، ١٩٩٠، ص ١٧٩، غير منشورة.

(٨) مـەحمود رەزا، هەلومەرجی نوێی دنیاو ئایندەی کوردستان، گۆڤاری(سیاسەتی دەولی) ژ.(٣) ت١ ١٩٩٤، ل ٣٤.

(٩) د.محمـد عـلي الفرا، مشكلة انتاج الغذاء في الوطن العربي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٩، ص ٨٤.

(١٠) د.محمد رياض، الاصول العامة في الجغرافية السياسية و الجيوبوليتيكا، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٩، ص ١٣٢–١٣٣.

(١١) مەحمود رەزا، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٠.

(١٢) د.محمد علي الفرّا، سەرچاوەی پێشو، ص ٨٢.

(١٣) د.ئـازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی، شوێنی دراوسێتی(رێژەیی) هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر ئێستاو ئایندەی هەرێمدا، گۆڤاری(سەنتەری برایەتی) ژ.(١) ساڵی یەکەم، ئابی ١٩٩٧، ل ١٤.

(١٤) د.نافع القصاب واخرون، سەرچاوەی پێشو، ص ٦١، هەروەها بڕوانە: چیا، سەرچاوەی پێشو، ل ٤٢–٤٣.

(١٥) جـزا توفيـق طـالب، سكان اقليم كوردستان العراق، دراسة في الجغرافية السياسية، رسالة ماجستير مقدمة الي كلية الاداب جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥، ص٥١،٤٨، منشورة.

(١٦) شاكر خصباك، العراق الشمالي، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص ٢٥٠.

(١٧) د.ئازاد محەمەد ئەمین نەقشەبەندی، جیۆپۆلەتیکس ×بۆچون و تیۆرەکان×، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٣.

(١٨) عەبدوڵلا غەفوور، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، چ١، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل

(19) MEW, op.cit.,P.56.

(٢٠) عەلی مەحمود محەمەد، ئەنفال و پەرتوکی قەندیل بەغدای هەژاند، رۆژنامەی(رزگاری) ژ.(٣١) ١ /٥/١٩٩٦.

(٢١) سلێمان عەبدوڵلا، راگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ژ.(١٢) ١٩٩٩، ل ٤.

(٢٢) ئاسۆ کەریم، کورد و کەش و هەوای بەرو دوای رێکەوتنامەی فەلەستین –ئیسرائیل، گۆڤاری(رابوون)، ژ.(٩) سوید، ١٩٩٤، ل ٧.

(٢٣) بڕوانە: چیا، سەرچاوەی پێشو، ل ١٢٤.

(24) MEW, op.cit.,P.55.

(٢٥) یۆست هێلتەرمان، جینۆساید هاوتاوانی بێدەنگبوون – عێراق و کوردەکان، وەرگێڕانی کاوە سالح، گۆڤاری(رەهەند) سەرچاوەی پێشو، ل ١٢.

(٢٦) بەختیار عەلی، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆش کردن، گۆڤاری (رەهەند) سەرچاوەی پێشو، ل ٢٠٢–٢٠٣.

(٢٧) خۆسێ دزەیی، لنتحد و نتحدی في ذکری الانفال، مجلة (طولان العربي)، العدد(٣٥)، نیسان ١٩٩٩ ، ص ٣٦.

(٢٨) الحقائق تفضح الکنیست الامریکي، مجلة (الف باء ) العدد (١٠٤٣) ٢١ ایلول ١٩٨٨، ص ١٣.

(٢٩) مەریوان وریا قانع، ئەنفال و مۆدێرنە، گۆڤاری (رەهەند) سەرچاوەی پێشو، ل ٣٣.

# لایەنی مەیدانی

## فەسلی سێیەم

## پلان و جێبەجێ کردنی رێبازی لێکۆڵینەوەکە

**یەکەم**: **رێبازی لێکۆڵینەوە**
**دووەم**: **کەرەسەی لێکۆڵینەوە**
**سێیەم**: **فۆرمی لێکۆڵینەوەکە**
**چوارەم**: **بوارەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی**
**پێنجەم**: **تەنگ و چەڵەمەی لێکۆلینەوەکە**
**شەشەم**: **نموونەی لێکۆڵینەوەکە**
**حەوتەم**: **کەرەستەکانی ئامار**

**یەکەم/ ڕێبازی لێکۆڵینەوە**: هەموو لێکۆڵینەوەیەك ڕێبازێکی هەیە، ئەم ڕێبازەش وەسفی یان مێژوویی یاخود ئەزموونییە (تجریبي)[١]، هەروەها ڕێبازی ئاماری و بەراوردکاری و (دراسة حالة)، بەکارهێنانی ئەم ڕێبازانە زۆر گرنگن لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکاندا، ناشکرێ پشت گوێ بخرێن، چونکە پێشکەوتنی زانست لەسەر ئەمانە وەستاوە، هەروەها بە پێی جۆر و شەقڵی بابەتی لێکۆڵینەوەکە ڕێباز هەڵدەبژێردرێت[٢]. ئەم باسە (ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی (ئەنفال) لە هەرێمی کوردستان)، وەکو ئاسەواری کۆمەڵایەتی، کە ئامانجی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەیە، هەوڵدانە بۆ دەرخستنی ئاسەوار و گیروگرفتەکانی پاشماوەی ئەنفال کراوەکان. ڕێبازی ئاماری (الاسلوب الاحصائي)بۆ شیکردنەوەی خشتەکان بەکار هاتووە، کە بە ڕێبازێکی گونجاو دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە، چونکە لەگەڵ ئامانج و جۆری بابەتەکە کۆکە. لەگەڵ پشت بەستن بەم ڕێبازە، توێژەر سوودی لە چەند ڕێبازێکی تریش وەرگرتووە[*]، وەك ڕێبازی مێژوویی لە لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە بۆ شیکردنەوەی دیاردەی قڕکردن (Genocide) لە فەسلی یەکەم، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێبازی وەسفی لە فەسلەکانی لێکۆڵینەوەکە. توێژەر وای بۆ دەچێت تەنها ڕێبازێك یان ڕێگایەك ناتوانێ گشت زانیاری و ڕاستیەکان وەدەست بێنێ.

**دووەم/ کەرەسەی لێکۆڵینەوە (اداة البحث)**: هەڵبژاردنی کەرەسە بەشێوەی ڕەمەکی نابێت، بەڵکو توێژەر دەبێ کۆمەڵێك ڕاستی لەبەر چاو بگرێت، لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتەکە. ڕێبازی لێکۆڵینەوە و کەرەسەکانی بە دوو قۆناغی پەیوەست بە یەکەوە دادەنرێن، ناکرێ لێك جیابکرێنەوە، چونکە کار لە تایبەتیەکانی کۆمەڵی لێکۆڵینەوەکە و جۆری نموونە و بەیاناتەکانی دەکات[٣]. توێژەر پەنای بردۆتە بەر ئەو کەرەسانەی

---

[*] دەتوانرێ زیاتر لە ڕێبازێك بەکار بێت لە یەك لێکۆڵینەوەدا .

کــە لــە لێکۆڵیــنەوە کۆمەڵایەتییــەکان بــەکار دێــن، وەك چــاوپێکەوتن (Interview) [*] لەگــەڵ کەســـوکاری ئـــەنفال کـــراوەکانی نموونـــەی لێکۆڵیـــنەوەکە و چـــەند کەسـێکی تـر، کـە بـە هۆیـەوە توێـژەر چـەندان بـیر و بۆچـوون و زانیـاری لەسـەر شـاڵاوەکانی ئـەنفال و ئاسـەوارەکانی بەدەسـت هێـناوە، بـە تایـبەتی لـە کۆمـەڵگای لێکۆڵیـنەوەکە (پارێـزگای هەولێـر) و هـەرێمی کوردسـتانیش بـە گشـتی. هـەروەها رێگـای دابـەش کـردنی فۆرمـی راپرسـی[**] پیـادە کـراوە بـۆ کۆکـردنەوەی زانیـاری و بـەیانات سـەبارەت بـە گەیشـتن بـە ئامانجـەکانی لێکۆڵیـنەوەکە. لـە لایـەکیتریش توێــژەر ســەردانی مــەیدانیی هــەندێ لــە شــوێنەکانی کــردووە کــە ئــەنفالی تێــدا کراوە، لە بواری جوگرافی لێکۆڵینەوەکە (پارێزگای هەولێر).

**سـێیەم/ فۆرمـی لێکۆڵیـنەوەکە** (**تصـميم اسـتمارة الـبحث**): توێـژەری ئـەم لێکۆڵیـنەوەیە، لــە کــاتی رێکخســتنی فۆرمــی لێکۆڵیــنەوە مەیدانیەکــە، تووشــی زۆر گــرفت و ئاســتەنگ هــاتووە، چــونکە هیــچ لێکۆڵیــنەوەیەکی ئــەکادیمی دەســت نەکـــەوتووە لەســـەر بابەتەکـــە، لەســـەر کۆمـــەڵی لێکۆڵیـــنەوەکە، تـــاکو وەك لێکۆڵیـــنەوەی پێشـــوو (دراســـات ســـابقة) ســـوودیان لێوەرگـــرێت بـــۆ دارشـــتنی پرسـیارەکانی فۆرمەکـە. توێـژەر لـە ئـەنجامی چـەند سـەردانێکی بـۆ نـاو کۆمـەڵی لێکۆڵیـــنەوەکە، کۆمـــەڵێك پرســـیاری لـــەلا گەڵاڵـــە بـــوو و خســـتیە بەرچـــاوی سەرپەرشـــتیاری نامەکـــە و چـــەند مامۆســـتایەکی پســـپۆر[***] لـــە بوارەکـــانی

---

[*] بۆ زانیاری دەربارەی ( چاوپێکەوتن) بروانە: د.احسان محمد الحسن و د.عبدالمنعم الحسني، طرق البحث الاجتماعي، دار الكتب للطباعة والنشر،جامعة الموصل، بغداد،١٩٨٢.

[**] بـۆ زانیـاری دەربـارەی (فۆرمـی راپرسـی) بـڕوانە: د.عبدالباسـط محمـد حسـن، اصول البحث الاجتماعي، ط٦، مكتبة وهبة، القاهرة، ١٩٧٧.

[***] ١- نـوری یاسـین هـەرزانی -پرۆفیسۆری یاریدەدەر- بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین .

کۆمەڵناسی و دەروونناسی و چەند کەسێکی تر، پاش لەبەرچاو گرتنی سەرنج و تێبینیەکان ، توێژەر فۆرمەکەی بە شێوەی کۆتایی دارشت، ئینجا دەستی کرد بە دابەش کردنی و کۆکردنەوەی زانیاری.

فۆرمی لێکۆڵینەوەی مەیدانی ( ٤٤) پرسیاری بەخۆوە گرتووە کە پەیوەندییان بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە هەیە و بەسەر (٦) تەوەر دابەش کراون:

**تەوەری یەکەم: زانیاری گشتیی** / پرسیارەکان تایبەتن بە رەگەزی تاکەکانی نموونەکە و تەمەن و باری کۆمەلایەتی ، هەروەها ئاستی خوێندن، شوێنی نیشتەجێ بوون و خاوەنداریەتی خانوو.

**تەوەری دووەم: لایەنی دیمۆگرافی** / ئەو پرسیارانە دەگرێتەخۆ کە پەیوەندیدارن بە

---

٢– کەریم شەریف قەرەچەتانی –پرۆفیسۆری یاریدەدەر– بەشی دەروونناسی ، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

٣– د. فوئاد قادر مامۆستا بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

٤ – عەبدولحەمید عەلی بەرزنجی مامۆستا بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

٥– عەبدولمەجید غەفوور ئیبراهیم مامۆستا بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

٦– داود یوخەنا مامۆستای یاریدەدەر بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

٧– محەمەد مستەفا مامۆستای یاریدەدەر بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆس سەلاحەدین.

٨– عەبدوڵلا خورشید مامۆستای یاریدەدەر بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

ئەمە جگە لە چەند رۆشنبیریک کە سەرنج و تێبینییان لەسەر فۆرمەکە نیشان داوە.

ژمـارەی ئـەندامانی خێـزانی نموونەکـە لـە پێـش شـاڵاوەکان و ژمـارەی ئـەنفال کـراوەکانی نموونەکـە، هـەروەها چـەند پرسـیارێکی تـری تایـبەت بـە لایـەنی دیمۆگرافی.

**تـەوەری سـێیەم**: **لایـەنی ئـابووری**/ ئـەو پرسـیارانەی لـە خـۆ گـرتووە کـە بـاس لـە پیشـە و سەرچـاوەی بژێـوی خێـزانی ئـەنفال کـراوەکانی نموونەکـە لـەپێش و لـە دوای ئەنفال دەکەن، هەروەها چەند پرسیارێکی تر.

**تـەوەری چـوارەم**: **لایـەنی کۆمەڵایـەتی و کولـتووری**/ بریـتیە لـەو پرسـیارانەی تایبەتن بـە داب و نـەریت و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکانی نێـوان ئـەندامانی خێـزان و چـەند پرسیارێکی تری تایبەت بە هەندێ گرفت و نەخۆشی دەرونی .

**تـەوەری پێـنجەم**: **لایـەنی سیاسـی**/ ئـەو پرسـیارانە دەگرێـتە خـۆ کـە باس لە هەڵوێستی نەتـەوەیی و رۆڵـی لایەنـە سیاسـیەکانی کوردسـتان لـە کـاتی شـاڵاوەکانی ئـەنفال دەکەن.

**چـوارەم**: **بوارەکـانی لێکۆڵیـنەوەی مـەیدانی** (**مجـالات الـبحث**): مەبەسـت لـە بوارەکـان سـنووری لێکۆڵیـنەوەکەیە، کـە دابـەش دەبێـتە سـەر سـێ بـوار، هـەر وەك لە خوارەوە رۆڵی هەر یەکەیان نیشان دراوە:

أ- **بـواری جوگـرافی** / مـەیدانی ئـەم لێکۆڵیـنەوەیە سـنووری پارێـزگای هەولێـر دەگرێـتەوە، کـە چـەند شـوێنێکی جیـا جیـای لـێ هەڵـبژێردراوە (وەك لـە خشـتەی ( ١) هاتووە).

تویـژەر ئـەم بـوارەی هـەر وا بـێ سـۆنگە هەڵـنەبژاردووە، بـەڵکو پشـتی بـە چـەند بـنەما و پێودانگێـك بەسـتووە لـە دەسنیشـانکردنی کـە پـەیوەندی پـتەوی بـەم لایەنانـەوە هەیـە: یـاخود هـۆی هەڵـبژاردنی پارێـزگای هەولێـر بـۆ سـنووری لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێتەوە:

١- توانای توێژەرو ئەو کاتەی بۆ لێکۆڵینەوە مەیدانیەکە تەرخان کراوە .

٢- پارێـزگای هەولێـر، پایـتەختی هـەرێمی کوردسـتانە، توێـژەر بـەهۆی دانیشـتنی لەم پارێزگایەدا شارەزایی بە ناوچەکانی هەیە.

٣- خـەڵکێکی زۆر لـە کەسـوکاری ئـەنفال کـراوەکان، لـە پـاش شـاڵاوەکان ڕاگوێزراونە کۆمەڵگا زۆرەملێکانی ئەم پاریزگایە.

خشتەی ژمارە(١) شوێنی نیشتەجێی نموونەکە بە پێی ڕەگەز دیار دەکات

| شوێنی دانیشتن/ ڕەگەز | نێر | مێ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵگای بنەسڵاوە | ١٢ | ٢٤ | ٣٦ | ٢٤ |
| شارۆچکەی تەق تەق | ٦ | ٢٣ | ٢٩ | ١٩ر٣٣ |
| کۆمەڵگای دارەتوو | ٦ | ١٢ | ١٨ | ١٢ |
| گوندی بلەی خواروو | ٤ | ١١ | ١٥ | ١٠ |
| شاری هەولێر | ٥ | ٩ | ١٤ | ٩ر٣٣ |
| کۆمەڵگای تۆبزاوە | ٣ | ١٠ | ١٣ | ٨ر٦٦ |
| کۆمەڵگای کەورگۆسك | ١ | ٦ | ٧ | ٤ر٦٦ |
| گوندی کەندۆڵ | ٢ | ٥ | ٧ | ٤ر٦٦ |
| کۆمەڵگای جدیدە | ٢ | ٤ | ٦ | ٤ |
| کۆمەڵگای قوشتەپە | ٢ | - | ٢ | ١ر٣٣ |
| کۆمەڵگای جێژنیکان | ١ | ١ | ٢ | ١ر٣٣ |
| گوندی خەندۆر | ١ | - | ١ | ٠ر٦٦ |
| کۆ | ٤٥ | ١٠٥ | ١٥٠ | ١٠٠(*) |

(*) ئـەم ڕێژەیـە نـزیك کـراوەتەوە لـە (١٠٠٪) سـەبارەت بـە خشتەکانی داهاتوش هەمان کار ئەنجام دراوە.

ب- **بـواری مـرۆیی** /ئـەو خەڵکانــە دەگرێــتەوە کــە لــە ســنووری جوگــرافی پارێــزگای
هەولێر دادەنیشن، لەو خێزانانەی کە ئەندامێك یان زیاتریان ئەنفال کراوە.

ج- **بـواری مـاوە/** (زمـــني) ئـەو ماوەیــە دەگرێــتەوە کــە لێکۆڵیــنەوە مەیدانیەکــەی تێدا ئـەنجام دراوە لـە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی کارەکـە، کـە چـوار مـانگی خایـاند لـە ١ ی شوبات تاکو ١ی ئایاری ٢٠٠٠.

**پێــنجەم/ تــەنگ و چــەڵەمەی لێکۆڵیــنەوەکە (صــعوبات الــبحث)**: گومـانی تێـدا نییــە توێــژەر لــە کــاتی ئــەنجام دانــی لێکۆڵیــنەوە مەیدانیەکــەدا، تووشــی چــەندان گیروگرفت و ئاستەنگ بووەو کۆڵی نەداوە، لەم گیروگرفتانە:

١- ئامــادە نــەبوونی زۆر لــە کەســوکاری ئــەنفال کــراوەکان بــۆ چــاوپێکەوتن و، شــاردنەوەی هــەندێ زانیــاری لەبــەر ترســان لــە هــەندێ کاردانــەوەی خــراپ لەسەر دوارۆژیان.

٢- گــــەڕان و ســــووڕانەوەی زۆر بــــەدوای خێــــزانی ئەنفالکــــراوەکان لــــە نــــاو کۆمــەڵگاکان، کــە رۆژ هــەبووە تــەنها یــەك چــاوپێکەوتن ئــەنجام دراوە، لەبــەر نەبوونی ناونیشان و لیستی ماڵەکان.

٣- دەرك نەکــردن بــە گــرنگی لێکۆڵیــنەوەکە لــە لایــەن زۆربــەی کەســوکاری ئەنفالکــراوەکان، کــە زۆر جــار و لــە زۆر شــوێن وەك رێکخــراوێك مامەڵــەیان لەگــەڵ توێــژەر دەکــرد، دەیــان گــوت زۆر جــار ناومــان نووســراوەو زانیــاری و وێنەمان داوە بەڵام هیچیان بۆ نەکردووین.

٤- دووریـــی شـــوێنەکان لـــە شـــوێنی دانیشـــتنی توێـــژەر و هـــۆی گواســـتنەوەو نـــەبوونی دەرماڵـــەی تایـــبەت بـــە خەرجیـــەکانی کـــاری مـــەیدانی. ئەمانـــەو چەندان گیرو گرفتی تری وەك نەخوێندەواریی خەڵکەکە.

**شەشــەم /نموونــەی لێکۆڵیــنەوەکە (عیــنة الــبحث)**: دیراسـە کـردنی گشـت یەکـەکانی کۆمـەڵ، پێویسـتی بـە توانـاو کـاتێکی زۆر هەیـە، بۆیـە توێـژەران ناچـارن

بەشێك لە كۆمەڵ وەرگرن بۆ لێكۆڵینەوە، كە بەم بەشەش دەگوترێ نموونە (عینة).لێكۆڵینەوە مەیدانیەكان لە زانستە كۆمەلآیەتیەكاندا، پشت بە هەڵبژاردنی نموونەیەك دەبەستێ كە چوارچێوەی گشتی كۆمەڵی لێكۆڵینەوەكە بنوێنێ، هەروەها گشت سیماو تایبەتیەكانی هەڵگرێ. لەبەر ئەوەی بابەتی لێكۆڵینەوەكە ((رەهەندە كۆمەلآیەتیەكانی تاوانی (ئەنفال) لە هەرێمی كوردستان)) ەو بابەتێكی فراوانە، بۆیە توێژەر نموونەیەكی وەرگرتووە لە كۆمەڵی خێزانە كەسوكار ئەنفال كراوەكان كە لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێ كراون. پاش ئەوەی توێژەر لەسەر ئەوە وەستا كە سنووری پارێزگای هەولێر بكاتە بواری مەیدانی لێكۆڵینەوەكە، ئینجا دەست نیشانی ناوچەكانی كرد، وەك لە خشتەی (١) دیار كراوە. كاتێ فۆرمی لێكۆڵینەوەكە بە شێوەی كۆتایی رێكخرا، پاش سەرنج و تێبینیەكانی پسپۆران، قەبارەی نموونەكە هەڵبژێردرا بە (١٥٠) یەكە (مبحوث)، كە لە جۆری نموونەی بچووكە(عینة صغیرة الحجم)(*) ، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- كەمی و تەنگی ماوەی لێكۆڵینەوە مەیدانیەكە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەكانی نموونەكە لێك دوورن.

٢- نەبوونی داراییەكی باش، چونكە نموونەی قەبارە گەورە پێویستی بە توانا و دارایی هەیە.

٣- نەبوونی ئامار و سەرژمێری تایبەت بە ئەنفال كراوەكان و كەس و كارەكانیان.

٤- نەبوونی كەسانی لێهاتوو بۆ یارمەتی دانی توێژەر، بۆ پڕكردنەوەی فۆرم و چاوپێكەوتن لەگەڵ یەكەكانی نموونەكە.

٥-كۆمەڵی لێكۆڵینەوەكە بە رادەیەكی زۆر لە یەك چینی كۆمەلآیەتیدان.

---

(*) ئەم جۆرە نموونەیە قەبارەكەی لە نێوان (٥٠-٥٠٠) یەكەیە.

پێویسته ئاماژه بەوه بکرێ کە توێژەر یەکەکانی نموونەکەی بە شێوەی رەمەکی هەڵبژاردووه، بە گوێرەی قەباره و ژمارەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەم شوێنانەی لە خشتەی (١) دەسنیشان کراوه، قەباره و ژمارەی ئەنفال کراوەکانیش لە رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان وەرگیراوه سەبارەت بە کۆمەڵگا زۆرەملێکانی نزیك شاری هەولێر.

**حەوتەم/ کەرەستەکانی ئامار ( الوسائل الاحصائية)**: توێژەر بۆ شیکردنەوەی زانیاریە مەیدانیەکان سوودی لە چەند کەرەستە و ئامرازێکی ئاماری وەرگرتووه، کە لە خوارەوه ئاماژەیان پێکراوه:

أ- رێژەی سەدی%(Presentage): بۆ زانینی جیاوازی رێژەیی نێوان بەیاناتەکان، لە هەموو خشتەکانی لێکۆڵینەوەکە بەکار هاتووه.

ب- ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي):

ج- رێژەی ناوەند (الوسيط):

**سەرچاوەکان:**

(١) الدكتورة فوزية دياب، القيم و العادات الاجتماعية، مع بحث ميداني لبعض العادات الاجتماعية، دارالنهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠ ،ص٢٤٢.

(٢) عبدالحميد علي سعيد البرزنجي، خصوبة المراة العراقية- دراسة ميدانية في مدينة بغداد و ضواحيها، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص٥١، غير منشورة.

(٣) هەمان سەرچاوه، ص ٥٢ .

## فەسلی چوارەم

# تایبەتییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە

## زانیاریی گشتی:

### ١–رەگەز:

خشتەی (٢) نمونەی لێکۆڵینەوەکە بەپێی رەگەز دابەش دەکات

| رەگەز | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٤٥ | ٣٠ |
| مێ | ١٠٥ | ٧٠ |
| کۆ | ١٥٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی (٢) بۆمان بە دیار دەکەوێت کە نمونەی لێکۆلینەوەکە لە (١٥٠) یەکە پێکهاتووە، (٤٥) نێر بە رێژەی (٣٠٪)، بەرامبەر (١٠٥ ) مێ بە رێژەی (٧٠٪ ) .

ئەم خشتەیە بۆمان روون دەکاتەوە کە پاشماوەی ئەنفال کراوەکان رێژەی هەرە زۆریان رەگەزی مێیە، لەوانەش رێژەیەکی دیار ئەو ئافرەتانەن کە تاکو ئێستا بەبێ مێرد ماونەتەوە، هەروەك لە خشتەی (١٣) دیار دەدات، چونکە خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکانیانن و بە ئومێدی ئەوەن رۆژێك دابێ پیاوەکانیان بگەڕێنەوە لایان .

### ٢– تەمەن:

خشتەی (٣) پیشانمان دەدات کە بەرزترین توێژی تەمەن لە نموونەکە بە رێژەی ( ٦٦ر٢٤٪ ) یە کە تەمەنیان لە نێوان (٤٣–٥٢) ساڵدایە، تیایدا (٥٢ر٢٩٪) ی رەگەزی مێ و (٣٣ر١٣٪)ی رەگەزی نێری نموونەکە یە. توێژی تەمەنی (٨٣–٩٢)ساڵیش بە رێژەی (٤٪) یە کە (٤٤ر٤٪) ی رێژەی رەگەزی نێر و (٨٠ر٣٪) ی رەگەزی مێی نموونەکەیە، (١٦٪) ش تەمەنیان لە نێوان (٣٣–٤٢) ساڵدایە، بەلاّم ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٥٣–٦٢) ساڵدایە (٦٦ر١٢٪) ی نموونەکە پێك دێنن، لە هەمان کاتدا ئەوانەی توێژی تەمەنیان لە نێوان (٦٣–٧٢) ساڵدایە رێژەی (٣٣ر١٧٪) ی نموونەی لێکۆڵینەوەکە دەگرن، هەروەها (٦٦ر٤٪)ش تەمەنیان لە نێوان (٧٣–٨٢) ساڵدایە.

خشتەی (٣) نموونەی لێکۆڵینەوەکە بەپێی تەمەن و ڕەگەز دابەش دەکات.

| ڕەگەز | نێر | ٪ | مێ | ٪ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣–٢٢ | ٥ | ١١ر١١ | ٦ | ٥,٧١ | ١١ | ٧,٣٣ |
| ٢٣–٣٢ | ٨ | ١٧,٧٧ | ١٢ | ١١,٤٢ | ٢٠ | ١٣,٣٣ |
| ٣٣–٤٢ | ٣ | ٦,٦٦ | ٢١ | ٢٠ | ٢٤ | ١٦ |
| ٤٣–٥٢ | ٦ | ١٣,٣٣ | ٣١ | ٢٩,٥٢ | ٣٧ | ٢٤,٦٦ |
| ٥٣–٦٢ | ٨ | ١٧,٧٧ | ١١ | ١٠,٤٧ | ١٩ | ١٢,٦٦ |
| ٦٣–٧٢ | ١١ | ٢٤,٤٤ | ١٥ | ١٤,٢٨ | ٢٦ | ١٧,٣٣ |
| ٧٣–٨٢ | ٢ | ٤,٤٤ | ٥ | ٤,٧٦ | ٧ | ٤,٦٦ |
| ٨٣–٩٢ | ٢ | ٤,٤٤ | ٤ | ٣,٨٠ | ٦ | ٤ |
| کۆ | ٤٥ | ١٠٠ | ١٠٥ | ١٠٠ | ١٥٠ | ١٠٠ |
| ناوەندی تەمەن | ٤٩,٥ ساڵ | | ٤٧,٣ساڵ | | ٤٨,٤ساڵ | |

لە خشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە هی توێژی تەمەنی ڕەگەزی نێر (٤٤ر٢٤٪) یە کە لە نێوان (٦٣–٧٢)ساڵیە، نزمترین توێژیش تەمەنیان لە نێوان (٧٣–٨٢) و (٨٣–٩٢) ساڵدایە یەک بە دوای یەک کە ڕێژەی (٤٤ر٤٪)ی ڕەگەزی نێری نموونەکە پێک دێنن. لە هەمان کاتدا بەرزترین ڕێژەی توێژی تەمەنی ڕەگەزی مێ (٥٢ر ٢٩٪) یە کە تەمەنیان لە نێوان (٤٣–٥٢) ساڵیە و نزمترین توێژیش تەمەنیان لە نێوان (

۸۳–۹۲) ساڵدایه که (۸۰ر۳٪) ی ڕەگەزی مێی نموونەکه پێك دێنن.

لێرەدا ئـەوەمان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت کـه بەرزتـرین ڕێـژەی توێژی تەمەنی نموونەی لێکۆڵیـنەوەکه لـه نێـوان (٤٣–٥٢) سـاڵدایه کـه (٦٦ر٢٤٪) یـه، (٥٢ر٢٩٪) ی ڕێـژەی ڕەگـەزی مێـی نموونەکـه دەگرێـتەوە، هـەروەها (٢٠٪) ی ڕێـژەی ڕەگـەزی تەمەنیان له نێوان (٣٣–٤٢) سـاڵیه کـه ئـەوانیش به هەمان شێوە زۆربەیان هاوسەرەکانیان ئەنفال کراوە و خۆشیان به کولەمەرگی لەگەڵ منداڵەکانیان ژیان بەسەر دەبەن .

**٣–شوێنی نیشتەجێ بوونی پێش شاڵاوەکان:**

| پارێزگای | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| کەرکوك | ١٠٢ | ٦٨ |
| هەولێر | ٤١ | ٢٧,٣٣ |
| سلێمانی | ٥ | ٣,٣٣ |
| دهۆك | ٢ | ١,٣٣ |
| کۆ | ١٥٠ | ١٠٠ |

له خشتەی (٤) دا پیشاندراوە که ژمارەی ئەو خێزانانەی پێش شاڵاوەکانی ئەنفال له سنووری پارێزگای کەرکوك ژیاون ڕێژەی (٦٨٪) ی نموونەکه پێك دێنن، (٣٣ر ٢٧٪)ی خەڵکی گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بوون، هەروەها (٣٣ر٣٪) و (٣٣ر ١٪)ش خەڵکی پارێزگای سلێمانی و دهۆك بوون له پێش شاڵاوەکان له ساڵی ١٩٨٨.

ئەگـەر سـەرنج بدەیـن دانیشـوانی سـنووری گوندەکانی پارێزگای کەرکوك بەرزترین ڕێـژەی نموونەکـه پێـك دێنن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە که گوندەکانی سنووری ئەم پارێـزگایه ژمارەیـەکی زۆری تـاکو ئێسـتاش بـه وێرانکـراوی ماوەتەوە له ژێر دەسەڵاتی حکومـەتی عێـراق، لەبەر ئەوە خەڵکه ڕاگوێزراوەکەی ئەنفالی ئەم پارێزگایه ژمارەیەکی

زۆریان ئێستاش لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی دەورو بەری شاری هەولێر ماونەتەوە، ئەمە و، وەکو لە باسی قۆناغەکانی پیادەکردنی شالاوەکانی ئەنفال نیشانمان داوە، بەرکەوتووانی کارەساتی ئەنفال رێژەی هەرە زۆری گوندنشینەکانی ئەم پارێزگایە بوو .

سەبارەت بە کەمیی رێژەی گوندنشینەکانی پارێزگای دهۆکیش لە نموونەکەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی سنووری ئەم پارێزگایە ئاوەدانکراوەتەوە، بۆیەش ژمارەی خێزانە کەس وکار ئەنفال کراوەکانی ئەم پارێزگایە لە کۆمەڵگا زۆرەملێکانی سنووری باسەکە کەم بۆتەوە .

**٤– باری کۆمەلایەتی:**

خشتەی (٥) باری کۆمەلایەتی نمونەی لێکۆڵینەوەکە دیار دەکات

| باری کۆمەلایەتی | نێر | | مێ | | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | | |
| خێزاندار | ٣٨ | ٨٤,٤٤ | ٨١ | ٧٧,١٤ | ١١٩ | ٧٩,٣٣ |
| سەڵت | ٥ | ١١,١١ | ٦ | ٥,٧١ | ١١ | ٧,٣٣ |
| تاك مردوو | ٢ | ٤,٤٤ | ١٨ | ١٧,١٤ | ٢٠ | ١٣,٣٣ |
| کۆ | ٤٥ | ١٠٠ | ١٠٥ | ١٠٠ | ١٥٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی (٥) دا بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی (٧٩,٣٣٪) ی نموونەکە خێزاندارن، پاشان رێژەی تاك مردوو دێت کە (١٣,٣٣٪) یە، ئینجا سەڵت بە پلەی سێیەم (٧,٣٣٪)، بەلام جیابووەوە لە نمونەکەدا دەرنەکەوتووە ئەویش چونکە هیچ یەکێك لە نمونەکە لەم حاڵەتەدا نەبوو.

لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە رێژەی خێزاندار قەبارەی هەرە گەورەی نمونەکەی پێك هێناوە، ئەویش چونکە هەموو ئەو ژن و پیاوانەی هاوسەرەکانیان ئەنفال کراوە بە حاڵەتی خێزاندار داندراون، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە زۆربەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە سەرخێزان بووین.

**٥–ئاستی خوێندن:**

خشتەی (٦) ئاستی خوێندنی نمونەی لێکۆڵینەوەکە دیار دەکات

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٣٣ | ٨٨,٦٦ |
| خوێندەوار | ٧ | ٤,٦٦ |
| سەرەتایی | ٧ | ٤,٦٦ |
| ناوەندی | ٣ | ٢ |
| کۆ | ١٥٠ | ١٠٠ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی نەخوێندەوار (٦٦ر٨٨٪) ی نمونەکەیە، ئەوەش بەرزترین رێژەیە، خەڵکی خوێندەوار (٦٦ر٤٪) یە، خاوەن بڕوانامەی سەرەتاییش هەمان رێژەیان هەیە، بەڵام خاوەن بڕوانامەی ناوەندی تەنها (٢ ٪) ی نموونەکەی گرتووە کە دوا پلەی ئاستی خوێندنی نموونوی لێکۆڵینەوەکەیە.

ئەوەی ئاشکرایە و لە خشتەکەدا روونە، دیارە لە دێهاتەکانی کوردستان رێژەی نەخوێندەوار یەکجار بەرزە، ئەویش بۆ نەبوونی قوتابخانە و هۆیەکانی خوێندن دەگەڕێتەوە لەم ناوچانە، چونکە حکومەتی عێراق هەردەم هەوڵی داوە گەلی کورد بە نەخوێندەواری بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە لە رووی پەرەپێدانی کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە.

### ٦-خاوەنداریەتی خانوو:

خشتەی (٧) بۆ دیاریکردنی خاوەندارێتی خانوو

| ٪ | ژمارە | جۆری خانوو |
|---|---|---|
| ٦٤,٦٦ | ٩٧ | موڵك |
| ١٦ | ٢٤ | کرێ |
| ١٩,٣٣ | ٢٩ | بێ کرێ |
| ١٠٠ | ١٥٠ | کۆ |

لە خشتەی (٧) بۆمان رون دەبێتەوە کە رێژەی (٦٤,٦٦٪) ی نمونەکە شوێنی دانیشتنیان مولکە[*] و (١٦٪) ش لە خێزانی نمونەکە بەکرێ دانیشتوون بەلاًم (١٩,٣٣ ٪) شوێنی دانیشتنیان بێ کرێیە واتە لەگەڵ خزمو کەسیان دەژین و هیچ کرێیەك نادەن.

ئەگەر سەرنج بدەین، ژمارەی ئەو خێزانانەی شوێنی دانیشتنیان مولکە رێژەکەیان زیاترە لە (٦٤٪) نمونەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر چۆنێك بێت ئەو خێزانانەی لە کۆمەڵگا زۆرەملێکان نیشتەجێکراون بۆخۆیان شوێنێکیان دابین کردووە بۆ حەوانەوەیان. لە ئەنجامی گەڕان لەناو خێزانەکاندا توێژەر بۆی ئاشکرا بوو کە زۆربەی رەگەزی مێی نمونەکە بێکرێ دانیشتون لەگەڵ کەس و کاریان، چونکە زۆربەیان ئەندامانی خێزانەکانیان ئەنفال کراوە، هەروەها رێژەیەکیش لە خێزانی نمونەکە لە خانووی کرێ دەژین لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا.

لە خشتەی (٨) بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئاستی بژێو و دەرامەتی مانگانەی خێزانەکانی نموونەکە بەم شێوەیە یە ، رێژەی (٦٢٪) ی خێزانەکان ئاستی بژێویان

---

[*] مەبەست ئەو زەویانەیە کە رژێم لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا دابەشی سەر راگوێزراوەکانی کرد، ئەوانیش خانوویان لەسەر کردووە، بەلاًم وەکوو مولك هی خۆیان نیە چونکە لە دایرەی رەسمی موڵکی حوکومەتەو کەس ناتوانێت کڕین و فرۆشتنی لەسەر بکات.

خشتەی (٨) ئاستی دەرامەتی خێزانەکانی نموونەکە پیشان دەدات پاش ئەنفال

| جۆری دەرامەت | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باش | ٤ | ٢,٦٦ |
| مام ناوەندی | ٥٣ | ٣٥,٣٣ |
| خراپ | ٩٣ | ٦٢ |
| کۆ | ١٥٠ | ١٠٠ |

خراپە، (٣٥,٣٣٪) ش مام ناوەندییە، تەنها (٢,٦٦٪) یان لە ئاستێکی باش دان.

لێرەدا روون دەبێتەوە کە لەبەر ئەوەی خێزانەکان لە پێش شالاوەکان خاوەن زەوی کشتوکاڵی و مەڕ و ماڵات بوونە و لە گوندی خۆیان دەژیان، پاشانیش لەم شتانە بێ بەشکران و لێیان تاڵان کرا بۆیە بەبێ شوێنی حەوانەوە و ئامرازی خۆژیاندن ماونەتەوە و ژیانێکی خراپ و بێ دەرامەتی دەبەنە سەر، زۆربەشیان سەرپەرشتیاری خێزانیان ئەنفال کراوە و تەنها ئافرەت و منداڵەکان ماون، ئەوانیش توانای کار کردن و بەڕێوەبردنی کارو باری ژیانیان بە تەواوی پێ ناچێتە سەر بۆیە زۆربەیان ژیانیان لە بارێکی ناڕێك و خراپ بەڕێوە دەچێت، هەروەها نەتوانینی دەرچوونی ئافرەت بۆ کار کردن لە شارەکان لەبەر داب و نەریتی عەشایەری و ناوچەیی ، هۆکارێکی تری ئەم رەوشەیە، کەوتە شالاوەکانی ئەنفال کارێکی خراپی کردۆتە سەر دەرامەتی خێزانی کورد.

ئەم رێژە زۆرەی خراپی ئاستی بژێوی نموونەکە، شیکردنەوەی خشتەکانی ژمارە ( ١٤، ١٥، ١٦، ١٧) مان بۆ دەسەلمێنێ ، هەروەها نزمی ئاستی بژێوی ژیان لە ئەنجامی داتەپاندنی ژێرخانی ئابووری کوردستان هاتۆتە ئەنجام.